تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئاراس فەریق زەینەڵ

جەنگی دەروونی

لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبییدا

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ئاراس فەریق زەینەڵ

جەنگی دەروونی

لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبییدا

(٥٦٧-٥٨٩ك/١١٧١-١١٩٣ز)

" لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/دەروونیە"

بەهاری ٢٠٠٨

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی - گەرەکی سەرچنار - ١٢١
کۆلانی - ٤٤
ژ.خانوو - ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

ناوی کتێب: جەنگی دەروونی لەسەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبییدا

نووسینی: ئاراس فەریق زەینەڵ

نەخشەسازیوبەرگ: فەهمی جەلال

تایپ: محەمەد بابۆڵی

چاپی یەکەم/ ٢٠٠٨ سلێمانی

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: (٥٤) ساڵی ٢٠٠٧

ژمارەی زنجیرە: (٢٥٦)

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٨

پێشکەشە بە:

گیانی پاکی مامم شەهید فائق

سوپاس وپێزانین

- سوپاسی هەموو مامۆستاو هاورێ بەرێزەکانم دەکەم.
- سوپای هەموو ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم.

نیشانه و کورتکراوەکان

ت: توفي (ساڵی مردنی)

ل: لاپەڕە

ج: جزء

مج: المجلد

هة: التاريخ الهجري ، ك: سالی کۆچی

م: التاريخ الميلادي ، ز: سالی زایینی

د.م : دون مكان الطبع

د.ت : دون تاريخ الطبع

س.پ: سەرچاوەی پێشوو

هـ.س: هەمان سەرچاوە

هـ.ن :هەمان نوسەر

Vol: Volume
P:Page
PP:Pages

پێڕست

پێشەکی	٩
شیکردنەوەی سەرچاوەکان	١٥
بەشی یەکەم	
پێناسە و چەمکی جەنگی دەروونی	٢٧
بەشی دووەم	
جەنگی دەروونی ستراتیژی	٥١
بەشی سێیەم	
جەنگی دەروونی تەکتیکی	٨٣
بەشی چوارەم	
راگەیاندنی دەروونی	١٣٣
بەشی پێنجەم	
شێوازەکانی تری جەنگی دەروونی	١٧٣
باسی یەکەم: جەنگی دەروونی بەهێزکراو	١٧٥
باسی دووەم: جەنگی دەروونی بەرگری	١٨٩
باسی سێیەم: جەنگی دەروونی هێرشبەر	١٩٧
ئەنجام	٢٠٣
لیستی سەرچاوەکان	٢٠٩
پاشکۆکان	٢٤١

پێشەکی:

جەنگی دەروونی بابەتێکی بایەخدارە و لە هەریەك لەزانستی دەروونیی کۆمەڵناسی وزانستی دەروونیی سەربازی، و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە دەگەڕێتەوە بۆلێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ، زانا وفەیلەسوفەکان لەدێر زەمانەوە هەوڵیان داوە بگەنە قوڵایی ئەو دەروونە، بۆیە دەبینین چەندین تیۆر وتێڕامانی جیاواز هەیە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ، توانراوە چەند لایەنێك لەو ڕەفتارانە بخرێنە بەر چاو، چونکە مرۆڤ گیانلەبەرێکی ئاڵۆزە، و چەندین هۆکار کاردەکاتە سەر ڕەفتاری وڕەنگدانەوە وکاردانەوەی بەسەر ژیانیەوە هەیە، بۆیە دەبینین زۆر لە سەرکردە وفەرماندە سەربازییەکان گرنگی تەواو دەدەن بەجەنگی دەروونی، هەرچەندە وەکو ناو تازەیە، بەڵام وەکو پراکتیك کردنی کۆنە، کە لەناوەرۆکدا جیاوازی نیە لەگەڵ ئێستادا، تەنیا لەئامراز وجێبەجێکردندا نەبێت، بەپێچەوانەی جەنگی سەربازییە وبەبێ توندو تیژی مامەڵە دەکات، چونکە واتای جەنگ بەمانا تەقلیدیەکەی نییە، بەڵکو ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی ستراتیژیەتێکی سەرکەوتوو، چونکە زنجیرەی ئەو هەوڵەیە کەتەواوکەری کارە جەنگیەکانە، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی لەسەر بنەمای دەروونی بەئامرازی جیاواز بۆ کاریگەری خستنە سەر ڕای گشتی کە هەموزانا وبیریارەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەبەشێکی سەرەکی وگرنگە لەڕەفتاری کۆمەڵایەتی.

ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی جیهانەوە لەڕووی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ومیدیاکانەوە دەیان ڕێگاو شێواز دەگرنە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان وکاریگەری کردنە سەر بەرامبەر، ئەگەر بێتو ڕۆشنبیری وهۆشیاریەکی تەواو لای کۆمەڵێك یان سوپایەك یان گەلێك نەبێت، دوژمن زۆر بەئاسانی لە ڕێگای جەنگی دەروونیەوە کۆنترۆڵی بیرو هۆشیان دەکات وئامانجەکانی خۆی دەپێکێت، چونکە ئەو جەنگە چەکێکی کوشندەیە کە وورە وهزر ودەروونی مرۆڤ تێکدەشکێنێ بەشێوەیەك کار وچالاکی وخەبات وئایندەی لاوازدەکات، بۆیە ئەو کەسە لەڕاستی و ڕەوایی کێشەکانی تووشی نائومێدی دەبێت.

دەتوانین بڵێین جەنگی دەروونی ئەو جەنگەیە کەتێیدا وشە لەبری چەك وتۆپ وتفەنگ بەکاردێت بۆڕووخاندنی ورە وئیفلیج کردنی توانای دوژمن. سەرکەوتنی ئەیوبیەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی لەبواری جەنگی دەروونی دەروازەیەکە بۆ سەرکەوتنە سەربازییەکان لەبەرەکانی شەڕدا.

ئەو شەڕەش لەئەنجامی تێکچوون ولێکترازان وململانێ لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامی بەرپابوو، کەببوە هۆی داگیرکردنی خاچ دروشمەکان بۆ ناوچەی ڕۆژهەلات ودامەزراندنی چەند میرنشینێك لەکۆتایی سەدەی(٥) تاوەکو (٧)ی کۆچی واتا کۆتایی سەدەی (١١) تاوەکو (١٣)ی زایینی، بەمەبەستی نەهێشتنی بوونی سەربازی وسیاسی و ئابوری وشارستانی موسڵمانان، ڕاستی ئەم بۆچوونە، بەردەوام بوونی هەڵمەتی خاچ درووشمەکان لەئەوروپاوە بۆ ڕۆژهەلات دەیسەلمێنێ بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان بەهەموو ئامرازو شێوازەکان لەچوارچێوەی جەنگی دەروونی و پروپاگەندە بۆ پاساوهێنانەوەی و دروستی هەڵمەتەکانیان.

هۆکـاری هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـە (جـەنگی دەروونـی لەسـەردەمی سـەلاحەددینی ئـەیوبی دا ٥٦٧-٥٨٩ك/ ١١٧١-١١٩٣ز) بـۆ لێکۆڵینـەوە لەپێکهاتـەو لایەنـەکانی بەشـێوازێکی زانـستیانە لەسـەرەتای دەرکـەوتنی سوڵتان سەلاحەددین ودامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی تـاوەکو ڕێکەوتننامـەی (الرملـة) وکۆچـی دوایـی سـوڵتان، لەبەرئـەوە بـووە کـە تائێـستا توێژینـەوە لەلایەنی دەروونی وڕاگەیاندن لەو سەردەمەدا نەکراوە.

ئەمـەو جگـە لـەگرنگی ئـەم قۆناغـە لـەژیانی موسـڵمانان کـەببوە بنـەما سـەرەکیەکانی کۆمـەڵگای ئیسلامی لەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، هـەروەها ئـەو قۆناغەیە کە تیایدا سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی سـەرکەوت بەسـەر هـەموو نەیار ودوژمنەکانی، گەیشتە ئەو ڕادەیـەی کەئەوروپاییەکان دانـی پیابنێن، هـەر ئـەو قۆناغـەش بـوو کەبـەهێزی ئەیوبیـەکانی وخۆشەویـستیان بـۆ سـەلاحەددین وپابەنـدبوونیان پێیـەوە وخۆڕاگرتنیـان بەرامبـەر هـەموو هەڕەشەیەك دەرکەوت، هەروەها ئەم قۆناغەش لەمێژووی دەوڵـەتی ئـەیوبی بەشـی خـۆی وەرگرتـووە لـە لێکۆڵینـەوە وتـەنیا ئـەوەی کـەزۆر ڕۆشـنایی نەخرابێتـە سـەر لەڕوانگـەی دەروونـی وڕاگەیانـدن لـەبواری جـەنگی دەروونییەوەیە، کاریگەری ئەم جەنگە لەووشیار کردنـەوەی موسـڵمانان بـۆ ڕووبـەڕوو بونـەوەی مەترسـی خـاچ دروشمـەکان وهانـدانی موسـڵمانان بـۆ جیهاد لەپێناوی خودا لەمیانەی ورياکردنەوە يان بەئاگاهێنانیان لە سـایەی ئـەو بارودۆخـەی کـە کۆمـەڵگای ئیـسلامی بەدەسـتیەوە دەینالاند، بێگومـان سـوڵتان سـەلاحەددین لەمیانەی ئەو ڕووداوانە بۆی دەرکـەوت تـەنیا بەیـەك خستن ویەکڕیزی بەرەی ئیسلامی دەتوانێت خـاچ دروشمـەکان لەڕۆژهـەڵات دەربکات.

ئـەم بابەتـە گرنگـی لەوەدایـە کـە هـیچ کـام لـە لێکۆڵـەرەوەکان باسـیان لێنـەکردووە، سـەرەڕای کـەمی سەرچـاوە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لەسـەر جـەنگی دەروونـی وڕاگەیانـدن لەسـەردەمی سـوڵتان سەلاحەددین، لەکاتی کۆکردنـەوەی سەرچاوەو ئامادەکردنی بابەتەکەدا بـۆ لێکۆڵینـەوە چـەندین ئاسـتەنگ لـەم ڕێیـەدا ڕووبـەڕوومان بوونـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە خـودی بابەتەکـەش بۆخـۆی بابـەتێکی ئـاڵۆزە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەوڵمانـداوە کـە پلانێکـی مـۆدێرن بـۆ ئـەم باسـە دابنـێین و لـەو سەردەمە پراکتیکی بکەین.

ئەم توێژینەوەیە لەپێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکـەم:- بریتیـە لەپێناسـە وچەمکی جـەنگی دەروونی و پراکتیك کردنـی لەسـەردەمی سـوڵتان سـەلاحەددینی ئـەیوبی بەشـێوەیەکی کـورت و گەڕانەوەی خوێنەر لە هەندێ شوێن بۆ بەشەکانی تری توێژینەوەکە.

بەشـی دووەم:- تایبەتـە بـە جـەنگی دەروونیـی سـتراتیژی درێژخایـەن لەلایەن سوڵتان سەلاحەددین پرۆسەو چالاکییەکانی لە ڕزگارکردنی جیهانی ئیـسلامی و کـۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکـە بەلایـەنی دەوڵەتـە تـازە دامەزراوەکەی، و جێبەجێ کردنی ئامانجە دەروونییەکان.

بەشـی سـێیەم:- تایبەتـە بەجـەنگی دەروونیـی تـەکتیکی کـورت خایـەن لەکاتی شەڕو ئاشتیدا لە مەیدانی سەربازی و شانۆی سیاسی بەمەبەستی ڕوخانـدنی ورەی خـاچ دروشمـەکان بەچـەندین شـێوازو هۆکـار، هـەروەها وەڵامدانەوەی خاچ دروشمەکان بەجەنگی دەروونی بەرامبەر.

بەشـی چـوارەم:-بریتییـە لەڕاگەیانـدنی دەروونـی و ڕۆڵـی سـوڵتان لـە بەئاگاهێنانەوەی موسڵمانان لـە مەترسـی خـاچ دروشمـەکان و هاندانیان بـۆ جیهـاد، ئەمـەو جگـە لـە ڕۆڵـی فەرمانـدەو نوسـەرو شـاعیرو گوتاربێژەکان و

خۆئامـادەکردن بـۆ هەڵمـەتی سـێیەمی خـاج دروشمـەکان لـەپاش شـەڕی (حطـین)و ڕزگـارکردنی (بیـت المقـدس) بەدەسـتی موسـڵمانان، هـەروەها وەڵامدانەوەی خاچ دروشمەکان بە شێوازی دەروونی تایبەت بە خۆیـان دژی موسڵمانان.

بەشی پێنجەم: لە سێ باس پێکهاتووە.

باسی یەکەم: تایبەتە بەجەنگی دەروونی بەهێزکراو کە سوڵتان لەپاش وەرگرتنـی دەسـەڵات لـە وڵاتـی مـصر و کـۆنترۆڵکردنی جیهـانی ئیـسلامی ئامانجە دەرونییـەکانی پێکـا، هـەروەها ئاڕاسـتە کردنـی ئـەم جەنگـە لـەپاش چوونە ناو شاری قودس.

باسـی دووەم: بـاس لـە جـەنگی دەروونــی بـەرگری کـراوە لای سـوڵتان سەلاحەددین بۆ بەرگری کردن لە دەوڵەتی ئەیوبی دژی خاچ دروشمەکان.

باسی سێیەم: تایبەتە بە جەنگی دەروونی هێرشبەر لای سوڵتان بـۆ سـەر خاچ دروشمەکان لەکاتی شەڕەکان لە پێناو ئاراستەکردنی شێوازێکی تر لـە جەنگی دەروونی.

لەکۆتایی دا ئەنجام هاتووە کە لەدرێژەی توێژینەوەکەدا پێیگەیشتووین.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان

لەڕاستیدا تێبینی ئەوە دەکرێ کە هەندێ لە سەرچاوە کۆنەکانی هاوسەردەمی شەڕی خاچ دروشمەکان، تەنیا گرنگیان بەلایەنی جەنگی وسیاسی داوە، بێ گرنگی دان بەلایەنەکانی تری وەك جەنگی دەروونی وڕاگەیاندن وپڕوپاگەندە، ئەویش بۆ تێڕوانین و بۆچوونی مێژوونوسەکان دەگەڕێتەوە لە بەرامبەر خاچ دروشمەکان، کە وەکو داگیرکار سەیریان کردوون، ئەمە جگە لەگێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، کە باس لەڕۆڵی سەرکردە ئیسلامیەکان دەکەن، کە ببوە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك سەرچاوە لەو سەردەمەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوود لە گەڵێك سەرچاوەی ڕەسەنی ئەو سەردەمە وەرگیراوە، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر لە (مراجع)ی مێژوویی ودەروونی وسیاسی وسەربازی و ...هتد. لە گرنگترینیان کە بەپێی مردنیان ریزبەند کراون:-

١- ولیم الصوري: (م٥٨١ك/١١٨٤ز).

کتێبەکەی بەناوی (الحروب الصلیبیة) لە چوار بەرگدا خۆی دەبینێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم سەرچاوە تەواوترین سەرچاوەی ئەوروپیەکانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە بە دەستمان گەیشتووە، یەکەم سەرچاوەی باوەڕپێکراوە لەشەڕی خاچ درووشمەکان لە نێوان سالانی (٥٤٠ك/١١٤٢ز-٥٨٠ك/١١٨٤ز)، هەروەها کاریگەری ڕۆشنبیری ئەم مێژوونوسە لەسەر نوسینەکانی دیارە، سوودمان لەهەندێ بۆچوونی گرنگی وەرگرتووە لە توێژینەوەکە، بەتایبەتی لەبەشی دووەم و پێنجەم.

٢- القاضي الفاضل- (عبد الرحيم بن على بن محمد بن الحسن البيسانى اللخمي العسقلانى)، (م٥٩٦ك/١٢٠٠ن).

سەرەڕای ئەوەی (القاضی الفاضل) هیچ کتێبێکی لەبواری مێژوو سەردەمی سوڵتان سەلاحەددین بەجیٚ نەهێشتووە، بەلام بەگرنگترین شایەتی ئەوسەردەمە دەژمێردرێت ئەو شایەتیە بەدوو شێواز پێمان گەیشتووە، ئەویش:

ئەونامە مەزنانەی کە لەدوای خۆی بەجێی هێشتووە، جا نامەی خۆی یا هی سوڵتان، و ئەم جۆرە نامانە زۆربەنرخ و بە بەهان، وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ ئەوسەردەمە، کەلەبەشی چوارەمی توێژینەوەکە سوودمان لێوەرگرتووە.

ڕۆژژمێری ڕۆژانەی (القاضی الفاضل) کەلەسەردەمی سوڵتان سەلاحەددین تۆماری کردووە وناسرا بە "المتجددات" یان "المياومات" کەبریتی بوو لەڕووداوەکانی ڕۆژانە و (العماد الكاتب، ابو شامة، النويري، المقريزى) بەشێکیان لیٚوەرگرتووە. ئەوەی کە لێوەشاوەیی (القاضی الفاضل) دەردەخات زۆری بابەتەکانی هیچ دەستەواژەیەکی دووبارە نەکردۆتەوەو کە بەکاری هێنابێ و هیچ نزایەکی دووبارە نەکردۆتەوە کە لە نووسراوەکانیدا کردبێتی و لەکاتی قسەدا هیچ وشەیەکی دووبارە نەدەکردەوە، بەڵکو هەموو وشەو دەستەواژەیەکی نوێی بەکار دەهێنا، لەبەشی چوارەمی توێژینەوەکە سوودمان لێوەرگرتووە.

٣-العماد الكاتب الاصفهاني: (م٥٩٧ك/١٢٠٠ن" ابو عبدالله محمد بن صفیالدين محمد بن حامد، کتێبەکانی بەناوی:

(الفتح القسي في الفتح القدسي)ە، (البرق الشامي).

العمـــاد الكاتـــب لـــه دواى مردنـــى ســـولّتان ســـەلاّحەددين ســـالّى (٥٨٩ك/١١٩٣ز) نووســـيويەتى كـــەباس لـــە فتوحـــاتى ســـەلاّحەددين و خۆئامـادەكردنى ئەيوبيـەكان بۆ شـەڕى (حطـين) لـەدژى خـاچ دروشمـەكان سالّى (٥٨٣ك/١١٨٧ز) دەكات، سوودێكى زۆرم لەم سەرچاوەيە وەرگرتووە، چـونكە (عمادالـدين الكاتـب) بـەخۆى ڕووداوەكـانى بينيـوە يـان "ڕۆژانـەى جەنگ" وەكو بينـەرێك دەگێڕێتـەوە، كەتوانايـەكى زۆرچاكى هەيە لەنيشان دانـى وێنـەى ڕاسـتى ڕووداوەكـان كـەگيان دەخاتـە بـەر جەسـتەى، وەكـو پـەيامنێرێكى جەنگى ڕووداوەكـان سـات بەسات دەگوێزێتـەوە، سيسـتێمى (حوليات)ى بەكارهێناوە، باس لە لاوازى وبەهێزى سوپاى ئەيوبى دەكـات، وهەستى جـەنگاوەرەكانى لـەكاتى شـەڕدا، باسـى لـەڕۆڵى تيپـە نهێنيـەكانى (يـزك) بەتايبـەتى لەشـــەڕى حطـين وڕزگـــاركردنى شـــارە كەنارييـــەكان وڕزگاركردنى شارى قودس لـەكاتى هەڵمـەتى سـێيەمى خـاچ دروشمـەكان و گـەمارۆى شـارى عكـا دەكـات. ئەمـە جگـە لـەڕۆڵى لـەديوانى (الإنـشاء) ونوسينى مژدەبەخشەكان وشيعرەكان كە خۆى لەخۆيـدا ڕۆڵـى ڕاگەيانـدن وپڕوپاگەندەى دەروونى بـوو لـەو سـەردەمە، هـەروەها بـاس كردنـى (جنس) وپيـادەكردنى لەلايـەن خـاچ دروشمـەكان، واژۆكردنـى پـەيمانى ئاشـتى كـە لەنێوان سولّتان وريچاردى شێردلّ بە (الرملة) ناونراوە.

الـبرق الـشامى لـە (٧) بـە رگ پێـك هـاتووە، تـەنها دوو بـەرگى لـە بەردەسـتمانە، ئـەويش بـەرگى (٣،٥) بـەرگى سـێيەم باس لـە ڕووداوەكـانى نێوان سالاّنى (٥٧٣-٥٧٥ك/١١٧٧-١١٨٠ز) ، بەلاّم بەرگى پێنجەم باس لـە ڕووداوەكـانى ســالّى (٥٧٨ك/١١٨٢ز) تــا كۆتــاى ســالّى (٥٨٠ك/١١٨٤ز)، هاوكات دەتوانين جگە لەم دوو بەشە سوود لە كورتـەى (الـبرق الـشامى) بـە ناوى (سنا البرق الشامى) هى (البندارى) وەربگرين كە باس لە ڕوداوەكـانى

نێوان ساڵانی (٥٦٢ك-٥٨٣ك) لە بەشەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم سوودمان لێوەرگرتوون.

٤- ابن شاهنشاه الایوبی: (م٦١٧ك/١٢٢٠ن) بە کتێبی (مضمار الحقائق وسر الخلائق) ناسراوە، یەکێکە لە سەرچاوەمێژووییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی، لە بەشی سێیەم و پێنجەمدا بەکارمان هێناوە.

٥- یاقوت الحموی: شهاب الدین عبدالله. (م٦٢٦ك/١٢٢٨ن).

یەکێکە لەو جوگرافی ناسانەی زانیاری تەواو وچاکیان پێشکەش کردووە لە بواری جوگرافی وشوێنی شارەکان وهەرێمەکان لە وولاتی ئیسلامدا، بەرهەمەکەی زۆربە سوودە لەووردی وزانستی زانیاریەکان، بەگشتی زانیارییەکی زۆری داوە بۆناسینی شوێنەکان لەناوچەکەدا، لەهەموو بەشەکانی توێژینەوەکەدا سوودی لێبینراوە.

٦- إبن الاثیر:- أبو الحسن عزالدین علی بن الکرم محمد الجزری (م٦٣٠ك/١٢٣٢ن) کتێبەکەی بە ناوی (الکامل فی التاریخ).

چونکە باسی هەموو ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلام دەکات، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە بابەتی ئێمەوە هەیە زۆرە.

(إبن الاثیر) زۆر بە دوورودرێژی باسی مێژووی سوڵتان سەلاحەددینی کردووە ، لە سەرەتای دەرچوونی لەگەڵ مامی (ئەسەددین شێرکوە) بۆ وڵاتی مصر تاکۆتایی ژیانی، توێژەر لەدووتوێی شاکارەکەی (إبن الاثیر)دا دەتوانێت زانیاری زۆر بەنرخ وبەهای لێیهەڵبژێرێت بەتایبەتی لەکاری ڕامیاری و سەربازی وسیخوڕی ودەروونیدا.

تێبینی ئەوە دەکرێت لەو شاکارەدا (إبن الاثیر) نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات لەو بۆچوونانەی کە هەیبوو بەرامبەر سوڵتان سەلاحەددین، هاوکات

ئەم سەرچاوەیە یەکێکە لەسەرچاوە ڕەسەن وبنەڕەتیەکانی ئەو سەردەمە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زۆرسودمان لێی وەرگرتووە.

زانیاری لە (العماد الکاتب) وەرگرتوە، بەتایبەتی لە کتێبی"البرق الشامي"، ئەمەش بۆخۆی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە، شێوازی نووسینی سەرنج ڕاکێش وئاسان بوو، سیستەمی (حولیات)ی بەکارهێناوە لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان کە بەڕۆژو مانگ وساڵ لەدوای یەك باسی دەکات، جگە لەوە هۆکاری کەوتنی شاری (عکا) دەگێڕێتەوە بۆ هۆکاری دەروونی.

ئەم سەرچاوەیە بۆخۆی تۆمارێکی گەورەیە بەهەموو کارەکانی سوڵتان سەلاّحەددین وجولاّنەوەی سەربازی وسیاسی و، هۆی بەردەوامبوونی شەڕ لەگەڵ خاچ درووشمەکاندا، فاکتەرە پاڵنەرەکانی لەوەستانی شەڕو واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی، وکەرەستە جەنگیەکانی نێوان هەردوولا، و بەکارهێنانی (سێکس) لەلایەنی خاچ دروشمەکان وەك شێوازێکی جەنگی دەروونیی تاکتیکی لەدژی سەربازە موسڵمانەکان کەلەبەشی سێیەم باسی لێوە کراوە.

٧ – إبن شداد: بهاء الدين أبو المحاسن يوسف بن رافع بن تميم(م ٦٣٢ك/ ١٢٣٤ز) ناوی کتێبەکەی (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية) یا (سيرة صلاح الدين).

ئەم کتێبە دابەش دەبێت بەسەر دووبەشدا، یەکەمین لە ساڵی (٥٦٥ك/ ١١٦٩ز) دەست پێدەکات تاوەکو ساڵی (٥٨٤ك/ ١١٨٨ز) کە تایبەتە بەژیانی سەلاّحەددین، بەلاّم ئەو ڕووداوانەی کەلەساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز) تۆماری کردووە تاوەکو کۆچی دوایی سوڵتان لە ساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز)، گرنگی وبەهای مێژوویی خۆی هەیە، کە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت،

چونکه بەخۆی بینەری ڕوداوەکان بووە لەوسەردەمەدا، کەمجار پشتی دەبەست بەئەوانی تر، بۆیە ڕووداوەکانی بە دووروودرێژی تۆمار کردوە.

إبن شداد یەکێکە لەمێژوونوسە لێهاتووەکان کە ڕووداوەکانی زۆر بەوردی وزانستی تۆمارکردووە، بەتایبەتی ڕووداوەکانی هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان لەنێو سالآنی (٥٨٥-٥٨٧ك/١١٨٩-١١٩١ز) کە ئەورووپییەکان لەپاش کەوتنی قودس بەدەستی سوڵتان سەلاحەددین لە ساڵی(٥٨٣ك/١١٨٧ز) ڕێکیان خست.

إبن شداد زۆر نزیك بوو لەسوڵتان سەلاحەددین کەلە زۆر شوێن باسی لەخۆشەویستی سوڵتان بۆ جیهادکردن لەپێناوی خودادا دەکات، زۆر سوودمان لەم سەرچاوە ڕەسەنە وەرگرت، بەتایبەتی لەکەسایەتی سەلاحەددین لەڕووی سەربازی وسیاسی وجیهادییەوە، هاوکات ئامانجەکانی سوڵتان لەکارەکانی، چونکە (ابن شداد) بەردەوام لەگەڵیدابوو، هەروەها تایبەتمەندی نوسینەکانی ڕاستگۆیی وبێلایەنی تێدا بەدی دەکرێت، جگە لەدەقی وتارەکان وڕێکەوتننامەی (الرملة) لەگەڵ ڕیچاردی شێردڵ.

شایانی باسە گرنگی ئەم سەرچاوەیە لەوەدایە هەندێجار باس لەڕووداوێك دەکات کە سەرچاوەکانی تر باسیان نەکردووە یان زۆر بەکورتی باسیان کردووە، بۆ نموونە: ڕۆڵی تیپی یزك بۆ کاری سەرانسۆکردن، وتیپە دزەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم سەرچاوە ڕەسەنە زانیاری گرنگی دەربارەی کارەکانی سوڵتان لەلایەنی سەربازی وسیاسی بەخشیە توێژینەوەکە.

٨- ابن ابي طي- (م٦٣٢ك-١٢٣٤ز) (یحیی بن حامد أبو طی النجار بن ظافر بن علي بن عبدالله الغساني الحلبي)، (١٠) بەرهەمی هەبووە لەبوارە

جیاوازەکـان، بـەڵام دوو بەرهـەمی لـەبواری مێـژوودا هەیـە ئـەویش "معـادن الذهب في تـاريخ الملـوك والخلفاء وذوي الرتـب" و "كنز الموحدين في سيرة صلاح الدين" بەڵام هیچ لـەو دووبەرهەمانـە بەدەستمان نەگەیشتووە، تـەنیا هەندێکی زۆربەکەمی ئەویش لای مێژوونوسانی دوای وەکو (ابو شامة، ابن الفـرات، المقريـزي)، لەڕاستیدا کتێبەکـەی لەسـەر سەڵاحەددین زۆر گـرنگ بـوو، ئـەویش لەمیانـەی کتێبـی ابـو شامة دەردەکـەوێت، چوونکه زانیـاری زۆری تێدا بووە لەسەر مصر وحەلەب وئەفریقیا، وزۆربەی ئەو زانیاریانـەی لەباوکی وەرگرتووە، چونکە بینەری ڕووداوەکان بووە لەوسەردەمەدا.

٩- سبط ابن الجوزي-(م٦٥٤ك-١٢٥٦ن).

دانەری کتێبـی (مـراة الزمـان في تـاريخ الاعيـان)، بـەرگی هەشتەم گرنگـی تایبـەتی خـۆی هەیـە، چـونکە زۆر گرنگـی داوە بەسیاسـەت وجـەنگ، لـەدووتوێی کتێبەکەیـدا باس لەزۆربـەی شـەڕەکانی نێـوان سـوپای ئـەیوبی وخـاچ دروشمـەکان دەکـات، گرنگـی ئـەم سەرچاوەیە لـەوەدا دەردەکـەوێت کەدانەرەکـەی پـشتی بـە سەرچـاوەکانی سـەردەمی سـوڵتان سـەڵاحەددین بەستوە وەك "ابـن الاثـير، ابن شـداد"بۆیـە بەیـەکێك لەسەرچاوە گرنگـەکانی ئـەو سـەردەمە دادەنرێـت، لـە بەشـەکانی دووەم و سـێیەم سـوودمان لێوەرگرتووە.

١٠-أبـو شـامة: عبـد الـرحمن إسماعيـل بـن إبـراهيم المقدسـي الدمـشقي (م٦٦٥ك/١٢٦٦ن)، (الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية).

یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکان، کە بابـەتێکی مێـژوویی گرنگـی پێشکەش کـردووین، لەچـالاکی هـەواڵگری و تیپـە نهێنیـەکانی دەوڵـەتی ئـەیوبی، هـەروەها زۆر لەزانیاریـەکانی لـە کۆمـەڵێك مێژوونوسـی جێگـای

باوەڕوەرگرتووە لەوانە (العماد الكاتب والقاضي الفاضل وإبن ألاثير وإبن شداد وإبن أبي طي).

بۆیە ئەم سەرچاوەیە لەڕووی ئەكادیمی و زانستی هیچی لەسەرچاوەكانی تری سەردەمی سوڵتان سەلاحەددین كەمتر نیە، لەدووتوێی ئەم كتێبەدا (ابو شامة) باس لەمێژووی دەوڵەتی ئەیوبی وولاتانی پەیوەندیدار دەكات، وەكو دەوڵەتی زەنگی یان خەلافەتی عەبباسی و هەڵوێستیان بەرامبەر میرنشینە خاچ دروشمەكان، هەروەها باسی ڕۆڵی بنەماڵەی ئەیوبی دەكات لەشەڕی خاچ دروشمەكان وسیاسەتی سەلاحەددین وپەیوەندی لەگەڵ خاچ دروشمەكان و خەلافەتی عەبباسی وبزوتنەوەی ئەراتقە وئیسماعیلیەكان، لەڕاستیدا ئێمە لەزۆربەی بەشەكاندا سوودمان لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە هاوكات لەگەڵ دەقی نامەكانی سوڵتان كە لەو كتێبەدا هاتوون.

١١-إبن واصل: جمال الدين محمد بن سالم بن واصل الحموي(م٦٩٧ك/١٢٩٧ز)، لة كتێبەكەی (مفرج الكروب في اخبار بني ايوب).

پشتی بەستوە بە زانیاریەكانی (العماد الكاتب وابن الاثير وابن شداد، القاضي الفاضل)، لەهەمان كاتدا بابەتێكی نوێی خستۆتە ڕوو، هەروەها باس لەڕۆڵی سەلاحەددین دەكات لەدروستبونی بەرەی ئیسلامی یەكگرتوو جیهادكردن لەپێناوی خودا لەدژی خاچ دروشمەكان كەلەئەنجامدا توانی گەورەترین سەركەوتن بەدەست بهێنێت لەشەڕی حطین وڕزگاركردنی قودسدا، هاوكات ڕۆڵیان لە وولاتی (اليمن)، تەنیا جیاوازی نەكردووە لەنێوان ڕزگاركردن وفەتح كردن بۆ شارەكان، هەروەها باس لە گرنگی دانی

سـولّتان دەكـات بەلايـەنی شارســتانیی وەكـو دروســتكردنی خوێنــدنگا ونەخۆشخانە وخانەقاه وقەلاّو شورا.

لــەدووتوێی ئــەم كتێبــە ژمارەیــەكی زۆر لەبەلّگەنامــەی ڕەسمــی بەدەستنووسـی "العمـاد الكاتـب وابـن شـداد والقلقـشندی وابوشـامة"وە تۆماركراوە.

إبـن واصـل جیـا لەمێژوونوسـانی سـەردەمی خـۆی شـێوازێكی ڕوون وئاشكرای هـەبووەو، زۆر لەدەقـە مێژووییـەكانی بـەراورد كـردووە، پاشـان بـەپێی بۆچـوونی خـۆی دەقـە ڕاستەكانی وەرگرتـووە، هـەروەها بـاس لـە هەواڵگری وسەرانسۆكردن و سیخوڕی لەپێناو كۆكردنەوەی زانیـاری لەسـەر خاچ دروشمـەكان بـە قازانجی سـوپای ئـەیوبی، هاوكات ئاماژە بەنامـەكانی سولّتان دەكات لەو سەردەمە، گرنگی (مفرج الكروب) لەوەدایە كە زۆربەی مێژوونوسانی دوای خـۆی لـەمیان وەرگرتـوە وەكـو : (اليـونيني، ابـو الفـداء، النـويري، الـذهبی، ابـن الفـرات، المقريـزي، ابـن تغـري الـبردي، العـيني، النعيمي).

١٢-النويري: (م٧٣٣ك/١٣٣٢ز).

كتێبی (نهاية الأرب في فنون الادب) بەرگی (٢٨)، لەهەموو بەشەكانی ئـەم توێژینەوەیەدا سودی لێوەرگیراوە، چونكە ئـەم بەرگـە تایبەتـە بـە سـەردەمی سولّتان سەلاّحەددین كە هەموو ڕووداوەكانی تۆماركردووە.

١٣- القلقــشندی: شــهاب الــدین ابــو العبــاس احمــد بــن علــي (م٨٢١ك/١٤١٨ز).

(صـبح الاعــشی في صــناعة الانــشا)، یــەكێك لەسەرچـاوە مێژووییــە گرنگـەكان، وەكـو ئەنسكلۆپیدیایەك سـەیر دەكرێـت لەسـەرجەم بوارەكـان، كـەباس لەسیـستێمەكانی ئــەو ســەردەمە دەكــات، وزانیــاری گرنگــی

بەخـــشیوەبەتوێژینەوەکە، تایبەتمەنـــدی (القلقـــشندی) ووردی وزانـــستی وبابەتی لەسەرچاوەکەی بەدی دەکرێت، لە بەشی سێیەم.و چوارەم سودمان لێوەرگرتووە.

١٤- المقریزی: ابوالعباس تقی الدین احمد بن علی (م٨٤٥ك/١٤٤٢ز)

چەندین دانـراوی هەیـە وەکوو (الـسلوك لمعرفة دول الملـوك) و (المـواعظ والاعتبار بذکر الخطط و الاثار) و(اتعـاظ الحنفا باخبـار الائمة الفاطمیین و الخلفاء).

توێژینەوەکـە تاڕادەیـەکی زۆر پـشتی بـە (الـسلوك) بەسـتووە، چـونکە تایبەتە بەسەردەمی ئەیوبی، کەهەموو ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەی بەووردی تۆمـار کـردوە، بـەڵام (الخطـط) سەرچـاوەیەکی زۆرگرنگـە و دەوڵەمەنـدە لـە زانیـاری دەربـارەی وڵاتـی مـصر، بێگومـان لـەکاتی کـارکردن لەگـەڵ ئـەم سەرچاوانە بێلایـەنی تێـدا بـەدی دەکرێـت، هاوکـات دوربـووە لەتونـد ڕەوی، ئەمەش گرنگی زیاتری بەخشیوەتە ئەم سەرچاوانە.

بـۆ ئـەم کـارە زانـستییە کۆمـەڵێك سەرچـاوەی نوێمـان بـەکارهێناوە کـە بەشێوەیەکی گشتی سود لە بیر و بۆچونەکانیان وەرگیراوە، کە لێـرەدا بـاس لـە هـەموویان ناکـەین، چـونکە لەلیـستی سەرچـاوەکاندا هـەموویان تۆمـار کراون.

بەشی یەکەم

پێناسەو چەمکی جەنگی دەروونی

Psychological Warfare

پێناسەو چەمکی جەنگی دەروونی

لەهزری توێژەران و نوسەراندا جەنگی دەروونی چەند ناوەرۆکێکی جیاوازی هەیە، ئەو جیاوازییە لەپێناسەکردنیدا کارێکی ئاساییە، ڕەنگە لەکاتی پێناسە کردنی جەنگی دەروونیدا درك بەو قورسیە بکەین کەڕووبەڕووی توێژەران دەبێتەوە بەهۆی ئەو کۆمەڵە زاراوانەوە کە بوون بە باو لەکاتی باسکردنی ململانێی ئایدیۆلۆژی لەجیهانی ئەمڕۆدا، لەو زاراوە بڵاوانە:

جەنگی سارد، جەنگی مینۆکی، جەنگی هزرەکان، جەنگی ئیرادە، جەنگی دەمار، جەنگی پڕوپاگەندە، جەنگی دەنگۆ، جەنگی دەروونی، جەنگی بیروڕا، جەنگی ڕامیاری، جەنگی مێشك، جەنگی ئایدیۆلۆژیا، جەنگی فێڵبازی، جەنگی سپی (سارد)، جەنگی سایکۆلۆژی، جەنگی ناتەقلیدی، جەنگی تایبەت، جەنگی وشەکان، جەنگی میدیا، دوژمنکاری ناڕاستەوخۆ، جەنگی خەبات لەپێناو دەستگرتن بەسەر هزرو ئیرادەی پیاوەکاندا[1].

زاراوەی جەنگی دەروونی بەستراوە بەجەنگی ڕاستەقینەی پراکتیکیەوە، بەڵام لەڕاستیدا سەر بەجەنگی ساردە کەلەپێش یان پاش جەنگی گەرم دەست پێدەکات، تەنانەت جەنگی سارد خۆی لەخۆیدا جەنگێکی دەروونیە[2]، لەوکاتەوە جەنگ بووەبە دیاردەیەك و توێژینەوەی لەسەر بکرێت، جەنگی دەروونیش وەك ئامرازێك لەخزمەتی جەنگدا خوێندرا، جەنگی دەروونی چەمکێکی نوێ نییە[3]، چونکە توێژینەوەی جەنگ بەڵگەیە

---

١ الكيلاني: الحرب النفسية بين الكلمة والطلقة، ل٤٧"نصر: الحرب النفسية،ج ١/ ل٩٨.

٢ الدباغ: الحرب النفسية، ل٤.

٣ قادر: حرب الافكار، ل٤٧.

بۆ ئەوەی جەنگی دەروونی تێدا بەکارهاتووە،و بەدەگمەن نەبێت هیچ جەنگێکیش نییە جەنگی دەروونی تێدا بەکار نەهاتبێت[٤]، بەڵام مەسەلەی گرنگ کە دەکرێ لێی رابمێنین و هەڵوەستەیەکی بۆ بکەین، ئەوەیە کە چەمکی ناوبراو وەك هەموو چەمکەکانی تر لەمیانەی کاروانی مێژووی دوورو درێژی جەنگدا بە جۆرێك گەشەی کردووەو کە تەکنەلۆژیای نوێ لەئێستادا لەخزمەتیدایە،و گرێکانی زۆرکردووە، لەکاتێکدا کە ئامرازەکانی جەنگی دەروونی لەڕابردوودا سانا بووە، وەك هەر ئامرازێکی تری نوێی جەنگ، جەنگی دەروونی بەواتای ڕوخاندنی ورەی دوژمنە، لەڕاستیدا سەرکەوتن لەجەنگدا واتە سەرکەوتنی ئیرادەیەك بەسەر ئیرادەیەکی تردا[٥]، بۆیە توێژەرەکان لەگۆشە نیگای گرنگیدان بەواقیعی رۆحی و دەروونی تاك و کۆمەڵگەوە گرنگییەکی تایبەت بەچەمکی جەنگی دەروونی دەدەن، لەبەر ئەوە لەسەرەتاوە وا پێناسەی جەنگی دەروونی کراوە کەبەکارهێنانێکی نەخشە بۆ کێشراوی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانیەتی بۆچوونە ناو کاروبارە هزریەکانی دوژمنەوە، بەو ڕێگایانەی کە ئامانجە نەتەوەییەکان مسۆگەر دەکات[٦]. سەرباری ئەوە کاریگەری هەیە لەسەر ورەی دوژمن بەو پێیەی کە ورە یەکێکە لەفاکتەرە گرنگەکانی سەرکەوتن، بەڵام جەنگی دەروونی بەبێ زانیاری تەواوو بەسوود دەربارەی دیارترین لایەنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و دەروونییەکانی میللەت و سوپای دوژمن هیچ بەهایەکی نامێنێ، هەروەها ئەو زانیاریانە هیچ سوودێکیان نابێت گەر بێت و ئەو کەسەی ئەو زانیاریانەی لایە نەزانێت بەچاکی هەڵیسەنگێنێت بۆ دانانی

---

٤ النوروزي: أهمية الحرب النفسية وجهة نظر اسلامية، مجلة التوحيد، عدد ٧٨، السنة الرابعة عشرة، تشرين الاول، ١٩٩٥. ل٨١.

٥ حمزة: أسس علم النفس الاجتماعي، ل٢٥٤.

٦ نصر: سەرچاوەی پێشوو، ج١/ ل٩٣.

بەرنامەی جەنگی دەروونیو ڕێکخستنی، چونکە شیکردنەوەی ئامانج لەجەنگی دەروونیدا زۆر گرنگە[7]، بەلام جەنگی دەروونی چەمکێکە دامەزراندنی پەیوەندی نە بەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنو نە بەبلاوبوونەوەی جێبەجێکردنی سیستمی نێو دەولەتی نوێوە هەیە، بەلکو دەگەڕێتەوە بۆ جەنگەکان، ئەویش کاتێك هەندێك لەفەرماندەکان درکیان کرد بەوەی کە کۆمەلێکی تر لەسەربازەکان دەترسن، هەروەها سەربازەکانی دوژمن هەندێجار لە داکۆکیکردن لەشوێنەکانیان زۆر ئازان، بەلام هەندێکیان دەکشێنەوەو دەدۆڕێن[8]، ئەم دژوارییە هەلچوون یان گەڕانەوە بۆ هۆکاری دەروونیو چوون بۆ لای پسپۆران بەمەبەستی توێژینەوەو گەشەدان بە ئامرازە بەهێزکەرەکانیو لاواز کردنی لەلای دوژمن، بۆیە ئەم ڕێوڕەسمە پراکتیکیەی ئەم بوارە لەژێر ناونیشانی جەنگی دەروونی زۆر لە ئامرازەکانی گرتۆتەوە[9]، لە دوای ئەوە وا پێناسە کرا بەوەی کە هەلمەتێکی گشتگیرە و هەموو ئامرازەکانی تیا بەکاردێت بۆ کارکردنە سەر هزری گروپێکی دیاریکراو بەمەبەستی ڕوخاندنی هەلوێستێکی دیاریکراو،و دانانی هەلوێستی تر لەجێیدا کە ببێتە ڕەفتارێك لەگەل بەرژەوەندی ئەو لایەنەی هەلمەتەکەی دەست پێ کردووە بگونجێت[10]، لەم چەمکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جەنگی دەروونیو جێبەجێکردنی لەمامەلە کردن لەگەل هۆشیاری مرۆییدا، ئەو زانینەی کە ولاتان هەنگاوی فراوانیان تێدا ناوە لەبەکارهێنانیدا بەجۆرێك شارەزابوون کەسەرکەوتنی پێویستی تێدا بەدەست بهێنن، بە بەراوردێکی سانا لەهەموو شوێنێکی جیهاندا لەنێوان

---

٧ الدباغ: علم النفس العسكري، ل١٦٠.

٨ العبيدي: الحرب النفسية في النظام الدولي، مجلة النبأ، العدد ٥٥، آذار ٢٠٠١م، ل٣٤.

٩ الدباغ: المرجع في الحرب النفسية، ل١٧.

١٠ نصر: س.پ، ج١/ ل١٠٦.

پێویستیەکانی جەنگی تەقلیدیو ئەتۆمی لەتێچوونی زۆرو پێویستی جەنگی دەروونی لەپارەو هەوڵی دیاریکراو، دەبینین تاکە تەرازووە کە پاڵ دەدات بەلای جەنگی دەروونیەوەو بە جیاوازیەکی زۆر گەورە، بۆیە چەکی دەروونی جیاوازە لەچەکە تەقلیدییەکانی تر بەوەی کە فرە ڕەهەندەو گۆڕاوە بەبەردەوامی دروست دەبێت بەپێی بارودۆخو هەلوێست، هەروەها بەرەو ئامانجێك دەڕوات کە ئاشکرا نەکراوەو ئاراستەکانی ناڕاستەوخۆن[11].

چەکێك ئەم هەموو خەسڵەتەی هەبێت دەبێتە خاوەن هێزێکی کاریگەر بەبێ بەرەنگاری کەسە مەبەستەکان یان بەبێ ڕێگری لەلایەن دەوروبەرەوە.

جێبەجێکردنی جەنگی دەروونی بەچەمکە نوێیەکەی کۆمەڵە چالاکیەکی بەربڵاوە تێکەڵ بەیەكو تەواوکەری یەکترن[12]، بۆ نموونە کارە سیاسیەکانی دەرەوە لەهەندێ لایەنەوە پەیوەندیان هەیە بە گوتارو کۆنگرەو نامەو پەیوەندیەکان بۆ پێك هێنانی قەناعەتێك کە یارمەتی دەربێت بۆ هاندانی خۆشەویستی دۆستەکانو توند کردنی پەیوەندیەکانیانو ڕاکێشانی بێلایەنەکان بۆ ناو ئەو بازنەیە لەپێناو کەم کردنەوەی ڕێژەی دوژمنەکان، چونکە ئەمانە بەخشەری دەروونین[13].

هەروەها زۆر لە پراکتیکەکان ستەمە بخرێنە چوار چێوەی جەنگی دەروونیەوە، بۆیە دەبێت جەخت لەسەر ڕاستیەك بکرێتەوە ئەویش ئەوەیە جەنگی دەروونی کاتو شێوەی دیاریکراوە، هەر چەند کورت خایەن یان درێژ خایەن بێت لەگەڵ ئەوەشدا کەناو دەبرێت بەجەنگ، بەڵام جەنگی چەك نییە هاوکات کۆتایی نییە یان هەموو جارێ توندوتیژ نییە، لەوانەیە هەندێ جار نەرمو نیانو وریا بێت، بەڵام لەهەوڵو بەدوادا چووندا وریا

---

١١ الزبيدي: علم النفس العسكري، ل٢١٦.

١٢ ربيع: الحرب النفسية في الوطن العربي، ل١٠٩.

١٣ محمد: السياسة من وراء الستراتيجية، ل١٣.

بوونەوەیە بۆ گۆڕانێکی خێرا لە پلانێکی نەرم و نیانییەوە بۆ توندوتیژی یا لەتوندو تیژییەوە بۆ نەرم ونیانی[١٤].

ئاسان نییە بتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ جەنگی دەروونی یان بوارەکانی دیاری بکەین، چونکە جەنگی دەروونی چەند چەمکێکی جیاوازو گۆڕاوی لەخۆگرتووە، لەبەر ئەوە نوسەران نەیانتوانیوە ئەم زاراوەیە لەچوارچێوەیەکی ئاشکرادا بخەنەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پێناسە بۆ جەنگی دەروونی هەیە، بەڵام هەر هەموویان لەخەسڵەتە زانستیە گشتیەکانیاندا کە دەروونناسەکان بۆیان دیاری کردوون یەك دەگرنەوە، جیاوازیەکەیش لە ئاراستەو وردەکاری و کارگێریەکەدا بۆ تێڕوانینە ئایدۆلۆژیەکان دەگەڕێتەوە[١٥]، بۆیە بۆچوون و تێڕوانینی دژ بەیەك لەنێو پسپۆڕانی ئەم بوارەدا هەبوو، هەروەها دەزگا جیاوازەکانی میدیاو ڕاگەیاندن و شێوازەکانی پڕوپاگەندە سەبارەت بەدیاریکردنی چەمکی جەنگی دەروونی نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێك بۆ دانانی پێناسەیەکی وردو گشتگیر بۆ جەنگی دەروونی[١٦]، ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جەنگی دەروونی چالاکی و بوارو ئامرازەکانی دیاریکراو نییە.[١٧]

لێرەدا بەپێویستی دەزانین هەندێ لەو پێناسەو چەمکانەی جەنگی دەروونی بخەینە ڕوو، چونکە پێناسە لەبوارە جیاوازەکانی زانستدا گرنگە، لەبەر ئەوەی پێناسەکردنی شتێك واتە دیاریکردنی بواری کارکردن و ئامانج و ئامرازەکانی، هەروەها پێناسە کردن لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەهۆی فرە جیاوازی لەبیرو بۆچوونەکانەوە گرفتێکە،

---

١٤ الدباغ: علم النفس العسكري، ل١٦٠.

١٥ هەمان سەرچاوە، ل١٥٨.

١٦ ربيع: س.پ، ل٢٣٢.

١٧ الدباغ: المرجع في الحرب النفسية، ل٤٨.

لێرەدا هەوڵ دەدەین هەموو ئەو پێناسانەی لەبەردەستماندان بیانخەینە ڕوو، ئەگەر چی بەوردیو شیکارییەوە بڕوانینە ئەو پێناسانە تا ڕادەیەك لەیەکەوە نزیکن.

هەندێ لە پسپۆڕەکانی پڕوپاگەندەو میدیاو ئەوانەی لە بواری جەنگی دەروونیدا کار دەکەن پێیان وایە جەنگی دەروونی بریتییە لەبەکار هێنانی پڕوپاگەندەو کارە ڕاگەیاندنەکانی تر، بەشێوەی پڕۆگرامێکی زانستی نەخشە بۆکێشراو لەلایەن وڵاتێك یان کۆمەڵە وڵاتێکەوە کە ئاراستەی دوژمن یان وڵاتانی بێلایەن یان دۆستو هاوپەیمانان دەکرێت، بەمەبەستی کارکردن لەڕاو بۆ چوونو سۆزو ئاراستەو هەڵسو کەوتو بیرکردنەوەیان و گۆڕینیان بەجۆرێك کە خزمەتی سیاسەتی ئەو وڵاتانە، یان ئەو دەوڵەتانە بکات کە بەکاری دەهێنن تاکو ئامانجەکانیان بهێننەدی.[18] لەمیانەی ئەم پێناسەیەوە سوڵتان سەلاحەددین هەر لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات لە وڵاتی مصر ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز)[19] هەڵسا بە بەکارهێنانی پڕوپاگەندە و کارە ڕاگەیاندنەکانی تر بۆ ئەوەی بتوانێت ڕاو سۆزی دانیشتوانی مصر و شام بەلای خۆیدا ڕاکێشێت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە دەروونیەکانی و پاڵپشتی سیاسەتی گشتی دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەیدا.[20]

(لینبارجیر –Linebarger) یەکەم کەسە کە جەنگی دەروونی پێناسە کردووەو دەڵێ: بریتییە لەبەکارهێنانی پڕوپاگەندە لەدژی دوژمن لەگەڵ چەند ڕێوڕەسمێکی تردا کە سروشتێکی سەربازیو ئابووریو ڕامیاری

---

١٨ وەرگیراوە لە: عبد الله: الحرب النفسية والشائعات، ل١١؛ نصر: س.پ، ج١/ل٩٢.

١٩ بۆ یەکسان کردنی ساڵانی کۆچیو زایینی پشتمان بەستووە بە کتێبی: ساڵانی کۆچیو زایینی، نوسینی أنطوان بشارة قيقانو، گۆڕینی محمود حاجی رحيم، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢٠ بڕوانە بەشی پێنجەم ئەم توێژینەوەیە، لاپەڕە ١٢٢.

پێویسته بۆ پڕوپاگەندە[٢١]، سولتان سەلاحەددین ئەم جۆرە شێوازەی پیادەکردووە کە (لینبارجیر) باسی لێوە دەکات، ئەویش لە روی ئابوورییەوە وەك گەمارۆدانی شارەکان و ناچارکردنیان بە خۆ بەدەستوەدان، هاوکات تێکدانی کشتوکاڵ و دورینی دانەوێڵەکانیان، بەمەبەستی بێبەشکردنی خاچ دروشمەکان لە پێداویستیەکانی ژیان، هەروەها لە روی سەربازیەوە ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی بەر لە شەڕ.[٢٢]

بەڵام پسپۆرەکانی جەنگی دەروونی وەك بەکارهێنانێکی نەخشە بۆکێشراوی دەبینن کە بەهاوکاری چەند ئامرازێکی تر جێبەجێ دەکرێت بەمەبەستی کاریگەری لەڕاو سۆزو هەڵوێستو ڕەفتاری گروپە دژەکان یان بێلایەن یان دۆستەکان بۆ پاڵپشتی کردنی سیاسەتو ئامانجە هەنوکەییەکان، یان پلانێکی سەربازی لەکاتی جەنگو قەیرانو ڕوو بەڕووبوونەوەکاندا ئەنجام دەدرێت[٢٣]. بۆ نمونە سولتان سەلاحەددین بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە دەروونیە ستراتیژیەکانی ، لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی ئەیوبی جیهاد لە پێناوی خودا و کارکردن لە پێناوی رزگارکردنی قودسی راگەیاند. جەنگی دەروونی کاریگەری زیاترە لەسەر دوژمن وەك جەنگی ئاسایی، چونکە ئاراستەی مێشکی جەنگاوەر دەکرێ و مێشك و بیری ئیفلیج دەکات و ورەی دەڕوخێنێت،سولتان سەلاحەددین لە هەموو جەنگەکانیدا سیستمی جەنگی دەروونی پیادە دەکرد و ئەم شێوازەی بە پێی بەرنامەیەکی رێك و پێك و داڕێژراو لە دژی بێلایەنەکان و دوژمنەکانی

---

٢١ وەرگیراوە لە الزبيدي: علم النفس في الميدان العسكري، ل٧١.

٢٢ ابن شاهنشاه:مضمار الحقائق و سر الخلائق، ل٢٦" ابن شداد: النوادر السلطانية، ل٧" ابو شامة: الروضتين في اخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٢/ ل٨" ابن واصل: مفرج الكروب في اخبار بني ايوب،ج٢/ل٨٠" النويري: نهاية الارب،ج٢٨/ ل٣٩٥" المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك،ج١/ ل١٨٠.

٢٣ الكيالي: موسوعة السياسة،ج ٢/ ل٢١٥" نصر: س.پ، ج١/ ل٩٣.

به گشتی و میره موسوڵمانەکان بەتایبەتی کە نەیاری بوون پەیڕەو دەکرد، ئەویش لە ڕێگەی گرنگیدان بە لایەنی دەروونی و ڕاکێشانی هەست و سۆزی جەماوەری موسوڵمانان نەك میرەکان.[٢٤]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەجەنگی دەروونی تەنیا ئاڕاستەی دەوڵەتە دژەکان ناکرێت، بەڵکو دەوڵەتە دۆستو بێلایەنەکانیش دەگرێتەوە، ڕەنگە ئەمە وایکردبێت پسپۆڕەکان وشەی (پڕوپاگەندە) لەبری (جەنگی دەروونی) بەکاربهێنن، لەڕاستیدا هەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی جیهان کۆی ئەو سێ وەسفەی پێشوو ((دژو بێلایەنو دۆست)) دەگرێتەوە، ئەمە کاری پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکانە، چونکە ئەو دەوڵەتانە زۆر جار دۆستو دوژمنیان هەیەو هەندێ وڵاتیش لەڕووبەڕووی مەسەلەکاندا بێلایەن دەوەستن[٢٥]، (مارك کلارك) سەبارەت بەجەنگی دەروونی دەڵێت: "هەر کارێك کە دوژمن ناچار دەکات پیاوەکانی بەچەكو تەقەمەنی لەبەرە چالاکەکاندا تەمویل بکات کەوای لێ دەکات پیاوەکانی سنوردار بکاتو لەحاڵەتی ئامادە باشیدابن بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی هێرشێك کە ناکرێت"[٢٦].

هەندێ نوسەر جەنگی دەروونیان وا ناساندووە کە بەکارهێنانێکی ڕێكو پێکە بۆ چالاکییەکی دیاریکراو بۆ کار کردنە سەر ڕاو هەستو ڕەوشتو سۆزی کۆمەڵێ خەڵك لەکاتی شەڕدا یان لەپێش دەست پێکردنی شەڕ، بەمەبەستی لاواز کردنی وورەو گۆڕینی جۆری بیر کردنەوەی دوژمن لەمەڕ ئەو کێشەیەی کە شەڕی لەسەر دەکرێت بەجۆرێك ئەنجامەکان دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو (دوژمن) ببنەوە[٢٧]، ئەمەش مانای وایە

---

٢٤ حسن:تاريخ الاسلام،ج٤/ ل١٠٥" سعداوي: التاريخ الحربي المصري، ل٢٣.

٢٥ محمد: س.پ، ل٢٨-٢٩" الرضا: الرأي العام والأعلام والدعاية، ل٢٠٧.

٢٦ وەرگیراوە لە: نصر: س.پ، ج١/ ل٩٤.

٢٧ زهران: علم النفس الاجتماعي. ل٣٥٦.

کەبەکارهێنانی دەروونناسی لەشەڕدا ڕۆڵی گەورەی هەیە لەڕێگای پڕوپاگەندەو بڕینی پەیوەندی ئابووری‌و موناوەراتی ڕامیاری و بەکارهێنانی هێزی سەربازی تۆکمە، کە خزمەتێکی گەورەی شەڕ دەکەن[٢٨].

گرنگی جەنگی دەروونی لەوە دایە کە ئیرادەی بەکارهێنەرەکەی بەسەر ئیرادەی دوژمندا بسەپێنێت، و بە شێوەیەکی نا سەربازی و ئابووری کارەکانی کۆنتڕۆل بکات،[٢٩] بۆ نمونە لە کاتی رزگار کردنی شاری قودس لە لایەن سوڵتان سەلاحەددین لەساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز)دا توانی لە ناو شاردا بە شێوەیەکی ناسەربازی جەنگی دەروونی بەهێزکراو ئاراستەی دانیشتوان بکات بە دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوونی گشتی، و بە ئامرازی ئابووری کارەکانی کۆنتڕۆل بکات، بە ڕێگای وەرگرتنی (رزگارانە = فدیە) [٣٠]، بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆی بە سەریاندا بسەپێنێت،[٣١]

جەنگی دەروونی لەچەکە نوێیەکانی جەنگە، ئاڕاستەی بیرو باوەڕو ئازایەتی دەکرێت، هەروەها شەڕێکی هێرش‌و بەرگرییە دژی حەزکردن لەشەڕ، چونکە بەکارهێنەرەکەی هەوڵدەدات وورەی سەربازەکانی‌و میللەتی

---

٢٨ عواد: الحرب النفسية وشائعات الحرب، ل١٤.

٢٩ نصر: س.پ، ج١/ ل٩٣.

٣٠ رزگارانە (فدية): رێگایان بدات بە دەرچوون لە ماوەی چل رۆژ ، لە هەرپیاوێك هەژار بێت یان دەوڵەمەند(١٠)دینار و هەر ژنێکیش (٥)دینار، ومناڵ کوربێت یان کچ (٢)دینار بدات، هەرکەسێکیش نەیتوانی ئەمە بدات بکرێت بە دیل، بەڵام سوڵتان سەلاحەددین لە برگەکانی ئەم پەیمانە لایدا و هەڵسوکەوتی لەگەڵ خاچ دروشمەکان کرد بە هەڵس و کەوتی بەزەیی و چاکە و دەست بەسەرداهێنان. بۆ ئەوەی نمونەیەکی باش و سەر مەشقێکی چاك لە لێخۆشبوون و دادوەری و لێبوردن، بە مەبەست و لە چوارچێوەی ئامانجە دەروونیە بەهێزکراوەکەی، بۆ ئەوەی سەرنجی دانیشتوانی شارەکە لە خاچ دروشمان بۆ لای خۆی رابکێشێت.(ابن شداد: س.پ، ل٩٣–دەڵێ منال یەك دینار–" ابن الاثير: الكامل في التاريخ، مج٧/ ل٣٣٥).

٣١ العماد الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي. ل١٣٠" ابن الاثير: الكامل . مج٧/ ل٣٣٥" ابن شداد: س.پ، ل٩٢" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٤.

خۆی پێ بەرزبکاتەوەو بەپێچەوانەشەوە هی دوژمن بڕوخێنێت[٣٢]،لە میانەی ئـەم پێناسـەیەدا لـە کـاتی هەڵمـەتی خـاچ دروشمـەکان لـە سـاڵی (٥٦٩ك/١١٧٣ز) بۆ سەر شاری ئەسکەندەریە، لە سەرەتاوە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی سوڵتان سەلاحەددین بـۆ شـارەکە، دانیـشتوانی ورەیـان بـەرز ببـووەوە بـە هـەموو توانایـەکیان بـەرگریان دەکرد،لـە بەرامبـەر دا کاتێـك خـاچ دروشمـەکان ئـەم هەواڵـەیان بیـست ورەیـان روخـا و لـە ئەنجامـدا شـەڕەکەیان دۆڕانـد و بـە سـەرکەوتنی سوڵتان و خەڵکی شاری ئەسکەندەریە کۆتایی هات.[٣٣]

ئەمـە جگـە لـەوەی کـە بریتییـە لەبـەکارهێنانی هـەر ئامرازێـك بەمەبەستی کارکردن لەگیانی مەعنـەوی‌و لەسـەر ڕەفتـاری هـەر گروپێـك بەمەبەستێکی سـەربازی دیـاریکراو[٣٤]. هـەروەها جـەنگی دەروونـی بەشـێکە لـەو جەنگـە گشتگیریەی کە لەپێش جەنگ‌و لەکاتی جەنگ‌و لەپاش جەنگیشدا دەکرێت، هــەروەها ناکەوێتــە ژێــر سانــسۆری یاســاو داب‌و نــەریتی جەنگــەوەو بەبنـچینەی وەسـفکردنی زەوی‌و سیـستەمی جـەنگ ناسـڕدرێتەوە، چـونکە پرۆســەیەکی بەردەوامــە[٣٥]، بێبــەش کردنــی دوژمــن لــە پێداویــستیە سەرەکیەکانی ژیان، وەکو بڕینی ئاو لە خەڵکی شەڕکەر و سوتاندنی شورا و دابەستنی (مەنجـەنیق)[٣٦]بۆیـان ، چـەندین شێوازی دەروونـی هـەبوو، کـە

٣٢ أمين: الحرب والمعنويات، ل١١٤" السلامة: الاستخبارات العسكرية في الاسلام،ل١٥٩.

٣٣ الصوری: الحروب الصليبية، ج٤/ ل١١٧" ابن الاثير: الكامل ، مج٧/ ل٢٥٠" ابن شداد: س.پ، ل٥٥-٥٦" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٣٥" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٥"النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٩٢.

٣٤ لاينبرجر: الحرب النفسية، ترجمة، حمير رشيد، ل٣.

٣٥ زهران: س.پ، ل٣٥٣" نصر: س.پ،ج ١/ ل١١٠.

٣٦ مەنجـەنیق: ئـامێرێکی ئاگرپەرژێنـە ، ئەیوبیـەکان لـە شـەڕی شـارەکان بـەکاریان هێنـاوە، یـان کـە پێـی دەوترا شەڕی شورا و گەمارۆ، وە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا وەکو تۆپی قورس دەناسرێتەوە...بۆ زیاتر زانیاری

سولـتان سـەلاحەددین دژی خـاچ دروشمـەکان پیـادەی دەکـرد بەمەبەسـتی شکست پێ هێنانیان، ئەم شێوازەی زۆر بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرد، بەتایبەتی لە شەڕی (حطین) ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) ئەویش پێش شەڕەکە هەسـتا بـە تێکـدانی هـەموو بـیر و کانیاوەکـانی ناوچـەکە تـاکو خـاچ دروشمەکان سودی لێوەرنەگرن، ئەمە لەلایەك[٣٧]. و لەلایەکی ترەوە لەکاتی شەڕەکەدا فەرمانی سوتاندنی هەموو گژوگیاکانی گۆڕەپانی شەڕەکەی دا، بـە شێوەیەك خـاچ دروشمـەکان هـیچ توانـای بەرگری تینوێتی و گـەرماو شەڕکردنیان نـەبوو، و ئەنجامەکەی بە شکستی گەورەی خاچ دروشمەکان کۆتـایی پێهـات[٣٨]، بە شێوەیەك سولتان بـەردەوام بـوو لـە جێبـەجێکردنی پرۆسەکەی کە رزگارکردنی شارە کەنارییەکان بوو ، بە زەمینە رەخساندن بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەی کە ئەویش رزگارکردنی شاری قودس بوو لە دەستی خاچ دروشمەکان.[٣٩]

ئاشـکرایە ئیرادەی جـەنگو بـەرگریو خـۆڕاگرتن لەکارکردنـداو گیـانی ئەفراندنو داهێنان، هەروەها شکستو خۆبەدەستەوەدان، بێزارو نائومێدی هەمووی حاڵەتی عەقڵین کە لـە بارودۆخێکی دیاریکراودا لـە هزری مرۆڤدا دروست دەبن.[٤٠] ئەم حاڵەتـە هزریە لای خاچ دروشمەکان دروست بوو لە پاش شەڕی (حطین)و بەتایبـەتی لـەپاش لەدەستدانی شاری قودس دۆخە

بروانە (الطرسوسی: تبصرە ارباب الالباب فی کیفیە النجاه فی الحروب من الاسواء، تحقیق و نشر کلود کاهن، ل١٦-١٨).

٣٧ ابن الاثیر: الکامل ، مج٧/ ل٣٢٥" ابن شداد: س.پ، ل٨٦" ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل٨١" ابن واصل:س.پ، ج٢/ ل١٨٨.

٣٨ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٢٥" ابن شداد: س.پ، ل٨٨.

٣٩ ابن شداد: س.پ، ل٩١" ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل٩٢-٩٤" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢١١.

٤٠ الدباغ: المرجع في الحرب النفسیة، ل١٨٢.

دەروونیەکە هۆکارێکی پاڵنەر بوو کە بەهەموولایەك هەوڵیان دەدا چۆن شاری قودس رزگار بکەن لەدەستی موسوڵمانەکان، ئەو حاڵەتە وای لێکردن بیر لە هەڵمەتێکی نوێ بکەنەوە ئەویش هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان بوو.[٤١]

زۆر جار سەرکەوتن و شکست هێنان پاش چەند مانگێك یان چەند ساڵێك لەجێبەجێ کردنی دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێت ئەگەرچی پێوانە کردنی ئەستەمە بەڵام گریمانەکانی شکستی کەمە لەگەڵ ئەوەی نادیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی پێدەکرێت،[٤٢] لەمیانەی ئەم پێناسەیەدا کە ئەنجامەکانی جەنگی دەروونی پاش چەند مانگێك یاخود چەند ساڵێك دەردەکەوێت، سوڵتان سەلاحەددین لە چوارچێوەی جەنگە دەروونیە ستراتیژیەکانی کە بۆ ئاسۆیەکی دوورمەودا کاردەکات لە یەکخستنی جیهانی ئیسلامی لە ژێر ئالای دەوڵەتی ئەیوبی بە بەرزکردنەوەی دروشمی جیهاد لەپێناوی خودا و رزگارکردنی قودس، کە ئەنجامەکەی کۆنترۆلکردنی جیهانی ئیسلامی و شەڕی (حطین)و رزگارکردنی شاری قودس لەدەستی خاچ دروشمەکان بوو،[٤٣] بەڵام شکستی ئەم جۆرە جەنگە کەمە و نادیارە، لە هەمان کاتدا

---

٤١ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە، لاپەڕە (   ).

٤٢ لاینبرجر: س.پ، ل٣.

٤٣ ابن الاثیر: الکامل ، مج٧/ ل٣٢٥" ابن شداد: س.پ، ل٨٥" ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل٨١" ابن واصل:س.پ، ج٢/ل١٨٨" النویري: س.پ، ج٢٨/ل٤٠٣.

هەستیپێدەکرێت، بۆ نمونە لەدەستدانی شاری (عکا) [44] لە ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز) کە بوو بە قوربانی شاری قودس. [45]

حامد ربیع پێی وایە جەنگی دەروونی ڕوخاندنی ورەی دوژمنە بەهەر شێوەیەك بێت بەمەبەستی لەناوبردنی هەر باوەڕ بەخۆ بوونێك کە ببێتە مایەی بەرهەڵستیو خۆبەدەستەوە نەدان [46]، سوڵتان سەلاحەددین ئەم شێوازەی لە کاتی گەمارۆدانی شارەکان پیادە دەکرد ئەویش تەنها مەبەست لە داگیر کردنی شارەکاندا ئەوەبوو کە سەربازەکان ببنە پاشکۆی ئەم و لەژێر ئاڵای جیهاد ئامادەبن و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خەڵکی شارەکە بێت، [47] هەروەها هەرکاتێك بچوایەتە نێو قەڵایەك یان شارێکی موسوڵمانی نەیاری خۆی، سەرەتا لە چوارچێوەی ئامانجە دەروونیەکانی لێبوردنێکی گشتی بۆ خەڵکەکەی دەردەکرد، ئەگەر حەزیشیان لە شەڕ و خوێن ڕشتن بووایە بڕیاری لەناوبردن و کوشتنیانی دەدا. [48]

مەبەست لێرەدا لاواز کردنی ورەیانو گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەیان بوو، بەشێوەیەك ئەو بەرژەوەندییانە بخوڵقێنێ کە ئەو ململانێیەی لەسەر دەکرێت، سەرباری ئەوە جۆرێکە لەجەنگی دەروونی کە ئاڕاستەی دوژمن دەکرێت بەمەبەستی لەناوبردنی بڕوا بەخۆبوونیو متمانە بەخۆ کردنی [49]، واتە لەهەوڵی قەناعەت پێکردنو قەناعەت کردندایە، هەروەها ئامانجی

---

٤٤ (عکا) شارێکی کۆنە دەکەوێتە سەر کەناری دەریای ناوەڕاست، سەر بە (فلسطین)ە لە سەرووی حەیفا. (ناصر خسرو: سفر نامە، ل٥٠-٥٢" یاقوت الحموی: معجم البلدان، مج٣/ ل٣٤٣-٣٤٤.

٤٥ ابن الاثیر: الکامل ، مج٧/ ل٣٨٥" ابن شداد: س.پ، ل٢١٦" ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل١٧٩" ابن واصل:س.پ، ج٢/ ل٣٥٥" النویری: س.پ، ج٢٨/ ل٤٣٢.

٤٦ الحرب النفسیة في الوطن العربي، ل٣٣.

٤٧ ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل٤٣.

٤٨ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە، لاپەڕە(   ).

٤٩ السلامة: س.پ.ل١٦٠"عبد الله: س.پ، ل١٢.

لەناوبردنی ئیرادەی تاکە، ئاکامی زۆر فراوانە، بەڵام سنووری کارکردنی دیاریکراوترە لە پڕوپاگەندە، چونکە زیاتر هەوڵی لەناو بردنی ئیرادە دەدات[50].

جەنگی دەروونی کە دوژمن بەرپای دەکات کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەڕووخاندنو دامرکاندنەوەی بەرهەڵستکاری لەلای هاووڵاتیو جەنگاوەرو چاندنی تۆوی گومانو بێ متمانەیی لەفەرماندەکاندا بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاکامەکانی، هەروەها ئامانجی کاریگەری بەجێهێشتنە لە دەروونی تاك دا بۆ ئەوەی لەو بۆچوونو ئامانجو پرەنسیپانەی کە باوەڕی پێیەتی لابداتو بۆچوونو پرەنسیپو ئامانجی تری تیا بچێنێو لە نەخشەکانی ژیانی دوور بخاتەوە[51]، بەمەش مەبەستی جۆرو تیۆرو باوەڕو ئامانجەکانی مرۆڤە، کە پانتاییەکەی فراوانتر دەبێت تا هەموو بوارەکانی ڕامیاریو ئابووریو سەربازیو کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە لەکاتی جەنگو ئاشتیدا، چونکە جەنگ لەڕێگەی چەکەوە دەتوانێت هێزو تەقەمەنی لەناو ببات، جەنگی ئابووری دوژمن لەپێداویستیە گرنگە زیندووەکانی بێبەش دەکات، بەڵام جەنگی دەروونی لەتوانایدایە شتی لەوە ترسناکتر ئەنجام بداتو کاریگەری زیاتری هەبێت، چونکە لە گرنگترین شت بۆ جەنگ کە ئیرادەیەتی بەتاڵی دەکاتەوە[52]، مەبەست لێرەدا بیرکردنەوەو دڵی هاووڵاتیو سۆزیەتی بۆئەوەی گیانی ورەی لەناو بباتو بەرەو شکستی بەرێت.

لە میانەی ئەم پێناسەیەدا کە (جەنگی دەروونی) دوژمن بەرپای دەکات، ئەوەبوو خاچ دروشمەکان لە ماوەی گەمارۆدانی شاری (عکا)دا کە ماوەی دوو ساڵی خایاند لە (١٥ی رەجەبی ساڵی ٥٨٥ك/ ئابی ساڵی ١١٨٩ز تا

---

٥٠ ربيع: الحرب النفسية في المنطقة العربية، ل٣٧.

٥١ الموسوعة العسكرية: ج١/ ل٧٦٧.

٥٢ الحسني: الحرب النفسية وتأثيرها على معنوية الجماهير، ل٣٨٣.

١٧ی جمادی الاخیر سالی٥٨٧ك/ تەمموزی سالی ١١٩١ز)،[٥٣] توانیان جەنگێکی دەروونی تەکتیکی دژ بە سەربازان و خەڵکی شاری (عکا) ئاراستە بکەن.[٥٤]

(جمال السید) پێناسەی جەنگی دەروونی دەکات و دەڵێت: "بریتییە لەو شەڕەی بەهێزی ماددی یان مەعنەویە، و ئامانجی دوژمن دەخاتە بارودۆخێکی دەروونی خراپەوە کە باری شکستهێنانە"[٥٥]، سوڵتان سەلاحەددین ئەم شێوازەی لە دژی پیلانەکەی (مؤتمن الخلافة نجاح)[٥٦] پیادە کرد. کاتێک فەرمانی کوشتنی دا و شەڕی بەرپاکرد لە دژی سەربازەکانی سودان کە پشتگیریان دەکرد، بۆ ئەوەی بیانخاتە باری شکستەوەو چاوی ئەوانی تری پێ بشکێت و توانای دژایەتی و فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلاحەددینیان نەبێت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئەیوبیدا.[٥٧]

(فخري الدباغ) پێناسەی جەنگی دەروونی دەکات و دەڵێت: "بریتیە لە بەکارهێنانێکی ڕێکو پێکو نەخشە بۆ کێشراوی پڕوپاگەندەو جێبەجێ کردنیتر کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بۆچوونو ڕەفتارو بارودۆخی دوژمن هەبێت، یان گروپە دۆستەکان یان بێلایەنەکان، بەجۆرێك کە

---

٥٣ ابن الاثیر: الکامل ، مج٧/ ل٣٦٧" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢٩٤.

٥٤ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە، لاپەڕە (   ).

٥٥ أضواء علی الحرب النفسیة، ل١٥.

٥٦ (مؤتمن الخلافة نجاح) جوهر بن عبدالله: ئەمیندارو جێی باوەڕی خەلافەتی فاتمی بوو، هاوکات فەرماندەی فەرماندەییەکانی سەربازی خەلافەتی فاتمی بوو، جەوهەر پیاوێکی خەسێنراو بوو (ڕەنگە یەکێك بێت لە مەمالیکە ڕەش پێستەکان ئەگەر لەکۆشکی خەلیفە کاریان بکردبایە دەخەسێنران، واتە لە پیاوەتی دەخران) بەفەرمانی سوڵتان سەلاحەددین لەسێدارە درا، چونکە پەیوەندی لەگەڵ خاچ دروشمەکاندا بەستبوو لەکاتی پێشڕەوی کردنیان بۆ مصر. (أبوشامة: الروضتین، ج١/ ل١٧٨" ابن کثیر: البدایة والنهایة، ج١٢/ ل٣٤٤" القلقشندي: صبح الاعشی، ج٣/ ل٤٧٧.

٥٧ ابن الاثیر: الکامل ، مج٧/ ل٢٠٤" ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة،ج٦/ ل١٧.

پاڵپشتی بەدیهێنانی ئامانج بێت"[٥٨]، سوڵتان ئەم جۆرە شێوازەی لەکاتی گەمارۆدانی شارە موسوڵمانەکان پەیڕەو دەکرد، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجە دەروونیەکانی، و بەدیهێنانی یەکخستنی هێزە ئیسلامیەکان و خۆ ئامادەکردن بۆ جیهاد لە دژی خاچ دروشمەکان.

هەروەها (میلوش مارکو) دەڵێت:"جەنگی دەروونی هەڵمەتێکی فراوانە کە هەموو جۆرە ئامێرو ئامرازێکی بەردەستی تیادا بەکاردێت بۆ کاریگەری خستنە سەر هزری گروپی دیاریکراو بەمەبەستی ڕووخاندنی هەڵوێستە دیاریکراوەکان‌و دانانی هەڵوێستێکی تر کە دەبێتە مایەی ڕەفتارێك، لەگەڵ بەرژەوەندی لایەنی شەڕکەردا بگونجێت"[٥٩]. ئەوەبوو لە ناو موسوڵمانان پیاوانی ئازاو چاونەترس هەبوو بۆ هێنانی یان دزینی خاچ دروشمەکان، بۆ نمونە سوڵتان سەلاحەددین تیپێکی گەورەی لەو موسوڵمانانە دروستکردبوو بۆ چوونە نێو ئۆردوگای خاچ دروشمەکان، بۆئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بخەنە نێو ریزەکانیان و ئیفلیج کردنی ورەیان و پەشیمان بونەوە لەو ئامانجەی کە لە پێناویداهاتبوون.[٦٠]

(صلاح نصر) پێی وایە جەنگی دەروونی ڕەنگە داکۆکی کردن یان هێرش بردن بێت کەدەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران‌و ڕوخاندنی ورەی دوژمن، جەنگی دەروونی دوورە لەپێ لێنان‌و نەریتی جەنگی تەقلیدی و ناچێتە خانەی سانسۆری یاسا[٦١]. جەنگی دەروونی بارێکی شەڕی چەکداری جەستەیی یان دەروونییە یا هەردووکیانە لەنێوان خەڵکانێك بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ئامانجی دیاریکراو، بەرەو ژیانێکی

---

٥٨ الحرب النفسية، ل٣.

٥٩ الحرب النفسية، ترجمة لبيب لهيطة، ل٢١٤.

٦٠ ابن شداد: س.پ، ل١٩٦.

٦١ الحرب النفسية، ج١/ ل١١٠.

چارەنووسی بایەخدار بەرێگای بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەمەش یا دەیگەیەنێتە سەرکەوتن‌و خۆشنودی یان دەیخاتە چوارچێوەی ناوخۆیی‌و شکستەوە[٦٢]، لە شێوازەکانی سەلاحەددین بە تایبەتی لە هەڵمەتی کەشتیگەلی (صقلیه)[٦٣]، بۆ سەر شاری ئەسکەندەریە لە کۆتایی ساڵی (٥٦٩ك/١١٧٤ز) ، هەروەها لە شەڕی (حطین) ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز)، هیچ رێگەیەکی بە دوژمنان نەدەدا تا رابکەن و جارێکی تر بەرەنگاربببنەوە، بۆیە سوارەکانی سەلاحەددین هەر لەگەڵ دەرکەوتنی سیمای سەرکەوتن چواردەوری گۆڕەپانی شەڕەکەیان دەدا و دوژمنەکانیان لەناودەبرد، هەر لەبەر ئەوەش دەبینین لە شەڕەکاندا خەڵکانێکی زۆر کوژراوە، کە زۆرجار دەگەیشتە دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندەی سوپای موسوڵمانان، ئەم شێوازەی لەناوبردن هۆکارێك بوو لە هۆکارە دەروونیەکان بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی جەنگ لای خاچ دروشمەکان، ئەمەش لە لایەکی تر پێویستیەکە بۆ نەهێشتنی هاوسەنگی هێزەکان کە هیچ کاتێك بەلای موسوڵماناندا نەشکاوەتەوە.

(فرید أیار) پێی وایە جەنگی دەروونی جۆرێکە لەجۆرەکانی فەرماندەیی جەنگ، چونکە بەیارمەتی چەند شێوازێکی وەك پڕوپاگەندەو مەترسی خستنە ناخی دەروونی بەرامبەر، دەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر دەوڵەتە بێلایەنەکان بەمەبەستی ناچارکردنیان بۆ پەیڕەو کردنی بیروبۆچوونی شەڕکەران[٦٤]. (ئایزنهاور)[٦٥] دەڵێ چانسێکە بۆئەوەی سەرکەوتن بەبێ زیانی

---

٦٢ زناد:الحرب النفسیة، ل٩.

٦٣ (صقلیه): دورگەیەکە لەدورگەکانی دەریای (ناوەراست) بەرامبەر (تونس)، شێوەی سێگۆشەی هەیە، سەر بە ئیتالیایە. (یاقوت الحموي: س.پ، مج٣/ ل١٩٦-١٩٧).

٦٤ دراسات في الأعلام والحرب النفسیة، ل٧٣.

٦٥ (ئایزنهاوەر –Eisenhower) سەرۆکی سی‌و چوارەمی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، فەرماندەی هاوپەیمانان بوو لەجەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)ز، لە ساڵی ١٩٣٤ز بەرپرسی

گیانی بەدەستبهێنێت، هەروەها لەخەبات کردن لەپێناوی ئاشتیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت[٦٦]، بەڵام ئینگلیزەکان سەبارەت بەجەنگی دەروونی دەڵێن جەنگێکی رامیارییە، پرەنسیپە دەروونیو هزریو کردارییەکان تێیدا، بەکاردێن بۆیە وای دەبینن کە هزرو دڵ دەبات، بەڵام سۆڤێتیەکان پێیان وایە کە هەموو کارێکی رامیاریو دەروونییە و ئامانجی رووخاندنی ورەی دوژمن، و لاواز کردنی توانای شەڕکردنیەتی، پاڵنەرە بۆ چۆك پێدادانیو دەرچوونی لەجەنگەکە[٦٧].

بەڕای (أبن خلدون) سەرکەوتنی هەر لەشکرێك بەندە بە دوو هۆ: یەکەم، بەهێزی سوپاکەو جۆری چەكو کارامەیی بەکارهێنانی، دووەم هۆ بەهۆی (شاراوەیی)، کە ئەمڕۆ بەجەنگی دەروونی ناودەبرێ. کەواتە وەك پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) ئەڵێ "الحرب خدعة" واتا "جەنگ فێڵە"[٦٨]، فێڵ ڕۆڵی خۆی ئەبینێ لەسەرکەوتندا، گومانی تێدا نییە دیاردەکانی جەنگی دەروونی لە شەڕدا زۆر کاریگەر بوون و شوێنەوارەکانی تا ئێستاش هەر ماونەتەوە، کە کاریگەریشی هەبووە لەسەر سیاسەت لەپشت بەستنی تەواو بەجەنگی ڕاستەوخۆ[٦٩]، یان شەڕی چەکداری وەك هۆکارێکی جەنگی دەروونی، جەنگی گۆڕینی ڕەفتارە گۆڕەپانەکەیشی کە سایەتیە. بەگشتی جەنگی دەروونی جەنگێکی ساردە، جەنگی ئایدیاکانە مەبەستی گەیشتنە بەهزری مرۆڤو شکست هێنان بە ئیرادەی[٧٠]، هەروەها جەنگی ئایدیۆلۆژیاو

داگیرکردنی باکوری ئەفریقیا بوو، و توانی کێشەی کۆریا چارەسەر بکات، و خاوەنی پرۆژەی ئایز نهاوەر. (الکیالي: موسوعة السیاسة، ج١/ ل٤٣٧).

٦٦ وەرگیراوە لە: نصر: س.پ، ج١/ ل٩٩.

٦٧ الدباغ: علم النفس العسکري، ل١٦٠.

٦٨ تاریخ ابن خلدون، ج١/ ل٤٩٠.

٦٩ قادر: س.پ، ل١٣.

٧٠ ئد– لبر تش: الحرب الباردة وما بعدها، تعریب: فاضل زکي محمد، ل٣٥.

بیروباوەڕ، جەنگی دەمار، جەنگی پڕوپاگەندەو دەنگۆ، هاوکات جەنگێکە هزر دەلەرزێنیّ و ڕەفتار دەگۆڕێت، باشترین چەکیشە کە دەوڵەتان لە جەنگە نوێیەکانیاندا بەکاری دێنن، چونکە ڕۆڵێکی ئەکتیڤ دەگێڕێت لە کوشتنی ئیرادە و ڕوخاندنی ورەی دوژمن بەمەبەستی چۆك پێدادانی[71]، سوڵتان سەلاحەددین هەوڵی دەدا بۆ بەهێزکردنی گیانی مەعنەوی لای سوپاکەی، و لەناوبردنی گیانی مەعنەوی لای دوژمن بۆئەوەی شکستیان پیّ بهێنیّ و خۆیان بە دەستەوە بدەن، لەو پێناوە چەندین شێوازی بەکارهێنا بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە، لەوانەش بە نێو سوپاکەی دەهات و دەڕۆیشت و دەیگوت:"وا اسلاماه– وای لە ئیسلام"،[72] ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری دەروونی هەبوو لەسەر بەرزبوونەوەی و ورەی موسوڵمانان و ڕوخاندنی و ورەی خاچ دروشمەکان و چاندنی ترس لەنێو دڵیاندا، ئەمە جگە لەوەی سوڵتان شێوازی لەناکاوو کتوپڕی لەکاتی شەڕدا بەکار دەهێنا لە پەلاماردانی دوژمن و دەوردانیان و دەست کردن، بە جەنگ لە کاتێکدا کە ئەوان هێشتا خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو.[73]

بێگومان جەنگی دەروونی چەکێکی ئەکتیڤە لەشەڕەکاندا، چونکە ئامرازێکە یارمەتی ئامرازەکانی تری جەنگ دەدات لە سەرکەوتندا، هەروەها زۆر لەزیانەکانی مرۆڤ لەچەكو تەقەمەنیو پارە دەگێڕێتەوە[74].

ئەوەی نوێیە لەجەنگی دەروونی دا پێشکەوتنی ئامرازەکانیەتی بەپێی یاسایەکی ڕێکخراوو نەخشە بۆ داڕێژراو، بەو پێیەی ژیانی سەربازی ژیانێکی کۆمەڵایەتییە لەجۆرێکی دیاریکراو دەتوانێت کردەوەکۆنترۆڵی

---

٧١ زهران: س.پ، ل٣٥٣"نصر: س.پ، ج١/ ل١٠٠.

٧٢ ابن شداد: س.پ،ل٤٢.

٧٣ نوفل: الحرب النفسية من منظور اسلامي، ل١٢١.

٧٤ الزبيدي: علم النفس في الميدان العسكري، ل٧٠.

بکات، کە ئەویش پێویستیەکی بنەڕەتییە لەهەموو ئەرکە سەربازیەکاندا جا لەکاتی ئاشتی بێ یان لەکاتی جەنگدا[٧٥]، چونکە ئەوانەی لە گۆڕەپانی جەنگی دەروونیدا کاردەکەن دەزانن چۆن لە ورەو دەروونی سوپاو میللەتەکانی بەرامبەریاندا توێژینەوە بکەن، چ لە ڕووی ئامادەکردنو ڕاهێنانو پڕ چەك کردنیان بێ، یان هەرشتێکی تر کە پەیوەندی بەبەهێز کردنی کەسێتیەوە هەبێت[٧٦]. واتە دەکرێ ئەو خاڵانە دەستنیشان بکرێن کە دەتوانرێت لایەنی شەڕکەر لێیانەوەی تێپەڕێتو چەکەکانی جەنگی دەروونیان لێوە ئاراستە بکات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین جەنگی دەروونی بەپێی چەمکی ئێستای لەشیکردنەوەو بەڕێوەبردنی ململانێدا، ئەوانەی ئەنجامی دەدەن هەوڵ دەدەن بەرهەمهێنانی بەخشەر زیاتر لەلایەکەوە کەهەر لایەنێك پێی هەڵدەستێت بۆ ئەوەی بۆ چوونو چەمكو تێڕوانین بسەلمێنێت کەوای لێ دەکات ئەو کارە دیاری بکاتو کارێکی تر نەکات، لەو ململانێیەدا هەر لایەنێك هەوڵدەدات شکست بەبەرامبەرەکەی بهێنێت لەڕووی پراکتیکو هزریەوە، و ئەگەر هاتوو لە توانایدا نەبوو ئەوا هەوڵ دەدات شەڕەنگێزی کەم بکاتەوەو بەرەو بێلایەنی بڕوات[٧٧].

هەروەها هەر لایەنێك هەوڵ دەدات بێ لایەنەکانی دەرەوەی ململانێکە بکاتە دۆستی خۆی، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا نەچنە بەرەی دوژمن، هاوکات لەگەڵ توندو تۆڵکردنی پەیوەندی دۆستایەتی بۆ ئەوەی لەداهاتوودا

---

٧٥ الزبيدي: الحرب النفسية ضد الأنظمة القيمية للامة، مجلة الوحدة، عدد ٢٥٤، سنة ٢٠٠١، ل٣١.

٧٦ الزبيدي: علم النفس في الميدان العسكري، ل٧٠.

٧٧ تايلور: قصب العقول، ترجمة :سامي الخشبه، عالم المعرفة، رقم ٢٥٦، الكويت، ٢٠٠٠، ل٢٤

لایەنگری خۆی بن، بەم جۆرە جەنگی دەروونی پرۆسەیەکی بەردەوامە تەنها پەیوەست نی‌یە بەقەیران‌و جەنگەکانەوە یا بەکات‌و شوێنەوە[78].

بەگشتی جەنگی دەروونی کارێکی فراوان‌و گشتگیرە بەچەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت:-

أ/ ڕاستەوخۆ:

١-چالاکی دیپلۆماسی- ڕێکەوتننامە، هاوپەیمانی‌و دەستێوەردانی کاروباری ئەوانی ترو تەکەتولات (گەلەکۆمە)و دابڕان[79].

٢-کاری سەربازی- لەهێرشی بەرفراوان، لێدانی لەناوبەر، پێکدادانی سنووریی، نمایشی سەربازی، بۆردومانکردنی ئامانجی ستراتیژی، داگیرکردنی ناوچەی گرنگ، هەڕەشە لێکردن‌و کاری سەربازی.

ب/ ناڕاستەوخۆ (دەروونی)[80]: کە هەردوو لایەنی نهێنی‌و ئاشکرا دەگرێتەخۆ.

١-چالاکی ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵگێڕانەوەی ڕاستی و بۆچوونەکان‌و گۆڕینی حەزو ئاڕاستەکان.

٢-کاری سیخوڕی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری‌و پاڵپشت کردن‌و وروژاندنی ترس‌و نانەوەی دوو بەرەکی‌و ئاشوب.

٣-نمایش کردنی هێزو گۆڕینی ویژدانی هەندێ کەس، یان شیکردنەوەو تێکدانی دەروونی‌و یاری کردن بەخەون‌و هیواکانیان‌و ئیستغلال کردنی هەستە مرۆییەکانیان‌و..... هتد[81].

---

٧٨ ئیار: س.پ، ل٧٢.

٧٩ الدباغ: الحرب النفسية، ل١٧-٢١.

٨٠ الدباغ: المرجع في الحرب النفسية، ل٥٠-٥١.

٨١ عزالدين: الحرب النفسية ضد الانظمة القيمية للامة، مجلة الوحدة، عدد ٢٥٤، تشرين الاول ٢٠٠١م، ل٣٢.

بەشی دووەم
جەنگی دەروونی ستراتیژی
The Strategic Psychological Warfare

جەنگی دەروونی ستراتیژی

ئەو جەنگە دەروونیەیە کە ئاراستەی هەموو ئەندامانی دوژمن دەکریٚ، بە خەڵکی مەدەنی و سەربازەوە،و بەچەندین شێواز بەکار دەهێنریٚت، ئەم شێوەیەی جەنگی دەروونی لەڕووی زەمەنەوە و لەپێناو پێکانی ئامانجەکانی بەدووربینی ناسراوە، واتە دوور ئامانجە بەکات وشوێنی دیاریکراوەوە پەیوەست نیەیە[1]، ئامانجی بەدەستهێنانی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە کە ئاڕاستەی خەڵکانێکی زۆرو شوێنێکی فراوان دەکریٚ، و مەبەستیش لیٚی کارکردن بۆ سەر ڕاو بۆچوون و ڕەفتار، لەدەرەوە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی وڵاتە[2]، ئەم جەنگە ئاراستەی خەڵکانێك یان گەلێکی دیاریکراو ناکریٚ، بەڵکو هەوڵ دەدات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی دەوڵەت کە بەپیٚی ئەو ئامانجە دەست نیشان کراوە[3]، ئەمەش گشتگیرەو لەوانەیە لەم جۆرە جەنگەدا گەلێك لەبنەماکانی جەنگ بەکاربهێنریٚت و هەندیٚ جاریش جەنگی سەربازی (تقلیدی)یشی بۆ بەکاردیٚت کە بەتەواوی پابەندە بەئامانجی دەوڵەتەوە[4]. تایبەتمەندی شێوازە دەروونیەکانی سەلاحەددین کە ئەمڕۆ بە (ستراتیژیەت) دەناسریٚت چ لەبواری ململانیٚی ڕامیاری ناوخۆیی و دەرەکیدا، یان لەسەر ئاستی چالاکییەکان، بۆ نمونە سەلاحەددین لە سەرەتای تەمەنی سیاسی خۆیدا لەڕوانگەی ئەم پێناسەیەی سەرەوە لە بواری جەنگی ستراتیژیدا یەکەم

---

١ عبدالله: الحرب النفسية والشائعات ، ل١٣.

٢ الدباغ: المرجع في الحرب النفسية، ل٤٨.

٣ حاتم: الاعلام و الدعاية، ل١٨٧.

٤ علي: حرب الكلمة، ل٦٨.

هەڵەی کرد، کاتێك لە کۆبوونەوەی (ئەنجومەنی جەنگی)[5]دا ویستی ڕوو بەڕووی (نورالدین محمود)[6] ببێتەوە، ئەگەر بێت و مصری لێ وەربگرێتەوە، بەڵام باوکی[7] ژیرانەو ستراتیژیانە لە ڕوویدا وەستایەوە،

---

٥ ئەنجومەنی جەنگی: ئەم ئەنجومەنە لەکاتی پێویستدا کۆدەبۆوە، بەتایبەتی لە کاروباری جەنگیدا، بەسەرۆکایەتی سوڵتان سەلاحەددین‌و ئەندامانی و هاوڕێ دێرینەکانی‌و فەرماندە دڵسۆزەکانی، گرنکترین ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە (الملك العادل)ی برای بوو، چونکە بۆچوونەکانی لەجێگای خۆیدا بووە، سوڵتان زۆر پابەند بوو بە بۆچوونەکانی‌یەوە هەرچەندە دوور بووایە، چاوەڕوانی وەڵامی ئەوی دەکرد، و یەکەم کۆبونەوەی ئەم ئەنجومەنە لەڕۆژی هەینی (١ی محرمی ساڵی ٥٦٧ك/١١٧١ز) بوو کاتێك سەلاحەددین پێشنیاری (نورالدین محمود)ی خستە بەردەستیان کە ئارەزووی لادانی ناوی خەلیفەی فاتیمیەکانی لە ووتاری هەینی‌دا هەبوو. (ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢١٨" حسين: الجيش الايوبي في عهد صلاح الدين، ل١٩٧–١٩٨" Lane pool: Ahistory of Egypt in the Middle ages, p.196).

٦(نورالدين محمود) لەساڵی (٥١١ك /١١١٨ز) لەشاری حەڵەب لەدایك بووە، کوڕی (عماد الدین زنگی)ە، پاش مردنی باوکی ساڵی (٥٤١ ك /١١٤٧ز) دەسەڵاتی وەرگرت، فەرمانڕەوای (شام و جەزیرە و مصر) بووە، بەپاشای چاکەخواز ناوبانگی دەرکردووە، هەروەها بەچاکترین‌و دادپەروەرترین پاشاکانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت. (ابن الجوزي: المنتظم في تأريخ الملوك الامم، ج١٠/ ل٢٤٨–٢٤٩" سبط ابن الجوزي: مرآة الزمان في تأريخ الاعيان، ج٨/ ل٣٠٥" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٢٧ –٢٢٩).

٧ ناوی (ایوب بن شادی بن مروان)ە باوکی سوڵتان سەلاحەددینە، ڕەچەڵەکی ئەیوبییەکان هەرهەموو بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، خەڵکی شاری (دوین)ە، باوکی والی قەڵای (تكريت) بوو (أیوب) لەگەڵیدا بووە تاوەکو مردنی، پاشان شوێنی باوکی گرتەوە، دوای لادانی لەسەر دەسەڵات بەرەو (موصل) کۆچی کرد، ماوەیەك لەوێ مایەوەو ببوە والی قەڵای (بعلبك)، پاشان چووە خزمەتی (نورالدین محمود) لەشاری (دمشق)، لەشاری (القاهره) کۆچی دوایی کرد، دواتر تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ (المدينە المنورە). بۆ زیاتر

کاتێکیش لەگەڵ سەلاحەددینی کوڕی لەو ئەنجومەنە جیابوونەوە پێی وت: "کوڕم تۆ نەفامی و شارەزاییت کەمە، چۆن ئەم (ئەنجومەن)ە کۆدەکەیتەوەو لەڕازو نیازی خۆت ئاگاداریان دەکەیت"، ئەگەر (نورالدین محمود) بیستی تۆ ڕێگری لە هاتنی بۆ مصر، هانی دەدەی زیاتر پەرۆشی هاتن بێت، گریمان بڕیاری هاتن بدات، دڵنیابە زۆربەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لەگەڵتا نابن، هەروەها پاش ئەم کۆبوونەوەیە، نەیاران هەواڵی ئەم کۆبونەوەی پێ ڕادەگەیەنن، بەلاّم پێش ئەوان تۆ بۆی دەنووسی و دەڵێیت: "چی پێویست دەکات بە هاتنی بەڕێزتانە بەڵکو هەرکەسێك لەلای جەنابتانەوە بێ و گوریسێك لە گەردنمان بنێت بۆ خزمەتی بەڕێزتان ئامادەین، ئەگەر ئەمەی بیست ڕای لە بەرامبەرمان دەگۆڕێت".[8] وەکو لەم دێرە شیعرە هاتووە:

کیفما تحکمون فنحن عبید مطیعون

وکیفما تأمرون فنحن خدم مخلصون[9].

ڕووداوەکان پێشبینیە ستراتیژییەکەی باوکی سەلاّحەددینیان سەلماند، ئەوە بوو (نورالدین محمود) کۆچی دوایی کرد، وسەرەتای کێشەو ئاژاوە لە ناوچەکە سەریهەڵدا، سەلاّحەددین ئامۆژگارییەکەی باوکی لەگوێ گرت، لە دانانی پلانەکانی بەنهێنی، بەشێوەیەك بەردەوام بوو لە پشتگیریکردنی

زانیاری بڕوانە: (سبط أبن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٢٩٥" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٠٩" ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج١٠/ ل٨٤" الزركلي: الاعلام، ج٢/ ل٣٢).

٨ ابن الاثير: التاريخ الباهر في الدولة الآتابكية، ل١٥٨-١٥٩" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٠٤" أبن واصل: س.پ،ج١/ ل٢٢١-٢٢٢" أبن خلدون: تأريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٢٥١" البدليسي: شرفنامە، ل١٧٨-١٧٩.

٩ البدلیسی: س.پ، ل١٧٩. واتە (چۆن بڕیاردەدەن ئێمە بەندەی ملکەچین و چۆن فەرمان دەدەن ئێمە خزمەتکاری دڵسۆزین).

(الملك الصالح)[10] كوڕی (نورالدین محمود) تا توانی کۆتایی بە هەموو بەرگرییەکی نەیارەکانی بهێنێت،[11] ئەوەش بە دانانی بەرنامەیەکی مەزنو فراوان بۆ بەهێزکردن و درێژەپێدانو بەردەوامی کاروانی خەباتو ڕەوتی جیهاد بەڕێکوپێکی، سەلاحەددین لەشێوازە دەروونییە ستراتیژییەکانی تەنها گرنگی بە چاکسازی بارودۆخی ناوخۆیی مصر و دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەی لەسەر ئاسایشی مصرو گەلەکەیدا هەبوو لە چوار چێوەی سنووری خۆیدا نەدەدا، بەڵکو بیری لە ئامانجێکی دەروونی ستراتیژی دوور مەودا کردەوە، ئەویش پاراستنی سنووری مصر بوولە مەترسییەکانی دەرەوە، چونکە وڵاتی مصر خاوەن سنوورێکی بەر فراوان بوو، هەروەها وا سەیری ئەم وڵاتەی دەکرد کە کانیەکی هەڵقوڵاوە بۆ ئەوەی هێزەکانی دەریایی و وشکانی سوودی لێ ببینن[12]، ئەگەر بێتوسنوورەکەی پارێزراو نەبێت ئەوا پیلانی ئاژاوە گێڕان لە دژی هەوڵەکانی سوڵتان سەلاحەددین بۆ یەکخستنی بەرەی ئیسلامی لە دژی خاچ دروشمەکان بەردەوام دەبێت، بۆیە پێی وابوو پاراستنی وڵاتی مصر پێویستی بەدەست بەسەرداگرتنی

---

١٠ الملك الصالح اسماعيل: کوڕی (نورالدین محمود)ە، (٥٥٨-٥٧٧ك/ ١١٦٢-١١٨١ز)، لەپاشاکانی بنەماڵەی زەنگیە لەشام و جەزیرە، پاش کۆچی دوایی باوکی ساڵی (٥٦٩ك/١١٧٤ز)، دەسەڵاتی (دیمەشق و حلب)ی گرتە دەست لە تەمەنی (١١) ساڵیدا، بۆیە میر (شمس الدين محمد بن عبدالملك بن المقدم بن خلدون) کاروباری دەوڵەتەکەی بۆ دەبرد بەڕێوە، لەتەمەنی (١٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. (سبط أبن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٣٦٦" المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٦٧" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٨١-٨٢).

١١ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٢٠-٢٢١" الذهبي: العبر في خبر من غبر، ج٤/ ل١٩٥-١٩٦" المقريزى: السلوك، ج١/ ل١٥٤"بيومي: قيام الدولة الايوبية، ل٢٠٠" حسن: س.پ، ج٤/ ل١٠٥" سعداوى: التاريخ الحربى، ل٢٣.

١٢ يوسف: العرب والروم واللاتين، ل٢٧٩.

دەوروبەرە ستراتیژییەکانی هەیە، ئەویش لە باشوور وڵاتی (النوبە) [١٣]، و لەڕۆژهەڵات (الیمن والحجاز) و لەڕۆژئاواشەوە ناوچەی (برقە)[١٤]، بێگومان کۆنترۆڵ کردنی ئەم وڵاتە ئیسلامییانەو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ مصر، بەهەنگاوێکی ستراتیژی زۆر گەورە دەژمێردرێ لە پێناوی یەکێتی و یەکخستنی هێزە ئیسلامیەکان لە ناوچەکەدا، کە سەلاحەددین هەوڵی دڵکاری بۆ دەدا بەمەبەستی زەمینە ڕەخساندن بۆ قۆناغی دووەم، ئەویش جیهاد بوو لە دژی خاچ دروشمەکان کە دوژمنی سەرەکی موسڵمانانن[١٥]، دەوڵەتی ئەیوبی لە سەرەتای دروست بوونیەوە پێویستی بە هێزێکی جەنگی هەبوو پشتی پێ ببەستێت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی نەیارو دوژمنەکانی ببێتەوە، و ئامانجە دەروونیە ستراتیژیەکانی پێ جێبەجێ بکات، ئەوە بوو سەلاحەددین پەنای بردە بەر جیهاد کردن لە پێناوی خودادا[١٦]، چونکە پێویستییەکی ئاینییە و لەسەر هەموو موسڵمانان ئەرکە، و قورئانی پیرۆز فەرمانی پێکردووەو لەفەرموودەکانی پێغەمبەر

---

١٣ (النوبة) وڵاتێکی سنور بەر بڵاوە، دەکەوێتە باشوری مصر، (نصاری)ن، ژیانو گوزەرانی دانیشتوانی زۆر گران بوو، سەرەتای وڵاتەکەیان لە (أسوان)ەوە دەست پێدەکات، و شاری (النوبة)- ناوی (دمقلة) بوو کە شوێنی پاشا بوو لەسەر کەناری روباری نیل. (ناصر خسرو: س.پ، ل٨١" یاقوت الحموي:س.پ، مج٤/ ل٤٠٥-٤٠٦).

١٤برقە: ناوچەیەکی گەورەیە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك شار و دێ لە نێوان ئەسکەندەریە و تونس، و ناوی شارەکە (انطابلس) بووە بە واتای پێنج شارەکە دێت.(یاقوت الحموي:س.پ، مج١/ ل٣٠٨).

١٥ ابن دقماق: الجوهر الثمین في سیرة الملوك والسلاطین، ج٢/ ل١٦" سبط أبن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٤٢٨" یوسف: الوحدة وحرکات الیقظة العربیة أبان العدوان الصلیبي، ج٤/ ل٢٧-٢٨.

١٦ أبن شداد: س.پ، ل٢٨" الدواداري: کنز الدرر، ج٧/ ل١٠٠.

(د.خ)دا جەختی لەسەر کراوە، ئەمەش ئەرکێکە لەسەر شانی هەموو موسڵمانێك كە توانای هەبێت بەلەش جیهاد لە پێناوی خودادا بكات[17]، هەربۆیە سەلاحەددین‌و گوتار بێژەکانی ئەوەیان بەبیری خەڵکی‌و جەنگاوەرەکاندا دەهێنایەوە، کە هەر کەس لە ڕێگای خودادا بکوژرێت شوێنی بەهەشتە[18]، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە: {إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ}[19]، بێگومان شەهید بوونیش ئاواتی بەرزی موسڵمانە خۆبەخت کەرەکان بوو، بۆ بەدیهێنانی یەك لەو دوو ئامانجە، کەسەرکەوتن یان شەهید بوون بوو. لە ڕاستیدا ئەو دروشمە هۆکارو پاڵنەرێکی دەروونیی گەورە بوو بۆ سەربازانی سەلاحەددین تا لەگەڵ دوژمندا بەڕاستی بجەنگن[20]، هەروەها وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە :{وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ}[21]، ئەم بڕوایە ورەی جەنگاوەرەکانی بەرز دەکردەوەو هانی دەدان بەردەوام ئامادەبن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خاچ دروشمەکان.

---

١٧ هموندی: پوختەی فقهی شەریعەت، ل ٦٠٥-٦٠٦ .

١٨ سبط أبن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٣٢٣" الحنبلي: شفاء القلوب في مناقب بني أيوب، ل٩٠.

١٩ واتە (خودا گیان‌و سامانی باوەڕدارانی کڕیووەو لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە). (سورەتی تەوبە، ئایەتی ١١١، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

٢٠ الدواداري: س.پ، ج٧/ ل١٠٤" أبن خلدون: تأريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٣٢١" قلعچی: صلاح الدين الايوبي،ل٣٩٠.

٢١ واتە (ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، هەرگیز نابێ بە مردویان حساب بکەن" هەر زیندوون خودا بژێویان دەداتێ") (سورەتی ال عمران، ئایەتی ١٦٩، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

کەواتە بەرزکردنەوەی دروشمی جیهاد ڕێبازێکی دەروونی ستراتیژی سەلاحەددین بوو، لە جەنگەکانیدا لەگەڵ نەیارانیدا بەگشتیو خاچ دروشمەکان بەتایبەتی، بۆ نموونە: قازی (أبن شداد) باس لە سەلماندنی ئەو ڕاستەیە دەکاتو دەڵێت: "دوای گرتنی قەڵای (کوکب)[٢٢] لە (١٥)ی ذی القعدە ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٩ن)دا پشووی بە لەشکرەکانیدا،و هێزەکانی مصر بەسەرکردایەتی (الملك العادل)[٢٣]ی برای بۆ گەڕانەوە ئامادە کرد. سوڵتان بڕیاریدا لەگەڵیاندا بڕوات تا (عسقلان)[٢٤]و لەوێ ماڵئاواییان لێ بکاتو خۆی لەکەناری دەریاوە بگەڕێتەوە بۆ (عکا) و سەر لە هەموو ناوچەکانی کەناری دەریا بداو کاروباریان ڕێک بخات، داوایان لێکرد وانەکات، چونکە

---

٢٢ کوکب: قەڵایەکی بەهێز بوو لە باشووری دەریاچەی (طبرية) لەسەر ئەو چیایەی کە بەتەنیشت شاری (طبرية)، دەڕوانێتە دۆڵی (الاردن)، سوڵتان سەلاحەددین ڕزگاری کرد، پاشان وێران کرا. (ياقوت الحموي: س.پ، مج٤/ ل١٦٣).

٢٣ (الملك العادل) لە ساڵی (٥٤٠ك/١١٤٥ن) لە شاری دیمەشق لە دایك بووە، پیاوێکی دادپەروەرو خانەدان بووە، ڕاوبۆچوونی لەجێگای خۆی بووە، لەگەڵ مامی (أسد الدين شێرکۆ)و سەلاحەددینی برای گەیشتە ولاتی مصر، جێگری سوڵتان بوو و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ولاتی شامی کرد، لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ن) لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. (أبو شامة: الذيل على الروضتين، ل١١" أبن خلكان: س.پ، ج٢/ ل٧٤-٧٩).

٢٤ (عسقلان) شارێکە لە خواروی فەڵەستین لە کەناری دەریای نێوان (غزەو بيت جبرين)، هەروەها پێی دەڵێن بووکی شام لە جوانیدا، خاچ دروشمەکان لە ساڵی (٥٤٨ك/١١٥٣ن) دەستیان بەسەریدا گرت، بەلام سوڵتان سەلاحەددین توانی لە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ن) ڕزگاری بکات، پاشان لە ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ن) بڕیاری تێکدانو وێرانکردنیدا لە ترسی داگیرکردنی لەلایەن خاچ دروشمەکان. (أبن عبدالحق: مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاع، ج٢/ ل٩٤٠" أبن الفرات: تاريخ أبن الفرات، مج٢ ج٢/ ل٢٩" المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٧٥).

ژمارەیەکی کەم سەربازی لەگەڵدا دەمێنێتەوەو خاچ دروشمەکان هەموو لە شاری (صور) [٢٥] کۆبوونەتەوە نەوەك پەیمان بشکێنن، بەڵام سوڵتان گوێی نەدایەو ڕۆیشتە (عسقلان)و ماڵئاوایی لە (الملك العادل)ی برای کرد، بەکەناری دەریادا بەرەو شاری (عکا) گەڕایەوە، ئەم کاتە زستان بوو، دەریا شەپۆلی گەورەی وەکو چیا بەرز دەبووەوە. کاتێك من بیرو خەیاڵم لەسەر ئەمە بوو، سەلاحەددین ئاوڕی لێدامەوە گوتی: "شتێکم لە دڵدایە پێت دەڵێم: هەرکاتێك خوای گەورە ڕزگارکردنی کەناری دەریاکانی بۆ ئاسان کردم، کاربەدەست بۆ وڵات دادەنێم، وەسیەتیان بۆ دەکەم،و ماڵئاواییان لێدەکەم،و سواری ئەم دەریایە دەبم بەشوێن داگیرکەراندا دەگەڕێم، بەدوایان دەکەوم، تاکو یەك بێ باوەڕ لەسەر ڕووی زەوی ناهێڵم یان لەم ڕێگایەدا دەمرم،.. ئەم قسەیە لەلام زۆر گەورە بوو"، پاشان (ابن شداد) بە سەلاحەددینی گوتووە: "سوڵتان نابێ خۆیو سەربازەکانی تووشی ئەم زەحمەتە بکاتو لەم دەریایە بدات، چونکە ئەم سەربازانە قەڵغانی ئیسلامن، لەوەلامدا گوتوویەتی: من ڕای تۆ وەردەگرم، کام مردنیان بەڕێزە؟ وتم: بێگومان مردن لە ڕێی خودادا، وتی: ئامانجی من لەم هەموو خەباتو ماندوو بوونەم لە جەنگدا ئەوەیە کە بە بەڕێزترین مردن بمرم". [٢٦] لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سوڵتان سەلاحەددین هەموو کارو چالاکیو ماندوو بوونی جیهاد بووە لە پێناو خودادا.

---

٢٥ (صور) شارێکی کۆنو بەناوبانگە، دەکەوێتە سەر دەریای شام لە باشووری بەیروت لە لوبنان، یەکێکە لە (ثغوری)ەکانی موسلمانان، چۆتە ناو دەریا، بە ئاسانی دوژمنان پێی نەدەگەیشتن، چونکە چواردەوری دەریا بوو. (ناصر خسرو: س.پ، ل٥٠" ابن عبد الحق: س.پ، ج٢/ ل٨٥٦).

٢٦ النوادر السلطانية، ل٢٩-٣٠.

لەچوارچێوەی شێوازە دەروونییە ستراتیژییەکاندا سەلاحەددین کە بۆ ئاسۆیەکی دوور کار دەکات ئاوا مەزەندەو ئەنجامەکانیشی درێژ خایەن‌و کاتێکی زۆریشی دەوێ، هەڵمەتێکی سەربازی لە جمادی یەکەمی ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٣ز) بە فەرماندەیی (توران شاه) [٢٧]ی برای بۆ وڵاتی (النوبە) لە باشووری مصر دەستپێکرد[٢٨]، هەڵمەتەکە گەیشتە سەرەتای وڵاتەکەیان لەسەر کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی نیل سوپاکە دابەزی، بە دووری (١٢٠) میل لە باشووری (أسوان)، توانیان دەست بەسەر قەڵای (أبریم) دابگرن، ئەوە بوو (توران شاە) ماوەیەك مایەوە، بەڵام بێزاری تەنگی پێ هەڵچنی‌و بەجێی هێشت[٢٩]،و لەشوێنی خۆی پیاوێکی بەناوی (أبراهیم الکردی) [٣٠] دانا،و

---

٢٧ (توران شاه): ناوی (توران شاه بن ایوب بن شادی، فخرالدین، شمس الدولة) بەواتای پاشای ڕۆژهەڵات، برا گەورەی سەلاحەددین بوو لە باوکەوە، لە شاری دمشق پەروەردە بوو، لە ساڵی (٥٦٩ك/١١٧٤ز) لە هەڵکمەتێکدا سەلاحەددین لەگەڵ میرەکانی (بنو الرسول) ڕەوانەی وڵاتی (الیمن)ی کرد، پاش دەست بەسەراگرتنی ناوچەکە ساڵی (٥٧١ك/١١٧٥ز) گەڕایەوە شام، لە ساڵی (٥٧٤ك/١١٧٨ز)دا گەیشتە مصرو لەوێ کۆچی دوایی کرد. (سبط أبن الجوزي) دەڵێت: "خۆی بە موستەهەقتر دەزانی لە سوڵتان سەلاحەددین لە فەرمانڕەوایی، لەکاتی خەیاڵیدا هەندێك قسەی دەکرد، بۆیە سەلاحەددین دوری خستەوە بۆ وڵاتی (الیمن)". بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (مراة الزمان، ج٨/ ل٣٦٢" الخزرجي: العقود اللؤلؤية في تاريخ الدولة الرسولية، ج١/ ل٢٦" اليونيني: ذيل مراة الزمان، ج١/ ل١٥.

٢٨ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٨٧" رنسيمان: تاريخ الحروب الصليبية، ج٢/ ل٦٤٣.

٢٩ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٢١" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٠٨" ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٣٦٠" ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٨٧" المقريزي: السلوك، ج١/ ل٥١" Lanepoole: Saladin, P,P. 101.

بەرەو شاری (قوص) [31] بەرێکەوت [32]، پاشان ڕاپۆرتێکی ئامۆژگاری ئامێزی دەربارەی دانیشتوانی وڵاتی (النوبة) بۆ سەلاحەددین ڕەوانە کرد، کە پشتیان پێ نەبەستێت، چونکە وڵاتێکی کەم دەرامەتەو هاوکات ئاوو هەوای لەبار نیيە [33]، لەم ڕاپۆرتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سەلاحەددین هەر چەند ئامانجی ئابووری هەبێت، بەڵام پتر ئامانجی دەروونیی ستراتیژی دوور مەودای هەبووە، چونکە سەلاحەددین و بنەماڵەکەی لەوە دڵنیا بوون کە (نور الدین محمود) سوورە لەسەر هاتن بۆ وڵاتی مصر بۆ لابردنیان لەسەر دەسەڵات [34]، ئەمەو جگە لەوەی کە وڵاتی (النوبة) پێشتر ببووە شوێنگەی پیلان دارشتن و ئاژاوەنانەوە لەلایەن پاشماوەی هەڵهاتوانی

---

٣٠ أبراهيم الكردي: لە سەردەمی سوڵتان سەلاحەددیندا ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٣ن)،و لە کاتی هەڵمەتی (توران شاه) بۆ وڵاتی (النوبة) داوای بەخشینی قەڵای (ابريم)ی لێکرد، لەگەڵ کۆمەڵێك لە کوردەکان، کەبەبەردەوامی هێرشیان دەکردە سەر وڵاتی (النوبة)،و لەئەنجامدا پارەو مەڕو ماڵاتیان زۆر دەسکەوت، پاشان لە دوورگەی (ذيدان)ی سەر بە (النوبة)، (أبراهيم الكردي) نغرۆ بووو کۆچی دوایی کرد. (أبو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٠٩).

٣١ قوص: یەکێکە لە شارە کۆن و گەورەکانی مصر، لە ڕۆژهەڵاتی (النيل)، ناوی (Hat Hor) واتە کۆشکی خواوەند (مۆريس)ە، هەروەها (بربير قوص) یاخود (قوص المارة)ی پێ دەوترێت، لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی بەناوی (دقلديانوس) دەناسرا. (رمزي: القاموس الجغرافي، ج٤ ق٢/ ل١٨٧).

٣٢ أبو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٠٩" شاكر: التاريخ الاسلامي، ج٦/ ل٢٢٠.

٣٣ ابن الاثير: الكامل، ج٧/ ل٢٣٢" شاكر: س.پ، ج٦/ ل٢٢٠"
Lane Poole: Ahistory of Ehypt. P.197 ,

٣٤ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٣١.

(فاتیمیەکان)[35]، [36] ئەم هۆکارانەو هەندێ هۆکاری دەروونیش وای لێکردن بیر لەم جۆرە شێوازە دەروونییە لە سنووری باشووری مصر و خۆ تەرخان کردن و ئامادە بوون لە پێناو پڕۆژە گەورە ستراتیژییەکاندا بکات، ئەویش یەك بوونی بەرەی ئیسلامی و دەرکردنی خاچ دروشمەکان لە ولاتی شامدا بوو، هەروەها سەلاحەددین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پلانە هەلمەتێکی سەربازی تری بۆ ولاتی (افریقیه و طرابلس الغرب) لە سالی (٥٦٨ك/١١٧٣ز) بە فەرماندەیی (شرف الدین قراقوش)[37] لە ژێر چاودێری (تقی الدین عمر)[38] نارد[39]، لەگەڵ (٥٠٠) سەرباز، بەمەبەستی پاراستنی

---

٣٥ فاتمیەکان: بنەماڵەیەکی شیعەی ئیسماعیلی بوون، بەرەچەڵەك خۆیان دەبردەوە سەر (علی بن أبی طالب) و فاتیمەی خێزانی و کچی پێغەمبەر (د.خ)، لە سالی (٢٩٧ك/٩٠٩ز) لە شاری (سجلماسای) ئەفریقیا دەولەتیان دامەزراند، سەرەتا لە تونسدا و پاشان لەسەرتاسەری باکووری ئەفریقیاو مصردا، لە سەردەمی خەلیفە (معز الدولة) بە فەرمانی ئەو شاری قاهیرەیان دروست کرد وەکو پایتەختی خەلافەتی فاتیمی، بەلام لە سالی (٥٦٧ك/١١٧٣ز) لەسەردەستی سولتان سەلاحەددین کۆتایی بەفەرمانڕەوای خەلافەتیان هێنا بە دامەزراندنی دەولەتی ئەیوبی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (أبن ظافر: أخبار الدول المنقطعة" المقریزي: اتعاظ الحنفا باخبارالائمة الفاطمیین الخلفاء" سرور: الدولة الفاطمیة في مصر).

٣٦ ا.ر.جب: صلاح الدین الایوبي، ل١٢٢.

٣٧ شرف الدین قراقوش: ناوی (شرف الدین قراقوش التقوی)ە، یەکێك بوو لە مەمالیکی (تقی الدین عمر)، لە سەردەمی سولتان سەلاحەددین فەرماندەیی هێزە ئەیوبییەکانی کرد بۆ ولاتی (افریقیە)، لە سالی (٦٠٩ك/١٢١٢ز) کۆچی دوایی کرد. ئەمە جیاوازە لەگەڵ (بهاء الدین قراقوش) ە کە وەزیری سولتان سەلاحەددین بوو.(ابن خلکان: س.پ،ج٤/ل٩٢).

٣٨ تقی الدین عمر: پێی دەوترا (أبي فتح و ابی سعید) و گەلێ نازناوی تری هەبوو، گرنگترینیان کە ناوبانگی پێ دەرکرد، الملك المظفر بوو. ڕۆلێکی بەرچاوی هەبوو

سنووری ڕۆژئاوای مصر[٤٠]، چونکه (بدو)ه دەشتەکیەکانی برقه بەردەوام بۆ وڵاتی مصر سەرچاوەی ئاژاوه گێڕی بوون بە تایبەتی لەسەردەمی خەلافەتی فاتیمیدا، بۆیە سوڵتان سەلاحەددین گرنگی بە دروستکردنی پردەکانی (الجیزة)[٤١] لەسەر ڕووباری نیل بەرامبەر (فسطاط) دا، بۆ ئەوەی هێزە سەربازیەکانی لەکاتی هێرشی دوژمن له ڕۆژئاواوەو هاتنی لافاو به پیادە بپەڕنەوە[٤٢]، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت که ئەو زنجیرە کەنارییەی برقه شوێنگەیەکی ستراتیژی گرنگی بە سوڵتان سەلاحەددین بۆ بەرگری کردن له دەوڵەتەکەی دا، ئەوە بوو بە درێژایی سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی سنووری ڕۆژئاوای مصر تووشی هیچ هێرشێکی دەرەکی نەبووەوە[٤٣].

لەسەردەمی سوڵتان سەلاحەددین لە شەڕی دژ بە خاچ دروشمەکان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانه: (ابراهیم: الملك المظفر تقی الدین عمر، رساله ماجستیر، جامعه صلاح الدین، اداب، سنه ١٩٩٤).

٣٩ الحموي: التاریخ المنصوري، ل١٨٠" ابو الفداء: المختصر في اخبار البشر، ج٣/ ل٥٣" الحنبلي: س.پ، ل٨٢.

٤٠ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٣٣" ابن واصل: س.پ، ج١/ ل٢٣٧-٢٣٨" النویري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٧١" ابن العماد: شذرات الذهب في اخبار من ذهب، ج٢/ ل٢٢٥" ابن کثیر: س.پ، ج١٢/ ل٣٦١" ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٨٦" المقریزي: السلوك، ج١/ ل١٧١" البدلیسی: س.پ، ل١٨٠.

٤١ الجیزة: شارێکی مصرییە لە دەوروبەری (القاهرة) دەکەوێتە ڕۆژئاوای (الفسطاط) لەسەر کەناری ڕووباری (نیل)ی ڕۆژئاوا، بە (ئەهرامات) بەناوبانگە. (یاقوت الحموي: س.پ، مج٢/ ل١٠٣-١٠٤).

٤٢ الدواداري: س.پ، ج٧/ ل١٠٠.

٤٣ سعداوي: التاریخ الحربي، ل٤١" Lane Poole: Ahistory of Egypt, P.197, Saladin, P.P. 124-128.

ئەمــە جگــە لــەوەی کــە ســوڵتان ســەلاحەددین لــە پــشت ئــەم شــێوازە دەرونییەوە ئامانجی تری هەبوو، ئەویش گەڕاندنەوەی دەسەلاتی مصر بۆ ناوچــەکەو بنــبڕ کردنــی ئــاژاوە لــە بــاکووری ئــەفریقیا بــوو، بەتایبــەتی لــە پاشمــاوەی شــیعە فاتیمیــەکان، بەمــەش تــوانی ئامانجــە ســتراتیژیە دەروونییەکەی لە گێڕانەوەیان بۆ ژێر ئالا[٤٤] و یەکێتی دەوڵەتەکەی

دەوڵەتەکــەی بــۆ ڕووبــەڕوو بوونــەوەی خــاچ دروشمــەکان جێبــەجێ بکات[٤٥].

---

٤٤ ئالا: سوڵتان سەلاحەددین هەلۆی کردبووە سومبلێك بۆ ئالای دەوڵەتەکەی، وەك دەربڕینێك بۆ هاندان و پەلاماردانی دوژمنانی موسڵمانان، ڕەنگەکەشی زەرد بوو، (علم الدین الشاتانی) شاعیر وتویەتی: "سەرکەوتن دەبینم بە ئالاکەتەوە هەڵواسراوە، مەوەستە تۆ شایستەی ئەوەی کە دنیا داگیر بکەی". (العماد الکاتب: البرق الشامي،ج٣/ ل٢٩" أبن الاثیر: الکامل، ج٧/ ل٣٣٥" حتي: تاریخ العرب، ل٧٥٦" حسین: س.پ، ل١٦٨).

٤٥ لە ڕاستیدا سوڵتان سەلاحەددین لەیەکەم هەڵمەتدا بە فەرماندەیی (قراقوش) هەموو وڵاتی مەغریبیان کۆنترۆڵ نەکرد، بەڵکو لە ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٣ز) تەنیا (برقةو طرابلس) بەشێك لە ڕۆژهەلاتی (تونس) تاوەکو (قابس)یان کۆنترۆڵ کرد، (أبن واصل: س.پ، ج١/ ل٢٣٥" أبو الفداء: س.پ، ج٣/ ل٥٣" الذهبي: دول الاسلام، ج١/ ل٨١")، پاشان لەنێو ساڵانی (٥٧١-٥٧٣ك/ ١١٧٥-١١٧٧ز) هەڵمەتەکەیان بۆ سەرناوچەکە بەردەوام بوو، (أبو شامة: الروضتین، ج١/ ل٢٦٠" المقریزي: السلوك، ج١/ ل١٧٥) هەروەها لە ساڵی (٥٧٧ك/١١٨١ز) توانیان دەست بەسەر وڵاتانی (هوارة، زواده، لواتة، جبل، نفوسةو غدامس) بگرن، لەساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) (قراقوش) توانی دەست بەسەر شاری (قیروان) دابگرێت دوای شەڕێکی بەهێز لەگەڵ سوڵتانی مەغریب (أبن عبد المؤمن)، بەمەش سەلاحەددین لە سنووری دەوڵەتە بەرفراوانەکەی دڵنیا بوو و ئامانجەکەی پێکا. (أبن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٣٣" ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٨٦" المقریزي: السلوك، ج١/ ل١٧٥، ١٨٦، ٢١٢" الخطط، ج٣/ ل٣٧٩). بۆزیاتر زانیاری بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).

پیلانـی ستراتیژی جـەنگی دەروونـی دەبـێ ڕەچاوی سیاسـەتی گشتی دەوڵەت بکات، هەرچەندە کارێکی قورس و گرانە هاوسەنگی بکرێت لەنێوان سیاسەتەکانی بەرەی ناوخۆو جەنگی دەروونی لە مەیداندا، چونکە پیلان لـە جـەنگی دەروونی‌ـدا تووشـی نارەحـەتی و زەحمـەتێکی زۆر دەبـێ لـە هاوشان بوونی لە ڕێڕەوی سیاسەتی دەوڵەتدا[٤٦]، بۆ نمونە سەلاحەددین بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە، دوابەدوای کۆنترۆڵ کردنی وڵاتانی (النوبة و برقە)، بیری لە ڕزگارکردنی شوێنێکی ستراتیژی دەکردەوە لەچوارچێوی شێوازە دەروونییە ستراتیژییەکان. بەتایبەتی بۆی دەرکەوت وڵاتی (النوبة) ئەو شوێنە ستراتیژیە نییە کەخۆی و بنەماڵەکەی وەکو شوێنێکی ستراتیژی قـووڵ لـەکاتی قەیرانـدا پـشتی پـێ ببەسـتن، ئـەوەبوو بـۆ جێبـەجێکردنی پـرۆژەی ڕزگـارکردنی وڵاتـی (الـیمن) داوای مۆڵـەتی لـە (نورالـدین محمـود) کـرد، هاوکـات ئەوەیـشی پـێ ڕاگەیانـد کەمەبەستی (عبـدالنبی)[٤٧] دەڤـەری (زبیـد)ە[٤٨]، چـونکە نـاوی خەلیفـەی عەبباسـی (المستـضیء بـأمر الله)[٤٩]ی

---

٤٦ نصر: س.پ، ج١/ ل٩٧.

٤٧ (عبـدالنبی): نـاوی (ابـو الحـسن علـي بـن مهـدی)ە، خـەڵکی گونـدی (العنـبرە)بـوو لەکەنارەکانی دەڤـەری (زبیـد)، هـەموو سـاڵێك حـەجی دەکـرد، چـاوی کـەوت بەهەنـدێ زانایـانی (العـراق و الـشام والحجـاز) سـەرنجیانی ڕاکێشا بۆ لای خۆی، شیعی مەزهـەب بوو، خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوت، تاوەکو لەساڵی (٥٤٥ك /١١٥١ز) ببـوە (امـام) لـەوڵاتی (الـیمن)، فـەرمانڕەوایی ناوچـەی (زبیـد)ی کـرد لـەنێو سـاڵانی (٥٥٨ – ٥٦٩ك/ ١١٦٢–١١٧٣ز). بڕوانـە: (الـذهبي: تـاریخ دول الاسـلام، ل٢٠٢"المقریـزی: الـسلوك، ج١/ ل١٦٢" الزرکلي: س.پ، ج٥/ ل٢٥).

٤٨ (زبید): شارێکی بەناوبانگە لـەوڵاتی الـیمن بەڕووی کـەناری (بـاب المنـدب) کەوتۆتـە سەر ڕێگای (عدن و مکە)، هەروەها پێی دەوترا (الخصیب) پاشان (الوادی)، لەسەردەمی خەلیفە ی عەبباسی(المأمون) تازەکرایەوە. (یاقوت الحموی: س.پ، مج٢/ ل٤٦٨).

لەووتاری هەینی هەڵگرتووە[٥٠]، (نورالدین محمود) بەداواکاریەکەی قایل بوو، بەم قایل بوونەش سەلاحەددین هەڵمەتێکی سەربازی بەفەرماندەیی (توران شاه)ی برا گەورەی ئامادە کرد بۆ دەست بەسەراگرتنی وڵاتی (الیمن)[٥١]، بێگومان سەلاحەددین ئامانجی دەروونی ستراتیژی دوور مەودای هەبوو لەکۆنترۆڵ کردنی وڵاتی (الیمن)دا، ئەویش جگە لەترسی هاتنی

---

٤٩ (المستضیء بأمر الله): ناوی (الحسن ابو محمد المستضئ بأمر الله بن یوسف المستنجد بالله)، لەساڵی (٥٣٦ك/١١٤١ز) لەدایك بووە، خەلیفەی عەبباسی ژمارە (٣٣) بوو، فەرمانڕەوای خەلافەتی عەبباسی بوو لەبەغداد لەنێو ساڵانی (٥٦٦–٥٧٥ك/١١٧٠–١١٨٠ ز)، لەسەردەمی ئەو خەلافەتی فاتمی رووخا لەوڵاتی مصر بەدەستی سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی، پیاوێکی داد پەروەرو خانەدان بوو، هەروەها مەکوس و باجی لەسەر خەڵکی هەڵگرد، ماوەی (٩) ساڵ حوکمی کرد، لەتەمەنی (٣٩) ساڵی کۆچی دوایی کرد. (ابن تغری بردي: س.پ" ج٦/ ل٧٨" السیوطی: تأریخ الخلفاء، ل٤٤٥" شاكر: س.پ، ج٦/ ل٣١١).

٥٠ ابن الاثیر: الكامل، مج٧/ ل٢٣٧–٢٣٨" ابن كثیر: س.پ، ج١٢/ ل٣٦٤" ابن خلدون، تاریخ أبن خلدون، ج٥/ ل٢٨٧" ابن تغری بردی: س.پ، ج٦/ ل٦٣" ابن العماد: س.پ، ج٢/ ل٢٢٥" البدلیسی: س.پ، ل١٨١" شاكر: س.پ،ج٦/ ل٣٢٠).

٥١ هەڵمەتەكە لەمانگی رەجەبی ساڵی (٥٦٩ك/١١٧٤ز) بەڕێگای رووباری (النیل) دەستی پێكرد تا گەیشتە شاری (قوص)، پاشان بەوشكایی‌دا رۆیشت تاكو گەیشتە (عیذاب) لەكەناری دەریای سوور، پاشان لەدەریا پەڕینەوە تاكو گەیشتنە (جدة) لەوێشەوە بۆ شاری (مكە) دوای زیارەت كردنی كەعبە، هەڵمەتەكە گەیشتە (الیمن)، و دەستیان بەسەر دەڤەری (زبید)ە دا گرت، و (عبدالنبی) بەدیلی گیرا، لەگەڵ هەموو سەروەت و سامانیان، هاوكات قەڵاكانیان كەوتە ژێر ئاڵای ئەیوبییەكان، (ابن الاثیر: الكامل، مج٧/ ل٢٣٨" ابو الفداء: س.پ، ج٢/ ل١٣٣" ابن كثیر: س.پ، ج١٢/ ل٣٦٥" قەفتان: مێژووی گەلی كورد، ل٢٢٦). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).

(نورالــدين محمــود) کەپێــشتر باسمــان لێــوەکرد[52]، هاوکــات هەســتی بەزیادبوونی ڕێژەی هێزە سەربازییەکانی و زۆری ژمارەی براکانی و فراوان بوونی دەسەڵاتی (توران شاه) کرد،[53] جگە لەهاندانی (عماره اليمنی)[54] بۆ سەلاحەددین لەناردنی (توران شاه) بۆ وڵاتی (اليمن) تاوەکو دۆخەکەی لەبار بێت بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەی لەدژی سەلاحەددین[55]، بەڵام بێ

---

٥٢ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٣٧" المقريزي: الخطط، ج٣/ ل٥٩" سعداوي: التأريخ الحربي، ل٤٣.

٥٣ ابن شداد: س.پ، ل٥٣" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٨٠" الرهاوي المجهول: تاريخ الرهاوي المجهول، ل٢٠٠.

٥٤ (عماره اليمنى): شاعیرێکی لێهاتوو بوو، کاتێك دەوڵەتی فاتمی ڕوخا لەوڵاتی مصر، و لەشوێنی دەوڵەتی ئەیوبی دامەزرا، (عماره) بەکۆمەڵێك لەبنەماڵەی سەلاحەددینی هەڵدا، پاشان لەگەڵ کۆمەڵێك لەگەورە پیاوانی شیعە ڕێککەوت بۆ گێڕانەوەی خەلافەتی فاتمی بۆ فەرمانڕەوایی وڵاتی مصر، بەڵام کاتێك سوڵتان بەپیلانەکەیانی زانی لەساڵی (٥٦٩ك/١١٧٣ز) هەموویانی لە سێدارەدا، لەنێوانیان (عماره اليمنى) لەگەڵدا بوو. (ابن خلكان: س.پ، ج٣/ ل٤٣١–٤٥٣" ابوالفداء: س.پ، ج٢/ ل١٣٣" Lane Poole: Saladin.p. 126.

٥٥ ئەم پیلانە لەساڵی (٥٦٩ك/١١٧٤ز) لەلایەن (عماره اليمنی) دژی سوڵتان سەلاحەددین نایەوە، ئەویش (عماره) ژمارەیەکی زۆری لەلایەنگرانی خەلافەتی فاتمی کۆکردەوە لەشاری (القاهره)و داوای لێکردن کە یەکێك لەمنداڵەکانی خەلیفە (العاضد) دابمەزرێنن بۆ ئەوەی دەسەڵات بۆ فاتمیەکان بگێڕێتەوە، ئەوەبوو بەخێرایی پەیوەندی بەخاچ دروشمەکانەوە کرد، بەمەبەستی یارمەتیدان و هەڵوەشاندنەوەی فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلاحەددین، هاوکات (عماره) توانی زۆر لەمانە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی کۆبکاتەوە کەڕق و کینە یان هەبوو لەسەر دەوڵەتی ئەیوبی تازە دروست بوو، بەڵام یەکێك لەم پلان گێڕانە کە ناوی (زين الدين بن نجا) بوو، هەواڵەکەی گەیاندە سوڵتان سەلاحەددین، سوڵتان بڕیاری گرتن و کوشتنی دان لەچوارچێوەی جەنگە دەروونییە ستراتیژییەکەی بۆ ئەوەی ترس لە دڵ و دەروونی نەیارەکانی بچەقێنێ و لەدوا ڕۆژدا بیر

گومـان کـۆنترۆل کردنـی ولاّتـی (الـيمن) بەيـەکێك لـەپرۆژە دەرەکيـەکانی سـەلاحەددين دادەنرێـت، بەتايبـەتی دوای جێبـەجێکردنی پرۆژەکـانی ئەفريقيا کەئامانجێکی دەروونـی ستراتيژی گرنگـی لەپشتەوە بوو، لەوانە هاوسـەنگيکردن لـەنێوان سياسـەتەکانی نـاوخۆو دەرەوەی دەوڵەتـدا، و لـەناودانی پـشتيوانانی خەلافـەتی فـاتمی لـەولاّتی (الـيمن)[56]، هـەروەها پاراسـتنی سـنووری باشـووری مـصر، چـونکە ولاّتـی (الـيمن) لـە ڕووی جەنگی و بازرگانيـەوە کليلـی دەريـای سـوور بـوو کەبەسـەر (الحبـشە)[57]ی مەسـيحيدا دەڕوانـی[58]، هاوکـات سـەلاّحەددين بيری لـەئامانجێکی دەروونـی سـتراتيژی دوور مـەودا کـردەوە، ئـەويش ترسـی بلاّوبوونـەوەی بيرۆکـەی خاچـی بـوو لـەولاّتی (الحبـشە) بـەڕێگای دەريـای سـووردا، بەمـەش سەلاّحەددين و دەوڵەتەکەی دەکەوتە نێوان دوو ئاگر، ئاگرێك لەکەنارەکانی دەريـای روم (ناوەڕاسـت) کەپێکهاتەکـەی ميرنـشينی خـاچ دروشمەکانـە، و ئـەوەی تريـان لەکـەنارەکانی دەريـای سـورەوە کـە بريتیيـە لـەولاتی

لەئاژاوەو خراپەکاری نە کەنەوەو مل کەچی فەرمانڕەواکانی سوڵتان بن. (ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل ٢٣٨" العمري: مسالك الابصار، ج٧ ورقة ٦١-٦٢" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢١٦" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٧٣" الدواداري: س.پ، ج٧، ل٥٥" أبن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٨٨).

٥٦ ابن شداد: س.پ، ل٧٤" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٧٠" ابن واصل: س.پ،ج١/ ل٢٣٥-٢٣٦" الاسحاقی: اخبار الاول فيمن تصرف علی مصر من ارباب الدول، ل١٧٢" الدواداری: س.پ، ج٧/ ل٥٦.

٥٧ (الحبشة): ئـەمڕۆ پێـی دەوترێـت (اثيوبيـا) ولاّتێکـە لەرۆژهـەلاّتی ئـەفريقيا لەسـەر دەريـای القلزم (سـوور) نێوان (سـودان و کينيـا و صـومالّو جيـوبتی). المنجد فی اللغة والاعلام ، ل٢٧.

٥٨ ابن الاثير: الكامـل ،مـج٧/ ل٢٣٨" الـدواداری: س.پ، ج٧/ ل٥٦-٦٧" ابـن كـثير: س.پ. ج١٢/ ل٢١٥.

(الحبشه)[59]، هەروەها لەچوارچێوەی ئامانجە دەروونیە ستراتیژییەکەی بۆ یەکخستنی جیهانی ئیسلامیو گێڕانەوەی هێزە ئیسلامیەکان بۆ ژێر ئالآی خۆی، لەساڵی (٥٦٨ك/١١٧٣ز) هێرشی کردە سەر (بدو- ە عەرەبە دەشتەکیەکان)ی نیشتەجێی دەوروبەری (الکرك[60] و الشوبك[61]) بۆ مسۆگەرکردنی سنووری دەوڵەتەکەی لەچوار چێوەی پرۆژە ستراتیژییە گەورەکەیو پاك کردنەوەی ناوچەکە لێیانو نەهێشتنی پەیوەندییەکانیان بەتایبەتی لەگەڵ خاچ دروشمەکان، چونکە هەواڵو زانیاری گرنگیان پێ دەبەخشین لەبارەی جموجوڵی (سەلاحەددین)ەوە، هاوکات وەکو چاوساغ کاریان لەگەڵ دەکردن[62]. بێگومان سەلاحەددین لەکاتی هەڵمەتەکەیدا بۆ سەر (الکركو الشوبك) ئەوەی بۆ دەرکەوت کەئامانجە دەروونییە ستراتیژییەکەی کە بۆ ئاسۆیەکی دوورە واپێویست دەکات نیمچە دوورگەی (سیناء) لەهەموو ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی لەناو دۆڵو سەر ڕێگای (مصر و شام)ن پاك بکاتەوە[63]، بۆیە بڕیاری دروستکردنی قەلآیەکیدا لەناو

---

٥٩ سعداوی: التأریخ الحربي المصری، ل٤٣.

٦٠ الکرك: قەلآیەکی پۆلآینە لە دیوی شام لە دەوروبەری (بلقاء) لە ناو چیاکانی (یاقوت الحموي: معجم البلدان، مج٤/ ل١٣١) ئێستا سەر بە ئوردنە.خاوەن شوێنێکی ستراتیژی گرنگ بوو، گرنگی ئەو شارە لەوەدا بوو کۆنترۆڵی ڕێگاکانی نێوان مصرو شامو حیجازی دەکرد، تاکە ڕێگا بوو کە ڕێبوار پیا دەڕۆیشت بۆ سوریاو حیجاز. (غوانمة: امارة الکرك الایوبیة، ل١٠٥).

٦١ الشوبك: قەلآیەکی پۆلآینە لە دەوروبەری شام لەنێوان (عمان و ایلة) نزیك الکرك. (یاقوت الحموي: س.پ، مج٣/ ل١٦١).

٦٢ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٣٥" سبط أبن الجوزی: س.پ، ج٨/ ل٢٩٣" ا.ر. جب: س.پ، ل١٧٣" سعداوی: التاریخ الحربي، ل٣٤.

٦٣ ابو شامة: الروضتین، ج١/ ل٢٠٦-٢٢١" الغامدی: صلاح الدین و الصلیبیون، ل١٤٥.

جەرگەی نیمچە دورگەی (سیناء) بەناوی (قلعە الجندی)[٦٤]، ئەمە جگە لەوە قوللەیەکی لە (السویس) دروستکرد کە جێگای (٢٠) سواری تێدا دەبووەوە[٦٥]، و سەربازەکانی لە سەردانا، هەروەها فەرمانیدا بەدەرکردنی هۆزی (بنو الجذام)ی عەرەبی بۆ (البحیرە)[٦٦] و دەستی بەسەر هەموو دانەوێڵەو زەوی‌و زارەکانیاندا لە (الشرقیە)[٦٧] داگرت، چونکە دانەوێڵەیان بۆ خاچ دروشمەکان دەڕفاند[٦٨]، بەم کارەش سەلاحەددین پێش ڕێکەوتن بەرەو وڵاتی شام سنوورو ئامانجە دەروونییە ستراتیژییەکانی دەوڵەتەکەی لەهەموو لایەکەوە مسۆگەرکرد.

بەرزگارکردنی وڵاتانی (النوبە و برقە و افریقیە والحجاز والیمن) سەلاحەددین یەکەم قۆناغی لە قۆناغەکانی یەکگرتنەوەی وڵاتانی ئیسلامی لەچوارچێوەی پیلانە دەروونییە ستراتیژییەکانیدا جێبەجێکرد، بەمەش لەفەرمانڕەوایی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتی مصر دڵنیا بوو، دوای نەهێشتنی هەموو ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی دەهاتنە ڕێگای پرۆژەکەی، هاوکات هەلێکی لەباری بۆ ڕێکەوت بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی دووەم لەقۆناغەکانی

---

٦٤ قلعە الجندی: ئەم قەڵایە کەپێی دەوترا قەڵای سەلاحەددین، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی (عین سدر الغزیرە) بەدووری (١) میل، هەروەها (٥٧)کم لەباشووری ڕۆژهەڵاتی (السویس)ی ئێستاوە دوورە. (سعداوی: التأریخ الحربي، ل٣٤).

٦٥ المقریزی: السلوك ، ج١/ ل١٨٥ .

٦٦ (البحیرە): کورەیەکی ناسراوە لەدەوروبەری ئەسکەندەرییە لەمیسر، و بریتییە لە کۆمەڵە دێیەك، هاوکات خاوەن داهاتێکی زۆر بوون. ئێستا پارێزگایە و سەنتەری شاری (دمنهور)ە.(یاقوت الحموی: س.پ، مج١/ ل٢٧٩).

٦٧ (الشرقیە): کورەیەکە لەباشووری مصر. (یاقوت الحموی: س.پ، مج٣/ ل١٣٦).

٦٨ المقریزی: السلوك. ج١/ ل١٨٥" ا.ر. جب: س.پ، ل١٧٣" سعداوی: التاریخ الحربي، ل١٢٥.

یەکخستنەوەی هێزە ئیسلامیەکان لەناوچەی شام، بەتایبەتی پاش کۆچی دوایی (نورالدين محمود) کە (الملك الصالح اسماعيل)ی کوڕی بوو بەجێ نشینی[٦٩]، بەڵام ناوبراو توانای پڕ کردنەوەی ئەو شوێنە گەورەیەی نەبوو، بووە یەکێ لەهۆیەکانی تێکچوونی شیرازەی جیهانی ئیسلامی و ناوچەی شام، هاوکات نەبوونی پیاوێکی شیاوو هەڵکەوتوو بۆ گرتنە دەستی جڵەوی لێپرسراوێتی تاوەکو سوڵتان سەلاحەددین سەری هەڵدا وەکو سەرکردەیەکی شیاوو لێهاتوو بۆ سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و ناوچەی شام بەتایبەتی[٧٠]، ئەوەبوو بەکۆتایی هێنانی دەسەڵاتی خەلیفەی فاتمی لەمصردا ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز) سەلاحەددین کورسیی وەزارەتی لەمصر وەرگرت، بووە دەسەڵاتداری یەکەم لەم وڵاتەدا و بەڕێوەبردنی مەملەکەتەکەی گرتە دەست[٧١]، وڵاتانی (النوبە و برقە و طرابلس الغرب والحجاز واليمن) کەپێشتر باسمان لێوە کردن خستە ژێر رکێفی خۆی و، وای لێهات دەریای (القلزم) سوور هەموو کەوتە ژێر سەرکردایەتی و دەسەڵاتی، هەروەها پاش کۆچی دوایی (نورالدين محمود) و لەئەنجامی پەشێوی شامدا، سوڵتان سەلاحەددین توانی دیمەشق و حەلەب و هەموو وڵاتی شام بخاتە ژێر ئاڵای دەوڵەتە بەرفراوانەکەی خۆیەوە[٧٢]، بەمەش توانی ئامانجە دەروونییە ستراتیژییەکەی، لەیەکبوونی جیهانی ئیسلامی بەئەنجام بگەیەنێ کەبریتی بوو لەوڵاتی شام و هەندێك لە

٦٩ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٤٣" ابن شداد: س.پ، ل٥٤" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٧٤.

٧٠ ابن شداد: س.پ، ل٥٦-٥٧" قاسم: ماهيه الحروب الصليبية، ل١٤٢.

٧١ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢١٧" القوصي: تاريخ دولة الكنوز الاسلامية، ل٦٣.

٧٢ ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٣٤" ايليسيف: الشرق الاسلامي في العصر الوسيط. ل٢٤٥- ٢٤٦" گروسيه: الحروب الصليبية، (صراع الشرق والغرب)، ل٧١..

دەڤەرەكانی (الجزيره الفراتيـه)و (اليمن، مصر ،النوبه ، الحجاز ، برقة و طرابلس الغرب)، پاش ئەوەی ئاوات و هیوای ئەم یەكێتییەی بۆ چووە سەر و پایەكانی لەجیهانی ئیسلامیدا چەسپاند كەخۆی لەخۆیدا گەورەترین كاریگەری هەبوو لەرزگاركردنی قودسدا[٧٣] ، كەخاچ دروشمەكان بۆ ماوەی نزیكەی (١٠٠) سەد ساڵ فەرمانڕەواییان تیادا دەكرد، سەلاحەددین توانی لەژێر ئاڵای جیهادو كاركردن لەپێناوی رزگاركردنی قودس‌دا ئامانجە دەرونییە ستراتیژییەكانی جێبەجێ بكات، هەرچەندە سوڵتان زۆر گرنگی بەگێڕانەوەی یەكێتی نێوان مصرو شام دەدا و چەند لەتوانایدا هەبووبێت بۆ گێڕانەوەی بەشەكانی تر لە وڵاتانی ئیسلامی هەوڵی دەدا[٧٤] ، ئەوەندەش پێویستی بەپشتگیری خەلافەتی عەبباسی زیاتر هەبوو، لە (نورالدین محمود) هەرچەندە هێزێكی سەربازی گەورەی هەبوو لەوشكانی و دەریا كەبەهیچ شێوەیەك لەگەڵ هێزی (نورالدین محمود)دا بەراورد نەدەكرا، چونكە دوژمنانی (نورالدین محمود) لەموسڵمانان نەبوون، بەڵام سەلاحەددین جگە لەخاچ دروشمەكان میرە موسڵمانەكانیش (بەتایبەتی زەنگییەكان)[٧٥] دژی بوون، هاوكات ئیسماعیلییەكان[٧٦] زۆر جار لەگەڵ خاچ

---

٧٣ گروسیه: س. پ، ل٧٢" سعداوي: التأريخ الحربي، ل١٧٣.

٧٤ نوری. سياسة صلاح الدين، ل٢٥٧.

٧٥ زەنگیەكان: دەگەڕێنەوە سەر (زنكی بن اق سنقر بن عبدالله بن الترغان) لەهزری "ساب یو"، ناوبانگیان دەگەڕێتەوە بۆ باوكیان كەبە (قسيم الدوله) ناسرابوو، پیشەی (دەرگاوان – الحاجب) بوو لای سوڵتان (ملكشاه ی سلجوقی) هاوكات رۆڵی كاریگەری لەسەر رووداوە سیاسی و سەربازییەكانی دەوڵەتی سلجوقی هەبووە لەو سەردەمەدا. (ابن الاثير: الباهر، ل٤" خليل: عمادالدين زنكی، ل٣١ " زامباور: معجم الانساب والاسرات الحاكمة فی التأريخ الاسلامي، ترجمة: زكی محمدحسن واخرون، ج١/ ل١١٥).

دروشمەکان بۆ دژایەتی کردنی پرۆسەو بەرنامەکانی سەلاحەددین هاوکار بوون[77]، بۆیە دەبینین یەکێك لەو کاروبارانەی سەلاحەددین لەم کاتەدا کردی ئەوەبوو نێردراوی بەنامەیەك نارد بۆ لای خەلیفەی عەبباسی (المستضئ بأمر الله) و تێیدا باسی لەکردەوەکانی خۆی لەجیهادکردنی دوژمن‌و ڕزگارکردنی (مصر و اليمن و افريقيه) دەکرد کە مەترسیان لەسەر خەلافەت لەبەغدا هەبوو[78]، هەروەها خوێندنەوەی وتار بەناوی خەلیفەی عەبباسییەکان‌و داوای لێکرد بەڕەسمی دانی پێدا بهێنن، فەرمانڕەوایی (مصرو برقە و اليمن والشام)و هەموو ویلایەتەکانی (نورالدين محمود)

---

٧٦ (ئیسماعیلییەکان): پێکهاتەی ئەم کۆمەڵە بریتییە لە پێکهاتەیەکی نهێنی بەسەرۆکایەتی "داعی الدعاه" بەناوی "شیخ الجبل"، قەڵای (الموت) یان کردبوو ناوەندێك بۆ بانگەشەکەیان لەنێو ساڵانی (٤٨٣ك-١٠٩٠ز/٦٥٤ك-١٢٥٦ز) (Ency. De islam (Arat Alamut) vol .1, pp. 364 – 365.)، لەدوای (شيخ الجبل) بەزەنجیرە (كبار الدعاه) واتە گەورەی بانگەش کەران، پاشان (الدعاه العاملون) دەهات، هەروەها (الفدائيون) کەهونەر پیشەیان کاری تیرۆر بوو، کەبەردەوام لەخۆئامادەکردن دابوون‌و چاوەڕوانی فەرمانی (داعي الدعاه) یان دەکرد ئەگەر خۆ خستنە خوارەوەش بێت لەسەر لوتکەی چیاکان، هەروەها بەهیچ شێوەیەك دوانەدەکەوتن لەتیرۆرکردنی دوژمنەکانیان بەخەنجەر ئەگەر مەسیحی بێت یان موسڵمان. هەرێمی (الجبل) بەدرێژایی کەنارەکانی (اللاذقية و طرابلس) یان کردە شوێنی نیشتەجێ بونیان کە بە (جبل لبنان) ناسراوە، ئەمەش سنووری سروشتی نێوان وڵاتی موسڵمانان‌و خاچ دروشمانە، لەسەردەمی (سنان) نزیکەی (١٠) دە قەڵایان تێدا دروست کرد، بێگومان لەسەردەمی خاچ دروشماندا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەمێژووی ڕۆژهەڵاتدا، و کاریگەریان لەسەر ڕێ ڕەووی ڕووداوەکان هەبوو(حتي: تاريخ سوريا ولبنان و فلسطين، ج٢/ ل٣٤٦" غالب: تاريخ الدعوة الاسماعيلية، ل٢٤" غالب:اعلام الاسماعيلية، ل٢٩٩).

٧٧ القزاز: الحياة السياسية في العراق في العصر العباسي الاخير، ل٢٥٦-٢٥٧.

٧٨ رفعت: معالم تاريخ العصور الوسطى، ل١٦٦.

دەكات، ئەوە بوو خەلیفەی عەبباسی دانی بەكارەكانی هێناو، دیارییەكی زۆریشی پێشكەش بەنوێنەرەكانی سوڵتان كرد[79].

جەنگی دەروونی ستراتیژی بۆ گەیشتن بەئامانجەكانی بەكاردێت و هەوڵدەدات بۆ قۆستنەوەی شكستو شكاندنە سەربازییەكان لەبەرەكانی جەنگو ئاشكراكردنی تێكچوونی باری ئابووریو دارایی و تێكشكاندنی ورە لەنێو ریزەكانی دوژمندا[80]، بۆ نمونە خاچ دروشمەكانو هاوپەیمانە

---

٧٩ بۆ نموونە لەساڵی (٥٧١ك/١١٧٥ز) سەلاحەددین لەگەڵ (الملك الصالح) ی ئەتابەكی حەلەب ریككەوت بەكشانەوە لەگەمارۆی حەلەب بەمەرجێك حەلەبیەكان لەگەڵ لایەنی سێهەم رێك نەكەون بەبێ رازی بوونی لایەنی دووەم، بەڵام (سیف الدین غازی) ئەتابەكی موسڵ نووسراوێكی بۆ (الملك الصالح) رەوانەكردو هانی دا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەورێكەوتنامەیەی نێوانیان، ئەمەوایكرد سوڵتان سەلاحەددین لەدژیان شەڕ راگەیەنێ، بەڵام پێش دەسپێكردنی شەڕەكە، نووسراوێكی بۆ خەلافەتی عەبباسی نارد و لەراستیی رووداوەكان ئاگاداری كردەوە، ئەویش بۆ روونكردنەوەی رێككەوتنی لەگەڵ (الملك الصالح) كەسەربازەكانی بۆ جیهادی خاچ دروشمەكان ئامادەبن، بەڵام (سیف الدین غازی) وای لێكرد لەپەیمانەكەی پەشیمان ببێتەوە، بۆیە داوا لەخەلیفەی عەبباسی دەكات كە ئاگاداریان بكاتەوەو مافی شەڕكردن بە سەلاحەددین لەدژیان بدات، ئەگەر بێتو ئەوان لەسەر ئەو حاڵەتە بەردەوام بن، و سەلاحەددین بەشەڕی موسڵمانان و بەجێ هێشتنی جیهادی خاچ دروشمەكان تاوانبار نەكرێت، چونكە یەكێتی موسڵمانانی دەوێت. (القاضی الفاضل: عبدالرحیم البیساني، رسائل القاضی الفاضل، مخطوطة حسین بك، مكتبة اوقاف الموصل رقم ١/٩، ورقة ٩). بڕوانە دەقی نووسراوەكەی سەلاحەددین كەڕەوانەی خەلیفەی عەبباسی "المستضئ بأمر الله"ی كرد لە ساڵی(٥٧١ك/١١٧٥ز)، لە پاشكۆی ژمارە (١). (ابن الاثیر: الكامل، مج٧/ ل٢٥٩" ابن شداد: س.پ. ل٤٢" العسلی: صلاح الدین، ل١٩٧).

٨٠ زناد: الحرب النفسیة، ل ١٥.

(جنەوییەکان)[81] لەئەنجامی سەر نەگرتنی پیلانەکەیاندا لەدژی سوڵتان سەلاحەددین تووشی شکستو نائومێدیەکی گەورە بوون،[82] دوای ئەوەی لەمەترسی چالاکیەکانی بۆ یەکخستنی موسڵمانان لەمصرو شام بەئاگاهاتن، بەتایبەتی هەوڵەکانیان بۆ نزیک بوونەوە لە (الملك الصالح اسماعیل) پێش مردنی، ئەمە جگە لەخۆ نزیك کردنەوە لەهەندێ هێزی نەیاری ناوچەکە دژ بە سەلاحەددین[83]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەتاچەند تووشی بێ ئومێدی بوون بۆ سەلماندنی راستی ئەم بۆچوونە ،(ولیم

٨١جنوە:بەندەرێکە لە ئیتالیا، دەکەوێتە سەر کەنداوی جنوە، کە بەشێکە لە دەریای ناوەڕاست.(المنجد في اللغه والاعلام، ل٢٠٥).

٨٢خاچ دروشمەکان و هاوپەیمانە جنویەکانیان دڵگران و نائومێدبوون لە کار و چالاکیەکانی سولتان سەلاحەددین بۆ یەکخستنی جیهانی ئیسلامی، بەمەیش ترس و دڵەڕاوکێ باڵی بەسەریانداکێشا، کە دڵنیابوون لە کەسایەتی سوڵتان و سوربوونی لە سەر دەرکردنیان لە رۆژهەلاتی ئیسلامی، ئەمەش خۆی کاریگەری دەروونی خراپی هەبوو لەسەر بەرژەوەندییە ئابوریەکانیان، چونکە ئەوان لەسەردەمی دەوڵەتی فاتمیەکان سودبەخش بوون لەڕێگەی پەیوەندیە بازرگانیەکانیانەوە لەگەڵ شام و مصردا ، کە بەهۆیەوە سەروەت و سامانێکی زۆریان کۆکردەوە لە سەربازگەی (موسوڵمانان و خاچ دروشمەکان) بۆیە سەیر نیە کە خاچ دروشمەکان و هاوپەیمانە جنەویەکانیان لەگەل هێزە نەیارەکان پیلان داڕێژن لە دژی سولتان سەلاحەددین، نەك بۆ خۆشەویستی ئەم هێزانە بەڵکو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان و کۆنترۆڵکردنی و ولاتی مصر کە پێی دەوترا (گەنجینەی هەموو زەوی)، (الكناني: العلاقات بين جنوه والشرق الادنى الاسلامي، ل١٤٢-١٤٣).

٨٣ کە پێکاتبوون لە چەند کۆمەڵەیەك، جگە لە میرەکانی دیمەشق و حلب کە سەر بە (الملك صالح اسماعيل) بوون، و کۆمەڵەی (سيف الدين غازي ابن قطب الدين مودود بن زنكى)، و کۆمەلەی (قلیج ارسلان) و لایەنگرانی لە ئاسیای بچوکدا، دوا کۆمەڵەش پاشماوەی فاتمیەکان بوو.(الكناني: س.پ، ل١٤٥" گروسیه: س.پ، ل٧٢).

الصوری)[84] باس لەو دوو دڵیو پەشێوییەی کە تووشی خاچ دروشمەکانو جەنەویەکان هاتبوو دەکاتو دەڵێ: "لەگەڵ هەموو هەوڵەکانماندا بۆ بەرەنگار بوونەوەی سەلاحەددین، بەڵام هەر شکستمان هێنا، ئەمڕۆ ترس لەهەموو لایەکەوە دەوری لێداوین، لەدەریاو، وشکانییەوە، وەکو یەك، مەترسییەکانی ئەوەندە پەرەی سەند هەرکاتێك هێرش بکاتە سەرمان، توانای بەرگری کردنمان نابێت، بۆیە چاکتر وایە دەستی یارمەتی بۆ (الملك الصالح اسماعیل) درێژ بکەین، نە بۆ خۆشەویستی (الملك الصالح اسماعیل)و نەبۆ چاکەی (حلب)و میرو خەڵکەکەی بوو، بەڵکو بۆ بەربەرەکانی کردنی سەلاحەددینو ڕێ لێگرتنی لەپێش جێبەجێکردنی پلانەکەیدا کە (کارکردنە لەپێناو ڕزگارکردنی قودس)، بەمەش هێرشەکەی بۆ سەر قودس لاواز دەبێت"[85].

ڕەنگە مەبەستی (ولیم الصوری) لەم ئاماژەیە، ئەوە بێت کەخاچ دروشمەکان هەوڵو کۆششیان لەپێناو کۆسپ خستنە ڕێگەی سەلاحەددیندا لەیەکخستنی بەرەی ئیسلامی دا بەهاندانی فاتمیەکانو بەهاوکاری جنەویەکانو خاچ دروشمەکان بوو بێت کە سەلاحەددین هەر لەسەرەتاوە دەستی بەسەریاندا گرتبوو، دوای نوچدانی پیلانەکەیان هەوڵو چالاکییەکانی سەلاحەددین پەرەی سەند بۆ یەکخستنی بەرەی

---

٨٤ (ولیم الصوری): یەکێك بوو لەمێژوو نووسە گەورەکانی خاچ دروشمەکان، لەساڵی (٥٢٦ك/١١٣٠ز) لەشاری (قوص) لەدایك بووە، چەندین پلەو پایەی گرنگی وەرگرتووە، لەوانە سەرۆکی شەمامسیەی شاری صور بووە، و لە ساڵی (٥٨٠ك/١١٨٤ز) دا راوێژکاری مەملەکەتی خاچی بوو لەشاری قودس. (العرینی: مؤرخو الحروب الصلیبیة، ل١٠١–١٠٣)" و نێردراوی (امالریك) بووە بۆ لای (مانویل)ی ئیمپراتۆری بیزنطی ساڵی (٥٦٤ك/ ١١٦٨ز) بۆ گرتنی وڵاتی مصر. (رنسیمان: س.پ، ج٢/ ل٦١٢).

٨٥ الحروب الصلیبیة، ج٤/ ل ١٨٤–١٨٥.

ئیسلامی لەمصرو شام،[86] لەچوارچێوەی ئامانجە دەروونییە ستراتیژییەکانی دا، پاشان ڕووی کردە قۆناغی دووەم ئەویش جیهاد بوو دژی خاچ دروشمەکان کەبەشێك لە (لبنانو سوریا)و هەموو قودس یان داگیر کردبوو، سەلاحەددین لەجەنگەکانیدا نمونەی فەرماندەیەکی کارامەو دووربینو لێزان بوو، هەرگیز خۆی بەشەڕی لاوەکییەوە خەریك نەدەکرد، بەڵکو بەهەموو توانایەکییەوە رووی دەکردە ئامانجە دەروونییە ستراتیژییە سەرەکیو بنچینەییەکان، هەروەها گرنگترین هەڵوێستو دڵسۆزی پڕ لەدانایەتیو دووربینی پیادەکرد بەرامبەر بەخەلافەتی عەبباسی لەبەغدا[87]، بێگومان سوڵتان سەلاحەددین لەو کارەی ئامانجی دەروونی ستراتیژی هەبوو لەبەر ئەوەی خەلافەت رەمزی یەکێتی موسڵمانەکان بوو، تاکو ئاڵای یەکێتیو یەکبوونی ئیسلامی هەر بمێنێتەوە، هێنانە دی ئەم یەکێتیە گەورەترین رۆڵی هەبوو لەرزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکاندا، بێگومان ئەو سەرکەوتنانەی سەلاحەددین بەدەستی هێنا لەئەنجامی ئەو یەکێتییە بەهێزە بوو کەلەژێر سایەی ئەو دروست بوو[88]، هاوکات بەرزکردنەوەی دروشمی کارکردن لەپێناوی رزگارکردنی قودسو گەڕانەوەی شکۆمەندی دەوڵەتی عەبباسیو زیندووکردنەوەی بنەماکانی جیهاد لەپێناوی خودادا دژی بێ باوەڕەکان لەهەموو شوێنێك[89]، نزیکەی ساڵی (٥٨٢ك/ ١١٨٧ن)

---

٨٦ العماد الكاتب: الفتح القسى، ل١٧–٢٥" ابن شداد: س.پ، ل٢١–٢٣" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٤٨، ١٥٧، ١٨٥" يوسف: الوحدة وحركات اليقظة العربية ابان العدوان الصليبي، ج٤/ ل٢٨.

٨٧ مصطفى: صلاح الدين، ل٩٩" نوري: الفكر العسكرى للقائد صلاح الدين الايوبى، مجلة المورد، العدد ٤، ل٧٠.

٨٨ القلقشندي: صبح الاعشي، ج٣/ ل٨٥.

٨٩ مصطفى: س.پ، ل١٥٤" نورى: الفكر العسكرى، مجلة المورد، العدد٤، ل٧١.

سەلاحەددین لەزامنكردنی سنووری دەوڵەتە پانو بەرینەكەی بووەوە، هەروەها بەگونجاوترین ڕێگەو شێوازی لەبار ڕاهێنانو مەشقی بەسوپاو هێزەكەی تەواوكردو پڕ چەكی كرد، بە شێوەیەك سوپاكەی یەكخست كە بۆ شەڕكردن لەگەڵ خاچ دروشمەكاندا بگونجێت،[٩٠] موسڵمانەكان لەسەرەتای شەڕەكانی خاچ دروشمەكاندا لەبەر نەزانینو ئاگادار نەبوونیان بەهەلو مەرجی هێزەكانی خاچ دروشمەكان شكستیان دەهێنا. بەلام پاش تەواو بوونی قۆناغی یەكەمی شەڕەكە، سەلاحەددین شارەزای هەموو ئەو شێوازانە بوو كە لای خاچ دروشمەكان هەیە و پلانێكی ستراتیژی دوورمەودای داڕشتو پاش ئەوە شەڕی لەگەڵ كردنو بەسەریاندا سەركەوت[٩١]، هەمیشە سەلاحەددین لەڕووی دەروونی ورەیی سەربازەكانی ئامادە دەكرد، و گیانی مەعنەوی بەرز دەكردنەوەو گرنگی دەدا بەلایەنی هۆشیاری لەنێوانیانداو ئەوەی بۆ ڕوون ئەكردنەوە كەئەو میرنشینانەی خاچ دروشمەكان لەشامدا دایان مەزراندووە ولاتی ئەوانەو زەوت كراوەو ئەبێت بۆیان بگەڕێتەوە[٩٢]، ئەمەش بۆ خۆی لەهۆشیاركردنەوەی هێزەكەیدا كاریگەریی دەروونی گەورەی لەسەر ورەی موسڵمانان بەجێ هێشت[٩٣]، سەلاحەددین پێی لەسەر فاكتەری ئایینی بۆ شەهید بوون لەڕێگەی خودا دائەگرتو فەرمانی دەركرد بۆ ئەوانەی كەلەناو سوپادا ئامۆژگەرو گوتار بێژن كەئەو پاڵنەرە لەدەروونی سەربازەكاندا بەهێز بكەن، چونكە سەردەمی سەلاحەددین زیاتر ڕوویەكی جیهادی هەبووە، بەیەكێكیش لەبنچینە

---

٩٠ ایلیسیف: س.پ، ل٤٦٥" المعاضیدي: الوطن العربي والغزو الضلیبي، ل١٦١.

٩١ زماني: بحوث حول النظام العسكری فی الاسلام، ل١٣٤.

٩٢ ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل٧" سعداوی : التاریخ الحربي، ل١٧٣" عاشور: الحركة الصلیبیة ج٢/ ل٨٠٠.

٩٣ حمزة: ثلاث شخصیات فی التاریخ، ل٢٨٢.

ستراتیژییەکانی ئەیوبییەکان دائەنرا لەپەیوەندییە دەرکیەکاندا، لەو شەڕو مامەڵە کردنانەیاندا کەلەگەڵ خاچ دروشمەکان هەیان بوو[٩٤]، کاریگەریی شەڕەکانیش زیاتر رەگەزێکی جیهادی هەبوو یارمەتی دەرو بزوێنەری راستەقینەو پاڵنەرێکی سەرەکی سوپای ئەیوبی بوو، چ لەسەر ئاستی تاکە کەس و چ لەسەر ئاستی سەرکردایەتی بۆ ئەوەی جیهاد ببێتە چەقی بیری ئیسلامی لەمامەڵە کردن لەگەڵ ئەوانی تردا... سەرباری ئەمەش سەلاحەددین دەرکی کردبوو بەوەی جیهاد گەنجینەیەکی شۆڕشگێڕانەیەو توانای جولاندنی گەلانی موسڵمانی هەیە لەکاتی مەترسیەکاندا، بەتایبەتی مەترسی خاچ دروشمەکان[٩٥]، هەروەها باس کردنی بەسەرهاتی پێشینە چاکە خوازەکانی لەم ڕێگایەدا تاوەکو سەربازەکان لەلوتکەی رازی بوون و بەختەوەریدا خۆیان لەپێناو پەروەردگاردا بکەنە قوربانیو ئەو کات دڵنیان لەوەی دوای شەهید بوونیان بەهەشتێك چاوەڕوانیانە[٩٦]، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە:

{وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ}[٩٧]، بێگومان ئەمە ئامانجێکی دەروونی ستراتیژی بوو لای سەلاحەددین بۆ ئەوەی حاڵەتێکی دەروونی لەنێو ریزی سەربازەکانیدا بخولقێنیو ورەیان بەرز بکاتەوە بەهەموو توانایەکی سەربازییەوە بۆ

٩٤ یوسف: العرب والروم واللاتین، ج١/ ل٩٤.

٩٥ ابن شداد: س.پ، ل٤٨" ابوشامة: الروضتین، ج٢/ ل٢٢١-٢٢٢" یوسف: العدوان الصلیبي علی مصر، ج٢/ ل٤٢.

٩٦ شدید: الجهاد في الاسلام، ل٩٠-٩٣.

٩٧ (پەلە بکەن بۆگەیشتن بەبەخشینی پەروەردگارتانو بەهەشتی کەهەراوی بەئەندازەی ئاسمانەکانو زەوینەو سازکراوە بۆ ئەوانەی لەخواترسن). سورەتی ال عیمران: ئایەتی ١٣٣، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار.

بەگژاچوونی خاچ دروشمەکان ئامادەیان بکات، ئامانجی ستراتیژی سەلاحەددین لەشەڕەکاندا گێڕانەوەی هەموو ئەو زەویانە بوو کە خاچ دروشمەکان داگیریان کردبوون لەکۆتایی سەدەی (٥ك/١١ز)و لەپێناوی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەدا، سەلاحەددین جۆرەها شێوازی گرتەبەر لەرێگەی ڕوو بەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ دوژمن، یان لاوازکردنی لەڕووی ئابوورییەوە، و ئیفلیج کردنی ورەیان و ئابلۆقە دانیان لەخاڵی راگیربوون کەخۆیانیان پێ بەهێز کردووە، هاوکات سەلاحەددین جۆرەها تەکتیکاتی گرتەبەر بۆ ئەوەی خاچ دروشمەکان بکەونە داوییەوە[98]، لێرەوە دەرئەکەوێت کە سوڵتان سەلاحەددین لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت و سەرکردایەتی کردنی سەربازەکانیدا دژ بەخاچ دروشمەکان ئامانجی دەروونیی ستراتیژی هەبووە، لەقۆناغی یەکەمدا سەلاحەددین هەوڵیدا هێزە موسڵمانەکان لەژێر ئالای سەرکردایەتی خۆیدا یەکبخات، پاش ئەوەش قۆناغی دووەم کەجیهادە دژ بە خاچ دروشمەکان دەستپێکرد.

بێگومان سەرکەوتنی هەر سەرکردەیەك بەندە بەتوانای لە هەڵبژاردنی شوێنێکی گونجاو بۆ سوپاکەی لە کاتی جەنگدا، بەشێوەیەك ساغ و سەلامەتی سوپاکەی مسۆگەر بکات، بەم جۆرە سەلاحەددین مەبەستەکانی بەکارهێنانی جەنگی دەروونی ستراتیژی لەم شەڕەدا دژ بە خاچ دروشمەکان پراکتیزە کرد، بێگومان سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی دوژمن بەشێکە لە ستراتیژیەتی فاکتەر کە زۆرجار فەرماندە سەربازیەکان لە میانەی ئەو هەڵانەوە پیلانی دائەڕشت[99]، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئامادەیی و خۆسازدان لە پێناو ترساندنی دوژمندا، خۆی لەخۆیدا جەنگی

---

٩٨ حسین: س.پ، ل٢٠٦.

٩٩ الخلفات: العسكرية الاسلامية وقادتها العظام، ل٥٩.

دەروونـی سـتراتیژییە، لـەم بارەیـەوە خـوای گـەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا دەفـەرموێت: {وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَـبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لا تُظْلَمُونَ}[١٠٠].

بێگومان ئەوپیلانە دەروونییە ستراتیژییەی کە سوڵتان سەلاحەددین دای ئەڕشت و ئاراستەی دەکرد، ڕاستەوخۆ کاری دەکردە سەر خاچ دروشمەکان ولەهێزو توانای سوپای دەوڵەتی ئەیوبی دەترسان، هەرچەندە ژمارەیان زۆر بوو، خاوەن سێ میرنشینی خاچیش بوون لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا و جگە لەتوانا ماددیو سەربازییەکانیان، لەگەڵ سوود وەرگرتن لەهەڵەکانیان، بۆیە دەتـوانین بڵـێین چـاکترین دەسـکەوتی ئـەم جەنگـە دەروونییـە بـۆ سـوڵتان سەلاحەددین بڵاوبوونەوەی تواناو لێهاتوویی ئەم سەرکردەیە بوو، هاوکات لەگـەڵ بـاڵا بـوونی ناوبـانگی لەچوارچێوەی جیهـانی ئیسـلامی بـۆ وڵاتـانی ئەورووپا.

---

١٠٠ واتە (تا بۆو دەکرێ چەكو جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدا بکەن" دوژمنـی پـێ بترسێنن، کە دوژمنـانی خوداشـن. غـەیری وانیش دوژمنو هـەن نایـان ناسـن. بـەلام خودا دەیان ناسێ. هەر ماڵێکی لە ڕاهی خودای بەخت بکەن، خودا دەیبژێرێتـەوەو هـیچ ناهەقی قبوڵی ناکرێ). (سورەتی ئەنفال: ئایەتی ٦٠. وەرگێڕانی ماموستا هەژار).

بەشی سێیەم
جەنگی دەروونی تەکتیکی

The Tactical Psychological Warfare

جەنگی دەروونیی تەکتیکی

جەنگی دەروونیی تەکتیکی بەجەنگی مەیدانی یان جەنگی کورت خایەنیش ناودەبرێت کە لەبەرەکانی جەنگدا ئاراستەی ڕێکخستنەکانی دوژمن دەکرێ و تایبەتە بە ناوچەیەك یان بەرەیەکی جەنگیی دیاری کراو، مەبەستیش لەم شێوازە لاواز کردنی ورەی کەرتەکانی ئەو بەرەیەیەو ئامانجیش لێی خۆبەدەستەوەدانی دوژمنە، [1] هەروەها ئەم جۆرە جەنگە دژی ئەو مەدەنیانە بەرپادەکرێ کە دەکەونە ناوچەی چالاکییە سەربازییەکان و ڕازیکردنی دوژمن بەوەی کە ئەو مەسەلەیە لە پێناوی جەنگدا دەیکەن مەسەلەیەکی ڕەوا نییەو بۆ دروست کردنی گومان لە نێوان سەربازو سەرکردەکانی دوژمن و لاواز کردنی ورەیان[2]. لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەدا سوڵتان سەلاحەددین توانی یەکەم جەنگی دەروونیی تەکتیکی ئاراستەی سەربازانی سودان بکات، کاتێك ئەم سەربازانە بەهۆی کوشتنی فەرماندەکەیانەوە (جوهر بن عبدالله)ی موئتەمەنی خەلافەت هەڵگەڕانەوە، و کۆبوونەوە بۆ شەڕی ئەیوبییەکان و نزیکەی (٥٠) هەزار سەرباز دەبوون، شەڕ لە نێوان هەردوو لادا بەگەرمی بەرپا بوو، بە سەرکەوتنی سەلاحەددین و دۆڕاندنی سودانیەکان کۆتایی هات[3]، کاتێك سوڵتان فەرمانی‌دا بە سووتاندنی گەڕەکەکەیان کە بە (المنصورە) [4] ناسرا بوو

---

١ الدباغ: علم النفس العسكري، ل١٧٩" السيد: اضواء على الحرب النفسية، ل٤٣" علي: معركة الكلمة، ل٦٨.

٢ حاتم: س.پ، ل١٨٧" زناد: س.پ، ل١٥.

٣ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٠٣-٢٠٤" أبن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٢٨٣" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٧١" العسلي: صلاح الدين الايوبي، ل٩٢" غنيم: الدولة الايوبية والصليبيون، ل٢٢.

٤ (المنصورة): گەڕەکی (المنصورية)، دەکەوێتە دەرەوەی دەرگای (زويلە)، لای ڕاستی، گەڕەکێکی زۆر بەر بڵاو بوو. سودانیەکان لەو گەڕەکە نیشتەجێ بوون، پاش ئەو ڕووداوەو لەسەر فەرمانی سوڵتان

نزیکی (باب زویله)[٥] و (تورانشاه)ی برای سەڵاحەددین بەهێزی شمشێر توانی لە قاهیرە شار بەدەریان بکاتو لە شاری (جیزە) نیشتەجێ کران[٦]، ئامانجی سەڵاحەددین لەو کارە کۆتایی هێنانی ململانێو پاڵنانیان بوو بۆ حاڵەتێکی دەروونی خراپو خۆ بەدەستەوەدان و مل کەچ بوون بۆ مەرجەکانی، بۆ سەلماندنی ئەم بۆ چوونە (الجبرتی) دەڵێت: (خەلیفە العاضد)[٧] "خۆی دانەری ئەم پیلانە بوو لە دژی سەلاحەددین بەمەبەستی ڕزگار بوونیان لەداورودەستەی سوڵتان لە وڵاتی مصر".[٨]

تاکتیک مانای هونەری جەنگە لە گۆڕەپانی شەڕدا کە لە پێناو لاواز کردنی دوژمن پیادە دەکرێت یا ڕاستەوخۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان و بەردەوام بوون لەم کارەدا دوژمن ماندوو دەکات و تووشی دۆخێکی شڵەژاوی دەکات،[٩] بێگومان تاکتیکی سەرکەوتوو دوژمن

سەلاحەددین لەلایەن میر (خطاب بن موسى) وێران کرا، و دانیشتوانەکەی ڕاگوێزکران بۆ ناوچەی (الصعید)، پاشان شوێنەکیان بوو بە باخ. (یاقوت الحموي: س.پ، مج٤/ ل٣٣٠).

٥ (باب زویلة): یەکێکە لەچوار دەرگاکانی شاری (القاهرە)، کەوا سەرکردە (جوهر) لەگەڵ درووست کردنی شارەکە درووستی کردوون، بەناوی یەکێك لە هۆزە بەربەرییەکانی ڕۆژئاوا کە لەگەڵیدا بوون، و لە ساڵی (٤٨٥ك/١٠٩٢ز) دەرگای (زویلە)ی گەورە لە لایەن میری سوپا (بدر الدین الجمالي) دروست کراوە، هاوکات یەکێك بوو لەدەرگا بەهێزەکانی ئەم شارە. (القلقشندي: صبح الاعشى، ج٣/ ل٤٤٨-٤٤٩" مبارك: الخطط التوفیقیة، مج٣/ ل٢٣٦).

٦ ابن كثیر: البدایة والنهایة، ج١٢/ ل٣٤٤" ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٨٣" المقریزي: اتعاظ الحنفاء، ل٣٦٣" الخطط، ج٢/ ل١٩" ا.ر. جب: صلاح الدین الایوبي، ل١٢٠" عاشور: الحركة الصلیبیة، ج٢/ ل٧٠٧-٧٠٨.

٧ (خلیفة العاضد) ناوی (عبدالله بن یوسف بن حافظ)، لە ساڵی (٥٥٥ك/١١٦٠ز) بووەتە خەلیفەی فاتمیەکانو دواخەلیفەشیانە، لە ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز) کۆچی دوایی کردووەو لە قاهیرە بەخاك سپێردراوە. (ابن خلكان: س.پ، ج٣/ ل١٠٩).

٨ عجائب الاثار في التراجم والاخبار، ج١/ ل٤٩.

٩ عبد القادر: الاعلام والدعایة، ل٣٣٩.

دەترسێنیّ و لاوازیشی دەکات، ئەم شێوازە بوو کە سوڵتان سەلاحەددین و فەرماندەکانی پیادەیان دەکرد[10].

سەرەڕای ئەوەی ئامانجەکانی جەنگی دەروونی یەك شتە، بەڵام هۆکارو کەرەستەکانی جیاوازی هەیە لەنێوان جەنگی دەروونی تاکتیکی و ستراتیژی، مەبەست لەم جەنگەکۆتایی هێنانە بە کێشەکان و پاڵ نانە بە دوژمن بۆ دروست کردنی حاڵەتێکی دەروونی، ئەویش حاڵەتی شکست و دۆڕاندنەو لەئەنجامدا خۆبەدەستەوەدانە بەلایەنی سەرکەوتوو، هەربۆیە دوای مردنی (نورالدین محمود) سەلاحەددین لەڕوودانی کێشەو گێرە شێوێنی و ناکۆکیەکانی ولاّتی شام بێ ئاگا نەبوو، بەڵکو زۆر بەهەستیارییەوە تەماشای ڕووداوەکانی دەکردو چاوەڕێی هەلێکی شیاوی دەکرد بۆ ئەوەی بچێتە ناویەوە، سەلاحەددین سیاسەتی وابوو نەیدەویست خەڵکی شام لەبەر چوونی بۆ ناو ولاّتەکەیان لێی هەڵسن و ڕاست ببنەوە و لەترسی ئەوەی نەوەکو دژیشی بوەستن و ئاستەنگ بخەنە ناو کارەکانیەوە بەردەوام نامەی بۆ پادشا (الملك الصالح اسماعيل) دەناردو ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆی بۆ دووبارە دەکردەوە، لەدوای ئەمەش ترسی خۆی لەسەر بەرژەوەندییەکانی پادشا بۆ شامییەکان نیشاندا[11]، بێگومان هەر سەرکردەیەك لەو سەردەمەدا هەوڵی سەر لەنویّ بنیاد نانەوەی باری سیاسی بدابووایە، ئەوا دەبوایە بەخۆ ئامادە کردنەوە بەرپەرچی ئەو میرنشینە زەنگیانەی بدایەتەوە کە لەناوچەی شام و جەزیرەدا هەبوون[12]. بەتایبەتی لەلایەن ئەو کەسانەی باوەڕیان وابوو ئەوان مافی جێگرتنەوەی پادشای چاکە خواز (نورالدین محمود)یان هەیە ڕووبەڕووی ناڕەزاییەکی

---

١٠ حسين: الجيش الايوبي، ل٢٠٧.

١١ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٢٥١،٢٤٣.

١٢ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٢٢٤" أبوشامة: الروضتين، ج٢/ ل٢٨-٣٧" قاسم: س.پ، ل١٤٢.

توند دەبوووەوە، لەڕووبەڕووبوونەوەکانی (أبن المقدم)[١٣] و (سعدالدین کمشتکین)[١٤] بۆ سەلاحەددین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت[١٥].

سەلاحەددین لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ دوژمنەکانیدا بەمەبەست دروشمی (شەڕ لە پێناوی خوادا) یان (کارکردن لەپێناوی ڕزگارکردنی قودسی) بەرز دەکردەوە کە پێشتر باسمان لێوە کرد[١٦]، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە {وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ}[١٧]، ئەمەش وەك هۆکارێکی دەروونی کاریگەر بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە شام و بێ هیچ نەیارێك فەرمانڕەوایی بکات، چونکە بەبێ ڕاگەیاندنی ئەو دروشمە و بەبێ بەکارهێنانی ئەو شێوازە تاکتیکیە دەروونییە و ئاگادار کردنەوەی لایەنە بەرپرسەکان بەوەی مەبەستیەتی دەنگەکان یەك بخات بۆ شەڕ کردن لەگەڵ خاچ دروشمەکان و ڕزگارکردنی قودس، نەیدەتوانی بەنووکی ڕم نەبێت بچێتە شامەوە، ئەگەر

---

١٣ ابن المقدم: ناوی (شمس الدین محمد بن عبد الملك)ە، یەکێك بوو لەگەورە میرەکانی (نورالدین محمود) پاشان سەلاحەددینی ئەیوبی، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە شەڕی خاچ دروشمەکان، لە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) لەکاتی بەجێ هێنانی ئەرکی حەج کوژرا، کەمیری حاجیەکانی شام بوو، بەدەستی حاجیەکی عێراقی بەناوی (مجیر الدین طاشتکین). (ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل١٠٥، ابن العماد: شذرات الذهب، ج٤/ ل٢٧٦" الغساني: العسجد المسبوك والجوهر المحکوك في طبقات الخلفاء والملوك، ل٢٠١).

١٤ (سعد الدین کمشتکین): یەکێك بوو لەسەر لەشکرەکانی (نور الدین محمود)، لەسەردەمی ئەو والی موصڵ بوو، پاش (نورالدین محمود) بەرەو شاری (حلب) هەڵهات و چووە خزمەتی (شمس الدین بن دایة) دواتر لەگەڵ (الملك الصالح)دا بوو قەڵای (حارم)ی دایە، لە ئەنجامی کارەکانی ساڵی (٥٧٣ك/١١٧٧ز) کوشتی. (ابن الأثیر: الکامل، مج٧/ ل٢١٥-٢١٧" ابن خلکان: س.پ، ج٧/ ل١٦٨" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٨١).

١٥ ابن الأثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٥١" العسلي: صلاح الدین الایوبي، ل١٢١-١٢٢" العبدة: أیعید التاریخ نفسة، ل١١٧.

١٦ ایلیسیف: س.پ، ل٤٤٧" یوسف: العرب والروم واللاتین، ج١/ ل٩٥" مصطفی: س.پ، ل١٥٧.

١٧ واتە (بەدڵ و داو- وەك پێویستە - لەڕێی خودا بچنە خەزا). (سورەتی حەج، ئایەتی ٧٨، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

بشـچووایه نەیـدەتوانی تیایـدا بمێنێتـەوە[18]، لەبـەر ئـەوەی ڕووبـەڕووی بەرهەڵستەیەکی توند دەبووەوە، بەڵام سەلاحەددین زانی چۆن ڕەفتار بکاتو چ پیلانێکی تاکتیکی بگرێتە بەر.

ئەوەی سـەلاحەددین چاوەڕێی دەکـردو هیـوای بۆدەخواسـت داواکردنـی بوو لەلایەن خەڵکی شامەوە،[19] ئەمەش بۆی بوو بە باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی دەست لەکاروباری وڵاتیان وەربدات، ئەوە بـوو ساتێك دوا نەکەوت، بەڵکو پەلـەی کـرد لەڕۆیـشتن، و مـصری بـەجێ هێـشتو گەیـشتە (بـصری)[20] میرەکـەی پێـشوازیەکی گـەرمی لێکـردو پاشـان ڕووی لـە دیمەشـق کـرد لـە مـانگی (ڕەبیعـی یەکـەمی سـاڵی ٥٧٠ك/١١٧٤ز) گەیـشتە نـاو دیمەشـق و چووە ناو خانووی باوکی کە بە (العقیقی)[21] ناسراوە، تاوەکو قەڵاکەیان دایە دەسـتی[22]. پـاش ئـەوەی سـەلاحەددین کۆتـایی بـە ڕزگـارکردنی دیمەشـق هێنا، کاروباری ئەم شارەی ڕێکخستەوە کەلەپێشدا خراپیان کردبوو، ئینجا دایـە دەسـت براکـەی (سـیف الاسـلام طغـتکین)[23]، پاشـان بـای دایـەوە سـەر (حمص)، کۆنترۆڵی کرد تەنیا قەڵاکەی نەبێت[24]، پاشان ڕۆیشت بۆ (حماە)[25]

---

١٨ ابن الآثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٥٢" مصطفی: س.پ، ل١٥٣.

١٩ ابن الآثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٥٢" ابو شامة: الروضتین،ج١/ ل٢٣٦" ابن العدیم: زبدة الحلب، ج٣/ ل١٥-١٨" ابن العبري: تاریخ مختصر الدول، ل٣٧٥" قەفتان: س.پ، ل٢٢٨.

٢٠ بصری: شارێکە لە وڵاتی شام سەر بەدیمەشقە. (یاقوت الحموي: س.پ، مج١/ ل٣٤٨).

٢١ العقیقی: شوێنی (العقیقی) ئەمڕۆ لە (باب البرید) لە خانەی کتێبی (الظاهریة) لە دیمەشق. (مصطفی: س.پ، ل١٥٨).

٢٢ ابن الآثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٥١-٢٥٢" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢٠" المعاضیدي : س.پ، ل١٥٩.

٢٣ سیف الاسلام طغتکین: کوڕی (أیوب بن شادی)ە، نازناوی (الملك العزیز) بوو، پیاوێکی ئازاو ژیر بوو هاوکات ئەدیب بوو، سوڵتان سەلاحەددینی برای بۆ وڵاتی (الیمن)ی ڕەوانە کرد، لە ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز) چووە شاری (مکە)، پاشان هـەموو (الیمن)ی کۆنترۆڵ کـرد. (الخزرجي: العقود اللؤلؤیة، ج١/ ل٢٩" ابن خلکان: س.پ، ج١/ ل٢٣٧" المقریزي: السلوك، ج١/ ل١٦٨" الزرکلي: س.پ، ج٣/ ل٢٧٧).

٢٤ البنداري: سنا البرق الشامي، ج١/ ل١٨٠" سبط ابن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٣٢٨" ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٥٥.

ئەوەی بە (عز الدین جوردیک)ی فەرمانڕەوای ڕاگەیاند کە بۆ ئەوە هاتووە وڵات لە دەستی خاچ دروشمەکان بپارێزێ، فەرمانڕەوای (حماه) باوەڕی بە قسەکانی هێنا و (حماه)ی بەدەستەوە دا[26]، پاشان (جوردیك) ئامادەیی دەربڕی ببێت بە نێردراوی سەلاحەددین و بچێت بۆ لای (سعد الدین کمشتکین) خاوەنی (حلب)، بەڵام هەوڵەکانیان ئەنجامی نەبوو، ئەوە بوو (جوردیك) لەگەڵ (شمس الدین أبن دایە)[27] لەلایەن (کمشتکین) خرانە بەندیخانەوە[28]، هەروەها (کمشتکین) لەم سنوورە نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ (سیف الدین غازی) میری موسڵ نامەی گۆڕیەوە و داوای لێکرد هێزەکانی موسڵ بچنە پاڵ هێزەکانی (حلب)[29]، هەروەها حاکمی شاری (طرابلس)[30]ی بۆلای میری خاچ دروشمەکان (الکونت ریموندی سێیەم)[31] نارد بەڵێنی پارەیەکی زۆری پێدا ئەگەر هاتوو بتوانێ سەلاحەددین لە (حلب)

---

٢٥ حماه: بریتییە لە ناوچەیەکی شاخاوی دەڕوانێتە سەر شاری (حماه)و ڕووباری (عاصی) و پێکهاتووە لە دوو قەڵای بەرامبەر. (ناصر خسرو: س.پ، ل٤٦" یاقوت الحموي: س.پ، مج٢/ ل١٨٠-١٨١).

٢٦ ابن خلدون: تاریخ أبن خلدون، ج٥/ ل٢٥٥" ابن العماد: س.پ، ج٢/ ل٢٣٦.

٢٧ شمس الدین ابن دایە: لەسەردەمی (نور الدین محمود) والی شاری (حلب) بوو، هاوکات یەکێك بوو لە گەورە میرەکانی، پاش کۆچی دوایی (نور الدین محمود)، لەگەڵ (کمشتکین) ڕێککەوت بۆ پێشڕەوی کردن بۆ شاری دیمەشق و هێنانی (الملك الصالح اسماعیل)، بەڵام هەوڵەکەیان ئەنجامی نەبوو کە لەلایەن (أبن المقدم) شکستی پێهێنرا. (أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٦).

٢٨ أبن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ج٥/ ل٢٥٥.

٢٩ ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣١" أبو الفداء: س.پ، ج٢/ ل١٣٦-١٣٧" النویري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٧٦.

٣٠ طرابلس: شارێکە لە وڵاتی شام ، ئاوی دەریا لە سێ لاوە دەوری دابوو، و یەکێکە لە پێگەکانی وڵاتی شام. (الحمیري: الروض المعطار ، ج٣/ ل٣٩٠).

٣١ الکونت ریموندی سێیەم: لە ساڵی (٥٣٥ك/١١٤٠ز) لەدایك بووە، لە ساڵی (٥٥٩ك/١١٦٤ز) بەدیلی گیرا لای (نور الدین محمود)، لە ساڵی (٥٦٩ك/١١٧٤ز) ئازاد کرا، لەوکاتەوە ببووە (چاودێر- وصي) لەسەر پادشا (بلدوینی چوارەم)، لەپاش شەڕی (حطین) کۆچی دوایی کرد. (أبن الأثیر: الکامل، مج٧/ ل٣١٩-٣٢٠" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢٤" عاشور: الحرکة الصلیبیة، ج٢/ ل٧٤٤).

دووربخاتـەوە[32]، (سعد الـدین کمـشتکین) بـەو پەیوەندیـە نەوەسـتا، بـەڵکو پەیوەندی بە (راشد الـدین بن سنان)ی[33] رابەری (ئیسماعیلیەکان) کرد لـە وڵاتـی شـام، و پـەیمانی پارەیـەکی زۆری دایـە، بـەو مەرجـەی بتوانـێ سەڵاحەددین بکوژێت[34]، (راشد)ی ئیسماعیلی وەڵامی داواکاریەکەی (سعد الـدین کمـشتکین)ی دایـەوە، بـەڵام هەوڵەکـەی سـەرکەوتوو نـەبوو، بـەڵکو سەڵاحەددین دەست بەجێ توانی کۆمەڵێك لە (ئیسماعیلیەکان) بکوژێت[35]، بەڵام هەڵوێستی سەڵاحەددین لـە ئاسـت جموجۆڵی سەربازەکانی موسڵ و حەلەب کە دژ بەو بوون، ئەوە بـوو بـە هـەموو شێوازێکی تـاکتیکی دەروونی کـاری بـۆ رێگـرتن لـە بـەرپا بـوونی جـەنگ لەنێوانیانـدا دەکـرد[36]، هـەموو رێگەیەکی ئاشتیخوازانەی ئەگرتە بەر بۆ گەیشتن بە مۆرکردنی رێککەوتنێك لەنێوانیاندا کە جێبەجێ کردنی یەکێتییەکی سیاسی بەهێز زامن بکات و لەرێگەیـەوە بتوانێـت دژ بـەخاچ دروشمـەکان بوەسـتێت، لەهـەمان کاتـدا بتوانێت هێڵەکانی گەڕانەوە دابین بکات و لەپشتەوە رێگە لە دوژمن بگرێت

---

٣٢ البنداري: س.پ، ج١/ ل١٨٢" ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٣٨٤.

٣٣ راشد الدین بن سنان: خەڵکی گونـدی (عقر)ەی نزیك شاری (بصری) لـە کاتی سەردانی بۆ قەڵای (الموت) لەلایـەن خاوەن قەڵاکەوە رەوانـەی وڵاتی شام کرا بۆ رابەرایـەتی کردنـی (ئیسماعیلیەکان) لـەو ناوچەیە دوای ئـەوەی هەستی بـە لێهاتوویی و توانایی هـزری کـرد، هـەروەها هەندێ رووبەڕووبوونـەوەی هەبوو لەگەڵ (نور الدين محمود)، ساڵی (٥٨٩ك/١١٩٣ز) کۆچی دوایی کرد. (سبط أبن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٤١٩" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل١١٧" ایڤانوف: دائرة المعارف الاسلامية، ج٩/ ل٤٦٩" بەڵام ابن جبیر باسی دەکات و دەڵێ: "مرۆڤێکی شەیتانە". رحلة أبن جبير، ل٢٢٥.

٣٤ العمري: مسالك الابصار، ج٢٧، ورقة ٦٥" الحنبلي: شفاء القلوب، ل٨٦" ا.ر.جب: صلاح الدين الايوبي، ل١٢٤" بروكلمان: تاريخ الشعوب الاسلامية، ل٣٥٤.

٣٥ ئەمە یەکەم پرۆسەی تیرۆر کردنی سوڵتان سەڵاحەددین بوو لەلایەن ئیسماعیلیەکان کەچەند جارێکی تریش هەوڵی بێ ئاکامی تیرۆریان دەدا، (أبن الآثير: الكامل، مج٧/ ل٢٥٣" سبط أبن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٣٢٨" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢٤).

٣٦ ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٦٩" ایلیسیف: س.پ، ل٤٤٩، سعداوي: التاريخ الحربي، ل٦٣.

و گەماڕۆیان بدات،[٣٧] لەهەموو بارێکدا سوڵتان سەلاحەددین لە شەڕی موسڵمانان دەترسا، لەبەر ئەوەی خوێنی موسڵمانەکان یەك خوێنە، ڕێگەی تاکتیکی دەروونی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هەڵچوونی موسڵمانەکان دابمرکێنێتەوە و لەنێوانیاندا خوێن نەڕێژێ[٣٨]، بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژ سوودیان لێ وەرگرێت و خوێنیان بە فیڕۆ نەچێت، هەرچەندە هەوڵەکانی سەری نەگرت و بە بەرپا بوونی جەنگ لە گردۆڵکەی (حماه) لەنێوانیاندا کۆتایی هات و لەڕۆژی (یەك شەممە ١٩ی ڕەمەزانی ساڵی ٥٧٠ك/ ١٣ی نیسانی ساڵی ١١٧٥ز) سەلاحەددین بەسەرکەوتنێکی یەکجارەکی بەسەریاندا زاڵ بوو[٣٩]. و پاش شکست هێنانی بەلایەنگرانی (نور الدين محمود) هیچ دڵ ڕەقانە ڕەفتاری لەگەڵ نەکردن وەکو لەو ئایەتەدا هاتووە: {وَلا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ}[٤٠]،ئەوە بوو شێوازێکی دەروونی تاکتیکی نوێی بەکارهێنا، ئەویش (بەدوای هەڵهاتووان نەکەوت، ئازاری برینداره‌کانی نەدا، هاوکات دیلەکانی ئازاد کرد)[٤١]، هەتاوەکو گوتویانە لەو شەڕانەدا (٧) حەوت کەس زیاتر نەکوژراوە[٤٢]، لەبەر ئەوەی سەلاحەددین مەبەستی بوو متمانەو ڕێزی ئەو موسڵمانانەی کە شەڕی لەگەڵ دەکردن مسۆگەر بکات، دەیویست بەلای خۆیدا رایانکێشێت لەچوارچێوەی ئامانجە تەکتیکیەکانی لەگەڵ خاچ

---

٣٧ العريني: الشرق الادنى في العصور الوسطى (الايوبيون)، ل٥٩.

٣٨ العسلي: صلاح الدين الايوبي، ل١٨١.

٣٩ ابن شداد: س.پ، ل٥٧" البنداري: س.پ، ج١/ ل٨٦" أبن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٧٥" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٢٣.

٤٠ واته (چاکەو خراپە هەمەبەر نین، تۆ هەمیشە وەرامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێك لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت). (سورەتی فوسیلەت، ئایەتی ٣٤، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

٤١ ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٣٨٤.

٤٢ المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٦٨.

دروشمەکانــدا وەك یارمەتیــدەرێك بــەکاریان بهێنێــت[٤٣]، پـــاش ئــەوە سەلاحەددین بەرەو (حلب) پێشڕەوی کرد بۆ ئەوەی ئابلوقەی بخاتە سەر[٤٤]، لەچوارچێوەی جەنگـە دەروونیـە تاکتیکییـەکانی تـوانی ئامـانجی خـۆی لـە تەپانـدنی ورەی دوژمـن بـەدیبهێنێت، هـەروەها تـوانی ڕیزەکانیـان پـەرش و بلاو بکات بەشێوەیەك کە بێزاری و نائومێدی و ترسان لەدەست پێکردنەوەی شەڕی خستە دڵ و دەروونی خەڵکی ناوچەکە، بەوپێیـەی شـەڕ دەبێتە هـۆی مردن و ماڵوێرانی و هەژاری و نەبوونی[٤٥]، پاش ئەوە (حلب)یەکان نامەیان بۆ نـارد و داوای ڕێککـەوتنیان لەگەڵدا دەکـرد[٤٦]، سـەلاحەددین بـە گرتنـەخۆی (حلب) زۆر دڵخۆش بوو، چونکە دەسـکەوتێکی تاکتیکییـەو سەرکەوتنێکی سیاسییە، هاوکـات متمانـەی موسـڵمانان بـە سـەرکردەی نـوێ زیـاتر بـوو، بەشـێوەیەك شـاعیران و تاریێـژەکان گـەلێك قـسەو هـۆنراوەی بـەنرخیان بەسـەردا هـەڵگوت، تێـدا باسـیان لـە کـردەوەو چـاکەو ئازایەتیـە بـێ وێنەکانیان دەکرد بەهۆی ئەم سەرکەوتنەو ئەنجامە تاکتیکییەکەی لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکـان لەناوچەی شام و جەزیرە بەدەسـتی هێنـا، بۆ نموونـە قازی دیمەشق (محی الدین بن زکی)[٤٧] هۆنراوەیەکی لـە ستایـشی سـوڵتاندا گوت:

وفتحكم حلبا بالسيف في صفر

---

٤٣ ابن شداد: س.پ، ل٤٢-٤٣" نوري: س.پ، ل١٩٥-١٩٦.

٤٤ أبن العبري: س.پ، ل٣٧٦" حسن: تاريخ الاسلام، ج٤/ ل١٠٥" العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ل١١٣.

٤٥ أبو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٥٩" الخطاب: الاسلام والنصر، ل٢٠.

٤٦ ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٠٠" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٧٧:

٤٧ قاضی محی الدین بن زکي:لە ساڵی (٤٤٣ك/١٠٥١ ز) لەدایك بووە، باپیری (ابن عساکر) بوو، زاناو ئیمامێکی بەتواناو لێهاتوو بوو، لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کرد. (ابن العماد: س.پ، ج٤/ ل١٠٥" ابن تغري بردي: س.پ، ج٥/ ل٢٦٦).

مبشر بفتوح القدس في رجب[٤٨]

بۆیە دەتوانین بڵێین دەستبەسەرداگرتنی حەلەب لەلایەن ئەیوبییەکان کارەساتێکی گەورە بوو بۆ خاچ دروشمەکانو شکستێکی دەروونیو سەربازی بوو بۆ هێزەکانیان، چونکە بۆ ئەیوبییەکان پەیوەندییە ستراتیژیی و تاکتیکیو سەربازییەکانی نێوان شامو مصری پتەوتر کرد[٤٩]، بەمەش سەلاحەددین توانی بە پشتیوانی جەماوەری موسڵمانان یەکێتیەکی بەهێز بنیاد بنێت نەك بەپشت بەستن بەسەرکردە سیاسیەکان لەنێو میرەکانی ناوچەکەدا[٥٠].

ئامانجی جەنگی دەروونی تەکتیکی جەخت کردنە سەر مەترسی شەڕو بڵاوکردنەوەی ئەوەی کە ڕاکردنو خۆ بەدەستەوەدان ئاسایش بۆ خەڵكو سەربازەکانیش مسۆگەر دەکات، و ئاسانکردنی داگیرکردنی شارەکان لە ڕێگەی بانگەشە کردنو خۆبەدەستەوەدانیان یان ناردنی نوێنەر بۆ لایان[٥١].

ئەو سەرکەوتنانەی سەلاحەددین لە حمص و گردۆلکەی (حماە) بەسەر نەیارەکانی بەدەستی هێنا ترسی خستە دڵو دەروونی خاچ دروشمەکان و لەتواناو هێزی سەلاحەددین بە ئاگا هاتن، ئەویش وای لێکردن بەناچاری ڕێگەی ئاشتی بگرنە بەر لە (مرج صفر)[٥٢] سەرەتای ساڵی (٥٧١ك/١١٧٥ز)

---

٤٨ سبط ابن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٣٧٧" أبوشامة: الروضتين، ج٢/ ل٤٧" ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٤١٤" البدليسي: س.پ، ل١٥١. (واتە: ڕزگارکردنی حەلەب بە شمشێر لە مانگی صەفەر، مزگێنییە بە ڕزگارکردنی قودس لە مانگی ڕەجەبدا).

٤٩ أبن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٢٦١. "عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل٧٨٠" Stevenson:the Crusades in the East, P.230 .

٥٠ أبن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٢٦١. "حسن: س.پ، ج٤/ ل١٠٦" العسلي: صلاح الدين الايوبي، ل١٤٢.

٥١ الدباغ: المرجع في الحرب النفسية، ل٤٩.

٥٢ مرج صفر: دەکەوێتە دەوروبەری شاری دمشق لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای. (یاقوت الحموى : معجم البلدان، مج٤ / ل٢٤٤)

کاتێـك نوێنـەری خـاچ دروشمـەکان دەگاتـە لای سـوڵتان داوای بەسـتنی ڕێککەوتنامەی نێوان هەردوو لای لێ دەکات، سوڵتان دوای ئەوەی مەرجیان لەسەر دادەنێت بەداواکەیان ڕازی دەبێت[٥٣]، چونکە خاچ دروشمەکان لەو ساڵەدا تووشـی نەهامەتیـەکی گـەورە هـاتبوون، هاوکـات ناوچـەی شـام ڕووبەڕووی قەیرانێکی خراپ هاتبوو[٥٤]، ڕەنگە خاچ دروشمەکان لە هێـزی سەلاحەددین ترسابن کە هەڕەشەی لێیان دەکرد، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە سەلاحەددین لەپشت ئەم ڕێککەوتنەوە ئامانجی خۆی هەبوو بۆ ئەوەی سەربازەکانی پشوویەك بدەن، بەتایبەتی دوای ڕێککەوتنیان لەگەڵ (حەلەب)یەکان، چونکە ناوچەی شام تووشی ئەو قەیرانە هاتبوو کە پێشتر باسمان لێوە کرد[٥٥].

گـرنگترین ڕووداو لەشـەڕدا ڕوخانـدنی ورەی دوژمنـە بـێ شـەڕ کـردن و کۆنترۆڵ کردنیەتی[٥٦]، لەو شێوازە تەکتیکیە دەروونییەی کە سەلاحەددین پیادەی دەکرد بەمەبەستی لاواز کردنی ورەی خاچ دروشمەکان، لە ساڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز)، سوڵتان فەرمانی دا بە سەربازەکانی کە ڕەزی (صفد) لە دەشتی (ئوردن) ناوچەی (بیت الاحزان)[٥٧] ببڕن، هاوکات فەرمانی بڕینی

---

٥٣ ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٥.

٥٤ چونکە بە هۆی کەمی باران بارینەوە ئەو ساڵە ناوچەی شام ڕوبەڕووی وشکە ساڵی بوو بوویەوە ، (ابن کثیر: س.پ، ج١٢/ ل٢٨٦" نوري: سياسة صلاح الدين، ل١٧٤.) ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆیەك بوو کە ناوچەکە توشی قات و قڕی هات کە کاریگەریەکی دەرونی خراپی هەبوو لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە بە گشتی و خاچ دروشمەکان بەتایبەتی.

٥٥ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٢٧٧" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٦" ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٢٨٦.

٥٦ تزو: فن الحرب، ترجمة- فاخر عبد الرزاق، الثقافة الاجنبية، عدد ١، ١٩٨٧، ل٢٢٠.

٥٧ بيت الاحزان: شارۆچکەیەکە لە نێوان دمشق و کەناری دەریادا، خاچ دروشمەکان ئەو ناوەیان لێنا، چوونکە دەڵێن ئەمە شوێنی یعقوب بوو لەوکاتەی یوسفی لێ وون بوو، خاچ دروشمەکان قەڵایەکی بەهێزیان تێدا دروستکرد.(سبط ابن الجوزي: س.پ، ج٨/ل٣٥٤" ياقوت الحموي: س.پ، مج١/ل٤٠٨).

درەختەکانیشی دابوو[٥٨]، ئامانجی سەلاحەددین لەپشت ئەم پرۆسە تاکتیکییەوە ڕوخاندنی ورەی دوژمن و لاوازکردنی بوو لە ڕووی ئابوورییەوە، بەشێوەیەك سەربازە خاچ دروشمەکان سوود لە چنینەوەی بەرهەمی میوەجات و درەختەکانی و دانەوێڵەکان وەرنەگرن[٥٩]، و ببێتە هۆی پەکخستنی ورەو هێزی دەروونی و شەڕکردنیان[٦٠].

بێگومان سوڵتان سەلاحەددین لە ئاڕاستە کردنی جەنگی دەروونی تاکتیکی بەردەوام بوو، کاتێك لەسەرەتای ساڵی (٥٧٨ك/١١٨٢ز) بەرەو قەڵای (الکرك) بەڕێکەوت، دوای چەند ڕۆژێك گەیشتە ئەو جێگایە، و تێبینی ئەوەی کرد کە خەڵکێکی زۆر لەخاچ دروشمەکان کۆبوونەتەوە[٦١]، (ابن شاهنشاه) دەڵێ: "لەنزیکیانەوە دابەزین، گەمارۆماندان تاوەکو بەرەو قەڵاکەیان هەڵهاتن، دەستمان بەسەریاندا گرت، هەموو کشتوکاڵەکانیانمان وێران کرد"[٦٢].

لەڕاستیدا ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی ئامانجەکانی جەنگی دەروونی تاکتیکی دەدات شکستەیەك لەدوای یەکەکانی دوژمن و نەیارەکان و ئەو زیانە گەورانەی کە پێیان دەکەوێت و هەڵوێستی لەرزۆکی دوژمن و کەمی بژێوی و بوونی سەرکردایەتی نەگونجاو و کارامە و دەنگوباسە خراپەکانی بەرەی ناوخۆی دوژمن و بەشداریکردنی دوژمن لەشەڕێکی درێژ خایەن و بوونی سوپایەکی بێ مەشق و بڵاوبونەوەی ترس و بێ باوەڕی لەنێوان

---

٥٨ أبوشامة: الروضتين، ج٢/ ل٨.

٥٩ ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٨٠" المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٨٠.

٦٠ حسين: س.پ، ل٢٠٨.

٦١ ابو شامة: الروضتين، ج٢، ل١١" ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥/ ل٣٠٠" شاكر: س.پ، ج٦/ ل٣٨٩.

٦٢ مضمار الحقائق، ل٩٣.

دانیشتوانی شارەکەیە[٦٣]. بۆنموونە پاش پشوویەك لەلایەن سوڵتان و سەربازەکانیەوە لە دەرەوەی حرانەوە، لەڕێگەی (دیاربەکر)ەوە لە (١٧ی ذی الحجة ساڵی ٥٧٩ك/١١٨٣ز) بۆ ئامەد[٦٤] دەرچوو، پاش گەیشتنیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێ گەمارۆی دان، لە ڕاستیدا شوێنێکی زۆر سەخت بوو، زۆر جاریش سەختی قەڵاکانی بە نموونە دەهێنرایەوە، بەڵام خراپی مامەڵەکردنی والی شارەکە، بووە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە شەڕدا بێ هێزو کەمتەرخەم بن[٦٥]، بەم شێوەیە سەلاحەددین ناکۆکی ناو شارەکەی قۆستەوە و پەنای بردە بەر شێوازێك لە شێوازەکانی جەنگی دەروونی تاکتیکی فەرمانی دا بڵاوکراوە بنووسن و تیایدا هەڕەشە لە خەڵکی شارەکە بکرێت کەبەردەوام بوونیان لەسەر شەڕکردن دەبێتە هۆی ڕیشە کێش کردنیان، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر شارەکە بدەنە دەست ئەوا مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا دەکرێت و بەپێی پێویست باج و سەرانە دەخاتە سەریان، سوڵتان فەرمانی دەرکرد کە بڵاوکراوەکان بەنووکی تیرەکانەوە بکرێن و بۆ ناوشاری (ئامەد)ی بهاوێژن تاکو بیخوێننەوە[٦٦]، لەم کاتەدا سەربازە ئەیوبییەکان توانیان درزێك بخەنە نێو قەڵای شارەکە و خەڵکی ناو قەڵاکە بەناچاری خۆیان بدەن بەدەستەوە و شارەکەیان خستە ژێردەستی سوڵتان سەلاحەددین، ئەم کارەش ئەو قەڵا نزیکانەی تری ئامەدی ناچار کرد کەخۆ

---

٦٣ عبدالله: س.پ، ل١٧.

٦٤ (ئامەد): شارێکی بەناوبانگە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دیجلەو شارۆچکەی دیاربەکرەوە، هەروەها مەزنترین و بەناوبانگترین شارەکانی بوو. (یاقوت الحموي: س.پ، مج١/ ل٥٦).

٦٥ ابن الأثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٩٩" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٨٦" ابن العبري: س.پ، ل٣٨١.

٦٦ ابن الأثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٩٩" أبوشامة: الروضتین، ج٢/ ل٣٩" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٣٥" ابن کثیر: س.پ، ج١٢/ ل٤٢٣.

بەدەستەوە بدەن، بەتایبەتی ئەو قەڵایانەی کەسەر بە (ئەراتقەکان) [٦٧] بوون، میری شارەکانی تر نوێنەرانی خۆیان بۆ لای سوڵتان سەلاحەددین ڕەوانە کرد و داوای لێخۆشبوونیان لێ دەکرد، پێشتر سوڵتان سەلاحەددین خۆی ئاشتی خستبووە بەردەم ئەوانە و داوای لێکردبوون کە بۆ جیهاد کردن دژ بەخاچ دروشمەکان بێنە ژێر ئاڵاکەیەوە[٦٨]، بۆ نمونە لە کاتی گەمارۆدانی (شەنگار)[٦٩]دا ساڵی (٥٧٨ك/١١٨٢ز)دا (العماد الکاتب) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "هەموو ڕۆژێك گوێ بیستی نامەی تیراوەکان دەبین"[٧٠].

ئەو جەنگە تەکتیکییەی کە لە کاتی شەڕدا ئاراستەی دوژمن دەکرێت دەبێ بە چەکێکی یاریدەدەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کردە سەربازیەکان لە سەردەمی شەڕدا ئەویش لە ڕێگەی ڕووخاندنی دەروونی دوژمنو زاڵبوون بەسەر بیریدا بەشێوازێك کە وا لەپیاوانی دوژمن بکات واز لە پلانیبەرەنگاربوونەوە بهێنن و ورەیان بڕوخێنێت. بۆ نمونە سوڵتان سەلاحەددین خۆی وانیشان دەدا بۆ ئەوە هاتوونە شارە بەهێزو شوورادارەکان تا لە نزیکیدا بژیت وەك (ماردین[٧١]، میافارقین[٧٢]، ئامەد، تل

---

٦٧ ئەراتقەکان: دەگەڕێنەوە سەر (ارتق بن اکسك) کە بە (ظهیر الدین) ناسراوە سەر بەهۆزی (دقر- Dager) ی تورکمانیین، کە ئەوانیش دەگەڕێنەوە سەر هۆزی (الغز) کە چوونە نێو ڕیزەکانی (سەلاجیقە) و چەند شوێنێکی تایبەتیان بۆ دیاری کرد بۆ دەسەڵاتی خود موختاری (ئۆتۆنۆمی) لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتی سەلجوقی، (ئەراتیقەکان) لە نێو ساڵانی (٤٦٥-٥٢١ك/ ١٠٧٢-١١٢٧ز) لەناوچەی دیاربەکر فەرمانڕەوا بوون، گرنگترین قەڵاکانیان (ماردینو حصن کیف و ئامەد) بوو. (خلیل: الامارات الارتقیة في الجزیرة والشام، ل ٥٧-٥٨).

٦٨ ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل٤٢.

٦٩ شەنگار: یەکێکە لە شارەکانی جەزیرە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای موصل، نزیك چیای شەنگار.(یاقوت الحموی: س.پ، مج٣/ل٧٨).

٧٠ البرق الشامي، ج٥/ ل٤٨.

٧١ ماردین: قەڵایەکە لەسەر لوتکەی چیای جەزیرە، دەڕوانێتەر سەر (نصیبین). (یاقوت الحموي: معجم البلدان، مج٤/ ل١٩٤)، هەروەها ابن بطوطة باسی دەکاتو دەڵێت: "چاکترینو خۆشترین شارەکانی ئیسلامە. (تحفة الانظار في غرائب الامصار وعجائب الاقطار، ل١٥٩).

خالد،[73] عين تاب[74] و حلب)، پاشان هەڵدەستا بە سازدانی هەڵمەتێکی تەکتیکی دەروونی، ئەویش ئەوەیە کە سوورە لەسەر مانەوە لە تەنیشتیدا لەباتی گەمارۆدانی بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ پەلاماری بدات، ئەم شێوازەش ئەوانەی لەناو قەڵاو شارەکە دایە ناچار دەکرد کە داوای دڵنیا بوون بکەن یان هەوڵ بدەن بگەنە جۆرێك لە سازش کردن و ڕێکەوتن بۆ دوورخستنەوەی هێزە گەورەکەی سەلاحەددین لە شارەکەیاندا[75]، چونکە بەگەمارۆدانی شارەکە ناوچەکەیان تووشی زیانێکی گەورە دەبێت. هەر بەهەمان شێواز لەکاتی گەمارۆدانی شاری (موسڵ)دا بۆ جاری سێیەم لە ساڵی (٥٨١ك/١١٨٦ز) ڕوویدا[76]، بەرەو شاری (خلاط)[77] دەرچوو، بەڵام نەیتوانی دەستی بەسەردا بگرێت ، پاشان بەرەو شاری (میافارقین) دەرچوو گەمارۆی دا، فەرماندەی بەرگری شارەکە (أسدالدين يرنقش)[78] بوو، کە کەسێکی بەتواناو زیرەك بوو توانی شارەکە بپارێزێت و سەلاحەددین دوور بخاتەوە دوای ئەوەی سەلاحەددین دەستی لە بەکارهێنانی توندوتیژیو هێز هەڵگرت و پەنای بردە بەر بەکارهێنانی شێوازێك لە شێوازە تەکتیکیە

---

٧٢ میافارقین: دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر. (ياقوت الحموي: س.پ، مج٤/ل٣٤٩).

٧٣ تل خالد: قەڵایەکە لە دەوروبەری شاری حلب.(ياقوت الحموي: س.پ، مج١/ ل٤٥٢).

٧٤ عين تاب: قەڵایەکی بەهێزبوو، دەکەوێتە نێوان شاری حلب و انطاكية. (ياقوت الحموي: س.پ، مج٣/ ل٣٦٩).

٧٥ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٢٩-٣٠١" أبو شامه: الروضتين، ج٢/ ل٤٢" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٨٦.

٧٦ أبن العبري: س.پ، ل٣٨٢.

٧٧ خلاط: شارۆچکەیەکی ئاوەدان بوو لە ئەرمینیای ناوەراست، ناوبانگی هەبوو لە زۆری ئاو و میوەجات.(ياقوت الحموي: س.پ، مج٢/ل٢٤١).

٧٨ اسدالدين يرنقش: ناوی (مجاهد الدين يرنقش ابن طمان بن غازي)، خاوەنی (شەنگار و خابور و الرقه)بوو. و بووبە ئەتابەکی دەوڵەتی (ابن عمادالدين) بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ؛ لەساڵی (٥٩٤ك/١١٩٧ز) کۆچی دوایی کرد.(العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٣١٦" ابو الفداء: س.پ،ج٣/ ل١٩٣).

دەروونیەکانی جەنگی دەروونی، بە پەیوەندی کردن بە (خاتوون) خانی خێزانی خاوەنی (میافارقین) و ئەوەی پێ ڕاگەیاند کە (أسدالدین یرنقش) پەیوەندی پێوە کردووە بۆ بەدەستەوەدانی شارەکە، بەڵام ئێمە مافی ئێوە لەم کارە دەپارێزین، هاوکات (میافارقین) لە ژێر دەسەڵاتتان دەبێت و کچەکانت بۆ کوڕەکانم دەخوازم، لەهەمان کاتدا پەیوەندی بە (أسد الدین یرنقش) کردووە و پێیّ ڕاگەیاندوە کە (خاتون) خان بڕیاری خۆبەدەستەوەدانی بۆ سوڵتان ڕاگەیاندووە، بەمەش سەلاحەددین ئامانجەکانی خۆی لەم کارە پێکا کەخۆی لەخۆیدا جەنگی تەکتیکی دەروونی بوو[79].

بەم جۆرە هێزی (ئەراتقە) کە هێزێکی سەربەخۆ بوو لەناوچوو و هاتە ژێر ئاڵای سەلاحەددین و لەجەنگەکانی‌دا دژی خاچ دروشمەکان هاوکاری ئەیوبییەکان بوو[80]، هەروەها ئەیوبییەکان لێدانی (الکوسات)[81] یان لەچوارچێوەی جەنگە دەروونیە تاکتیکیەکانیاندا بۆ گواستنەوەی ئەو نامە خێرایانەی کە لەنێو یەکەکانی سوپادا -بەتایبەتی- لەکاتی شەڕو گەمارۆداندا کە پێشتر لەسەر ئەو جۆرە شێوازە ڕێك دەکەوتن بەکاردەهێنا، بۆ نموونە ئەو شێوازەیان لەکاتی گەمارۆدانی شاری (عکا)دا خستە کار، (العماد الکاتب) لەم بارەیەوە دەڵێت: "نیشانەی نێوان ئێمەو یارانمان لە شاری (عکا) لەکاتی هێرش بردنە سەر دوژمن، لێدانی (الکوس) بوو، هەر

79 أبن الاثیر: الکامل، مج7/ ل313" المقریزی: السلوك، ج1/ ل203" ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ج5/ ل302" سعداوي: التاریخ الحربي ، ل163.

80 ایلیسیف: س.پ، ل462.

81 الکوسات: بریتی‌یە لە دوو سەرقاپ لە مس درووست کراوە هەریەك بەوەی تر دەدرێ بە ئاوازێکی تایبەت دەنگ دەردەکات. (القلقشندي: صبح الاعشی، ج4/ ل8).. هەروەها تەپڵی لەگەڵ بوو، شەوانە دووجار لەناو قەڵاوە لێدەدرا؛ لێدەری ئەم جۆرە پێی دەوترا (الکوس). (ابن شاهنشاه: س.پ، ل19).

بەبیستنی (کوسەکان) هێرشمان لەسەر خاچ دروشمەکان تازە دەکردەوە"[82].

لەشێوازەکانی جەنگی دەروونی تەکتیکی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دەوڵەت، کە دەبێت دەزگا ناحکومی وحکومیەکان لەم کردارەدا بەشداربن لەرێگەی پەیوەندی کردنی راستەوخۆو سیخوڕیی یان لەرێگەی پڕوپاگەندە بەچەندین شێوازو هۆکار، لەبەر ئەوەی جەنگی دەروونی ستراتیژی کەبۆ ئاسۆیەکی دوور کار دەکات ئاوا مەزەنەو ئەنجامەکەشی درێژ خایەن و کاتێکی زۆریشی دەوێ[83].

بۆ نمونە یەکەم کارێک کەسەلاحەددین بۆ شەڕی خاچ دروشمەکان ئەنجامیدا پێویستی بەماوەیەکی زۆر بوو (لەبەر ئەوەی خاچ دروشمەکان نزیکەی سەدەیەك لەرۆژهەلاتدا مابوونەوە). ئەوەبوو لەرووی سیاسیەوە سیستمێکی وردی بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی دەوڵەت دانا، بەشێوەیەك هەمیشەو بەبەردەوامی دوژمنی لەژێر چاودێریدا هێشتەوە[84]، ئەم سیستەمە لە سایەی بەردەوام کۆکردنەوەی زانیاری پێك هاتبوو، لەرێگەی دامەزراندنی تۆڕێکی بەهێز کەپۆلە سوارچاکێك بەئەسپی گورج و گۆڵ ئەنجامیان دەدا، بۆ نمونە لەساڵی (٥٧٣ك/١١٧٧ز) لەکاتی شەڕی (الرملە)[85] لەباشووری فەلەستین کەبەشکستی سوپای ئەیوبی کۆتایی هات[86]، رووداوەکان ئەوەیان سەلماند سەلاحەددین پۆستێکی چالاکی

---

٨٢ الفتح القسي، ل٤٤٨" بۆ زیاتر زانیاری بروانە:أبوشامة: الروضتین، ج٢/ ل١٨٤" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٥٠" ابن الفرات: س.پ، م٤ ج٢/ ل٥.

٨٣ نصر: س.پ، ج١/ ل١٠٥.

٨٤ ئەمین: الأستخبارات الأیوبیة فی عهد صلاح الدین، ل١٣٨.

٨٥ (الرملە): شارێکی گەورەو مەزن بوو. دەکەوێتە باشوری رۆژهەلاتی (یافا) بەدووری (٢٢کم). (ناصر خسرو: س.پ، ل٥٤" یاقوت الحموی: س.پ، مج٢/ ل٤٢١).

٨٦ ابن الأثیر: الکامل ، مج٧/ ل٢٦٩.

هەبوو لەکۆنترۆڵ کردنی ئەو پڕوپاگەندەیەی لەوڵاتی مصر کە لەبارەی کوشتنی (سەلاحەددین)ەوە بڵاوببووەوە.

هاوکات خێرایی ئەم پۆستە توانی دەست بەسەر ئارەزووی ئەو کەسانەدا بگرێت کە خۆیان لەدژی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەیوبی لەمصر ئامادەکردبوو[87]، هەروەها لەساڵی (٥٧٨ک/١١٨٢ز) سوڵتان سەلاحەددین لەقاهیرەوە بەڕێگای (سیناء)دا بەرەو شام کەوتەڕێ، هەر بەگەیشتنی سەلاحەددین، بۆ (أیلە)[88] پۆستەچییەکان هەواڵی کۆبوونەوەی خاچ دورشمەکانیان پێ گەیاند کەلە خۆئامادەکردندان بۆ بڕینی ڕێگای سەلاحەددین لە بەرەو شام چوونیدا، [89] سوڵتان ئەم هەلەی قۆستەوە بەناردنی هەواڵ بۆ (عزالدین فرخشاه)[90]ی برازای لەدیمەشق، کە توانی دەستبەسەر (دبوریە)[91] و دێهاتەکانی دەوروبەریدا بگرێت[92]، مێژوونوسی ئەیوبی (محمد بن تقی الدین عمر) کە لەگەڵ کەژاوەی سوڵتان دا بووە، دەڵێ: "ئێمە بەڕێگاوە بووین، پۆستەچییەکان (تەتەرەکان) مزگێنی

---

[87] العماد الكاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل٤٢" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل٢٧٢" رنسيمان: س.پ، ج٢/ ل٦٧٣، حسين: س.پ، ل١٧٥، ئەمین: الأستخبارات الأيوبية، ل٢٩٤.

٨٨ (أيله): شارێکە دەکەوێتە سەرکەناری دەریای (القلزم)، لەکۆتایی الحجازو سەرەتای الشام، بەندەری ایلەی ئێستا لەکەنداوی عەقبە. (ياقوت الحموي: س.پ، مج١/ ل٢٣٢).

٨٩ أبن الاثير: الكامل ، مج٧/ ل٢٩٠.

٩٠ (عزالدين فرخشاه)-(بن شاهنشاه بن ايوب)، لەپاش کۆچی دوای باوکی ساڵی (٥٧٨ک/١١٨٢ز) سوڵتان سەلاحەدین (بعلبك)ی پێ دا، وماوەی (٥٠) ساڵ تێیدا مایەوە تاوەکو (الملك الأشرف موسى بن الملك العادل) گەمارۆیداو دەری کرد بەهاوکاری کوری مامی (أسدالدين شيركو) خاوەنی حمص، لەشام نیشتەجێ بوو، تاوەکو بەدەستی هەندێ لەمەمالیك کوژرا، نوسەرو شاعیرێکی زمان پاراو بوو، ودیوانی شیعری گەورەی هەیە. (ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٢٧٦.

٩١ (دبورية): شارۆچکەیەکە لەنزیك (طبرية) لە قەڵەمڕەوی هەرێمی ئوردن دا. (ياقوت الحموي: س.پ، مج٢/ ل٢٨٧)

٩٢ ابوشامة: الروضتين، ج٢/ ل٢٢٨، المقريزي: السلوك، ج١/ ل٧٧.

سەرکەوتنی مامم (عزالدین فرخشاه)یان لەهەڵمەتی (دبوریه) دا بۆ هێنا"،[93] هەروەها جگە لەپۆستی زەوی (وشكانی) ئەیوبییەكان سوودیان لە (كۆتری نامەبەر- الحمام الزاجل)[94]، (پۆستی ئاسمان)یشی وەردەگرت، بۆنموونە ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٣ز) كاتێك (السودان و النوبیین) لەسەر سنووری باشووری مصر بەمەبەستی هێرش كردنە سەر هەندێ شوێنی ئەیوبییەكان كۆببونەوە، سەركردایەتی ئەیوبی بەهەواڵی ئەم (كۆبونەوەیان)ی زانی، لەرێگای كۆتری نامەبەرەوە فەرمانی بەبەشێك لەسوپاكەی دا كەهێرش ببەنە سەریان و (كنز الدولە)ی[95] والی (أسوان) لەدەستیان رزگار بكەن[96]، هەروەها بەرێگای كۆتری نامەبەرەوە هەواڵی هاتنی هەڵمەتی (صقلیە) بۆ سەر ئەسكەندەریەیان گەیاندە سوڵتان سەلاحەددین لەو كاتەی كەلە (فاقوس)دا[97] دابەزیبوو،[98] هاوكات (ابن ابي طي) دەڵێت: "هۆی خۆ

---

٩٣ مضمار الحقائق، ل٩٣-٩٤.

٩٤ الحمام الزاجل: دەتوانین بە پۆستی ئاسمانی ناوی بنێین لە دەوڵەتی ئەیوبی، لەبەر ئەوە دەوڵەتان لەسەر ئەم جۆرە پۆستە ڕاهاتبوون پێش دەركەوتنی دەزگا پەیوەندیيە نوێیەكان بە تایبەتی لە كاتی شەڕەكاندا بەهۆی تیژی بیری‌و خێرایی فرینی و گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی ئەگەر چەند ساڵێك لەو شوێنەوە دووربێت. (أبو شامة: الروضتین، ج١/ ل٥٢١" ئەمین: الاستخبارات الايوبية، ل٣٠٠).

٩٥ (كنز الدولە): نازناوێكە بۆ یەكەم جار لەلایەن خەلیفەی فاطفی(الحاكم بأمر الله) بەخشرا بەحاكمی (النوبە) كە (أبو المكارم هبه الله)، ودوا كەسیش كەئەم نازناوەی هەڵگرت لەسەردەمی سوڵتان سەلاحەدین بوو، (كنز الدولە) لەو سەردەمەدا والی شاری أسوان بوو، كەهەوڵی پیلانی سەربازانی سودانی هەڵهاتوو لەناوچەی صعیدی مصری لەدژی سوڵتان پێ ڕاگەیاند، بەم هەواڵە سوڵتان ناچار بوو لەناردنی سوپا و توانی وولاتی النوبە‌و باكووری سودان رزگار بكات. أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٦ پەراوێز (٢)).

٩٦ سعداوي: التأريخ الحربی، ل٣١-٣٣.

٩٧ (فاقوس): ناوی شارێكە لە ڕۆژهەڵاتی مصر لە كۆتایی ئەم ولاتە لە بەشی شام. (ابن حوقل:صورة الارض،١٣٦).

٩٨ ابن الأثیر: الكامل، مج٧/ ل٢٤٩-٢٥٠" البنداري: س.پ، ج١/ ل١٧٢" ابوشامة: الروضتین، ج١/ ل٢٣٥" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٨٤.

بەدەستەوە دانی (بعلبك)[99] لەساڵی (٥٧٠ك/١١٧٥ز) دا، ئەوەیە (یمن)[100]ی والیان کاتێك زۆری ژمارەی ئەیوبی بینی، لەکارەکانیدا شڵەژا، بەکۆتری نامەبەردا هەواڵی بۆ حەلەب نارد، بەڵام هیچ هەواڵێکی بۆ نەگەڕایەوە، ئەمیش بەناچاری داوای ئەمانی کردو (بعلبك)ی دا بەدەست سوڵتان سەلاحەددینەوە"[101].

دوا بەدوای یەکبوونی بەرەی ئیسلامی بۆ رووبەڕووبونەوەی خاچ دروشمەکان، سەرکردایەتی ئەیوبی زۆر گرنگی بەبارودۆخی سیاسی وڵاتی شام دەدا بەتایبەتی دوای مردنی (نور الدین محمود)، وپۆستەی (ووشکانی و ئاسمانی) لەچوار چێوەی ئامانجە دەروونییە تەکتیکیەکانی سەلاحەددیندا بوون بۆ ئاگادار بوون لە هەموو وردەکاریەکانی جیهانی ئیسلامی تاوەکو بەئاسانی بارودۆخی دەوڵەتەکەی کۆنترۆڵ بکات.

سوڵتان سەلاحەددین پەنای دەبردە بەر شێوازە تاکتیکیە دەروونییەکان دەسمەبەست هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێ لەمیرەکان لە دژی ئەوانی تر دەبەست، وەکو هۆکارێکی پاڵنەر لەخۆبەدەستەوەدان، بۆ نمونە بەهاوپەیمانی لەگەڵ (ریموند) میری (طرابلس)، دژی خاچ دروشمەکان ئەو شێوازەی پیادە کرد،[102] بۆیە (ریموند) پەنای بردە لای سوڵتان

---

٩٩ (بعلبك): شارێکی کۆنە لەخاکی شام، لەسەر شاخ دروست کراوە بەبەرد، کۆشکی زۆرو سەرنج راکێشی تێدابوون. (یاقوت الحموی: س.پ، مج١/ ل٣٥٨).

١٠٠ (یمن): لەسەردەمی پاشا(نور الدین محمود زنگی)والی بوو. لەسەر شاری (بعلبك) تاوەکو گەمارۆدانی سەلاحەدین بۆ بعلبك و دەست بەسەراگرتنی لە (٤)ی رەمەزانی ساڵی (٥٧٠ك/١١٧٥ز). (ابن الأثير: الكامل ، مج٧/ ل٢٥٤).

١٠١ ابن الأثير: الكامل ، مج٧/ ل٢٥٤" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٤٧.

١٠٢ (العماد الكاتب) دەیگێڕێتەوە کاتێك خاچ دروشمەکان بۆ شەڕی (حطين) لە دژی سەلاحەددینی ئەیوبی کۆبوونەوە لە ئەنجامی ئەو خۆئامادە کردنە دەروونی و مەعنەوی و سەربازییەوە کە لەلایەن سەلاحەددین (ریموند) کرا. (ریموند) میری (طرابلس) چیرۆکێکی هەیە کاتێك لای پادشا (نورالدین محمود) دیل بوو لەکاتی ڕوودانی شەڕی (حارم) ساڵی (٥٥٩ك/١١٦٤ز) و لەدیلی مایەوە تا ساڵی

سەلاحەددین و داوای لێکرد ببێتە هاوپەیمانی لە دژی پادشای قودس (جای لوزجنان) و سولتان بەمە ڕازی بوو، بێگومان سولتان ئامانجێکی تاکتیکی دەروونی لەو هاوپەیمانەدا هەبوو و بۆ پتەوکردنی ئەو هاوپەیمانیە هەموو دیلەکانی هاوڕێی ئازاد کردو پەیمانی هاوکاری بەهەموو شێوەیەك پێدا، هاوکات پێی ووت دەتکەمە پادشا بەسەر هەموو (فەرەنجەکان)ەوە، لەوکاتەوە (ریموند) سەر بە سەلاحەددین بوو، لە ئامۆژگارییەکانی بۆ موسلمانان ڕستگۆ بوو، بەشێوەیەك خاچ دروشمەکان لێی ترسان موسلمان بووبێت، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵێك لەخاچ دروشمەکان لەگەڵیدا بوون[١٠٣].

(ریموند) بە (جای لوزجنان)ی وت: "سەلاحەددین بەهیچ یەکێك لە سوڵتانەکان بەراورد ناکرێت لەڕووی دەسەڵاتو پلان دانان و توانای لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکاندا، ئەگەر جارێك شکان مانای کۆتایی نییە، بەڵکو هێمنو لەسەرخۆ و لە شوێنێك نیشتەجێ مەبن، باشتر وایە تێکەڵی نەبین و هەروەها بە سادەیش تێی نەڕوانین و بەپێچەوانەش نەبێت و لەهەمان کاتدا مەرجەکانیشی قبوڵ بکەین"[١٠٤]. بەلام میر (أرناط)[١٠٥] میری

(٥٧٠ك/١١٧٤ز) واتە پێش مردنی (نورالدین محمود) کە ئازادی کرد بەرامبەر بە (١٥٠) هەزار دینار و ئازاد کردنی (١٠٠٠) هەزار دیلی موسلمانان، کاتێك پادشای (قودس) کۆچی دوایی کرد کوڕێکی بچوکی ناتەواوی لەشوێنی خۆی بەجێ هێشت، و ئەم ببووە وەصی لەسەری تاکو ئەمیش کۆچی دوایی کرد، میراتی مەملەکەت بۆ دایکی بەجێ ما، کە مێردی کرد بەسوارچاکێك کە لە ئەوروپاوە هاتبوو بەناوی (جای لوزجنان)و لەسەر تەختی مەملەکەت دانیشت، لەوکاتەدا پادشای نوێ داوای حسابی لە (ریموند) کرد لەماوەی (چاودێری —وەصایە) لە ساڵی (٥٨٢ك/١١٨٦ز)، (الفتح القسي، ل٦٨. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ابن واصل: س.پ، ج٣/ ل٤٢" نوری: سیاسة صلاح الدین، ل٢٥٥-٢٥٦).

١٠٣ العماد الکاتب: الفتح القسي، ل٦٧-٦٨" أبن الآثیر: الکامل، مج٧/ ل٣١٩" أبوشامة: الروضتین، ج١/ ل٢٤٠. ج٢/ ل٧٤" ابن کثیر: س.پ، ج١٢/ ل٣٨٩.

١٠٤ العماد الکاتب: الفتح القسي، ل٦٦.

قەڵای (الكرك) بە توندی وەڵامی (ریمۆند)و هاوڕێكانی دایەوەو پـێی وتن: "سەبارەت بـە تـرس لـە موسـڵمانان زۆرت تێپەڕانـد، گومـان لـەوەدا نییـە كـە ئەوانت دەوێت‌و حەزت پێیانە، دەنا قسەی واسادەت نەدەكرد، ئەوەش كـە دەیلـێی گوایـە زۆرن، ئـاگر زیـان بـەداری زۆر ناگەیـەنێت"[106]. (أرنـاط) بـۆ خۆی لەپێشكەوتن بۆ شەڕی موسڵمانان لە (طبرية)[107] هاندەریان بوو، دوای ئـەوەی كـەس بەڕاسـتی گـوێی لـە (ریمۆنـد) نـەدەگرت لەبـەجێ هێـشتنی جێگـای خۆیـان كـە ئـاوی لێ بـوو[108]، چونكە بڕوایان وابوو كە ڕێككەوتنی لەگەڵ سەلاحەددین مۆر كردووە، بۆیە داوایان لە پادشا كرد كە فەرمانی جـولان بـدات، لەسـەر فـەرمانی ئـەو بـەرەو (طبرية) بەڕێكـەوتن‌و (صـفوريە)[109]یـان هەڵبـژارد وەك ناوەنـدی جموجۆڵیـان[110]، چـونكە ئـاوی بۆخۆیـان‌و لەوەرگـەی بـۆ ئاژەڵـەكانیان لێ بـوو[111].لێـرەدا دەتـوانین بڵـێین سـوڵتان سەلاحەددین سوودی لـە ناكۆكی‌و كێشە ناوخۆییـەكانی خـاچ دروشمـەكان وەرگرت، و ئەم هەلەی قۆستەوە و كردی بـە بنەمایەك بـۆ دانـانی پیلانێكـی

---

١٠٥ ارناط: ناوی رینۆدی شایتۆن لە سەرچاوە ئیسلامیەكان بە ارناط ناسراوە، میری انگاكیا بوو كاتێك بەدیلی لای موسولمانان گیرا، ماوەیەك بە دیلی مایەوە ، لـە سـالی ٥٧٣ك/١١٧٧ز ئازادكرا، (اتینیـت دی میلی) خواست كە لە میراتی باوكی هەرێمی ئوردن و هەردوو قەلای الكرك و الشوبك مایەوە.
(Schiun: Renoud de chathatillong,pp148-149)

١٠٦ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٤" حسين: س.پ، ل٤٢٠.

١٠٧ طبريـة:دەكەوێتـە سەرچیا لـە هـەرێمی فلسطین، هـەروەها دەڕوانێتـە سـەر دەریاچـەی گبریـە. (یـاقوت الحموي: س.پ، مج٣/ل٢٤٨).

١٠٨ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٤" العسلي: صلاح الدين الايوبي، ل١٨٥.

١٠٩ صفوریە: كورەو شارۆچكەیەك بوو لە دەوروبەری هەرێمی ئوردون لە ولاتی شام نزیك طبرية. (یاقوت الحموي: س.پ، مج٣/ ل١٩٥).

١١٠ العمـاد الكاتـب: الفـتح القـسي، ل٦٦" أبـن الآثـير: الكامـل، مـج٧/ ل٣٢٤" أبـن شـداد: س.پ، ل٨٥" أبوشامة: الروضتین، ج٢/ ل٧٦" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٩٩.

١١١ رنـسیمان: س.پ، ج٢/ ل٧٣٦" العـريني: الـشرق الادنـى في العـصور الوسـطى (الايوبيـون)، ل٨٦" Stevenson: The Crusades in the East, P.244.

تاکتیکی دەروونی، کاتێك ئامادەیی خۆیو سوور بوونی بۆ شەڕی خاچ دروشمەکان پیشاندا، بەم ڕەفتارەی پادشای (بیت المقدس)ی ناچار کرد پەنابەرێتە لای (ریمۆند)و داوای ڕێککەوتنی لێبکات و (ریموند) بەناچاری وەڵامی دایەوە، چونکە هاوڕێکانی پێیان ڕاگەیاند: "ئەگەر پشتگیری نەکەیت، ئێمە ئایین ریسوا ناکەین"[112]، بەمەش سەلاحەددین لە جێبەجێ کردنی ئامانجە تەکتیکیەکەیدا سەرکەوتوو بوو، بەڕوخاندنی ورەی دوژمنو تێکدانی ڕیزەکانیان، بەشێوەیەك توانای شەڕکردنی سەربازانی سەلاحەددینیان نەبێت، جگە لەوەی هەستان بە ژەهراویکردنو تێکدانی بیرو کانیاوەکانیان تا سوودی لێ وەرنەگرن،[113] بێ ئاویو تینوێتی کاریگەرترین چەکی دەروونی بوو کە سەربازانی سەلاحەددین زۆر بە وریاییو ژیرانە لە دژی خاچ دروشمەکان بەکاریان دەهێنا.

بێگومان بێبەش کردنی دوژمن لەپێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، لە بڕینی ئاو لە خەڵکی شەڕکەرو سوتاندنی و دابەستنی مەنجەنیق بۆیان چەندین شێوازی دەروونی بوون کە سەلاحەددین لە دژی ئەوان بۆ شکست پێ هێنانیان بەکاری دەهێنا.

ئەمە لە شەڕی (حطين)دا ڕوویدا لە کاتێکدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی (٢٤ی ڕەبیع الاخر ساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧ز) سوپای خاچ دروشمەکان لە (صفوريە)وە بەرەو سەربازگەکانی موسڵمانان لە (حطين) پێشڕەویان کرد بۆخۆی سەلاحەددین ئەم کارەی دەویست، کات هاوینێکی زۆر گەرم بوو[114]، تاکتیکی سایکۆلۆژیو مەعنەوی لەکاروباری جەنگیدا لای سەلاحەددین لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە کاروبارە جەنگیەکان بەخەیاڵی هیچ

١١٢ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٦٨.

١١٣ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٥.

١١٤ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٧٩" غنيم: س.پ، ل٣٦.

سەركردەیەكدا تێپەڕ نەدەهات، ئەو كاتەی دەستی بەسەر چاڵە ئاوەكانی ئەو ناوچەدا گرت، و خاچ دروشمەكانی لێ بێبەش كرد، لە كاتێكدا ئەوان لەكاتی پێشڕەوی كردنیان لە سەربازگەكەیان لە (صفوریە) دەستیان كرد بە تێكدانی ئاوی بیرەكان[115]، ئەوكاتە خاچ دروشمەكان نزیك سەربازگەكانی موسڵمانەكان بوونەوە لە (حطین) تینوێتی هیچی پێ نەهێشتبوون[116]، بەو شێوەیە تا ڕۆژی دواتر كە ڕۆژی شەممە بوو مانەوە، بەڵام سەربازەكانی سەلاحەددین چاوی تەماحیان خستبووە سەریان كە پێشتر ئەیان ترساندن[117]، ورەیان بەرز بوو بەدرێژایی شەو هەندێك لە سەربازەكانی دەستیان كردبووە هاندانی یەكتر و سەلاحەددین بەناویاندا دەگەڕا، بەپێی ئەو پیلانە جەنگیە كە داڕێژرابوو شوێنی سەركردەو فەرماندەكانی دیاری كرد، دەستی بەهاندانی سەربازەكان كرد و خۆیو ئەوانەی ئامۆژگاریان پێشكەش دەكرد دەستیان كرد بە بڵاوكردنەوەی گیانی تێكۆشان و قوربانی دانو شەهید بوون لە پێناوی خوداو سەركەوتندا.[118]

لەگەڵ ئامادە باشی هەردوو لایاندا لە (حطین)ی نزیك دەریاچەی (طبرية) شەڕی كۆتایی بەرپا بوو، لە ئەنجامی ئەو تەكتیكە دەروونیوسەربازییانەی سەلاحەددین پەیڕەوی كرد، خاچ دروشمەكان بە ورەیەكی ڕوخاوەوە چونە مەیدانی شەڕەكەوە[119]، لەبارێكی دەروونی ترسناكدا پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی هاوینێكی سوتێنەردا دەشتایەكیانیان بڕیبوو لە توێنێتیدا هەسكەیان دەهات، لەوكاتەدا سەلاحەددین هەڵكردنی بایەكی بەهەل زانی

---

١١٥ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٥.

١١٦ العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ل١٤٠.

١١٧ العماد الكاتب: الفتح القسي.ل٧٩-٨٠" ايليسيف: س.پ، ل٤٦٥.

١١٨ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٥" ابن شداد: س.پ.ل٨٦-٨٧"العسلي: صلاح الدين الايوبی، ل١٦١.

١١٩ ابو الفداء: س.پ، ج٢/ ل١٥٥" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٢٩.

کەبەرەو سەربازگەی خاچ دروشمەکان دەچوو فەرمانی دەرکرد چ گژوگیای دەشتەکان هەیە بیسوتێنن[١٢٠]، ئەنجامدانی ئەو کارە بەیەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتن دادەنرێ، ئەو بایە دوکەڵێکی زۆری لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو بۆ نێو ئوردووی خاچ دروشمەکان کە باری زۆر گران کردبوون و بەو شێوەیە نا ئومێدانە دژ بە تێنوێتی و دوکەڵ و چەك دەجەنگان، بۆیە لە کۆتاییدا بەو پەڕی بێهێزییەوە ڕایانکرد[١٢١]، بەم جۆرە سەلاحەددین مەبەستەکانی بەکارهێنانی جەنگی دەروونی تاکتیکی لەم شەڕەدا دژ بە خاچ دروشمەکان پراکتیزە کرد، جەنگی (حطین) چاکترین نموونەیە بۆ بەکارهێنانی لایەنی دەروونیی بۆ داماڵینی وورەی جەنگ کردن لای دوژمن، ئەو مانۆڕەی سەلاحەددین نمایشی کرد پلانێکی کت و پڕ بوو بۆ شلەژاندنی خاچ دروشمەکان لەو شەڕەدا کە بووە هۆی شپرزە بوون و لەت بوونی بڕوایان لەبەرەنگار بوونەوەیان یان سەرکەوتن، ئەمەش بووە هۆی نەمانی ورە بۆ جەنگ کردن، کە بە جەنگی دەروونی تاکتیکی ناودەبرێت[١٢٢].

لەشێوازە دەروونیە تاکتیکیەکانی سەلاحەددین ئەوە بوو، ئاڕاستەی ناوچە کەنارییەکانی شامی کرد، بەتایبەتی دوای شەڕی (حطین)و رزگارکردنی شارو قەلای خاچ دروشمەکان، لە ناوچەکەدا بۆ پێشڕەوی کردنی ڕاستەوخۆ بەرەو قودس سستی نواند، بێگومان سەلاحەددین لەم تەکتیکەیدا ئامانجی هەبوو، ئەویش دابڕینی خاچ دروشمەکان بوو لە بنکە دەریاییەکانی کە پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە هەبوو، بەتایبەتی ڕۆژئاوای

---

١٢٠ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٧٩" أبن شداد: س.پ، ل٨٨" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل٧٦" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٠.

١٢١ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٥" ابن شداد: س.پ، ل٨٨" سبط ابن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٣٩٣" أبن العديم: س.پ، ج٣/ ل٩٤" ابوشامة: الروضتين، ج٢/ ل٧٧" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٩٠" ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٣٢١.

١٢٢ زكار: س.پ. ل٨٦" المعاضيدي: س.پ. ل١٧١.

ئەورووپی، بەمەش گەمارۆدرابوون لەناو وڵاتی شام[١٢٣]. ڕەنگە ئەمەش لەچوارچێوەی ئامانجە تەکتیکیەکانی بێت بۆ ئاسان کردنی پەیوەندی دەریاوانی لەنێوان بەندەرەکانی مصرو شامدا[١٢٤]، ئەو سەرکەوتنەی سەلاحەددین لە ئەنجامی لاوازیو کەمی ڕیژەی خاچ دروشمەکان نەبوو، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی نەخشەو پلانە سەربازییەکانی، هەروەها داناییو لێهاتوویی خۆی و ئەنجوومەنی جەنگی دەوڵەتەکەی و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی لەشەڕەکاندا[١٢٥]، سولتان لە هەڵبژاردنی کاتو شوێنی شەڕەکە سەرکەوتوو بوو، کە مانگی تەمموز بوو، بێگومان گەرمترین مانگەکانی ساڵە لەناوچەکەدا، جگە لەکەمی ئاو لە بیرو کانیاوەکان، هەڵسا بەدانانی سەربازەکانی لەسەر، (طبرية) بەمەش سوپای سەلاحەددین کەوتە نێوان خاچ دروشمەکانو سەرچاوە ئاوییەکان[١٢٦]، و فەرمانیدا بەتێکدانی هەموو بیرو کانیاوەکانی ناوچەکە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرنەگرن[١٢٧]، بۆیە دەتوانین بڵێین تینوێتیو گەرمی لە چەکە دەروونیەکان بوو کە سەلاحەددین لە بەرژەوەندی لەشکرەکەی دژی خاچ دروشمەکان بەکاری دەهێنا، هەروەها بوونی خودی خۆی لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی شەڕەکە هۆکارێکی دەروونیو مەعنەوی گرنگ بوو، بۆ ورە بەرزیو پاڵنانی سەربازەکانی لە خۆڕاگرتن لەبەرامبەر دوژمندا، چونکە خۆی لەنێو جەرگەی شەڕەکەدا هاواری دەکرد "وا اسلاماه- وای لە ئیسلام"[١٢٨] تێبینی تەواوی هێزەکانی دەکرد لەهەر لایەك لاواز بوونایە لەوێ شەڕی دەکردو هاوکاری

---

١٢٣ عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل٨١٣- نوري: سياسة صلاح الدين، ل٢٩٨- نوفل: س.پ، ل١٧٨.

١٢٤ غنيم: س.پ، ل٣٨- Stevenson: the crusades in the east, P.249.

١٢٥ زكار: س.پ، ل٨٦.

١٢٦ ابن شداد: س.پ، ل٨٦.

١٢٧ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٥- العسلي: صلاح الدين الايوبي، ل١٨٥.

١٢٨ ابن شداد: س.پ، ل ٨٧.

سەربازەکانی دەکردو بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکردو دەیووت: "شەیتان درۆ دەکات"[129]. ئەمەش ورەو باوەڕ بەخۆ بوونی دەگێڕایەوە دڵو دەروونیانو بەبیری دەهێنانەوە هەڵهاتن تەنیا لە شەیتانەوەیە.

لەئەنجامی ئەو شێوازە تاکتیکیە سەرکەوتووەدا لە دوای شەڕی (حطين)، سەلاحەددین توانی شارەکانی (عكا و صفورية والناصره و قيسارية‌و نابلس والداروم[130] و الرملة وارسوف[131] و يافاو بيروت) هەرهەمووی ڕزگار بکات[132]، کاتێك شاری (صور) بەهۆی شورا بەهێزەکەیەوە ببووە کۆسپ لەپێشیدا ناچار بەجێی هێشت، بەڵام بەردەوام بوو لە ئاراستە کردنی پرۆسەکەی لەناوچەکانی تری وەکو (بيت المقدس) و شارە کەناریو ناوخۆییەکان و توانی (هونين)[133] ڕزگار بکات، هەروەها (جبلة[134] واللاذقية‌و صهيون[135]) و دواتر بەرەو باکوور بەڕێبکەوێت[136] و دەست بەسەر قەڵاکانی (بكاس[137] والشغر[138] وبرزيه[139] و دربساك[140] و بغراش[141]) دابگرێت، [142]كە

١٢٩ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٦" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٩١.

١٣٠ الداروم: دێیەکە دەکەوێتە نێوان خان يونس و غزه . (ياقوت: س.پ، مج٢ / ل ٢٧٧) .

١٣١ ارسوف: شارێکە لەسەر دەریای ناوەڕاست نێوان (قيساريه و يافا). (ياقوت: س.پ، مج١/ل١٢٦).

١٣٢ النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٢١" گروسیە: س.پ، ل٧٤" حسن: س.پ، ج٤/ ل١٠٦" قاسم: س.پ، ل١٤٤.

١٣٣ هونين: دێیەکە دەکەوێتە بەشی باکوری ناوچەی (الحوله) لەسەر چیاییەك بەناوی خۆی ناسراوە. (ياقوت: س.پ، مج٤/ل٤٩٠).

١٣٤ جبله: شارێکە دەکەوێتە نێوان (اللاذقية و بانياس)،لە سوریا لە سەر کەناری دەریای ناوەڕاست. (ياقوت: س.پ، مج٢/ل٣٠).

١٣٥ صهيون: قەڵایەکی بەهێزە لە نزیك کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، سەر بە شاری (حمص)ە. (ياقوت: س.پ، مج٣ / ل ٢١٢).

١٣٦ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ل٣٤٠" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢٤٧" الحميدة: الحروب الصليبية، ج٤/ ل١٧.

١٣٧ بكاس: قەڵایەکە لە دەوروبەری شاری حەلەب لەسەر کەناری ڕووباری (العاصی). (ياقوت: س.پ، مج١ /ل٤٧٤).

لەتەنیشت میرنشینی (ئەنتاکیا)ی خاچیەوە بوون، هەروەها بەشێك لە سوپاکەی دووبارە بەرەو باشوور ئاڕاستە کرد و توانی لە کۆتایی ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز)دا قەڵای (الكرك)ی بەهێز ڕزگار بکات کە پێی دەوترا (بەردی بیابان)، لە کۆتایی چالاکییە سەربازییەکانیدا و بەهاتنی وەرزی زستانو دوای پشوودانێك، پێش ئەوەی بۆ دیمەشق بگەڕێتەوە (صفدو کوکب)یشی ڕزگار کرد.[١٤٣]

هەروەها لە کاتی ڕزگارکردنی هەردوو قەڵای (برزیەو صور) پلانی شەڕ کردنی بە نۆرە پیادە کرد، سەربازەکانی بەسەر سێ بەشدا دابەش کرد، هەربەشێك ماوەیەکی دیاریکراو شەڕیان دەکرد، داوتر پشوویان دەدا، بەشی دووەمو هەروەها سێیەمیش شەڕیان دەکرد[١٤٤]، بەمەبەستی لاواز کردنی ورەی خاچ دروشمەکان و ئیفلیج کردنی توانا جەنگیەکانیان و گومان کردن لە توانای سەرکردەکانیان و دروست بوونی دۆخێکی دەروونی خراپ کە سەرکردەو فەرماندەکانیان لێهاتوو نەبوون و هاوکات وەکو سەلاحەددین لەبەرکانی جەنگدا پسپۆریش نەبوون.[١٤٥]

---

١٣٨ شغر: قەڵایەکی بەهێزە نزیك (انطاکیا). (یاقوت: س.پ، مج٣/ل١٤٧).

١٣٩ برزیە: قوولەیەکە نزیك دەریای ناوەڕاست، لەسەرچیاییەکی بڵندە. (یاقوت: س.پ. مج١/ل٣٠٤).

١٤٠ دربساك: قوولەیەکی بەهێزە دەکەوێتە باکوری بغراس. (ئەمین: الاستخبارات الایوبیە، پەراوێزی٢١٦، ل٢١٥).

١٤١ بغراش: شارێکە دەکەوێتە لای ڕاستی شاری انطاکیا، لە شاری حەلەب و انگاکیا (٤ فرسخ) دوورە.نزیکەی (٢٤کم)ە.

١٤٢ أبن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٣١٥" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٩" الحميدة: س.پ، ج٤/ ل٣٥.

١٤٣ ابن شداد: س.پ، ل٩٥" النويري: س.پ،ج٢٨/ ل٤١٠-٤١١.

١٤٤ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل١١٤" أبن شداد: س.پ، ل١٠٥" أبن العديم: س.پ. ج٣/ ل١٠٥" ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٣١.

١٤٥ حسين: س.پ، ل٢٠١.

جـەنگی دەروونـی تـەکتیکی بەچـەندین شـێوازو ڕێگـای جیـاواز هـەوڵ دەدات بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێوان گەلو سەرکردایەتیان بە پابەند کردنـی دوژمـن بـە هەڵـسان بەچـەندین کـار کـە لـەتوانای خۆیـان زیـاتر بێـت[١٤٦] ، بـۆ نموونـە سـوڵتان سـەلاحەددینی ئـەیوبی نـاکۆکیو دژایـەتی نێـوان تـیرەو تایفەکانی دوژمنی بەهەل زانیو قۆستیەوە بۆ سەرکەوتنی خۆیو خستیە نێـو چوارچێوەی پیلانـەکانی، بێگومـان ئەمـەی بەتێگەیـشتنو زیرەکییـەوە کـرد وەکـو چـۆن لەشـەڕی (دمیـاط)دا لەیـەك کاتـدا بەبەرچـاوی یـەکترەوە پەیوەندی بەتیرەو تایفە جیا جیاکانەوە دەکرد، ئەمە بووە هۆی زیاد کردنـی دژایـەتی نێـوان پاشـا (أملـری)[١٤٧] و خـاچ دروشـمـەکان، هەنـدێکیان گومـانی لـەوەی تـر دەکـرد، ئەمـەش بەسـتنی ڕێککـەوتنی لەگەڵـدا ئاسـان دەکـردو مەرجەکانی سەلاحەدینیش قبوڵ دەکران[١٤٨] . هەروەها سوڵتان سـەلاحەددین لـەپاش شـەڕی (حطـین) بەهـەمان شـێوازی تـەکتیکی دەروونـی بـەڕێگای هاوپـەیمانی لەگـەڵ هەنـدێکیان تـوانی خـاڵی بـەهێزو لاوازی سیاسـەتی جەنگی خاچ دروشمـەکان بزانێت، لەوانە (یوسف بن بابیط) کە لە هـەموو کاروچالاکییەکانی لەدژی خاچ دروشمـەکان وەکو راوێژکار بەکاری دەهێنا [١٤٩] ، و (الامیرە سیبیل) خێزانـی (میر بۆهیمنـد سـێیەم) میری (انطاکیا) کە سـیخوڕی سـوڵتان سـەلاحەددین بـوو بەسـەر میللـەتی خـۆی، بـەهۆی زانیاریەکانیەوە خزمەتێکی چاکی دەگەیەندە پلانەکانی سوڵتان، کەئاشکرا کردنـی نهێنیـەکان بوو، لەپاداشـتی ئەم کارانـەش سوڵتان خـەڵاتو دیـاری

---

١٤٦ رشتي: الدعاية واستخدام الراديو في الحرب النفسية، ل٢٥٢.

١٤٧ املـری: اموری یەکـەم، فـەرمانڕەوای (بیـت المقدس) بـوو، لـە پـاش مردنـی بلدوینی سـێیەم لـە نێـو سـاڵانی (٥٥٧-٥٦٩ك/١١٦٢-١١٧٤ز) ئەمـەش دوا پادشـای بـەهێزی (بیـت المقدس)ی خـاچ دروشمـەکان بوو. (امین:المشطوب الهکاری، ل١٢٢، پەراوێزی (٥)).

١٤٨ الاهل: صلاح الدین الایوبي، ل١٤٩.

١٤٩ رنسیمان: س.پ، ج٢/ ل٧٥٠.

بەنرخی پێشکەش دەکرد[١٥٠]. لەمەش زیاتر سەلاحەددین پلانی تێکدانی ڕیزەکانی خاچ دروشمەکانی داناو ناکۆکی لەنێوانیان دروستکردو پەیڕەوی دەکرد، هەروەها وەکو هەوڵدانێك بۆ لاواز کردنیان هەوڵیدا سۆزی هەندێك لەسەرکردەکانیان ڕابکێشێ. (أبن شداد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێ: "سوڵتان جارێکیان لە شەوالی ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز) دانیشتو خاوەنی (صیدا)ی ئامادە کرد بۆ گوێ گرتن لە پەیامو قسەکانی لەگەڵ گروپێکدا کە لەگەڵی دا ئامادە بوون، مێژوو نووسی ناوبراو ئامادە دەبێت سوڵتان ڕێزێکی زۆری لە مێوانە خاچ دروشمەکانی گرت و قسەو گفتوگۆی لەگەڵ کردن و بەپێی نەریتی باوی ئەو کاتە شتی پێشکەش کردنو کاتێکیش خواردن هەڵگیرا، پاش ئەوە بڕیاردرا کە (المرکین) خاوەنی (صور) گوێ ڕایەڵی سوڵتان بێت کە کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی خاچ دروشمەکان هاتبوونە ڕیزیەوە لەوانە خاوەنی (صیدا)، سەلاحەددین مەرجی بۆ (المرکین)ی هەڵگەڕاو دانا.. مەرجەکەش ئەوە بوو کە (المرکین) دژایەتی خۆی بۆ خاچ دروشمەکان کە لێیان هەڵگەڕاوەتەوە دەربخات"[١٥١]، هۆی ئەمەش ئەو ترسە گەورە بوو لێیان، جگە لەوەی ناکۆکی نێوانیان بە هۆی ژن خوازیەوە بوو، بەپێی قسەی (أبن شداد) مەبەستی سوڵتان لەم مەرجانە دروست کردنی ناکۆکی بوو لەنێوانیاندا.

سوپای سەرکەوتوو ئەو سوپایە نییە کە زیان بە گیانو چەكو تەقەمەنی دوژمن دەگەیەنێت، بەڵکو ئەو سوپایە سەرکەوتووە کە ورەی دوژمن دەڕوخێنێ، بۆیە دەگوترێ شەڕ کردن لە بنەڕەتدا تێکۆشانێکی

---

١٥٠ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٢٥١-٢٥٢" أبو شامة الروضتين، ج٢/ ل١٣١" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢٦٧" النقاش: العلاقات الاجتماعية والثقافية والاقتصادية بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبية. ل١٥٢" Grosset: Histoire des Crusades, vol. II. P822.

١٥١ النوادر السلطانية، ل٢٦٣.

مەعنەوییە[١٥٢]. لە ڕاستیدا پەیوەندییەکانی ئەیوبی و ئینگلیزی گومان و دڵە ڕاوکێی خستە نێو ڕیزی خاچ دروشمەکان بەگشتی و فەرەنساییەکان بەتایبەتی، سەرسوڕمان لە دەم و چاویاندا بەدی دەکرا، بەشێوەیەك توانای شیکردنەوەی هۆکارە پاڵنەرەکانی ئەم پەیوەندییەو زانینی نهێنییەکانیان نەبوو، و پرسیاریان دەکرد ئایا ئینگلیزەکان لەژێر پەردەی ئەو جۆرە پەیوەندییە موسڵمانەکان لە خشتە دەبەن، یان بە ڕاستی لەسەر حسابی فەرەنسیەکان ڕێککەوتنیان لەگەڵدا دەکەن. گومانی فەرەنسیەکان ڕاست دەرچوو بەتایبەتی لە کاتی نەخۆشی (ڕیچارد شێردل)[١٥٣]دا کە سوڵتان سەلاحەددین گرنگییەکی زۆری پێ دەدا، هاوکات سوپای سەلاحەددین هێرشی کردە سەر سەربازگەی فەرەنسیەکان[١٥٤]و بێگومان ئەوەیان لا ڕوون ببووەوە کە پەیوەندیەکی نهێنی هەیە لە پێناوی واژۆ کردنی ڕێککەوتن

---

١٥٢ بیریە: الذكاء والقيم المعنوية في الحرب، ل١٠١.

١٥٣ ریچارد شێردڵ(ریشارد قلب الاسد): ریچاردی یەکەمی پادشای ئینگلتەرایە لەنێو ساڵانی (١١٨٩ز/١١٩٩ن) فەرمانڕەوا بوو، لە ساڵی (٥٥٢ك/١١٥٧ن) لەشاری (اكسفورد) لەدایك بووە، لە سێیەم هەڵمەتی خاچ دروشمەکان بەشداری کرد، لە ململانێ دابوو لەگەڵ (فلیپ ئۆگستس و بەربەروسا)، بەڵام پاپا (گریگوری هەشتەم) توانی ئاشتیان بکاتەوە، بەتایبەتی دوای کەوتنی شاری (قدس) بەدەستی سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی، (ریچاردی شێردڵ) سەرکردایەتی خاچ دروشمەکانی دەکرد لەکاتی گەمارۆدانی شاری (عکا)، پاشان پەیوەندی لەگەڵ سەلاحەددن پەیدا کرد، لەساڵی (٥٨٨ك/١١٩٢ن)دا ڕێککەوتنامەی لەگەڵ سەلاحەددین واژۆ کرد، بەپێی ئەو پەیمانە ناوچەی سنووری نێوان خاچ دروشمەکان و ئەیوبیەکان دیاری کرا، ریچارد لەکاتی گەڕانەوەی بە دیلی گیرا لەلایەن پادشای نەمسا (لیوبولد)، بەڵام کاتێك گەڕایەوە ولاتی خۆی دووبارە سەرکردایەتی شەڕێکی کرد لە دژی پادشای فەرەنسا (فیلیپ ئۆگستس) ساڵی (٥٩١ك/١١٩٤ن)، لەژێر شووراکانی کۆشکی (شالۆ) لە فەرەنسا کۆچی دوایی کرد. بێگومان ریچارد سەرکردەیەکی ئازاو لێهاتوو بوو بەشێوەیەك موسڵمانان لێی دەترسان، بۆ نموونە کاتێك سوارەکان ئەسپەکانیان دەبەستەوە بەدارێك هەڵدەگەڕانەوە، هاواریان دەکردو دەیان گووت: "لەچی دەترسن؟ دەڵێی ریچارد بەدواتانەوەیە". (بولارد: بريطانيا والشرق الاوسط، ل٥" العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ل٥٢٣" هـ.ن: الحرب والحضارة، ل١٥" غنيم: س.پ، ل٥٤-٥٧.

١٥٤سعداوي: الحرب والسلام، ل٣٤.

نامەیەك لە نێوان سەلاحەددینی ئەیوبی و ڕیچاردی شێردڵ، جگە لەوەی سوڵتان سەلاحەددین ڕەفتاری هاوڕێیانەی بە ئەمەکی لەگەڵ ڕیچارد دەکرد، نەك دوژمنایەتی و سەرسەختی کردن، بەلام (أبن شداد) ئەوەی بۆ ئاشکرا کردوین کە سەلاحەددین ئامانجی تایبەتی خۆی هەبوو لەم ئاشتییە، ئەویش ناسینی هێزو تواناو ورەیان بوو[155].

هاوکات (ڕیچاردی شێردڵ)یش ئامانجی خۆی لەم ئاشتی‌یەدا هەبوو، ئەویش زیاتر ئاشنا بوون لە بارودۆخی ناو سەربازگەی موسڵمانان، و تێکچوونی یەکێتی ڕیزەکانیان، بەتایبەتی بێزاری و نا ئومێدی دانیشتوان و ئۆردووی شاری (عکا)و جیاوازی فەرماندەکان لەگەڵ سەلاحەددینی ئەیوبی لە ڕاو بۆچوونەکان کە سەرەتای دەست پێکردنی کێشەکانی سەلاحەددین بوو[156].

هەروەها لەکاتی بوونی لە بەیروت دا یەکێ لە سەربازەکانی بۆ (جبیل)[157] نارد، چونکە خاوەنی لە ڕیزی دیلە خاچ دروشمەکانی شەڕی (حطین) بوو، پاشان لەگەڵ پاشاکەیان بۆ بەندیخانەی شاری دیمەشق بەڕێخران، بەمەرجی ئازادکردنی لەگەڵ والی دیمەشقدا ڕێککەوت لەسەر خۆ بەدەستەوە دانی (جبیل)، سوڵتان سەلاحەددین بەداواکاریەکەی ڕازی بوو، بەوەش دەستی بەسەر شاری (جبیل)دا گرت[158]، پاشان لە شاری (بیروت) بەرەو شاری (عسقلان) کەوتە ڕێ کە ببووە کوسپێك لە ڕێگای مصرو شام، لەوێش لەگەڵ (الملك العادل)ی برای و سەربازانی مصر بەمەبەستی

---

١٥٥ النوادر السلطانية، ل١٥٤.

١٥٦ سعداوي: الحرب والسلام، ل٣٥.

١٥٧ جبیل: شارێکی بەناوبانگە لە کەناری دەریای ناوەراست نزیکەی (٨) فەرسخ بەواتای (٤٨کم) لە سەرووی شاری بەیروتەوە دوورە.(یاقوت: س.پ.مج٢/ ل٣٤).

١٥٨ ابن الاثير: الكامل. مج٧/ ل٣٣٠- آبن الشداد: س.پ، ل٦٥- ابو الفداء: س.پ، ج٢/ ل١٥٦.

گەمارۆدانی شاری (عسقلان) کۆبۆوە، هاوکات پاشای (بیت المقدس) کە لای موسڵمانان لە شەڕی (حطین)ەوە دیل کرابوو، سوڵتانی بەرامبەر ئازاد کردنی ئاگادار کردەوە، ئامۆژگاری گەمارۆدراوە خاچ دروشمەکان بۆ بەدەستەوەدانی شارەکە دەکات، سوڵتان بەو مەرجە ڕازی بوو، خاچ دروشمەکان گوێڕایە ڵی ئامۆژگاریەکەی بوون، پاش ئەوەی لە هەڵوێستیان دڵنیا بوون و بە ناچاری شارەکەیان بەدەستەوەدا و بەژن و ماڵ و مناڵیانەوە بەرەو (بیت المقدس) ڕۆیشتن، ئەوە بوو سوڵتان لە ٣٠ی جمادی الاخره ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) دەستی بەسەر شاری (عسقلان)دا گرت، کە خاچ دروشمەکان ماوەی ٣٥ ساڵ داگیریان کردبوو[١٥٩].

سوڵتان پەیمانەکەی خۆی لەگەڵ پاشای (بیت المقدس) لەکاتی گەمارۆی (حصن الاکراد)[١٦٠] بەجێهێنا، لە (أنطرسوس)[١٦١] لەپاش ڕزگارکردنی (قودس)، بەمەرجێك مەملوکی بێت، و بەهیچ شێوەیەك لە دژی موسڵمانان چەك هەڵنەگرێت، ئەویش بەو مەرجانە ڕازی بوو[١٦٢]، بەڵام بە گەیشتنی بۆشاری (صور) پەیمانەکەی بیر چوو وەو لەهەمانکاتدا بەبەستنی پەیمان لەگەڵ (المرکین) بۆ شەڕ کردن لەگەڵ سەلاحەددین پێشێلی پەیمانەکەی پێشتری کرد، بەڵام ئەوەبوو خاچ دروشمەکان شکستێکی گەورەیان بە خۆیانەوە دی و شاری (قودس) گەڕایەوە ژێردەستی موسڵمانەکان و سەلاحەددین ڕێزێکی باشی لە گەورە مەسیحیەکانی (قودس) گرت، ئەم

---

١٥٩ أبن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل ٣٣٢" أبن شداد: س.پ، ل٦٥-٨١" ابو الفداء: س.پ، ج٢/ ل١٥٧.

١٦٠ حصن الاکراد: قەلایەکی بەهێز و پۆلایینە دەکەوێتە سەر چیا، کە لە بەشی رۆژئاواوە ، بەرامبەر شاری (حمص)ەوە ، ئەو چیایەی (الجلیل) کە پێوەندی بە لبنانەوە هەیە لە نێوان بعلبك و حمص. (یاقوت: س.پ، مج٢/ ل١٥٢).

١٦١ انطر سوس: شارۆچکەیەکە لە کەنارەکانی دەریای شام ، دەکەوێتە کۆتایی سنوری کارگێڕی شاری دیمشق، (یاقوت: س.پ، مج١/ ل٢١٦).

١٦٢ أبن شداد: س.پ، ل٨١.

کارەی بە مەبەستی تەکتیکی دەروونی و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵکی شارەکانی تر بووە.

جەنگی دەروونیی تەکتیکی لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسەتی شەڕەنگێزی، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بەبێ ئەوەی پەنا بۆهیچ کردەیەکی سەربازی ببرێت، لەوەیە بە ڕاگەیاندنی جەنگی دەروونی بووترێ "جەنگی سیاسی" ئەمەش چونکە جۆرێکە لە کێشەی نێوان دەوڵەتان، هەرلایەکیان هەوڵدەدات بۆ چەسپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر لایەنەکانی تردا کە هیچ کاتێك هێزی سەربازی تیادا بەکارناهێنرێت[163]. بۆ نمونە کاتێك سەلاحەددین لە ڕوخاندنی قەلای (النطرون)[164] لێبووەوە لە (مرکیس کونراد دی مونتفرات)ەوە نوێنەرێکی پێ گەیشت و داوای بەستنی ڕێککەوتنی لەگەڵدا کردە بەو مەرجەی (بیروت و صیدا)ی پێ بدرێت و (عکا)ش ببێتە بنکەیەك بۆ کارەکانی پاش ئەوەی لە خاچ دروشمەکانی دەبات، هەروەها نوێنەرەکە داوای لە سەلاحەددین کرد لەسەر ئەوە سوێندی بۆ بخوات، سەلاحەددین لەسەر ئەو مەرجانە ڕازی بوو بەو هیوایەی بتوانێ دووبەرەکی لە نێوان خاچ دروشمەکان دروست بکات، بەلام سەلاحەددین ئەو مەرجەی بۆ (مرکیس) دانا کە (عکا) گەمارۆ بدات، سەرەتا لە خاچ دروشمەکانی وەربگرێت، پاش ئەوەش (صورو بیروت)ی پێ ببەخشێت وەکو بنەمایەك بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان[165]. (العدل

---

١٦٣ الدباغ: المرجع في الحرب النفسية، ل٥٠.

١٦٤ النطرون: دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی شاری الرملە. (امین: الاستخبارات الايوبيه.ل١١٥،پەراوێزی ١١٦).

١٦٥ أبن شداد: س.پ، ل٢٦٣" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٩٣" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٧٩" نوري: سياسة صلاح الدين، ٣٤١. نوێنەران بەردەوام دەهاتنە لای سوڵتان سەلاحەددین، هاوکات گفتوگۆ درێژەی پێدرا لەگەڵ (مرکیس) تاوەکو بەدەستی دوو لە ئەندامانی (ئیسماعیلیەکان) تیرۆر کرا.

النجيبی)[١٦٦] نارد بۆ ئاگادار کردنەوەی بۆ ئەوەی سەلاحەددین لە ئەنجامی لە خشتە بردنی (صورو بیروت) نەدۆڕێنێ، سەلاحەددین ئامانجی لەو ڕێککەوتنەوە ئاراستە کردنی جەنگێکی تەکتیکی دەروونی بوو دژ بە (ڕیچارد) کە خۆی ناچاری ڕێککەوتن بێ لەگەڵیدا، هەروا‌ش بوو ئەو ئامانجەی بەدیهێنا[١٦٧]، بەتایبەت کاتێك (ڕیچارد) کردەی نزیك بوونەوەی نێوان (کونرادو سەلاحەددینی) بیست سوور بوو لەسەر تازە کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ (الملك العادل) کە دەیخواست هاوڕێیەتی سەلاحەددین بەدەست بهێنێت و ئەو هەلە لەدەست (کونراد) بدات، بۆیە نامەی لەگەڵ (العادل)ی دیبلۆماسی زیرەکدا گۆڕیەوەو ڕێزی لێنا، پێشنیازێکی بۆ ئاشتی پێشکەش کرد، بەپێی ئەو پێشنیازە (العادل) (جوان-Joan)ی خوشکی (ڕیچارد) بخوازێت[١٦٨]. بەو مەرجەی قودس ببێتە پایتەختی پادشایەتیەکەی، هەموو شارە گرنگەکانی کەناریش وەك (عکا)و (یافا)ی بۆ بگەڕێتەوە لەگەڵ (جوان)ش دا قەشەو ڕاهیبەکان لەوێ نیشتەجێ بن سەرباری ئەوەی کە پێویستە (العادل) سوارەکانی (الداویە[١٦٩] و

---

١٦٦ العدل النجیبي: نوسەری سوڵتان سەلاحەددین بوو، یەکێك بوو لەئەندامانی شاندی گفتوگۆی نێوان سوڵتان‌و مرکیس کونراد، هەروەها نوێنەری سەلاحەددین بوو لەکاتی وتووێژکردن لەگەڵ أرناط خاوەنی صیدا کە نەگەیشتە هیچ بنەمایەکی سەرەکی. (سعداوي: التاریخ الحربي، ل٢٨٠" Stevenson: op,p279).

١٦٧ ابن شداد: س.پ، ل٢٧٢-٢٧٣" أبو شامة: الروضتین، ج٢/ ل١٩٦" حسین: س.پ، ل٢٤٩.

١٦٨ ئەوەی سەیرەو لەهەمان کاتیشدا پەژارەیە کە (العادل)ی نوێنەرو سازش کار تەنیا بە خێزانە موسڵمانەکانی وازی نەهێنا، ئەو مەسەلە ترسناکە کە بەڕێوە بوو هیچ خەریکی نەدەکرد، بەڵکو (جوان)ی ئەوروپی‌و مێینەی ئینگلیزی خەیاڵ‌و هۆشی بوون، ئەمەی بەهەل زانی کە (جوانە خان) بچێتە پاڵ ژنە (کوردو عەرەب‌و تورکەکان) کەهەی بوون (الآمین: صلاح الدین بین العباسیین والفاطمیین والصلیبین، ل١٢٢).

١٦٩ الداویە: کۆمەڵێك بووە لە سوارەی خاچ دروشمەکان لە ساڵی (٥١٢ك/١١١٨ز) دامەزرابوو پێشیان دەوترا سوارەی پەرستگا، ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە شەڕی خاچ دروشمەکان. (رنسیمان: س.پ،ج٢/ل٢٤٩-٢٥٠).

الاسبتاريه[١٧٠]) بەچەند دێیەك ڕازی بكات[١٧١]. لەسەر هەردووكیان پێویست بوو دیلەكان ئازاد بكەن و سەلاحەددینیش (خاچی خاچان)[١٧٢] بگێڕێتەوە، هاوكات (ڕیچاردشێردڵ)یش بۆ ئینگلتەرا بگەڕێتەوە[١٧٣]. لەهەمان كاتدا ڕیچارد بەهەمان شێوازی تەكتیكی دەروونی و مەعنەوی كاتێك بە ئاشتی وەلامی سەلاحەددینی دایەوە لە ڕێگای ئەوپرۆسەی جێبەجێ كراو، و پیلان بۆ داڕێژراوە بۆ ناكۆكی دروست كردن لە نێوان سەلاحەددین و (الملك العادل)ی برایدا، ئەمە بۆخۆی شێوازێكی زیرەكانە بوو بەمانای وشە كە لەلایەن (ڕیچارد)ەوە پیادە كرا، لەبەر ئەوەی سەلاحەددین ئەگەر هات و داوای (الملك العادل)ی ڕەت بكردایەتەوە، ئەوا ناكۆكی دەكەوتە نێوانیان ئەو كاتەش (ڕیچارد) ئامانجەكەی لە لاواز كردنی ورەی سوپای ئەیوبی جێبەجێ دەكرد، بەلام ئەگەر ڕازی بوو ئەوا كێشەیەكی تری بۆ دروست دەكات، ئەویش ئەوەیە كە (جوان) مێرد بە موسڵمان ناكات، ئەگەر بێت و نەچێتە سەر ئایینی مەسیحی، بەمەش قودسیان بۆ دەگەڕێتەوە، بەلام

---

١٧٠ الاسبتاريه: گروپێكی ئایینی چەكدار بوون، بەسوارەی (القديس يوحنا) ناسرا بوون، لە سالی (٤٩٢ك/١٠٩٩ز) دامەزراوە، سەرەتا چارەسەری نەخۆشیان دەكرد دواتر بوونە جەنگاوەری خاچ دروشمەكان. (هـ.س:ل٢٤٨-٢٤٩).

١٧١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٥٥٥" أبن الاثير: الكامل ، مج٧/ ل٣٨٩" العليمي: س.پ، ج١/ ل٣٨١.

١٧٢ خاچی خاچان: بریتی‌یە لەپارچە دارێكی شێوە كۆی لەخۆ گرتووە، خاچ دروشمەكان پێیان وابوو كە (مەسیح)ی لەسەر خاچ دراوە، بۆیە ئەم خاچە زۆر پیرۆز بوو لایان، بطریك لەشاری قودس هێنابووی، لەشەڕەكاندا لەبەرامبەر موسڵمانەكاندا بەرزیان دەكردەوە، چونكە بڕوایان وابوو لەكاتی قەیراندا ڕزگاریان دەكات. (نوري: سياسة صلاح الدين، ل٢٨٨. Rosebauit, Saladin Prince of Chivalay, P.185

١٧٣ نوري: سياسة صلاح الدين، ل٣٤٢. Rosebauit, Saladin Prince of Chivalay, PP.280-281

(الملك العادل) مەسیحیەتی پێ قبوڵ نەبوو، ئەو مەسەلەیە هەروەکو خۆی مایەوە[١٧٤].

دوای ئەوەی (ڕیچارد) بە کوشتنی (کونراد) دڵشاد بوو، ئەوەشی بیست کە سەلاحەددین لە ڕۆژهەڵاتدا ڕووبەڕووی هەندێ ئاڵۆزی بۆتەوە، مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتنەی پێشتر لەگەڵ (الملك العادل)دا لەسەر ڕازی بوونی پیشان دابوو ڕەت کردەوە، پاش ئەوەی لە جمادی الاخرەی ساڵی (٥٨٥ك/١١٩٢ز)، (الداروم)ی گەمارۆداو دەستی بەسەریدا گرت[١٧٥]. بەم جۆرە لەم شەڕو پێکدادانانەدا موسڵمانەکان توانیان زیان لەبەرەکانی دواوەی سەربازگەی خاچ دروشمەکان بگەیەنن، جگە لەوەی هەندێ جار ڕێگەی هاتووچۆیانیان دەبڕی، بەتایبەتی لەکاتی پێشڕەوی کردنی خاچ دروشمەکان بۆ شاری قودس[١٧٦]، زۆرجار ئەم چالاکیانە بە شەو ئەنجام دەدران، بەدەگمەن بەبێ دەسکەوت دەگەڕانەوە، چونکە بەجلی ڕەش دزەیان دەکردە نێو ڕیزی خاچ دروشمەکان و چالاکییەکانیان بەسەرکەوتوویی بەئەنجام دەگەیاند[١٧٧].

لەنێو موسڵمانەکاندا چەند پیاوێکی توندوتیژ هەبوون کە دەچوونە نێو چادرەکانی خاچ دروشمەکان بە شمشێرەکانیان لە ملی پیاوەکانیان گیر دەکرد و ناچاریان دەکردن کە ورتەیان لێوە نەیەت و زاتی قسە کردنیان نەمێنێت و بەزیندوویی بیانهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی سامان و ئەسپ و شتی تریان پێ بوایە لێیان دەسەندن[١٧٨]، بۆ نموونە سوڵتان سەلاحەددین لە

---

١٧٤ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٥٥٦-٥٥٧" ابن شداد: س.پ، ل١٩٥-١٩٦" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٧١-٣٧٢" نوري: سياسة صلاح الدين، ل٣٤٢-٣٤٣.

١٧٥ ديورانت: قصة الحضارة، م٤ ج٤/ ل٤٢.

١٧٦ عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل٨٤٥.

١٧٧ لامب: شعلة الاسلام، ل١٩٢-١٩٣.

١٧٨ النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٣١.

ساڵی (٥٧٤ك/١١٧٩ز)دا ناردنی بۆ (صیدا و بیروت) بۆ دوورینەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی خاچ دروشمەکان خۆیان‌و وشترەکانیان بە باری گرانەوە بۆ لای سەلاحەددین گەڕانەوە[١٧٩].

لە مانگی (شعبانی ساڵی ٥٨٥ك/١١٩٠ز)دا ئەم تیپە (دزە) لە (بدو)ەکان لە ناوچەی (عکا) هێرشیان کردە سەر خاچ دروشمەکان و هەندێکیان لێکوشتن و ئەوانی تریان دەستگیر کرد و هێنایانە لای سەلاحەددین، و لەکاتی پێشڕەویاندا بەرەو (عسقلان)، ئەندامانی ئەم تیپە توانیان چوار لە سەربازە خاچ دروشمەکان بڕفێنن بەهەمان شێوە هێنایان بۆ سەلاحەددین، پاشان فەرمانی زیندانی کردنیاندان. هەروەها لە (٢٢ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٥٨٧ك/١١٩١ز)دا توانیان بچنە نێو سەربازگەی خاچ دروشمەکان، ئەمجارە دەسکەوتیان تەنیا (ئەسپێك‌و گوێدرێژێك) بوو[١٨٠]. ئەمە جگە لە پرۆسەی چالاکی دزی کە پێشتر باسمان لێوە کرد کەخۆی لەخۆیدا کاریگەری دەروونی کتوپڕی هەبووە لەسەر خاچ دروشمەکان، هۆیەکیش بوو بۆ چاندنی دڵە ڕاوکێ‌و پشێوی لەنێو سەربازگەی خاچ دروشمەکاندا.

بەم شێوەیە سەلاحەددین توانی جەنگێکی دەروونی تاکتیکی دژ بەو خاچ دروشمانەی لەچوارچێوەی ئەو پرۆسە سەربازییەی ناوچەکەدا ئامادە بوون بەرپا بکات و ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانی خۆی، لەهەمان کاتدا توانی کار بکات بۆ جێ لەق کردن و تەسك کردنەوەی گیانی ورەی دوژمنان، تاوەکو ناچاریان بکات بڕوخێن‌و خۆبەدەستەوە بدەن یان شکست بهێنن‌و هەڵبێن.

---

١٧٩ البنداري: س.پ، ج١/ ل٣٢٤" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل٨" ا.ر.جب: س.پ، ل١٧٢-١٧٤.

١٨٠ ابن شداد: س.پ، ل١٩٢،١٨٥،١٣٤ .

لە نموونەیەکیتردا سوڵتان سەلاحەددین (٣٠٠) سێ سەد جەنگاوەری خۆبەخشی بۆ چوونە نێو ئۆردوگای خاچ دروشمەکانەوە بێ ئەوەی هەستیان پێبکەن ڕێکخست و تالانو دزی پارەو ئاژەڵو پیاوو هەندێ جاریش منداڵان دەستی پێدەکرد، بەم جۆرە کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن دەوترێ (خۆبەخش یان سەرکێش) سەلاحەددین خۆی ڕێکی دەخستن و فەرمانی پێویستی هێرش بردنو تێکدانی پێ دەدان[181].

سەلاحەددین لە ڕێگای ئەم چالاکیانەوە توانی جەنگی دەروونی تاکتیکی ئاڕاستەی دانیشتوانی مەدەنی ناو سەربازگەی خاچ دروشمەکان بکات بۆ شلەژاندنی بارودۆخیان و ترس خستنە دڵو دەروونیان و ئیفلیجکردنی توانا سەربازیەکانیان.

جگە لەمانە سەلاحەددین شێوازی تری تاکتیکی دەروونی بەکارهێنا، نموونەش لەسەر ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە سوڵتان سەلاحەددین سەرەڕای پیرۆزی (ڕۆژی هەینی) وەك جەنگێکی دەروونی تەکتیکی ڕۆژانی هەینی بۆ شەڕەکردن هەڵدەبژارد، هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕۆژانی تر شەڕی نەکردبێت، و چاوەڕوانی ڕۆژانی هەینی کردبێت، بەلام بە ئەنجامی شەڕەکانی لەم ڕۆژەدا زۆر گەش بین دەبوو و کاریگەریشی لەسەر دەروونی

---

١٨١ یەکێك لەوانە شەوێك کۆرپەیەکی تەمەن (٣) سێ مانگانەی لەناو سەربازگەی خاچ دروشمەکان دزی بوو، دایکەکەی بەپەرۆشەوە هەر بۆی دەگەڕا، تاکو هەواڵەکەی گەیشتە لای یەکێك لە میری خاچ دروشمەکان، ئەویش ڕێگەی دا کە بچێتە لای سوڵتان وە پێ ی گوت: "سوڵتان پیاوێکی میهرەبانە و دڵی پێت دەسووتێتو و کۆرپەکەت بۆ دەگەڕێنێتەوە"، دایکەکە بەپەرۆشەوە دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی کە لەسەر تەپۆلکەی (الخروبە) بوو، شکایەتی دزرانی منداڵەکەی لا کرد و بەگوڕ ئەگریا، سوڵتان تا ئەو ڕادەیە هەستی ناسك بوو کە چاوەکانی فرمێسك گرتنی و فەرمانی دەرکرد منداڵەکەی بۆ ئامادە بکەن، کەچی لە بازاڕ فرۆشرابوو، فەرمانی دەکرد کە پارەی کڕیارەکە بگەڕێنەوە و منداڵەکەی وەرگرنەوە، بەهەرحاڵ دایکەکە منداڵەکەی وەرگرتەوەو لەباوەشی ناو لەناو خۆشیدا زۆرگریا، پاش ئەوە بۆ سەعاتێك شیری خۆی پێدا، سەرەنجام بڕیاری دەرکرد کە خۆیو منداڵەکەی بە سواری ئەسپێك بە پارێزراوی بگەڕێننەوە لای کەسو کاری دایکەکە. (ابن شداد: س.پ، ل١٩٦-١٩٧).

موسڵمانان هەبوو، بۆ نموونە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) سوپای ئەیوبی لەناوەڕاستی ڕۆژێکی هەینیدا بۆ شەڕی (حطين)دەستیان بە پێشڕەوی کرد، [١٨٢] هەروەها سوپای ئەیوبی لە ڕۆژی هەینی چووە نێو شاری (عکا) [١٨٣]، و قەڵا کەنارییەکانی باکووری شامو دوروبەری (أنطاکیا) [١٨٤]، ئەمەو جگە لەهەندێ شوێنیتر کە لەڕۆژانی هەینی دا بەدەستی سوپای ئەیوبی ڕزگار کرا، وەکو (جبلة) نزیك (اللاذقية) [١٨٥] لە کەناری شام لە ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز)دا هەروەها قەڵاکانی (اللاذقية، صهيون، بكاس، الشغر، سرمانية) [١٨٦]، ئەنجومەنی جەنگی سەلاحەددین هەمیشە پلانی بۆ ئەوە دادەنا کە شەڕەکانیان بکەوێتە ڕۆژانی هەینییەوە [١٨٧]، بێگومان ئەم ڕۆژە کاریگەری گەورەی لەسەر ورەو دەروونی سەربازانی سەلاحەددین هەبوو، لەڕاستیدا بۆ شەڕ کردن پاڵنەرو بزوێنەر بووە، ئەگەرچی سەرکەوتنو سەرنەکەوتن هیچ پەیوەندییەکی بەڕۆژەوە نییە، بەڵام دەربارەی سوپای سەلاحەددین ڕۆژانی هەینی لەسەریان کاریگەری دەروونی خۆی هەبووە، [١٨٨] سوڵتان سەلاحەددین لەکاتی شەڕەکانیدا ئەم شێوازە تاکتیکیانەی

---

١٨٢ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٥" ابن شداد: س.پ، ل٧٥" أبوشامة: الروضتين، ج٢/ ل٨٠.

١٨٣ ابن خلكان: س.پ، ج٧/ ل١٧٥" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٣١.

١٨٤ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل ٢٤٧" أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٨ " ابن شداد: س.پ، ل٩٢" أبن العديم: س.پ، ج٣/ ل١٠٤" ابوشامة: الروضتين، ج٢/ ل١٣٠.

١٨٥ أبن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٣١٣.

١٨٦ ياقوت الحموي: س.پ، مج٣/ ل٢١٢، مج١/ ل٣٧٤، مج٣/ ل١٤٧، مج٣/ ل٤٢" أبن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٣١٤. حسين: س.پ، ل٢٢١.

١٨٧ حسين: س.پ، ل٢٢١.

١٨٨ لەهەمان کاتدا ئەم سوپایە ڕۆژانی هەینی شکستو دۆڕاندنیشی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە لە ساڵی (٥٧٣ك/١١٧٧ز) سوپای ئەیوبی بەدەستی خاچ دروشمەکان لە شەڕی (الرملە)شکستی هێنا. (ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٥٨.) هەروەها لە ڕۆژی هەینی (١٧ی جمادی الاخرەی ساڵی ٥٨٧ك/١١٩١ز)دا خاچ دروشمەکان شاری (عکا)یان داگیر کرد،(ابن شداد: س.پ، ل١٧١" أبوشامة: الروضتين، ج٢، ل١٨٨" أبن واصل: س.پ. ج٢/ ل٣٦٠).

لەچوار چێوەی ئامانجە تەکتیکیە دەروونیەکانیدا لەپاڵ کردە سەربازییەکانی لە دژی خاچ دروشمەکاندا پیادە دەکرد.

بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە جەنگە پەیوەست بەکاتو شوێنو تاقمو دەستەیەکی دیاریکراوە مەبەستو ئاکامەکانی کورتن و کاریگەریەکەی لەماوەیەکی کورتدا دەردەکەوێت، بۆنموونە لەکاتی شەڕدا ئەم جۆرە ئاراستەی سەربازەکانو مەدەنیەکانی دوژمن دەکرێت بۆ خۆبەدەستەوەدانو شەڕ نەکردنیان و ئیفلیج کردنی وورەیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم جەنگە.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خاچ دروشمەکان لە ماوەی هەڵمەتەکانیان بۆ سەر ڕۆژهەڵات جەنگی دەروونی تەکتیکیان لە دژی سوپای ئەیوبی بەکار نەهێنابێ، بۆ نموونە لەکاتێکدا کە هەڵمەتەکەی ئەڵمانیا بەسەرکردایەتی (بەربەرۆسا) [189] لە وشکانیەوە گەیشتە ناوچەی شام [190]، کەشێکی ترسناکیان بەسەر وڵاتانی ئیسلامی دا هێنا.

سەلاحەددین چەندین ئیجرائاتی مەیدانی کرد کە کاریگەری دەروونیو وورەیی چاکیان لەسەر موسڵمانان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم مەترسیە هەبوو، وەك ناردنی سیخوڕ بۆ زانینی هەواڵی دوژمن [191]،و چۆڵ کردنی شارەکانو ڕووخاندنی شوراکان وەکو شورای (طبرية)و چەندین شورای

---

١٨٩ فردريك بەربەرۆسا: لە پاش مردنی مامی (کۆنرادی سێیەم)ساڵی (٥٤٧ك/١١٥٢ز)، فەرمانڕەوایی ئەڵمانیای گرتە دەست، بە یەکێك لە بەهێزترین کەسایەتیەکان دادەنرێت کە دەسەڵاتی ئەلمانیایان وەرگرتووە، لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)، بەشداری لە هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان کرد، بەڵام ئامانجەکانی نەهاتەدی، لە کیلیکیا خنکا و سوپاکەی لەناوچوو .(زيان: الامبراطور فردريك بربروسا و الحملة الصليبية الثالثة، ل١٢).

١٩٠ قاسم: س.پ، ل١٤٥.

١٩١ ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٥٠.

تری شارەکانی وڵاتی شام[١٩٢]. ئەوەندەی پێ نەچوو ڕووداوێکی کتوپڕ ڕوویدا و هەموو شتێکی لە کاتی پەڕینەوەی (بەربەرۆسا) لە ڕووبارێکی بچوك لە (قیلیقە) بەسەریەکدا تێکدا، ئەویش لە ڕێگای (طرطوس)ەوە بۆ (أدنە و أنطاکیة)نغرۆبوو[١٩٣]. موسڵمانەکان زۆر دڵخۆش بوون بە خنکانی ئیمپراتۆری ئەڵمانی، (أبن الاثیر) لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر بەزەیی و بەخشندەیی خودا نەبووایە بەرامبەر موسڵمانان، و شای ئەڵمانیای نەخنکاندایە، ئەوا ئەگەر بگەیشتایەتە وڵاتی شام دەبوایە بگوترایە شام و مصر لەکۆندا وڵاتی موسڵمانان بوون"[١٩٤].

کەچی لەڕێگەی دەریاوە کەشتیەکی خاچ دروشمەکان هات، (٣٠٠) ژنی خاچی تێدابوو "کە هەموویان گەنج و جوان و ڕازاوە بوون لە دوورگەکان دابەزین، خۆیان ئامادە کرد بۆ دڵخۆشی کردنی لاساران و بڵاوکردنەوەی گەندەڵی، و خۆیان جوان کرد بۆ ئەوەی خەریکی داوێن پیسی بن و بازاڕیان هەبێت"[١٩٥]. ئەم دەقە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خاچ دروشمەکان (سێکس)یان وەك جەنگی تەکتیکی دەروونی لە هەڵمەتی سێیەمیاندا دژ بە ئەیوبیەکان بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی لە ئەرکی جیهاد دووریان بخەنەوە، ئەوان خێوەتی خۆیان لە نزیك سەربازگەی موسڵمانەکان دابەست و ئەوە وای لەهەندێ سەربازە گەنجەکانی کرد کە بچن بۆ ناو ئەو خێوەتانەو هەندێ کاری حەرام کراو ئەنجام بدەن. (العماد الکاتب) لە وتەیەکیدا بەم جۆرە وەسفی کردوون: "ئەم هەواڵە لەناو ڕیزی سەربازەکانمان بڵاوبیوەوە، هەندێ لە مەمالیکە کەللەپوتەکان و هەندێ لە نەفامەکان و، کۆمەڵێك ئارەزووی هەڵینان، شوێنی

---

١٩٢ هـ.س، ل١٥٧.

١٩٣ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٧٤.

١٩٤ هـ.س، ل٣٦٣.

١٩٥ العماد الکاتب: الفتح القسي، ل٢٢٨–٢٢٩" العلیمي: س.پ، ج١/ ل٣٦٢.

بەپەلایی کەوتن، هەندێکیان ئەوەیان پێ خۆش بوو و هەندێکیان لەم رەفتارەیان پەشیمان بوونەوە"[196]. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە خاچ دروشمەکان سێکسیان لەم جەنگەدا وەکو تازەترین چەکی تەکتیکی دەروونی بەکارهێنا کە بۆخۆی ئاراستەی بڕواو ئازایەتیو متمانەو دژ بە ئارەزووی شەڕ کردن کرا.. کەتوانی گیانی ورە لە موسڵمانەکان تێك بدا. ئەڵێن ئەو ژنە زینا کارانە چوونەتە شاری (عکا) کە لەژێر دەستی خاچ دروشماندا بووە، ئیتر شارەکە بووە خانەیەکی گەورەی داوێن پیسی بەجۆرێك کە باسی ناکرێت. پاش ئەوە لە(عکا) ئەو ژنانەی بەرەو (یافا)و هەندێ ناوچەی نزیك سەربازگەی موسڵمانەکان دەنارد، هەتاوەکو شاعیری خاچیەکان (ئەمروز) کە هاوچەرخی رووداوەکان بوو بەو کارە دڵ گران بووەو وتویەتی: "خوایە میهرەبانی خۆت، بەم جۆرە رەوشتە، میراتی خواوەند دەگێرنەوە"[197].

ئازاردانی دیل لەلایەن هەردوو لاوە (خاچیەکانو موسڵمانەکان) یەکێك بوو لە شێوازە تەکتیکە دەروونیەکان کە بۆ ترساندنی سەربازو غەیرە سەرباز واتە خەڵکی مەدەنی بەکار دەهێنرا، ئەم شێوازە بەشێوەیەکی بەرچاو پاش کەوتنی (عکا) بەدەستی خاچ دروشمەکان دەرکەوت، بەتایبەت دوای ئەوەی نزیکەی (٣)سێ هەزار دیلی موسڵمانیان کوشت بە فەرمانی

---

١٩٦ الفتح القسي، ل٣٤٨.

١٩٧ وەرگیراوە لە النقاش: س.پ، ل١٥٢-١٥٣.

(ریچاردی شێردل) و (یزك)[۱۹۸]ی موسڵمانەکان تەماشای دەکردن‌و لەتوانایدا نەبوو هیچ بکات[۱۹۹].

ئەم شێوازە ترسناکە کارتێکردنی گەورەی لەسەر دەروونی سەڵاحەددین‌و ورەی میرو سەربازو خەڵکی مەدەنیش هەبوو... سەڵاحەددین بیری لەوە کردەوە بە شێوازێکی نوێ وەڵامیان بداتەوە لە ڕێگەی (یزك)ی موسڵمانەکانەوە فەرمانی بە دزینی چەند کەسانێکی خاچ دروشمەکاندا تاکو لە پاشاندا بیانکوژێت[۲۰۰].

بەم جۆرە کەسانی (یزك)ی ئەیوبی فێری پەلاماری لە ناکاو و ڕفاندن‌و دزینی کەسی دیاری کراو بوون و لەپاشان کوشتنی ئەو کەسانەی دەدزران بەمەبەستی ئەوەی بیان ترسێنن و ترس‌و لەرز بخەنە دڵیانەوە ورەیان بڕوخێنن، گومانی تیا نییە کە پەنا بردنی سەڵاحەددین بۆ ئەو شێوازە تەکتیکیە نوێیە لەبەر ئەوەبوو، چونکە سوپاکەی تووشی شکستێکی زۆر بوو، مەبەستی لەم تەکتیکە ئەوە بوو لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ دوژمن بکەوێتە شەڕێکی ڕاستەقینەی گەورەوە هەڵسا بە پەرێشان کردن‌و ماندوو کردنیان[۲۰۱]. لەکاتی چوونیان لە (عکا)وە بەرەو (عسقلان) توانیان دوو لە خاچ دروشمەکان بدزن و بڕیار درا سەریان بڕن، لە نزیك (قیساریە)وە دوانی تریشیان هێنا، تاوەکو ئەو ڕۆژە (٥ی شعبانی ٥٨٧ك/١١٩١ن)

---

۱۹۸ یزك:زاراوەیەکی فارسیە، بە واتای پێشەنگی سوپا دێت،(ادی شیر: الالفاظ الفارسیة المعربة، ل١٦٠" التونجي: المعجم الذهبي، ل٦١٩)، هەروەها بەو تیپانە دەوترێت کە ئاشکراکردنی هەواڵی دوژمنی پێدەسپێردرا پێش چونە ناو شەڕەکە، یان پاسەوانی پێشەوای سوپا ، یاخود سیخوڕ.(بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەمین: الاستخبارات الایوبیه، ل١٦٢"حسین: س.پ،ل١٧٧).

۱۹۹ ابن شداد: س.پ، ل٢٢١–٢٢٢. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە (زابوروف: الصلیبیون في الشرق، ل٢٠٩" لامپ: س.پ، ل٢١٧).

٢٠٠ ابن شداد: س.پ، ل١٩٦–٢٢٤.

٢٠١ حسین: س.پ، ل٢٣٦.

گەیشتە (٨) دیل، دوای ئەوەی توانیان (١٤)کەس لە خاچ دروشمەکان بگرن، و ژنێکیان لەگەڵ بوو کە کچی یەکێك لە سوارچاکە خاچ دروشمەکان بوو کە دواتر هەموویان کوشتن[٢٠٢].

بەڵام خاچ دروشمەکان لە دزینو پەلاماری لەناکاودا بەهێزترو بە تواناتر بوون، چونکە (ریچارد شێردڵ) نەیدەویست بەوەڵامدانەوەی ئەو پێکدادانەوە خەریك بێتو هەڵەکە لەدەست بدات، ئەو دەیویست بگاتە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی کە قودسو وڵاتی مصر بوو[٢٠٣].

ئەمەش شێوازێکی تری تەکتیکی جەنگی دەروونی بوو کە پێویستی بەشارەزا بوونی ڕادەی ڕۆشنبیری دوژمن بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی ئاژاوە لەنێوان ڕیزەکانیاندا بەو جۆرەش تووشی دڵە ڕاوکێیان بکەن، لەهەلو مەرجێکدا کە هیچ تاکتیکێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلانەکانی دوژمن نامێنێ پێویستە بۆ تۆڵەکردنەوە شتە پیرۆزەکانی دوژمن ڕەچاوبکرێت، ئەگەر سوود لەو کارە وەرگیرا بەلەبەر چاو گرتنی مەرجەکان ئەو شتانە دوژمن تێك دەداتو لەهەمان کاتیشدا بیرو هۆشی شپرزە دەکات[٢٠٤].

شەڕی (أرسوف) بەیەکەمین شەڕ دادەنرێ کە موسڵمانەکان تێیدا پاش کەوتنی شاری (عکا) تووشی شکست هاتن.. کە خۆی لەخۆیدا بۆ خاچ دروشمەکان سەرکەوتنێکی مەعنەوی گەورە بوو[٢٠٥].

ئەو شەڕە ئەوەی سەلماند کە ئەو داکشانە بە تایبەتی دوای کەوتنی (عکا) وە خۆڕاگری شاری (صور) بە بەرژەوەندی خاچ دروشمەکان

٢٠٢ ابن شداد: س.پ، ل٢٢٦-٢٢٨.

٢٠٣ حسين: س.پ، ل٢٣٦-٢٣٧.

٢٠٤ زمانی: س.پ، ل١٦٠.

٢٠٥ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٥٤٤" ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٨٨" ابن شداد: س.پ، ل٢٣٧" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٩١" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٦٨" حسين: س.پ، ل٤٧٦" حسن: س.پ، ج٤/ ل١٠٧.

شکایەوە، ئەگەری گەیشتن بۆ (بیت المقدس) لە جاران زیاتر بوو، ناوبانگی (ڕیچارد شێردڵ) گەیشتە لوتکە[٢٠٦]، بەجۆرێك موسڵمانەکان دەترسان لە (ڕیچارد) و ترس و نیگەرانی باڵی بەسەر ئەنجومەنە جەنگیەکەی سەلاحەددیندا کێشابوو، بەتایبەت دوای ئەوەی بڕیاریاندا شاری (عسقلان) چۆڵ کەن و خاپوریشی بکەن[٢٠٧].

بێگومان ئەم بیرکردنەوەیە کە باڵی بەسەر بیر و هۆشی هەندێ لە میرەکانی (سەلاحەددین)دا کێشابوو، ڕادەی ئەو ترسە زۆرە دەسەلمێنێ لە هێزی خاچ دروشمەکان، لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەیەکە بۆ ئەو بارە دەروونیە نالەبارەی کە تیایدا دەژیان، ئەو میرانەی بانگەشەیان بۆ خاپوور کردنی (عسقلان) دەکرد ئەوەیان ڕاگەیاند کە داکۆکی کردن لە شارەکە پێویستی بەهێزێکی پارێزەری گەورەیی کە ژمارەیان نزیکەی (٣٠) هەزار سەرباز،[٢٠٨] یان (٢٠) هەزار بێت. سەلاحەددین نەیتوانی میرەکانی ڕازی بکات، بۆیە زۆر دڵتەنگ بوو، و ئەوشەوەیشی بە پەژارەوە بەسەر برد، (ابن شداد) دەڵێت: "سەلاحەددین شەو زۆر بەکەمی خەوت، بانگی کردم لە خزمەتی دابم تاوەکو درەنگانێ.. ئامادەبووم کوڕەکەشی (الملك الافضل) ئامادەبوو لەو بارەوە پرسیارم لێکرد، پاش ئەوە وتی: "بەپەروەدگار لەدەست دانی منالەکانم هەموو پێخۆشترە لەوەی تاکە بەردێکی (عسقلان)

٢٠٦ رنسیمان: س.پ، ج٣/ ل١١١" العرینی: الشرق الادنی، ج١/ ل٩٦٥.

٢٠٧ ابن شداد: س.پ، ل٢٤٠" ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٨٨" ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل١٩٢" الحنبلی: س.پ، ل١٧٢.

٢٠٨ العماد الکاتب: الفتح القسي، ل٥٥٠" ابو شامة: الروضتین، ج٢/ ل١٩١" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٦٩" سبط بن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٤١٠.

بڕوخێنن، بەڵام ئەگەر ئەوە قەدەری خواوەند بێت و بەڕێگەی چارەی پاراستنی بەرژەوەندی موسڵمانەکان داینابێت چی بکەم"[٢٠٩].

سەلاحەددین ڕەخنەی لەم بۆچوونە گرت و داوای لەهەندێ لە میرەکان کرد بچنە (عسقلان)و بۆ داکۆکی کردن لە شارەکە و خۆیان ڕێکبخەن... ئەوەیان نەکرد بگرە بەجۆرێکی نائاسایی وەڵامیان دایەوەو لەو ڕۆژەوە بەدواوە لەسەری ڕاهاتن بەجۆرێك پێیان ووت: "ئەگەر دەتەوێت بیپارێزیت خۆت یان هەندێ لە کوڕە گەورەکانت لەگەڵماندا بێنە شارەکەوە، ئەگینا کەسمان ناچین نەوەك وەك خەڵکی (عکا)مان بەسەربێت"[٢١٠]، لەئەنجامدا ناچار بوو ملکەچی بڕیاری میرەکان بێت بەخاپوور کردنی (عسقلان) لە ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز). ئەمەش لەئەنجامی داڕوخانی پەیوەستی دەروونیان بوو لەپاش شکستەکەی (ارسوف)و بڵاوکردنەوەی ناوبانگی (ڕیچارد) وەك سەرکردەیەکی سەربازی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەتایبەت لە ئاڕاستە کردنیدا بۆ شەڕێکی دەروونی دژ بە بڕواو زیرەکی و ئارەزووی شەڕکردن... بەجۆرێك بیانخاتە ژێر ئەو کاریگەرییەی کە ئیدی شەڕ بێ هودەیە، بێگومان لەبەر بوونی هەندێ سەرکردەی بێ ئەزموون بەجۆرێك گومانیان لەسەرکردایەتی و توانای سەربازی سەلاحەددین هەبوو، هاوکات موسڵمانەکان بە خاپوور کردنی شاری (عسقلان) زۆر دڵگران بوون[٢١١].

لەم ڕووداوەدا ڕادەی ئەو ترسە زۆرە لە (ریچارد)و توندوتیژی و دڕندەییەکی دەردەکەوێت کە تووشی هاوڕێکانی سەلاحەددین بووە بە

---

٢٠٩ النوادر السلطانية، ل١٨٦" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٩٢" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٦٩" ابن خلكان: س.پ، ج٧/ ل١٩٨" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٤٣" حسين: س.پ، ل٤٧٨.

٢١٠ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٥٥٠" أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٨٨" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٩٢" الحنبلي: س.پ، ل١٧٢.

٢١١ أبن شداد: س.پ، ل٢٤١" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٦٩.

جۆرێـك هــەتاوەكو بـۆ داكـۆكی كـردن قایـل نـەبوون بـچنە نـاو شـاری (عـسقلان)ەوە، لەترسـی ئـەوەی نـەوەك ڕووبـەڕووی هـەمان ئـەو كارەسـاتە ببنەوە كەبەسەر خەڵكی شاری (عكا) داهات.

ئەو شەڕانەی كە لەچواردەوری شوراكانی (عكا) بەرپا بوو لە گەورەترین ئـەو شـەڕانەیە كـە لەمێـژووی سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا ڕوویـان داوە، و لەسەرنجڕاكێـشترین و گەرمترینیانـە لـە مێـژووی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا، دڕەندایەتی و ناشرینی لە خەسڵەتەكانی ئەم شەڕانە بوو هەتاوەكو هەردوو لایەن بە ئاگر تێبەردان دیلیان دەسووتاند، (العماد الكاتب) ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە "لەیەكێك لەو شەڕانەی كە لەچواردەوری شاری (عكا) ڕوویـدا.. خـاچ دروشمـەكان یـەكێكیان لـە موسـڵمانەكان بـەدیل گـرت و سـووتاندیان، ئێمـەش یـەكێكمان گـرت و لەتۆڵـەی ئـەوە سـووتاندمان، هـەردوو ئاگرەكـە پێكـەوە دەبینـران كـە جەسـتەی هـەردوو دیلەكـە دەسـووتان، دوورتـریش بەرامبـەر بەیـەك دەجـەنگان"[٢١٢]، ئەوەبۆخۆی جـەنگێكی تـەكتیكی دەروونـی بـوو لـە مـاوەی بـەرێوە چـوونی شـەڕەكەدا لەلایـەن هـەردوو بـەرەوە ئـەنجام دەدرا، بـۆ جێبـەجێ كردنـی ئامانجـەكانیان وەك بەشـێك لـە كـرداری شـەڕی ڕاستەقینەو هەوڵ دان بۆ بەرزكردنەوەی وورەی شەڕ كەران، لەبەر ئەوەی ئەو جەنگە تەكتیكیە دەروونیە كاریگەری خۆی هەیە بۆ هەر لایەنێكی سەربازی بەتایبەت بۆ ڕووخاندنی گیانی مەعنەوی لە گرنگترین ئەو ئامانجانە بوو كە هـەردوولا (خـاچ دروشمـەكان و ئەیوبیـەكان) كاریـان بـۆ جێبـەجێ كردنـی دەكـرد، جـا لەشـەڕ كـردن یـان بەتـەكتیكی جـەنگی دەروونـی لـەكاتی شەڕكردندا بێت.

---

٢١٢ الفتح القسي، ل٤٩٣.

بەشی چوارەم
ڕاگەیاندنی دەروونی
Information

ڕاگەیاندنی دەروونی

ڕاگەیاندن وەکو چالاکییەکی ڕۆژانە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە شان بەشانی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی تری ژیانەوە بەشێکی گرنگی هەڵس و کەوتی مرۆڤ بووە، لەناو کۆمەڵگاشدا کەسانێك هەبوون کە بایەخیان پێدەدا، لەبەر پێویستی پێکەوە ژیان و کاریگەریەکەی لە بەرەو پێش بردنی ژیاندا لە هەموو شوێنە ئاوەدانەکانی جیهاندا.[1] سەرەتا مرۆڤ ڕاگەیاندنی بە شێوەیەکی ساکار پیادە کردووە پێش ئەوەی پەنا بباتە بەر زمان وەکو لە م ئایەتە هاتووە { فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَاباً يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْءَةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَى أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْءَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ}[2]. ئەمەش یەکەم پڕۆسەی ڕاگەیاندن بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە بەتێبینیو هێما و دواتر قسە کردن پەرەی سەندووە، مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە شێوازی جیا و هەمەجۆری ڕاگەیاندنی بەکار هێناوە، وەك ئاگر کردنەوەو دوکەڵو هاوارکردن و دەنگدانەوە بۆ ئاماژە کردن بە ڕووداوێك هەروەها دەهۆڵو کەمۆڵەی[3] بەکار دەهێنا[4].

بۆیە دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندن لە جەنگی دەروونی هەموو ئەو پەخش کراوانەی بەرامبەر دەگرێتەوە کە بەکاری دەهێنێ بۆ ڕووخاندنی وەرەی

---

١ عبدالقادر: دور الاعلام في التنميه، ل١٩.

٢ واتە(خوا قەڵە ڕەشێکی نارد، خەریك بو زەوی دەکۆڵی بۆ ئەمەی پێی نیشان بدا کە چۆن جەندەکی براکەی لە خاکا بشارێتەوە. گوتی: ئەی لەخۆم نەگبەتی" چۆن نەمزانی وەك قالاّ بجولێمەوە وە لاشەی برای خۆم وشێرم. (بەم کردەوەی) دەڵێی هاتە ڕیزەی پەشیمانان). (سورەتی مائیدە: ئایەتی ٣١، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

٣ کەمۆڵە: شاخی گا بوو فوی تێدەکرا و بۆ ئاگادارکردنەوە وەك هۆکارێکی ڕاگەیاندن بەکار دەهێنرا.

٤ الرضا: الرای العام والاعلام والدعایة، ل٩٤" سعید: الاعلام والمعرکة بین الامس والیوم، مجلة دراسات للاجیال، عدد ٤٠، تشرین الثانی، بغداد، ١٩٨٠، ل٤٢.

دوژمن جاله ڕێگەی هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندنەوە بێت. ڕاگەیاندنی دەروونی بەکارهێنانی پلانێکە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ پروپاگەندە کردن دژی کۆمەڵێکی تر کە دۆست بێت یان دوژمن بۆ کار کردنە سەر سۆزو هزرو ڕەفتاریان بە شێوەیەك کە لە خزمەت بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی دەوڵەتدا بێت[5]. لەڕێگەی جەنگان لە تەك دوژمنداو داڕماندنی پیلان و مەبەستەکانی و بەهێز کردنی بەرەی ناوخۆ کە لەلایەن دوژمنەوە بۆ شکست پێهێنانی دەوڵەت، یان تواناکانی وڵات بەشتێکی گرنگ دادەنرێ.

لە ڕوانگەی بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە مەڕ جەنگی دەروونی بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاگەیاندن هۆیەکی گرنگە بۆ ئاسان کردنی جەنگی دەروونی و شێوەکانی بۆ کارکردنە سەر ئەو لایەنانەی کە پێویستە ئاراستە بکرێن، بەکار هێنراون، بەبێ ئەوەی واز لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی‌و لایەنی ئابووری‌و ڕامیاری بهێنرێت، چونکە ڕاگەیاندن هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتە خۆ لەبەر ئەوەی لایەنی هاوبەشی لەگەڵ هەموویاندا هەیە و گەیەنەری سەرەکی‌یە بۆ کارکردنە سەر لایەنی بەرامبەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان[6]. ڕاگەیاندن گەیەنەری هەواڵی سوپا و دەنگو باسی جەنگە، هەروەها کار دەکاتە سەر کەمکردنەوەی سەرکەوتنی سەربازی بەرامبەر یان سنووردار کردنی یان زیادە ڕەوی لە باس کردنی دۆڕاندنەکان[7]. هەروەها کار دەکاتە سەر ئابڵوقەی ئابووری بەمەبەستی ئەنجامدانی ئامانجێکی دیاری کراو، و گەورە کردنی توانای سەربازی دەوڵەتێکی دیاریکراو بەمەبەستی ناچار کردنی خەڵکانی تر کە هاوشانی ئامانجەکانی بڕۆن[8].

---

٥ شلبي: حرب الكلمات، ل١٩.

٦ العويني: الاعلام الدولي بين النظرية والتطبيق، ل١٢.

٧ كحيل: الرأى العام والسياسات الاعلامية، ل١٤٠.

٨ الحسن: الدولة الحديثة اعلام واستعلام، ل٢٨٦.

راگەیاندنی دەروونی هەوڵ دەدات بۆ ڕووخاندنی دوژمن‌و نەهێشتنی ورەو لەکەدار کردنی هەموو ئەو بانگێشانەی کە دوژمن پشتی پێ دەبەستێت، هەروەها هەوڵ دانە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری دۆست و بەرگریکردن لێی‌و بەهێز کردنی ئەو پەیوەندیە دۆستانەیە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری بێلایەنەکان بۆ لای ئەو مەسەلەیەی کە هەوڵی بۆ دەدرێت، و کار کردن بۆ بەدەست هێنانی متمانەیان و هەوڵدان بۆ دروست کردنی ڕق‌و دژایەتیکردنی دوژمن بەبەکارهێنانی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش‌و ئارامی‌و بەرزکردنەوەی ورەی بەرەی ناوخۆ و بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی گەورەترین کێشە بۆ دوژمن‌و ڕووخاندنی ورەی دوژمن‌و گۆڕینی هەواڵەکانیان بۆ پڕوپاگەندە[9].

جەنگی دەروونی چەندین هۆکاری جۆراوجۆری ڕاگەیاندن بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی بگاتە خەڵك‌و کار بکاتە سەریان، و پێویستە ئەوەش بزانین کە جەنگی دەروونی بە گۆڕانی خەڵك‌و شێوازەکەی دەگۆڕێت [10]. ئەگەر هەموو ئەرکەکانی بخەینە سەروی ڕێگەکانی لە گواستنەوەی بیرۆکەو هەواڵ‌و زانیاری پێویستی خەڵکی بۆی لە بەدواداچوون و تێر کردنی پێویستیەکانی، هەروەها لەم بوارەدا ڕاگەیاندن کاریگەرترین چەك دەبینی لە جەنگی دەروونی دا[11]. بۆیە دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندنی ڕۆڵی دەروونی هۆیەکە بۆ گەیاندنی شێوازەکانی جەنگی دەروونی بۆ لایەنەکانی مەبەستدار. لە ڕاگەیاندندا دیاریکردنی ئامانج بنەمایەکی گرنگە، بۆیە لە بنیاتنانی ڕەوشتی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی ئامانجە بەرزەکانەوە ئامانجی

---

٩ شلبي: س.پ، ل٥٠.

١٠ المتوكل: مدخل الى الاعلام والرأى العام، ل١٠.

١١ ذبيان: الصحافة اليومية والاعلام، ل١١٣.

راگەیاندن دیاری دەکرێ[12]. دیاریکردنی ئامانج و راگەیاندن لە بنەما سەرەکیەکانە لە جەنگی دەروونی لە راگەیاندنی سەردەمی سوڵتان سەلاحەددیندا، چونکە ئامانجەکانی ڕوونن و لەگەڵ نموونەی شێوازی سەلاحەددیندا دەگونجێ کە ئەمانە هەمووی لەو راگەیاندنانەدا کەلەبەردەستیدا هەبووە دەبینرایەوە، کە لەهەموو هەڵوێستێکیدا دەخرانە ڕوو تاکو لەگەڵ ئامانجەکاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئەیوبیدا بگونجێن. کاتێك کە جەنگی دەروونی چوارچێوە جوگرافیەکەی خۆی دەبڕێ وا دەردەکەوێ مەبەستی بەسووکزانینی لایەنی بەرامبەرە، کەواتە راگەیاندنی دەروونی بریتییە "لەپێشکەشکردنی ڕاست و دروست بۆ خەڵکی بەمەبەستی یارمەتیدانیان بۆ دروست کردنی ڕایەکی دروست لە کاتی ڕوودانی کێشەیەکدا کە ئەم ڕایە، ڕایەکی بابەتی و ژیرانەیە و لەگەڵ بیرو لایەنەکانیان دەگونجێت"[13].

لەپاش کۆچی دوایی (نورالدین محمود) ساڵی (٥٦٩ك/ ١١٧٣ز)دا جیهانی ئیسلامی بوو بەچەند دەوڵەتۆکەیەك و ململانێ کەوتە نێوانیانەوە تا لەم کاتانەدا سوڵتان سەلاحەددین دەرکەوت کە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەو یەکخستنەوەی جیهانی ئیسلامی هەوڵیدەدا، کەلەوەو پێش لەدەستی دابوو بۆ زیندو کردنەوەی ئەو قەوارەیە لە سایەی دەوڵەتی ئەیوبییدا کاریدەکرد[14].

لە ڕاستیدا سوڵتان سەلاحەددین سەرکردەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست بوو توانی زۆربەی لایەنەکانی سەربازی و ڕامیاری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی ڕێکبخات، و باشترین ڕێ و شوێنی بۆ دابنێت، ئەوەی لە کەسێتی سەربازی

---

١٢ العویني: س.پ، ل١٠.

١٣ حمزە: الاعلام والدعایة، ل٧٥.

١٤ ا.ر.جب: س.پ، ل١٩٣" فشر: تاریخ اوروبا العصور الوسطی.ل١٨٨.

سەلاحەددین بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە لەهەموو ئەو گریمانە سەربازییانەدا کە پێشتر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبوون جیاوازە، بەشیکردنەوەو لێکدانەوە دەردەکەوێ کە تیۆری جەنگی لای سەلاحەددین لە ڕووی هونەری و تاکتیکی راستی و تواناو مەبەست و ئامانجەکانییەوە جیاوازی زۆرە لەو تیۆرانەی کە پێشتر هەبوون.[١٥]

هەر لەوکاتەی سەلاحەددینی ئەیوبی جڵەوی لێپرسراوی گرتە دەست بەمەبەستی تەواو کردنی بەرنامە پێشینەکانی، هەڵمەتە ڕاگەیاندنە دەروونیەکانی ڕۆڵێکی کاریگەرو گرنگیان هەبوو لەیەکخستنی هێزە ئیسلامیەکان بۆ بەرپەرچدانەوەو بەرەنگار بوونەوەی خاچ دروشمەکان، لە ڕێگای ڕێکخستنی رای گشتی ئیسلامی و خۆ ئامادە کردنیان بۆ جیهاد لە پێناوی خودا و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە پاشەڕۆژدا لە ڕێگای چەندین هۆو شێوازی جیاواز، لەوانە نوسینی نامەی سوڵتانی (الكتابة السلطانية)[١٦]، نامەی برایانە (الرسائل الاخوانيه)[١٧]، کە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دەروونی و پڕوپاگەندەیان دەبینی،[١٨] دەوڵەتی ئەیوبی و فاتمی لە نووسینی تۆماری

---

١٥ چونکە سولتان جەنگی دەروونی ستراتیژی و تاکتیکی لە شەڕەکانی پیادەکردووە، و ئاگاداری ئەوشێوازە دەرونیانە بووە بۆ پێکانی ئامانجەکانی دژی خاچ دروشمەکان، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەشی دووەم و سێیەمی ئەم توێژینەوەیە.

١٦ نامەی سوڵتانی (الكتابة السلطانية): تایبەتە بە خۆگرتنی کاروباری دەوڵەت و ئیش و کاری سوڵتان لەناوخۆو دەرەوە، کە پێکهاتووە لە دانانی خەلیفەکان و میرەکان و لە ڕێو ڕەسمی (مەراسیم) پێدانی پۆستی وەزارەتەکان و فەرماندەیی و فێرکردن و وتار بێژەکان و ئاگادارییەکانی کۆشکی سوڵتان. بڕوانە (القلقشندی: صبح الاعشی، ج٩/ ل٢٩).

١٧ نامەی برایانە (الرسائل الاخوانية): پێك هاتبوو لە باس کردنی هەستی کەسایەتی لە ڕازی بوون و تووڕە بوون و خۆشەویستی و ڕك بوونەوە، گەورە نوسەران ئەو جۆرە نامانەیان چارەسەر دەکرد وەکو (القاضی الفاضل) و (أبن الاثير) و ئەوانی تر، بڕوانە (نصر الله بن محمد بن الاثير: المثل السائر في ادب الكاتب والشاعر، ل٤٦-٤٧.

١٨ هەر لەسەردەمی دەوڵەتی فاتمیەکاندا بۆ بەڕێوە چوونی کاروباری دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕەسمی و ئاڵو گۆڕ کردنی نامەی تایبەتی و کەسی لە نێوان نوسەرانی ئەو سەردەمەدا، لەو نامانە کەباس

هەوال و بڵاوكردنەوەی ئاگاداریە سوڵتانیەكاندا لەیەك دەچوون، ئەم دوو دەوڵەتە بۆ ئاهەنگ گێڕان لە بۆنە ئاینیە تایبەتیەكانیاندا دەردەچوون، هەرچەندە وتاری ئەو بۆنە ئاینیانە یەكێكی تر دەیخوێندەوە لەزاناكان (العلماء)[19]، جگە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی نوسەران لەسەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی كە كاری نووسەرییان لە (دیوانی الانشاء)[20]دا دەكرد، وەك (القاضی الفاضل)[21] كە بەڕێوەبەری ئەم دیوانە بوو و هەروەها (العماد الكاتب).

بۆ نموونە سوڵتان سەلاحەددین كە بۆ خەلیفەی عەبباسی (الناصر لدین الله)[22]ی نووسی، و تێیدا مژدەی رزگاركردنی (طبرية وعكا) و كەنارەكانی دەریای شامی پێڕاگەیاند، وتی: "سوپاس بۆ خوا بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەكەی، بۆ سەركەوتنی ئەم ئایینە لە رابردوو داهاتوودا، (طبرية) ئاڵای

لەچالاكی و كەژاوەو دەرچوونیان بۆ ئاهەنگێران و هەستان بۆ نوێژكردن دەكات. (ابن الصيرفي: قانون ديوان الرسائل، ل٢٧).

١٩ ابن شداد: س.پ، ل٢٤٩.

٢٠ دیوانی الانشاء: ئامرازی پەیوەندی حكومەتە لەگەڵ لقەكانی لەناوخۆو دەرەوە ، هاوكات دەربڕی هەستەكانی میللەت بوو، و ئەگەر بێتو پەڕاوەكانی دیوانی الانشاء كۆبكرایەتەوە مێژوویەكی تەواوی لێ دەردەچوو. بڕوانە (القلقشندی: صبح الاعشی، ج١/ ل١٣٥" بدوی: الحياة الادبية في عصر الحروب الصليبية بمصر والشام، ل٣٣٤).

٢١- القاضي الفاضل: ناوی (عبدالرحيم بن علي بن محمد بن حسن بن البيساني اللخمي العسقلاني) ناسراو بوو بە (القاضي الفاضل)، لە ساڵی ٥٢٩ك/١١٣٥ز لە شاری عسقلان لەدایكبووە، چوە بۆ ئەسكەندەریە، پاشان بۆ قاهیرە، یەكێك بوو لە كەسە هەرەنزیكەكانی سوڵتان سەلاحەددین، هاوكات وەزیری بووە. رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە (دیوان الانشاء)، نامەیەكی زۆری هەبوو، لە ساڵی (٥٩٦ك/١٢٠٠ز) لەشاری قاهیرە كۆچی دوایی كرد.(ابن خلكان: س.پ، ج٣ل/ ١٥٨" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل١٥٦" ابن الساعي: الجامع المختصر في عنوان التواريخ وعيون السير، ج٩/ ل٢٨).

٢٢ الناصر لدين الله: لە ساڵی (٥٥٣ك/١١٥٨ز) لە دایك بووە ، لە پاش مردنی باوكی ساڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز)، ببووە خەلیفەی عەباسی بۆماوەی (٣٧) ساڵ، پیاوێكی زمان پاراو ولێهاتووبوو. لە سەردەمی ئەم خەلیفە خاچ دروشمەكان لاواز بوون، بە هۆی سەركەوتنەكانی سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی. لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) كۆچی دوای كرد. (السيوطي: تاريخ الخلفاء، ل٤٤٨-٤٥٠).

ئیسلامی تیا هەڵکرا و لە (عکا)ش میللەتی کافرەکان تێك شکێنران، کە مسوڵمانەکان بە چاوی خۆیان بینیان ئاوەدان بوو، خۆشترینو پیرۆز ترین ڕۆژیان بوو"[٢٣].

سەلاحەددین هەوڵی دەدا دەوڵەتەکەی ببەستێتەوە بەچەندین تۆڕی خێرایی پەیوەندیکردنەوە[٢٤]، ئەوەی کە بەلای سەلاحەددینەوە گرنگ بوو زانینی هەواڵی جێگرو فەرمانڕەواکانی و زانینی هەموو شتێك کە لە وڵاتدا ڕوو دەدات و دەرکردنی بڕیاری تایبەت بەو مەسەلانە بوو، دەوڵەتەکەی سەلاحەددین هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەییدا بووە، بەهۆی ئەو شەڕو شۆڕە زۆرانەی کە لەنێوان خۆیو خاچ دروشمەکاندا ڕووی دەدا، زۆربەی ساتەکانی فەرمانڕەوایی ئەوێی گرتەوە[٢٥]. ئەمەش وای دەخواست هەمیشە گوێ قوڵاخی هەواڵی بێت و لەکاتی پێویستدا خۆی ئامادە بکات، ئەگەر دوژمن بیری لەشەڕ بکردایەتەوە کە هێرش بکاتە سەریان، یان وڵاتێك لە وڵاتەکان هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی تر لەو کاتەدا هێزی فریاکەوتنی بۆ دەناردن[٢٦]، سەلاحەددین لە گەیاندنی هەواڵدا پشتی بەم سێ ڕێگایە دەبەست:-

١-پۆست[٢٧].

---

٢٣ القلقشندی: مأثر الانافة في معالم الخلافة، ج٣/ ل٣٠١.

٢٤ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە العمري: المصطلح الشريف ل٢٣٤.

٢٥ ابن واصل: س.پ، ج١/ ل٢٨٣" ابن قاضي شهبة: الكواكب الدرية، ل٢١٥.

٢٦ القلقشندی: صبح الاعشى، ج٤/ ل٦١" المقريزي: الخطط، ج٢/ ل٢١١.

٢٧ پۆست: بریتیبوو لە گواستنەوەی نامەو هەواڵ بە ئەسپو حوشتر، ئەگەر ئەمانەیش نەبوونایە بە پیادە دەیان گواستەوە. پۆستە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناوخۆو دەرەوە، ئەم هۆکارەش لەلایەن زەنگیەکانەوە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرا.ئەم شێوەیەش تا هاتنی نەوەی ئەیوبییەکانو تا کۆتایی هاتنی دەوڵەتەکەیان هەر بەردەوام بەکاریان دەهێنن، گرنگییەکی زۆریان بە هەواڵی دەوروبەرو ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریاندا دێت دەدا تەنانەت لە کاتی شەڕیشدا بەردەوام بوو، بە تایبەت لەلایەن هێزی دەوروبەری پاشا (دەرگاە)وە، و کە هەموو شتێکی دەربارەی پاشاکان پێدەگەیشت

٢-كۆتری نامەبەر (الحمام الزاجل)[٢٨].

٣-ئاگردان[٢٩].

سوڵتان (نورالدین محمود) بۆ یەکەمجار کۆتری نامەبەری بۆ گەیاندنی نامەی حکومی بەکارهێنا[٣٠]، دوای ئەوەی بینی حکومەتەکەی بەرەو فراوانی دەڕۆیشت، خاچ دروشمەکانیش لەدەوریان بوون، کەهێرشیان دەکردە سەر وڵاتێك لە وڵاتەکانی پێویستی بەگەیشتنی هەواڵی ئەو ناوچەیە دەبوو بەئەوەی رزگاریان بکات.

بەم هۆیەوە بوو لە ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز) لەسەردەمی وەزارەتی سەلاحەددیندا بڕیاری دروستکردنی وێستگەیەك لەسەر گرنگترین ڕێگەکانی وڵاتدا درا، و چەندین فەرمانبەرو راهێنەری شارەزای بۆ دامەزرێنرا، نامەکەشیان لەسەر پەڕۆیەکی تەنك دەنوسی و بەتیرێك بەبن باڵی کۆترەکانەوە دەبەست و بۆ شوێنی مەبەستیان دەنارد، قۆناغ بە قۆناغ لەکۆترێکەوە بۆ کۆترێکیتر دەیانگواستوە تاکو دەگەیشتە ئەو شوێنەی کە (نورالدین محمود)ی لێبوو، سەلاحەددین بایەخ و گرنگی کۆتری نامەبەری دەزانی، بۆیە چەندین ویستگەو هێڵی ئاسمانی لەنێوان فەرمانڕەواکانیدا لەشام و مصر ڕێکخست[٣١]، لە چوارچێوەی کارو چالاکیەکانی چۆن گرنگی

لەکاتی شەڕو ئاشتی ئاگادار دەکرایەوە هەروەها لەهەموو کارێك لە شەو و ڕۆژدا دەیانکرد، هەموو ڕۆژێکیش لە لایەن سیخوڕەکانیەوە هەواڵی پێ دەگەیشت. (أبن الاثیر: الباهر، ل٨٧" القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ ل٣٧" العمري: س.پ، ل٢٥٤). بۆزیاتر زانیاری بڕوانە امین: الاستخبارات الایوبیە، ل٢٩٤-٢٩٦" حسین: س.پ، ل١٧٣-١٧٤.

٢٨ کۆتری نامەبەر (الحمام الزاجل): بڕوانە لاپەڕە ( ) ئەم توێژینەویە. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە امین: الاستخبارات الایوبیە،ل٣٠٠" حسین: س.پ، ل١٨٠-١٨٩.

٢٩ ئاگردان: شوێنێکە بۆ بەرز کردنەوەی ئاگر لە شەودا و دوکەڵ لە ڕۆژدا بۆ بە ئاگا بوون لە جموجۆڵی دوژمن. (المقریزي: الخطط، ج٥/ ل١٩.

٣٠ العمري: س.پ، ل٢٥٤" المقریزي: الخطط، ج٢/ ل٢٣١.

٣١ العمري: س.پ، ل٢٣٤" المقریزي: الخطط، ج٢/ ل٢١١، ٢٣١.

بەکاروباری شام دەدا، هەروەها گرنگی بە کاروباری مصریش دەدا، و زۆر هەوڵی دەدا بە خەڵکی شام بڵێت کە ساغو سەلامەتە و بە ماوەیەکی کەم گەیشتۆتە مصرو دڵنیایان بکاتەوە، بۆیە سەلاحەددین بە کۆتری نامەبەر نامەکانی بەخێرایی دەنارد، بەمەبەستی پوچەڵ کردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی کە دژی سەلاحەددین دەکران و بڵاودەکرانەوە. هاوکات (العماد الکاتب) دەگێڕێتەوە هەر بەگەیشتنی بۆ شاری قاهیرە بڕیاریدا بە نووسینی نوسراوێك بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە وڵاتی شام و تیایدا وتی: "بۆ پووچەڵ کردنەوەی پڕوپاگەندەکان، و گۆڕینی ئەو مەترسیانەو بۆ دڵنیایی، هەواڵی مژدە بەخشمان پێدا ڕەوانە کرد"[32].هەروەها لە ڕەمەزانی ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) سەلاحەددین بە کۆترێك نامەیەکی نارد بۆ (حلب)، و (حماه) و لەوێوە بۆ (عکا)، تاکو جێگرەکەی (الملك الظاهر) باڵا دەستی (حلب) لە هێرشی خاچ دروشمەکان ئاگاداری بکاتەوە کە بەهۆی بێهێزی و سستی سوپای ناوچەکەوە هێرشیان کردبووە سەر ئیمارەتی (أنطاکیة)ی نزیك (حلب)، بەهۆی ئەوەی سوپاکەیان لە (عکا)بوو، بەڵام هێزە یەدەگەکانی (حلب) توانیان شکست بە دوژمن بهێنن و نەهێڵن بە خۆیان بزانن تا شمشێریان لە ڕوویاندا هەڵکێشا و (٧٥) سەربازیان لێکوشتن و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بەدیل گرتن[33].

هەروەها لەکاتی گەمارۆدانی خاچ دروشمەکاندا بۆ شاری (عکا) لە نێوان ساڵانی (٥٨٥-٥٨٧ك/١١٨٩-١١٩١ز)دا بەردەوام بە ڕێگای ئەم جۆرە

---

٣٢ أبو شامە: الروضتين، ج١/ ل٢٧٤.

٣٣ أبن شداد: س.پ، ل١٤٣. کورتیو وردی لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی کۆترە نامە بەرەکان بوو، هاوکات (بسم الله)و پێشەکیو نازناو هەمووی هەڵدەگیران تەنها کاتو مێژوو دیاری دەکراو بەهێڵێکی باریك دەنووسرا.و قەبارەی ئەم نامە ئاسمانیانە یەقەدەر نینۆکی پەنجە دەبوو بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (العبادی: دراسات في تاريخ الحضاره العربية، ل١٧٠" ویست: الحروب الصليبية، ل١٧٨

کۆترانەوە هەواڵی موسڵمانە گەمارۆ دراوەکانی پێ دەگەیشت. بەهەمان شێوە بە پێچەوانەشەوە لە سەلاحەددینەوە بۆ دانیشتوانی ئۆردوی (عکا). (القاضی الفاضل) وەسفی ئەو کۆترانە دەکاتو دەڵێ: "کۆترەکان فریشتەی پاشاکانن"[34]. ڕۆڵی کۆترەکان بەو فریشتانە دەچووێنێ کە دادەبەزنە سەر پێغەمبەران، ئەمە جگە لەوەی کە هەواڵو ئەمانەتی گرنگیان دەگەیاند، هاوکات لە خیانەت کردن دوور بوون.

ئەوە باسی خێرایی پۆستە بوو، کە باڵی کۆترەکان لە بارودۆخی شەڕ لەگەڵ خاچ دروشمەکاندا گەیەنەری هەواڵ بوون، ئەوەی کە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو کارێکی سەربازی پێویست بوو بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی دوژمن لە باری ئاسایی‌دا بەپۆستدا بە حوشتر و ئەسپ دەنێردرا.

بەم شێوەیە سوڵتان سەلاحەددین بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی بۆ پتر ئاگادار بوون لە هەواڵەکانی دەوڵەتەکەی، گرنگی زۆری بەم شێوازە دەدا(واتە پشت بەستن بە کۆتری نامەبەر).

مردنی (نورالدین محمود) ڕێگەی بۆ خاچ دروشمەکان خۆش کرد کە دەست بخەنە نێو کارو بارو کێشە نێو خۆییەکانی وڵاتی شام، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە سەلاحەددین لە مصرەوە بەرەو وڵاتی شام بە مەبەستی جیهادو پاك کردنەوەی وڵات لە خاچ دروشمەکان کەوتە ڕێ. کە مەبەستی پشتگیریکردنی (الملك الصالح اسماعیل) بوو دژ بە دوژمنی دەرەکیو

---

٣٤ أبو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٠٥- ابن قاضى شهبة: س.پ، ل٢١٥.

لــەناوبردنی ئەوانــەی هاوکــاری خــاچ دروشمــەکانیان دەکــرد لــەدژی مسولْمانان.[٣٥]

ئەوەی کە ئاشکرایە میرەکانی دیمەشق لە پشتگیری کردنی سەلاحەددین دلْنیا نەبوون، هەر لەبەر ئەوەش پەیمانەکەیان لەگەلْ خاچ دروشمەکان پووچەلْ نەکردەوە، بۆیە سەلاحەددین لە رێگەی راگەیاندنی دەروونییەوە هەولْی دا رای گشتی دژیان کۆبکاتەوە، بۆ ئەومەبەستەش زانایانی ئاینی بەکاردەهێنا، بۆ نموونە داوای لە (شێخ أبن أبی عصرون)[٣٦] کرد کارێك بکات موسلْمانانیان لێ بە ئاگا بهێنێ، و پتر مەبەستی سەلاحەددین لەو کارە چوونی بۆ ولاتی شام بووە، چونکە دەیزانی کە زانایانی ئاینی زیاتر کار دەکەنە سەر خەلْك، بۆیە سەلاحەددین بۆ شەڕی نوریەکان پشتی بەیەکێ لەو زانایانە بەست، ئەمەش لە وتەیەکیدا دەردەکەوێت کە دەلْێت: "فأن بلسانه تغمد السیوف"[٣٧] واتا" بەزمانی شمشێر دەوەستێ".

سەلاحەددینی ئەیوبی لە کاتی کردە سەربازیەکانی ڕووی کردە (صیدا) و لەگەلْ گەیشتنی هەوالْی (سوپاکەی سەلاحەددین) لە ٢١ جمادی یەکەم سالْی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) شارەکە خۆی بەدەستەوەدا. لەدواییدا ڕووی کردە بەیروت دوای ڕۆژێك ئابلۆقەی داو لەو کاتەدا پڕوپاگەندەیەکی زۆر

٣٥ کاتێك خاج دروشمەکان هێرشیان کردە سەر (بانیاس) لە پاش مردنی (نورالدین محمود) لە کۆتایی مانگی شەوالی سالْی (٥٦٩ك/١١٧٤ز) گەمارۆیان دا. (أبن المقدم) بەمەستی ڕێککەوتن بۆ لایان دەرچوو بەمەرجێك پارەیەکی زۆریان پێدا هاوکات دیلەکانیان ئازاد بکات. (نوری: سیاسة صلاح الدین، ل١٢٨).

٣٦ –شیخ بن ابي عصرون: دادوەری شارەکانی (شەنگار و نصیبین و حەران)بوو، لە سالْی (٥٤٥ك/١١٥٠ز) گەیشتە شاری حلب و لەگەلْ نورالدین محمود چووە شاری دیمەشق لە کاتی رزگارکردنی سالْی (٥٤٩ك/١١٥٤ز) ، چەند پۆستێکی وەرگرت لە ناوەوە و دەرەوەی شاری دیمەشق، لە سالی (٥٧٣ك/١١٧٧ز) بوو بە داوەری داوەرانی شاری دیمەشق، پێش مردنی بە ١٠سالْ چاوەکانی لە دەست دا. (ابن تغري بردي: س.پ. ج٦/ ل١١٠).

٣٧ سبط ابن الجوزي: س.پ.ج٨/ ل٣٢٤" ابو شامة:الروضتین، ج١/ ل٢٣٣.

بڵاوببویەوە کە گوایە سوپای ئەیوبی چوونەتە نێو شارەکە و سەرکردەکانی خاچ دروشمەکان سۆراخی ئەم مەسەلەیان کرد بۆیان دەرکەوت کە پروپاگەندەیە، و سوپاکە نەهاتوونەتە نێو شارەکە و ویستیان خەڵکەکە هێور بکەنەوە بەڵام نەیان توانی، چونکە خەڵکەکە ترسێکی زۆریان لێ نیشتبوو بەهۆی ئەو پڕوپاگەندانەی کە لەناویاندا بڵاودەکرایەوە، هەربۆیە ناچار بوون داوای ئاسایش و ئارامی لە سەلاحەددین بکەن. سوڵتان بەدەنگ داواکەیانەوە چوو و لە ٢٩ی جمادی یەکەمی ساڵی ٥٨٣ ک/ ١١٨٧ز)دا شارەکە درا بەدەستی مسوڵمانەکانەوە[٣٨]. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو سەرکەوتنە ئەنجامی ئەو پڕوپاگەندانە بوو لە شارەکەدا دەکرا. هەروەها نووسەرەکان (الکتاب) ڕۆڵێکی راگەیاندنی دەروونی گرنگیان بینی لەسەردەمی سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی دا لەنێو ئەو نوسەرانەشدا (القاضی الفاضل) کە سوڵتان ستایشی کرد کاتێ بۆ مجاهیدەکان دواوەو ووتویەتی: "وا هەست نەکەن کە من بە شمشێری ئێوە توانیومە دەست بەسەر وڵاتدا بگرم، بەڵکو بە پێنوسەکەی (الفاضل) توانیومە ئەم کارانە ئەنجام بدەم".[٣٩] الفاضل وەسفی جەنگی ئازایانی گەلەکەی دەکات و لەوانەش وەسفی شمشێرەکەی سەلاحەددین دەکات و دەڵێ:

ماضيات على الدوام دوامي — هي في النصر نجدة الاسلام
في يمين السلطان اذا جردتها — أشبهتها صواعق في غمام[٤٠]

٣٨ ابن الاثير: الكامل ، مج٧/ ل٣٣٠" أبو الفداء: س.پ، ج٢/ ل١٥٦.

٣٩ المقريزي:الخطط،ج٢/ ل٣٦٦" ابن العماد: س.پ، ج٤/ ل٣٢٤.

٤٠ العماد الكاتب: خريدة القصر–قسم شعراء مصر، ج١/ ل٣٥. واتە:

هەردەم لەسەر کارەکانی لێوەشاوە و لێهاتوو بووە — کە لە سەرکەوتندا هەردەم فریاد رەسی ئیسلام بووە

ئەو شیرەی کە لەلا راستی سولتان بکێشایە — شێوەی هەورە تریشقە لە ئاسمانێکی هەوراوی

(القاضي الفاضل) بوو بە زمانحاڵی گەل‌و لەسەر زاری سەلاحەددینەوە بۆ خەلیفەو پاشاو میرەکان قسەی دەکرد. ڕووداوەکانی وڵاتی تۆمار دەکردو بڵاوکراوەکانی پەخش دەکردو وێنەی جەنگەکانی دژی خاچ دروشمەکان دەکێشا و نامەی سەرکەوتنەکانی دەنووسی، هەروەها وەسفی شوراکان‌و جەنگەکانی دەکرد، بۆیە نامەکانی لە پاڵ بایەخە ئەدەبیەکەی دا بایەخێکی مێژووییان هەیە.

(العماد الکاتب)یش وەك گەواهیدەرێك بەشداری دەکات، کەخۆی شتەکانی دەبیست و وەسفی جەنگەکانی دەکرد و دەربارەی سەلاحەددین دەیگوت: "لە خزمەتی دابووم و لەتەکیدا دەڕۆیشتم و لەتەکیشیدا دادەبەزیم". [41] سەردەمی سەلاحەددین بەهێزترین سەردەمی بەرەنگار بوونەوەی دوژمن بوو و پڕبوو لەسەرکەوتنی سەربازی بەشێوەیەکی ئەدەبی سەرکەوتنەکانی سەلاحەددینی تۆمار کردووەو بەهۆنراوەش وەسفی ئەم سەرکەوتنانەش دەکات، لەوانەش لە پارچە هۆنراوەیەکدا کە باس لە ڕزگار کردنی قودس‌و شام دەکات وەسفی سەلاحەددین دەکات‌و دەڵێت:

رأيت صلاح الدين أفضل من غدا وأشرف من أضحى، وأكرم من أمسى

وقيل: لنا في الارض سبعة أبحر ولسنا نرى الا أنامله الخمسا [42]

---

٤١ العماد الكاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل١٥.

٤٢ العماد الكاتب: خريدة القصر، بداية قسم شعراء الشام، ل٣٤-٣٧، ٥٤-٥٦" خريدة القصر- قسم شعراء مصر، ل٦-٩. واتە:

بە شێوەیەك سەلاحەددینم دی کە کەس وەکو ئەو ڕۆژ و شەوی نەکردبێتەوە لە پایەداری و سەخاوەتی و جوامێری

پێیان وتین کە لەسەر زەوی حەوت دەریا هەیە کەچی ئێمە پێنج پەنجەیمان دی

(العماد الكاتب) شەڕەکانی (نورالدين‌و صلاح الدين)ی تۆمار کردووەو و شاعیران هۆنراوەیان پیا هەڵداوە و لەسەر زمانی ئەوان نامەی نووسیوە و بەدەستی خۆی مژدەی سەرکەوتنەکانی دەنووسی کاتێک کە دوژمن لە (عکا) شکا سی یان چل مژدە نامەی نووسی،[٤٣] لە کاتی ڕزگارکردنی قودس، حەفتا نوسراوی مژدە بەخشی نوسی کەبەسەر خەڵکیدا لە مزگەوتەکاندا دەخوێنرانەوە،[٤٤] لەوانەش نوسراوەکەی بۆ (الديوان) لە بەغدا کەسەرەتاکەی بەم ئایەتە دەست پێدەکات، دەڵێت: { وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً }[٤٥]. لەکاتی شیکردنەوەی نامەی نوسەردا دەردەکەوێت کەسەرەتا بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکردووەو دوای ئەوەی سوپاسی خوای کردووە بۆ ئەو سەرکەوتنەی بەسەر کافرەکاندا و گەڕانەوەی قودس بۆ ژێر دەستی موسڵمانان، نامەکە بەردەوام دەبێت لە دەرخستنی گەورەیی ئەو سەرکەوتنە تاوەسف کردنی هەموو سەرکەوتنەکان کۆتایی دێت جگە لە (صور) کە نووسەر مزگێنی ئەوە دەدات کە بەم زوانە ڕزگار دەکرێت و ئەم نامەیە بە پەخشانێکی سەروادار (السجع) نووسراوە.[٤٦]

هەروەها هاوەڵیکردنی زانایان‌و سۆفیەکان بۆ سەلاحەددین لە کاتی ڕزگار کردنی (بيت المقدس)دا ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) کە خەڵکیان هان دەدا

---

٤٣ ابو شامة: الروضتين،ج٢/ ل٩٦.

٤٤ هـ.س، ل١٥٩.

٤٥ واتە :"خوا بەوانەی لە ئێوە بڕوایان هەیە و ئاکار و چاکن، بەڵێنیدا: لەم زەمینە دەیانکاتە جێگە نشین " هەروەکو چۆن ئەوانەی بەر لەوانی کردە جێنشین. دینەکەشیان - کە خۆی پەسەندی کردووە- هەر بۆیان دادەمەزرێنێ و ترسەکەشیان بۆ دەکاتە دڵنیایی".(سورەتی نور، ئایەتی ٥٥. وەرگێراوی مامۆستا هەژار).

٤٦ بڕوانە دەقی نامەکە لە پاشکۆی ژمارە(٢).

بـۆ جیهـاد کـردن‌و حەماسـەتی خـەڵکیان بـەرز دەکـردەوە، و مـژدەی سەرکەوتنی نزیکیان بە خەڵك دەدا کە نزیکەی (٨٨) ساڵ بەدەستی خاچ دروشمەکانـەوە دیل بـووە کە لە ساڵی (٤٩٢ك/١٠٩٨ز) دەستیان بەسەری داگرتبـوو، لـەم بارەیـەوە (أبـن شـداد) دەڵێـت: "سـەرکەوتنی گـەورەی بەدەسـتهێنا، خـەڵکێکی زۆر لـە ئـەهلی زانـست‌و پەیڕەوکـەرانی تەریقـەت کاتێـك بیـستیان کـە خـوای گـەورە لەسـەر دەسـتی سـوڵتاندا سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە، لـە کـەنارەکان و قـودس دا بـە سوپاسـگوزاری و نـزاو پاڕانەوە بۆ ئەو سەرکەوتنە بەرز بووبۆوە"[٤٧].

لـەو زانایانـەی کـە ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە وشـیار کردنـەوەی خـەڵکی بـۆ جیهادو بەرز کردنەوەی ورەیان بۆ ڕزگار کردنی وڵاتـی شام بینـی (الحسین بن عبدالله بن رواحة الانصاري)[٤٨] (ت٥٨٥ك/١١٨٩ز) یەکێکە لـەو زانا بەناو بانگانـەی کـە شـان بەشانی سەربازانی ئیـسلام دژی دوژمنـان دەجـەنگان و ڕۆڵێکـی گرنگیـان هـەبوو لـە کـۆڕی ڕێنماییـە ئاینییـەکان‌و وەڵامدانـەوەی خەڵکی و خەڵك خستنە سەر ڕێگای ڕاست و بانگەشەیان بۆ جیهاد کردن و بەرز کردنەوەی ورەیان دەکرد، کە لەشەڕی خاچ دروشمەکان شەهید بوو[٤٩].

خـۆ ئامـادەکردنی دەروونـی‌و هێرشـی ڕاگەیانـدن بـۆ یەکخـستنی هێـزە ئیسلامیەکان‌و و جیهاد کردن کارێکی سانا نەبوو، گیانی خۆ بەدەستەوە دان‌و دووبەرەکی زۆر بەر بڵاو بوو بەتایبەت لە نێو بەرپرسە ناوخۆییەکاندا، بەڵام لێهاتوویی‌و دڵسۆزی وای کرد کە خەڵك وشیار بکاتـەوە و ڕای گشتی

---

٤٧ النوادر السلطانية، ل١٨٢.

٤٨ الحسين بن عبدالله بن رواحه الانصاری: لـه سالی ٥١٥ك/١١٢١ز لـه دایك بووه باوکی وتاریبێژی حماه بوو، ماوەیەك بە دیلی لای خاچ دروشمەکان مایەوە ، لە سالی ٥٨٥ك/١١٨٩ز لە شەڕی عکا کوژرا.(الكتبي: فوات الوفيات، مج١/ل٣٧٦-٣٧٧).

٤٩ الصفدي:الوافي بالوفيات، ج١/ ل٣٧٦.

فشار بخاته سەر بەرپرسە ناوخۆییەکان. سەلاحەددین هەوڵی دەدا بزوتنەوەی جیهادی بۆ ڕزگار بوون فراوان بکاتو هەموو جیهانی ئیسلامی تێیدا بەشدار بێت[50].

ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی مزگەوتەکان لە ڕووی ڕاگەیاندنی دەروونییەوە، چونکە مزگەوت لە ڕۆژانی هەینیدا شوێنی گوتار بێژی بوو، لەکاتی نائاساییدا خەڵکیان بۆ گوێگرتن لەو گوتارانەی کە بەو بۆنەیەوە دەدرا کۆدەکردەوە، وەکو ئەوەی لە دوای مردنی (الملك الصالح أسماعيل) ساڵی (٥٧٧ك/١١٨١ز) و جوڵەی خاچ دروشمەکان لە (دمياط) کەدەیانوویست دەست بەسەر مصردا بگرن، لەسەربازەکانەوە نوسراوێك لەو بارەیەوە بۆ قاهیرە چوو و لەمینبەری مزگەوت خوێنرایەوە کە بەم ئایەتە دەستی پێ دەکرد: : {انْفِرُوا خِفَافاً وَثِقَالاً وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ}[51] ئەو نوسراوە ڕێنمایيو ئامۆژگاری زۆری تێدا بوو کە هانی خەڵکی دەدا بۆ جیهاد لە پێناوی خودا و بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی مصرو قاهیرە دەست بەگریانو باوکەڕۆ بکەن، و خۆیان پێ نەگیراو ژمارەیەکی زۆریان بۆ جیهاد کردن دەرچوون[52]. هەندێك جاریش گوتار لە مزگەوتەکاندا نەدەخوێنرایەوە ئەمەش بەگوێرەی پێویست بوو، (أبن شداد) لە وەسفی شەڕی (عكا)دا، دەیگێڕێتەوە کە سەلاحەددین میرو خاوەن ڕایەکانی لە خێوەتەکەی خۆیدا کۆ کردەوە و پێی وتن کە گوێ لە قسەکانی بگرنو پاشان وتی: "بەناوی خوا، سوپاس بۆ خوا، دروود لەسەر پێغەمبەری خودا ، بزانن کە ئەم دوژمنە دوژمنی خودا و دوژمنی ئێمەیە، و

---

٥٠ الجنحاني: حطين رمز الوحدة والتحرر، مجلة المؤرخ العربي، العدد (٣٩)، السنة ١٥، ١٩٨٩، ل١٨٠.

٥١ واتە:"سوکباربن یان گرانباربن ، بۆ غەزایە ڕێ دابگرن و لە گیان و ماڵ بەخت کردن درێغ مەکەن. گەر بزانن هەر بە قازانجی خۆتانە".(سورەتی تەوبە، ئایەتی ٤١. وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار).

٥٢ المقريزي: الخطط، ج١/ ل٣٥٦.

هاتوونەتە وڵاتمان، و پێیان ناوەتە ناو خاکی ئیسلام، و خەریکە بەتەواوی بەسەریانا سەردەکەوێ، پەنا بە خودا، ژمارەیەکی کەمیان ماوە، و دەبێ گرنگی بدرێت بە ڕیشەکێش کردنیان، وخوا فەرمانی ئەوەی پێ کردووین، ئێوە دەزانن کە ئێمە و سوپاکەمان هیچ شتێکمان بەدواوە نییە کە بگاتە فریامان، تەنها (الملك العادل) نەبێت ئەویش بەڕێگەوەیە، ئەم دوژمنە ئەگەر بمێنێو دەست بەسەر دەریادا بگرێت پشتیوانی زۆر پەیدا دەکات، ئەمە بۆچوونی منە، و هەر کەسێکیش بۆچوونی لەم بارەیەوە هەیە با پێمان بڵێت"[٥٣].

(ابن شداد) لە وەسفی گەمارۆی قودس دا لە لایەن دوژمنەوە دەڵێت: "کۆمەڵێ میر لە خێوەتی سوڵتان کۆبوونەوە و پێی وتم کە قسەیان لەگەڵدا بکەم و هانیان بدەم بۆ جیهاد و ئەوەی خودا بۆی ئاسان کردم پێم وتن و بەقسەیان کردم"[٥٤].

نابێ ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دەروونی شاعیرانی سەردەمی سەلاحەددین لەیاد بکەین، کاتێ کە هێرشە توندەکانی خاچ دروشمەکان بۆ سەر شام دەستی پێکرد هانی شاعیرانی دەدا کە هۆنراوە بنووسنو بەشانو باڵی ئەو سەرکردانەدا هەڵ بدەن کە مسوڵمانانیان لە حاڵەتێکی شکستو بێ هیواییەوە گەیاندە حاڵەتی ڕاپەڕینو بەرهەڵستی کردنی داگیرکاری و سەرکەوتن و بەتەواوی دوژمنیان لە وڵاتدا دەرکردووە، هەر لەسەرەتاوە کە سەلاحەددین هاوڕێیەتی (اسدالدین شێرکۆ)[٥٥]ی مامی دەکرد لەکاتی

---

٥٣ النوادر السلطانية، ل٩٧.

٥٤ هـ .س، ل٢١٢.

٥٥ اسدالدین شیرکو: ناوی (شیرکۆ بن شادی بن مروان) وەزیری خەلیفە (العاضد)ی فاتمی بوو لە مصر، شێرکۆ بەواتای (اسد الجبال-شێری چیاکان) دێت، سەرکردایەتی سێ هەڵمەتی کرد بۆ ولاتی مصر لە سالی (٥٥٩ك/١١٦٤ز) کە بە هەلمەتی یەکەمی سەر مصر ناسرا، و هەلمەتی دووەم لە سالی (٥٦٢ك/١١٦٧ز)، و سێیەم لە سالی (٥٦٤ك/١١٦٨ز)، شایەنی باسە تەنها دوو مانگ و پێنج ڕۆژ لە

هێرشەکانی بۆ سەر مصر تا گرتنە دەستی سەرکردایەتی، هەموو هەوڵێکی بۆیەکخستنی بەرەی ئیسلامی بووە لە چوارچێوەی ئامانجە دەروونیەکانی‌دا و شاعیرانی مصرو شام هاوڕێی بوون و وەسفی سەرکەوتنەکانیان دەکرد و شانازیان بە سوپاکەیەوە دەکرد، لەوانە (أبو محمد فتیان)(٥٣٠-٦١٥ك/١١٣٥-١٢١٨ز)[٥٦] کە وەسفی سەلاحەددین و توانای سوپاکەی و شکاندنی خاچ دروشمەکان لە (دمیاط) ساڵی (٥٦٥ك/١١٦٩ز) دەکرد. هەروەها (سبع بن خلف) ی شاعیریش وەسفی جیهادی سەلاحەددین لەدەست بەسەرا گرتنی دیمەشق ساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز) دەکات، دواتریش دەست دەکات بەیەکخستنەوەی بەرەی ئیسلامی و گێڕانەوەی داستانە مێژووییەکانی سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا بە نەمری هێشتنەوەی شەڕکەرو ناودارەکانی سوپای سەلاحەددین.

لە ڕوانگەی ئەوەی باسکراو سەرکردەکانی رای گشتی ئیسلامی لە سەردەمی سەلاحەددین لەنوسەرو زاناو گوتار بێژو شاعیران لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە کردیان، بووە هۆی ئەوەی گیانی جیهادی لە خوێنی موسڵمانان بچەسپێ و بەزوویی ئەو بانگەشەیەی کە ئەو ڕووناکبیرو خاوەن بۆچوونانە سەرکردایەتیان دەکرد بووە بزووتنەوەیەکی میللی بەهێز، لەسەرووی هەموویانەوە سەلاحەددینی ئەیوبی کە دەوڵەتێکی دامەزراند، قەڵەمڕەوەکەی لە حەلەبەوە درێژ دەبۆوە تاکو ڕووباری فوڕات لە باکورەوە تا قاهیرە و ڕووباری نیل لە باشوورەوە و لە خۆ ئامادەکردنیشدابوو بۆ

وەزارەت مایەوە و لە ٢٢ی جەمادی الاخرە ساڵی (٥٦٤ك/١١٦٨ز) کۆچی دوایی کرد. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (محی الدین: ئەسەددین شێرکۆ ژیاننامە و ڕۆڵی لە شەڕی خاچییەکاندا).

٥٦ ابن خلكان: س.پ، ج٤/ ل٢٤" العماد الكاتب: خريدة القصر-قسم شعراء الشام، ج١/ ل٢٤٧.

پەلاماردانی خاچ دروشمەکان لە شام[٥٧]،ڕاگەیاندنی دەروونی لەسەردەمی شەڕو ئاشتی دا هاوپەیمانی دیپلۆماسی یە، ئەمەش چەکێکی کاریگەرە کە لەسەرخۆیی و ئارام گرتن لەگرنگترین خاسیەتەکانیەتی، هاوکات لەوێ دەردەکەوێت کە پیشاندانی هێز بۆ دوژمن و ترساندنی لە کاتی شەڕو ئاشتی‌دا چەندین ئامانج دەستەبەر دەکات، خۆئامادەکردن و هێز پێکەوە نان ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی دەروونین، ئەویش لە ڕێگای ترس بردنە دڵی دوژمنەوە کە وای لێبکات زات نەکات بجوڵێتەوە. بۆ نمونە لە ڕۆژی (٨ی محرمی ساڵی ٥٦٧ک/١١ی ئەیلولی ١١٧١ز) لە قاهیرە نمایشێکی سەربازی بۆ هێزە سەربازییە مصریەکان ئەنجام درا، سەلاحەددین ئەو کاتە هێشتا وەکو وەزیری خەلیفەی (فاتیمی)و جێگری (نورالدين محمود) بوو لە مصر.. نێردراوی (بیزنطە و خاچ دروشمەکان) ئامادەی ئەو نمایشە بوون، ڕۆژو شەوێك بەردەوام بوو ژمارەی ئەو سوپا ڕێکخراوەی کە ئامادەی نمایشەکە بوو (١٤٧) (طلب)[٥٨] بوو[٥٩]، نەهاتووەکانیش (٢٠) (طلب) بوون، ژمارەی ئامادە بووانیش گەیشتە (١٤) هەزار، سوارەکان زۆربەی زۆریان لە

---

٥٧ ئەوەش دوا قۆناغ بوو لە قۆناغەکانی یەك گرتنی بەرەی ئیسلامی دوای ڕزگارکردنی حەلەب ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز) سەلاحەددین خۆی ئامادەکرد بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەیەکی بەر بڵاو لە دژی خاچ دروشمەکان. لەو کاتەدا خاچ دروشمەکان لە دوورگەی (سینا) چەند هێرشێکیان کرد تاکو گەیشتنە ناوچەکانی (السويس)، هەروەها هەندێ هێرشیان کردە سەر (تيماء) لە باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی. وایکرد (أرناط) میری (الكرك) دەریای سوور دابەش بکات و هەوڵی داگیرکردنی‌مەککەو مەدینەش بدات بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ڕێگەکانی بازرگانی نێوان ئاسیاو مصر، ئەوە بوو هێرشی کردە سەر هەندێك لە بەندەرەکانی مصرو حیجاز، بەڵام کەشتی گەلی مصری توانی شکست بە هەوڵەکانی بهێنێت. بڕوانە (البنداري: س.پ، ل٢١٢، ٢١٣).

٥٨ طلب: وشەیەکی کوردییە بە واتای میر دێت کە فەرماندەی (٢٠٠) سوار دەکات لە گۆڕەپانی شەڕدا، هاوکات بە فەرماندەیی (١٠٠ یان ٧٠)یش دەوترێت، بۆیەکەم جار ئەم زاراوەیە لە مصرو شام لەسەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی بەکارهاتووە، پاشان واتاکەی گۆڕا بۆ (كتيبە- تيپ). (المقريزي: السلوك، ج١/ ل٢٠٧ پەراوێزی -١-).

٥٩ ابن شداد: س.پ، ل٢٤٠- ا.ر.جب: س.پ، ل١٦١.

(طواشیەکان)[٦٠] بوون، بەڵام ئەوانی تر لە سوپاکە لە (قەراغلامیەکان)[٦١] بوون، سەرباری گالیسکەکان کە پاشکۆی سوپاکە بوون[٦٢].

بەم شێوەیە سەلاحەددین لە جێبەجێ کردنی ئامانجەکەیدا سەرکەوتوو بوو، ئەویش ئاراستە کردنی جەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی دژ بە خاچ دروشمەکان بوو، بۆ نمونە لەماوەی پێشڕەویان لە ڕێگەی پلانێکی زیرەکانەوە، کە سەلاحەددین خۆی داینا بوو تێیدا هۆکاری پەلاماری لەناکاو، و خستنە ڕووی هێزو پێشڕەوی بەرەو (حطین)[٦٣]، لە نمایشێکی سەربازیدا بۆ پەشۆکاندنی خاچ دروشمەکان و پەکخستنی عەقڵو هێزیان کە بووە هۆی دروست کردنی درزێك لە هاوسەنگی دەروونیاندا و متمانەیان لە ئەرکی ڕوو بەڕوو بوونەوە یان سەرکەوتن بەسەر سوپای سەلاحەددیندا جێ لەق کرد، ئەمە بووە هۆی بەتاڵ کردنەوەیان لە ئیرادەی ڕووبەڕوو بوونەوەدا[٦٤]. وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە{سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ}[٦٥]. بێگومان گرنگترین ئامانجەکانی سوپا ڕووخاندن و تێکدانی گیانی وورەی سوپای دوژمنە، بە ڕێگەی کردە سەربازیەکان ، یان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی دەروونی، چونکە سوپای شەڕکەر هەوڵ دەدات ئامرازی خۆ ئامادەکردن وەربگرێت بۆ

---

٦٠ الطواشية: سەربازی پلە یەکەمە... کە بەرزترین پلەی سەربازی ڕێکخراوە. العريني: مصر في العصر الايوبي، ل١٥٤، پەراوێزی (١).

٦١ القراغلامية: سەربازی ئاسایییە... لە سەربازی (الطواشية) پلەیان نزمترە، ئەمانە لەکاتی تێپەڕ بوونی سوپادا چاودێری ڕێگاو بانیان لەسەر بوو، ئەمڕۆ پێیان دەوترێ تیپی (سەرا سوکردن)، بڕوانە (المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٨٧).

٦٢ المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٨٧" ا.ر.جب: س.پ، ل١٦٠-١٦١.

٦٣ زكار: س.پ، ل٨٧.

٦٤ العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ل١٣٨.

٦٥ واتە:"منیش ترس وەبەر خوانەناسان دەنێم. سا ئێوە لە ملیان دەن و هەموو ئەنگوستەکانیشیان بپەڕێنن" .سورەتی ئەنفال، ئایەتی ١٢، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار.

سەربازەكانی، دوای ئەو سەركەوتنەی خاچ دروشمەكان لە شەڕی (الرملە)دا بەسەر ئەیوبیەكاندا بەدەستیان هێنا، سەلاحەددین گەڕایەوە ولاتی شامو فەرمانی دەركرد كە سەربازەكانی خۆپیێشاندانێكی سەربازی نمایش بكەن بەمەبەستی گێڕانەوەی متمانەو ورە بۆ دەروونی سەربازەكان[٦٦]. هەروەها بۆ بەرزكردنەوەی ورەی موسڵمانان و ڕووخاندنی وورەی دوژمن سوڵتان سەلاحەددین، چەندین شێوازی ڕاگەیاندنی دەروونی بەكار دەهێنا، وەك نمایش كردنی دیلەكانی دوژمن و ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی بەتایبەتی لەپاش ڕووداوی (بیت الاحزان) سالی (٥٧٠ك/١١٧٤ز) پاش سەركەوتنی بەسەر خاچ دروشمەكان، دیل و سەرە كوژراوەكانیان گەیشتە شاری دیمەشق كە هەردوو سواریان خستە سەر حوشترێك و هەریەكەیان ئالایەكی لەگەڵدا بوو، هاوكات پێشەواكان بەسەر ئەسپەكانەوە بوون (الزردیە والخودە)یان پێ بوو و لەدەستێكیاندا ئالایان پێ بوو و هەر سێ یا چوار یان كەمترو زیاتر لە گوریسێك بەسترا بوون، و ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی شار لە پیرو گەنج و ژن و منالّ بۆ بینینی ئەو دیمەنانە ڕژانە سەر شەقامەكان و سوپاسی خوایان بۆ ئەو سەركەوتنە گەورەیە كردو ورەیان بەرز ببۆوەو زیاتر پەرۆشی جیهاد كردن بوون[٦٧].

لەو شێوازە دەروونیانەی سەلاحەددین پەیڕەوی دەكرد، ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی بوو بۆ ترساندنی خاچ دروشمەكان و ڕووخاندنی گیانی مەعنەویان و پەككخستنی ئیرادەیان لە بەگژدا چوونیان بۆ ئەیوبییەكان و خولقاندنی حاڵەتێك لە دڵە ڕاوكێ و ترس لەناو ڕیزەكانیان[٦٨]، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی زاڵبوونی ئەو بارە دەروونیەدا بەسەر سەربازەكانیاندا توانای

---

٦٦ العماد الكاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل٣٢١-٣٢٢" نوري: سياسة صلاح الدين، ل٢٧٤.

٦٧ أبو شامة: الروضتين، ج١/ ل١٠٨.

٦٨ مصطفى: س.پ، ل٢٦٠.

هاتنە مەیدانی شەڕیان نەمێنێت، نموونەش لەسەر ئەمە ئەو مانۆڕە گەورەیە بوو کە سەلاحەددین لەکاتی دەرچوونی لە دیمەشق ئەنجامیدا لەیەکی موحەڕەمی ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) [٦٩] بەو شێوەیە سوور بوو لەسەر ڕووخانو تێکشکاندنی خاچ دروشمەکان لە ڕووی دەروونیو مەعنەویو سەربازییەوە، کاتێك گەیشت بە شارۆچکەی (عشترا) لە باکوری (الکرك) و کردی بە شوێنێك بۆ کۆکردنەوەی سەربازەکانی و بانگەوازی ڕەوانەی هەموو هێزە موسڵمانەکان کرد وەك لافاو ڕژانە سەری لە (مصرو شامو جەزیرەو دیاربەکر) و هێزی پێگەیشت[٧٠]، پاش ئەوەی مانۆڕەکەیان تەواو کرد، ژمارەیان گەیشتە (١٢) دوانزە هەزار سەرباز لەشێوەی (اطلاب) ڕێکی خستن، پاشان سەلاحەددین پلانی بۆ شەڕ دارشت و سەربازی بۆ ناوەڕاستو هەردوو قۆڵو ڕاستو چەپ دانا، بەشێوەیەك هەریەك لەوانە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا کاری خۆیان بزانن[٧١]، بەم شێوەیە سوڵتان توانی ورەی سەربازەکانی بەرز بکاتەوە و ورەی خاچ دروشمەکانیش بڕوخێنێ، لەکاتێکدا لەگەرمەی بەڕێوە چوونی شەڕی (طبرية) دابوون، (ریموند) لەم بارەیەوە وتی: "سوێند بێت بە خودا لەکۆنو ئێستادا سەربازی موسڵمانانم دیووە، بەڵام هەرگیز لەم سەربازانەی لەگەڵ سەلاحەددین دایە بەهێزترو زۆرترم نەدیووە"[٧٢].

ئەمەش بەڵگەیە بۆ بڵاوبوونەوەی ترسو دڵە ڕاوکێ لە نێوانیاندا، لە ئەنجامی ئەو مانۆڕە سەربازییەی کە سەلاحەددین پێی هەستا لە (طبرية)،

---

٦٩ المقريزي: السلوك، ج١/ ل٢٠٧.

٧٠ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٧١" أبن شداد: س.پ، ل٨٥.

٧١ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٣" أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل٧٦" آبن خلدون: تاريخ آبن خلدون، ج٥/ ل٣٠٦" رنسيمان: س.پ، ج٢/ ل٧٣١-٧٤٣" العسلي: صلاح الدين الايوبى، ل١٥٦-١٥٧.

٧٢ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٤.

گومانی تیا نی‌یە ڕاگەیاندنی دەروونی هۆکارێکی گرنگە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن، دەتوانین بڵێین گرنگترین هۆکارە بۆ سەرکەوتن، چونکە ئەو ڕاگەیاندنە دەروونییە لایەنی پۆزەتیڤ لای سەربازەکان دەخولقێنێ و وایان لێ دەکات بەشێوەیەکی بەردەوام لە حاڵەتی ئامادەیی دابن[٧٣].

سەلاحەددین دەستی بە کردە سەربازیەکانی دژی خاچ دروشمەکان کرد و گەورەترین سەرکەوتنی لە شەڕی (حطین)دا لە ٢٤ی ڕەبیعی دووەم ساڵی (٥٨٣ك/٤ی تەمموزی ١١٨٧ز) بەدەست هێنا[٧٤].

ڕاگەیاندنی دەروونی لەسەردەمی شەڕدا بەشێکی جەنگە کە لەپێش جەنگ و لەکاتی جەنگ و لەدوای جەنگدا دەکرێت، و بەنوێترین جۆری چەك دادەنرێ کە ئاڕاستەی بیرو باوەڕو ئازایەتی و باوەڕ بەخۆ بوون دژی ئارەزووی جەنگ دەکرێت، هەروەها ئەم جۆرە جەنگێکی بەرەنگاری و هێرش بردنە لەکاتی جەنگ کە هەوڵدەدات وورەی جەنگاوەرەکانی بچەسپێنێ و لەبەرەی ناوخۆوە کۆمەك دەکرێ و هەوڵ دەدات بۆ ڕووخاندنی وورەی دوژمن. هەروەها سەلاحەددینی ئەیوبی لە جێگەی خۆیەوە وەکو سەرکردەی سوپای موسڵمانان چەندین شێوازی ڕاگەیاندنی دەروونی لە دژی خاچ دروشمەکان بەکارهێناوە. بۆ نموونە سولتان سەلاحەددین لە کۆتایی ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز)دا گەیشتە لوتکەی سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی، و خاچ دروشمەکان جگە لە شارەکانی (صور، انطاكيا، طرابلس، حصن المرقب)[٧٥] هیچ شوێنێکی تریان

---

٧٣ عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل٨٠٤" پیریە: س.پ، ل١٠٧.

٧٤ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٢٣"ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٦ " ابن شداد: س.پ، ل١٢١" ابو شامه: الروضتين، ج٢/ ل٧٧" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٩٠" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٣٢.

٧٥ حصن المرقب: شارۆچکە و قەڵایەکی بەهێزە دەڕوانێتە سەرکەناری دەریای شام و شاری بانیاس.(یاقوت:س.پ، مج ٤/ ل٢٥٠).

بەدەستەوە نەما، ئەو سەرکەوتنەی سەلاحەددین لە نامەکەیدا بۆ (سیف الاسلام طغتکین) ی برای کە لە (یمن) جێگری بوو ناردو تێیدا ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت: "ئەمڕۆ لە وڵاتی شام، کە لەوێدان، نەقسەی هەرزە دەبیستن، نە وتارێکی ناڕەوا، مەگەر سەلاو لەیەکتر بکەن و وەلامی پێ بدەنەوە"[76].

ئەم دەستەواژانە بەشێکن لە شێوازەکانی ڕاگەیاندنی دەروونی لای سەلاحەددین، سەرەڕای ئەمە توانی سەرکەوتن لە گۆڕەپانی ناوخۆ و دەرەوەدا دژی خاچ دروشمەکان بەدەست بهێنێ، توانی کەسایەتیە قین لە دڵ و دەروون نزمەکان لەسەر ڕێگای خۆی دوور بخاتەوە، و سوپاکەی لە ژێر ئالای دەوڵەتی ئەیوبیدا یەك بخات. هەروەها سەلاحەددین هاوارکردنی لەجەنگدا بەکاردەهێنا بەمەبەستی فیزکردن و بەهێزی لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خاچ دروشمەکاندا. وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفاً مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لا يَفْقَهُونَ }[77]، لە پێناو بەرزکردنەوەی گیانی ورەیی موسوڵمانان لە کاتی شەڕی خاچ دروشمەکان و بەدەست هێنانی سەرکەوتن ، و وەرگرتنی هەر شکستێك ئەگەر ڕوویدا، بە بیرهێنانەوەی ئەو ناز و نیعمەتانەی خوا داویە بە موسوڵمانان لە پاشە ڕۆژدا ئەویش بەهەشتە. لە ڕۆژی سێ شەممەی ٧ی ربیعی دووەم ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز)و لەکاتی ئابڵوقەی شاری (عكا) لەلایەن خاچ دروشمەکانەوەو کاتێ سوڵتان هەواڵی وەستانی موسوڵمانانەکانی

---

٧٦ أبو شامە: الروضتين، ج٢/ ل٣٦" سعداوي: الحرب والسلام، ل١٦-١٧.

٧٧ واتە:" ئەی پێغەمبەر ! هانەی باوەڕداران بدەن بچنە خەزا " ئەگەر ئێوە بیست کەس بن و خۆڕاگر بن،-بە ئیزنی خوا- دوو هەزار کەس لە خوا نەناسان رادەنێن" چونکە ئەوان کەسانێکی بێ ئاوەزن" سورەتی ئەنفال، ئایەتی ٦٥. وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار.

لەبەرەنگاری کردنی خاچ دروشمەکان پێ گەیشت، سەربازەکانی بەرەو خاچ دروشمەکان بردو کشانەوە نێو سەنگەرەکان تا سوپاکەی هەمووی چووە ناوی، سولتان سەلاحەددین وەکو دایکێکی منالْ ونبوو بە ئەسپەکەی دەسوڕایەوە لە داوایەك بۆ داوایەکی تر و خەڵکی هاندەدا بۆ جیهاد، لە نێوان خەڵکیدا هاواری دەکرد (وای بۆ ئیسلام). هاوارکردنەکەی سەلاحەددین لە کاتی جەنگدا بۆ بەرزکردنەوەی ورەی موسڵمانان بوو. ئەمە جەنگێکی هێرش بردنە کە سوپا بەچەکێکی فیکری و سۆزی لە پێناو ڕووخاندنی هێزی بەرەنگار بوونەوە لە نێو سوپای دوژمندا پێیهەڵدەستێ [78]. ڕووخاندنی گیانی وورەیی گرنگترین ئامانجە کە سوپا شەڕکەرەکان هەوڵی بۆ دەدەن ئەویش لە ڕێگەی شەڕێکی سەربازی یان بە جەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی لەکاتی شەڕدا. کەواتە هەر لایەك لە لایەنەکانی شەڕ هەوڵ دەدات پێش دەستپێکردنی شەڕ یا لەکاتی شەڕەکە هەڵوێستی بەرامبەرەکەی لاواز بکات بەڕێگای هێرش کردنە سەر لایەنی ڕۆحی و دەروونی دوژمنەکەی و بەهێز کردنی خۆی. لەم ڕووەوە لەکاتی شەڕدا، سەلاحەددین خۆی بەسەر سەربازەکاندا دەگەڕاو هانی ئەدان و وورەی بەرز دەکردنەوە، فەرمانی بە چاکەپێ ئەکردن و هانی ئەدان لەو شتانە بەدوور بکەونەوە کە خراپن، خەڵکیش ملکەچی وتەکانی ئەبوون وبەرامبەر بەو شتانەی ئەو ڕەتی دەکردەو هەڵوێستیان وەردەگرت [79]. ئەم شێوازە ڕاگەیاندنە دەروونیە کاریگەریەکی گەورەی لە بەهێز کردنی ورەی هێزەکانیان هەبوو.

---

٧٨ نوفل: س.پ، ل٣٤.

٧٩ أبن الاثیر: الكامل، مج٧/ ل٣٢٥" العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ل١٤٠.

له هۆكاره ڕاگەیاندنه دەروونیەكانی ئەو شەڕه موسڵمانەكان دەستیان بەسەر خاچه گەورەكەیاندا گرت، كەپێی دەوترێ خاچی خاچان (صليب الصلبوت) ، ئەم شەڕه كە خاچ دروشمەكان هەر لەسەرەتاوه لە ڕووی دەروونیو مەعنەویو سەربازییەوه تێیدا دۆڕابوون، سەرەتای كۆتایی دەوڵەتەكەیان بوو لە قودس[٨٠].

كەواته دەتوانین بڵێین سەربازەكانی سەلاحەددین ئەم شەڕەیان بردەوه، بۆیه بەشەڕێكی ئایینی ڕاگەیاندنی نوێ دەژمێردرێ كه مەملەكەتی خاچ دروشمەكان گەمارۆ درابوون و تێیدا ڕۆحی خاچ پەرستیان ون كردبوو، كەچی سوپای سەلاحەددین ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) لە ئاستێكی گیانیو مەعنەوی و دەروونی و حەماسەتێكی ئایینی وا دابوون وەك سەردەمی خاچ دروشمەكانی ساڵی (٤٩١ك/١٠٩٩ز)[٨١]، كەواته هەلو مەرجەكە گۆڕانی بەسەردا هات و ڕۆحی مەعنەویو دەروونی هەموو كات سەركەوتن دەستەبەر دەكات، چونكه بەهێزترین پاڵنەره كەسەرباز هان دەدات دابەزێته گۆڕەپانی شەڕو بۆ بردنەوەی شەڕەكه ورەی بەرز بێت.

شكستی خاچ دروشمەكان لە شەڕی (حطين)و كەوتنی (بيت المقدس) بەدەستی سوڵتان سەلاحەددین و ڕزگار كردنی كەنارەكانی شام، دەنگدانەوەیەكی گەورەی ڕاگەیاندنی دەروونی بوو لەنێو ئەوروپادا، هەروەها كارێكی گەورەی لە جیهانی مەسیحی كرد[٨٢]، بۆ ئەو مەبەستەش قەشەو ڕەبەنەكان و زۆر لە ناودارەكانیان دڵتەنگی خۆیان بۆ ئەو دۆخه تازەیه نیشاندا و جەختیان لەسەر وەرگرتنەوەی قودس دەكردەوه و بۆ كۆكردنەوەی پشتگیری لە دژی موسڵمانەكان و گێڕانەوەی (بيت المقدس)،

---

٨٠ قاسم: س.پ، ل١٤٣.

٨١ باركر: الحروب الصليبية، ل١٠٥.

٨٢ أبو الفداء: س.پ، ج٢/ ل١٥٥-١٥٦" حسن: س.پ، ج٤/ ل١٠٧" سعداوي:التاريخ الحربي ، ل٢١٥.

دەستیان کرد بە گەڕان بە وڵاتە ئەوروپیەکاندا[83]، تابلۆیەکی گەورەیان پێ بوو و ئاماژەی بۆ گۆڕی پیرۆزی (مەسیح) دەکرد کە بەسمی ئەسپی موسڵمانەکان پیس بووە و وێنەی مەسیحی لەسەر بوو و لەدواوە عەرەبێک بە قامچی لێی دەداو دەیان گوت ئەمە پێغەمبەری ئیسلامە لە مەسیح دەدات[84]، یەکەم کەس کە دەستی بە پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن کرد سەرۆکی (أساقیفە)ی شاری (صور)، (جوسیاس) بوو کە (کونراد مرکیس)ی لە کۆتایی هاوینی ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) نارد بۆ ڕۆژئاوای ئەوروپا، چاویان کەوت بە پاپا (ئۆربیانی سێیەم)[85] ڕاستی هەڵوێستی خاچ دروشمەکانیان لە وڵاتی شام دەرخست، و دەڵێن گوایە کاتێک پاپا ئەمەی بیست یەکسەر مرد[86]، پاپا (گریگوری هەشتەم)[87] بە ناردنی نوسراو بۆ پاشای ئینگلتەراو فەرەنجە و و ئیمپراتۆری ئەڵمانی دەست پێشخەری کرد، هەرچەندە کێشەی

---

٨٣ أبو شامە: الروضتين، ج٢/ ل١٥١" عاشور:الحركة الصليبية،ج٢/ ل٨٤٢.
Grousset: Histoire descroisdeset , 11,P.747."

٨٤ابن واصل: س.پ،ج٢/ ل٢٨٨" ألنويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤١٦" باركر: س.پ، ل١٠٩. .

٨٥ ئۆربیانی سێیەم: یاخود ایربانی سێیەم ، لە پاش شەڕی (حطین) و کەوتنی بیت المقدس بەدەستی موسوڵمانان بە بیستنی ئەم هەواڵە جەرگبڕە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١١٨٧ز/٥٨٣ك) کۆچی دوایی کرد(سعداوي: الحرب والسلام، ل٢١٦)،

٨٦ عاشور: الحركە الصليبيە، ج٢/ ل٨٤٣.

٨٧ گریگۆری هەشتەم: لەپاش مردنی (ایربانی سێیەم) ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) بوو بە پاپای مەسیحیەکان، و بە وەرگرتنی ئەم پۆستە یەکسەر نامەیەکی پڕوپاگەندانەی ئاراستەی دانیشتوانی ئەوروپا کرد، و توانی ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتبونەوە لەنێوان پاشاکانی ئەوروپا واژۆ بکات بۆ ڕاگرتنی شەڕ و خستنە لاوەی کێشەکان بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە پێی پەیمانی (هدنة الرب – ئاگربەستی خواوەند – ئاشتی خواوەند) و بەستنی ئەنجومەنێك لە (لۆمانز) ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز)، کە تیایدا بڕیاری سەپاندنی باجی دەیی (عشور صلاح الدين)ی کرا بۆ تەواو کردنی پێداویستیەکانی هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان بۆ ڕۆژهەلات.(رنسیمان: س.پ، ج٣/ ل٢٢-٢٤" العمری: اصول العلاقات السیاسیە الدولیە، ل١٤٥-١٤٩).

زۆر لە نێوانیان هەبوو، بە تایبەتی لە نێوان فەڕەنساو ئینگلتەرادا[88]،و ئاگر بەستیان ڕاگەیاندو کێشە ناوخۆییەکانیان وەلاناو بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاشتی لەنێو هەموو کاثۆلیکەکاندا شەڕیان حەرام کرد، لەپێناو بەشداریکردن لە هەڵمەتی ئازاد کردنی (بیت المقدس) لە دەستی سەلاحەددین، سەرەڕای ئەمە مەسیحیەکان شارەکانی (صورو أنطاکیاو طرابلس) یان لەبەردەستدا مایەوە.[89]

ئەم هەڵمەتەی ڕاگەیاندنی دەروونییە هیوایەکی لە دڵیان جێ هێشتو کەشتیە ئیتاڵیەکان کۆنتڕۆڵی دەریای ڕوم (ناوەڕاست)یان دەکردو ئامادەبوون بۆ گواستنەوەی جەنگاوەرە خاچ دروشمەکان ئەگەر کرێیان بدایە، لە شێوازەکانی پڕوپاگەندەو ڕاگەیاندنی دەروونی تایبەت بە سۆزی ئایینی کە خاچ دروشمەکان پەیڕەوییان دەکرد، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو تواناکانی جیهانی مەسیحی دژی موسڵمانەکان، ڕەبەن و قەشەکانو خەڵکانێکی زۆرو سوارە ناودارەکانیان جلی ڕەشیان لەبەر کردوو (بطریکی قودس) ولاتانی ئەورووپای مەسیحی پێ گەڕاندنو سوڕی دەدانو بووە هۆی دروست کردنی گیانی دوژمنایەتی لە دژی ئیسلامەکان[90]، هانی ژمارەیەکی زۆریان لە پیاوانو ژناندا بۆ جەنگ یان پێشکەش کردنی یارمەتی ماددی لە جیاتی خۆیان، هەروەها توانی تەنها لە

---

٨٨ دوای ئەوەی ڕێککەوتن لەسەر پێشڕەوی بۆ ڕۆژهەلاتی ئیسلامی و دابەش کردنی هەموو دەست کەوتەکان، هەروەها دانانی باجی دەیی (ضريبة عشرية) لەسەر ئەو کەسەی بەشداری ئەم شەڕە ناکات، و ئەم باجە بە (عشور صلاح الدين) ناسراو بوو. (بولارد: س.پ، ل٦" نوري: سياسة صلاح الدين. ل٣٢٠ك).

٨٩ عاشور: الحركه الصليبيه،ج٢/ ل٨٥٢" سعداوي: الحرب والسلام، ل٢١" Grousset: Histoire descroisdeset,111, P.18.

٩٠ ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢٨٨-٢٨٩" العليمي: س.پ، ج١/ ل٣٣٠-٣٣١.

شاری (رومیه)ی گەورە چوار کەشتی (شوانی)[91] پڕ بکات لە پارە دوای ئەوەی هۆکاری دەروونیو ئایینی لا ووروژاندن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان[92].

بەرامبەر بەم کارە راگەیاندنەی خاچ دروشمەکان سوڵتان سەلاحەددین نوسراوێکی ڕەوانەی (ریچاردی شێردڵ) پاشای ئینگلتەرا کردو پێی ڕاگەیاند کە ئامادەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی، چونکە ئەو سوورە لەسەر لەشکرکێشی بۆ ڕۆژهەلات، وەك جەنگێکی راگەیاندنی دەروونی بۆ ترساندنی، هەروەها ڕووداوەکانی هەڵمەتی دووەمی خاچ دروشمەکان بە سەرکردایەتی باوکی (هنری دووەم) لە ساڵی (٥٤٤ك/١١٤٩ز) بەبیر دەهێنێتەوە، ئەو کاتە سەلاحەددین ئەفسەرێکی بچوك بوو لە سوپای (نورالدين محمود)ی فەرمانڕەوای شام، کە بەرگری شاری دیمەشقی لە مەترسی خاچ دروشمەکان پێسپێردرابوو.

لە ڕاستیدا ناوی سەلاحەددین زۆر بە خێرایی لە نێو ئەوروپادا بڵاو بۆوە، بەشێوەیەکی وا کە ترسی دەخستە دڵو دەروونی ئەوروپاییەکانەوە، بۆ نمونە دایکان بۆ ژێر کردنەوەی منداڵەکانیانو خەواندنیان بە سەلاحەددینی ئەیوبی دەیان ترساندن[93].

پاشاکانی ئەوروپا بە ڕاگەیاندنو پروپاگەندەی تایبەتی خۆیان وێنەی سەلاحەددینیان بۆ داماڵینی لە هەموو ڕەوشتێکی مرۆڤانە پیشاندەدا وەك جەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی، هاندەر بۆ خۆئامادە کردنو بەشداری لە

---

٩١ شینی: کەشتیەکی گەورەی نەفەر هەڵگر بوو، پێی دەوترا (داڵ)، بە (القار) بۆیە دەکرا، هەروەها قوللە و قەڵای تایبەتیان لەسەر دروست دەکرد، بەمەبەستی بەرگری کردن و هێرش بردن، (ابن مماتي: قوانين الدواوين. ل٣٤٠" حسين: س.پ ، ل٣٤٢" ماهر: تاريخ البحرية في مصر الاسلامية، ل٣٥٢).

٩٢ عاشور: أوروبا في العصور الوسطى، ج١/ ل٤٦٦-٤٦٧.

٩٣ سعداوي: الحرب والسلام، ل٢٤.

هەڵمەتێکی نوێی خاچ دروشمەکان دژی سوڵتان سەلاحەددین بەکاریان هێنا، بۆیە نامە گۆڕینەوەی نێوان سەلاحەددین و ئەوان بێ سوود بوو،و نەگەیشتن بە هیچ ئامانجێکی یەکلا کەرەوە بۆ خزمەتی کێشەی ئاشتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

نوێنەرایەتی دەسەلاتە بە هێزەکانی ئەوروپا پێکهاتبوو لە (ئینگلترا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا) لە خۆئامادەکردنێك بۆ هەڵمەتێکی نوێ کە بە هەڵمەتی سێیەم ناسراوە[٩٤]، بۆیەکەم جار لە مێژووی هەڵمەتەکانی خاچ دروشمەکان بۆ ڕۆژهەلات تایبەتمەندی علمانیو ڕاگەیاندنی لە خۆ گرتبوو، هاوکات لایەنە ماددیەکان زاڵتر بوون لە ڕوحیەکان بەسەر سەرکردەکانی ئەم هەڵمەتەدا.

بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خاچ دروشمەکان بەدەست بەستراوی لە ئاستی ئەیوبییەکاندا وەستابن، ئەوانیش توانیان جەنگی ڕاگەیاندن لەکاتی شەڕدا ئاڕاستەی ئەیوبییەکان بکەن، بەتایبەتیبەرامبەر بەوەش کاتێك (أرناط) میری (الكرك) لە ساڵی (٥٨٢ك/١١٨٧ز) دەستی بەسەر کاروانێکی گەورەی ئەیوبییەکاندا گرتو هەموویانی بەدیلی گرت[٩٥]، هەرچەندە ڕێککەوتنێکی کاتی لەنێوانیاندا بەسترا بوو کەماوەکەی چوار ساڵ بوو لە (٥٧٩ك/١١٨٥ز) تاوەکو (٥٨٣ك/١١٨٩ز)[٩٦]، سوڵتان سەلاحەددین نوێنەری خۆی بۆ لای ڕەوانە کردو ئەو ڕێککەوتنە کاتیەی بەبیر هێنایەوە، داوای کرد دیلەکانی ئازاد بکات، بەلام (أرناط) ئەوەی ڕەت کردەوەو داواکاریەکەی پشت گوێ خست[٩٧]، بگرە جەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی دژ بەدیلە

---

٩٤ بۆزیاتر زانیاری بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣) لەپاشکۆکە.

٩٥ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٠" أبو شامة الروضتين، ج٢/ ل٧٥" قاسم: س.پ، ل١٤٣.

٩٦ ديورانت: س.پ، م٤ ج٤/ ل٣٦" زكار: س.پ، ل٩٢.

٩٧ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٢٠" ألمقريزي: السلوك، ج١/ ل٢٠٥" حسن: س.پ. ج٤/ ل١٠٦

موسڵمانەکان دەست پێکرد و پێیٚ وتن: "ئەگەر متمانەتان بە (محەمەد) هەیە با (محەمەد) بێت ڕزگارتان بکات". کاتێك سەلاحەددین ئەو هەواڵەی بیست، سوێندی خوارد (أرناط) بەدەستی خۆی بکوژێ دوای ئەوەی بەسەریدا سەردەکەوێت[98]، مەبەستی (أرناط) لە ئاڕاستە کردنی ئەم جەنگە ڕاگەیاندنە دەروونییە دژ بە ئەیوبیەکان جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییە دوژمن کاریەکانی خۆی بوو، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ جەنگی سەربازی بەرێت، مەبەستی بوو ترس بخاتە دڵو دەروونی ئەوانەی لە کاروانەکەی ئەیوبیەکاندا بوون، هاوکات ورەیان بڕوخێنێو ملکەچی داواکانی بن.[99]

کاتێکیش (باليان) لە ڕێککەوتنو سازش کردن لەگەڵ سەلاحەددین بێ ئومێد بوو بیری کردەوە جەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی دژ بە سەلاحەددین بەرپا بکات بۆ ترساندنی لەلایەكو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی لەلایەکی ترەوە[100]، بە سەلاحەددینی گوت: " سوڵتان ئەوە بزانە کە ئێمە خەڵکێکی زۆرین لەوشارەدا، بەتەنیا خودا نەبێت کەس نازانێت، لە جیاتی شەڕ داوای ئەمان دەکەن، بە بڕوای خۆیان وەلامیان دەدەیتەوە وەك وەلامدانەوەکانی ترت، حەزیان بە ژیانەو رقیان لە مردنە، ئەگەر بینیمان لە مردن بەو لاوە هیچی تر نیە، سوێند بە خودا هەموو ژن و منالەکانمان دەکوژین و ماڵ و

---

٩٨ دیورانت: س.پ، م٤ ج٤/ ل٣٦" بارکر: س.پ، ل١٠٤، دەڵێن: "خوشکی سەلاحەددین لەم کاروانەدا بوو، بەلام سەرچاوە ئیسلامیەکان ئاماژەیان پێ نەکردووە". سبط ابن الجوزي: س.پ، ج٨/ ل٣٨٩" العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ل١٣٥.

٩٩ لەم بارەیەوە (گروسیە) دەڵێت: "ئەم کارە... ئەو دزە دزیەوەی کارێکی پێکرد کە ئەو پەڕی بێزاری لە ویژدانی موسڵماناندا بخولقێنێ، زۆری پێ نەچوو سەلاحەددینی ئەیوبی شەڕی لەگەڵ خاچ دروشمەکاندا دەست پێکردەوە، (أرناط) هەستی موسڵمانەکانی سەر لەنوێ گرتێبەردایەوە کاتێك کەشتیەکەی خۆی خستە نێو دەریای سوورەوە و هەڕەشەی لە شارە پیرۆزەکانی موسڵمانان وەکو (مەککەو مەدینە) دەکرد، ئەمەش بە لەکەدار کردنێکی گەورەی پیرۆزترین حورمەتی موسڵمانان دەژمێردرێت (الحروب الصليبية، ل٧٣).

١٠٠ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٣.

حاڵیشمان دەسوتێنین، ناهێڵین دوای خۆمان سود لە یەك دەرهەم یا دینار وەربگرن، قبوڵ ناکەین ژن و پیاومان ئیهانە بکرێن یان بە دیلی بگیرێن، ئەگەر لەوانە بووینەوە ئەوا گومەزە بەردینەکە و مزگەوتی (الاقصى) و شوێنەکانی تر وێران دەکەین و هەموو دیلە موسوڵمانەکان دەکوژین کە ژمارەیان (٥) هەزار دەبێت، هاوکات هەموو ئاژەڵەکان دەکوژین، ئەو کاتە بۆ شەڕێك دەردەچین کە هەرکەسێك گیان و خوێنی خۆی بپارێزێ، ئەوکاتە کەسێك ناکوژرێت، ئەگەر چەند کەسێك وەکو خۆی نەکوژێت، یا بە سەربەرزی دەمرین یادلێرانە سەردەکەوین"[١٠١]. (بالیان) بەم شێوازە ڕاگەیاندنە دەروونیە توانی سەلاحەددین بترسێنێ، ئەو ئامانجەش جێبەجێ بکات کە لەپێناویدا هاتووە.. ئیدی سوڵتان فەرمانی دەرکرد کە کۆبوونەوەیەك بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژکاریەکەی ببەستێت، تاوەکو لەبارەی ئەوەوە کاری پێویست بکرێت لە ئاست قسەکانی (بالیان) ڕاوو بۆچوونی خۆیان دەربڕن.. وەك ترسێك لەو قسانەی (بالیان) وتویەتی کە هەموویان لەسەر ئەوە پێکهاتن کە وەڵامی دڵنیا بوون بدەن بە خاچ دروشمەکان[١٠٢].

کاتێکیش سوڵتان سەلاحەددین چووە ناو شاری (قودس)ەوە، شێوازی ڕاگەیاندنێکی دەروونی ئاشتیخوازانەی گرتەبەر، کاتێك دەرگاکانی کڵێسەی (القیامە)[١٠٣]ی بەمەبەستی بێبەشکردنی خاچ دروشمەکان لەو شوێنە پیرۆزە

---

١٠١ العماد الکاتب: الفتح القسي، ل ١٢٦-١٢٧" ابن الاثیر: الکامل ، مج٧/ ل٣٣٤" ابن واصل: س.پ،ج٢/ ل٢١٢-٢١٤" النویري: س.پ: ج٢٨/ ل٤٠٤.

١٠٢ ابن الاثیر: الکامل ، مج٧/ ل٣٣٥" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢١٥" النویري: س.پ: ج٢٨/ ل٤٠٥.

١٠٣ قیامە یان قمامە: مەزنترین کڵێسەی خاچ دروشمەکان بوو لە (بیت المقدس)، دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکە. گۆڕستانێکی لێیە پێی دەڵێن (القیامە)، چونکە پێیان وایە کە (مەسیح) قیامەتی لەوێ هەستاوە، بەڵام ڕاستی ناوەکە قیامە نییە بەڵکو القمامە، چونکە زبڵخانەی دانیشتوانی شارەکە بوو، هەروەها لەسەر شورای شارەکە دەستی خراپە کارانیان دەبڕی و دزەکانیان تێدا لەخاچ دەدا. بەڵام کاتێك مەسیح لەخاچ درا (واتا ئەو کەسەی کە شێوەی لە مەسیح دەچوو) لەوکاتەوە ئەو شوێنە پیرۆز بوو لایان.

داخست، بەڵام لەو بارەیەوە پرسی بە گەورە پیاوانی دەوڵەتەکەی کرد.. هەندێکیان ئاماژەیان بۆ ڕووخاندنی خانووەکانی دەکرد تاوەکو میوان ڕووی تێنەکەن، هەندێکیشیان وتیان ئەوە هیچ سوودێکی لێناکەوێتەوە، چونکە پەرستراوی ئەوان لە شوێنی خاچ و گۆڕەکەیە نەك چەند خانوویەکی بینراو، سەلاحەددینیش ئەو بۆچوونەی پێ باش بوو و چاوی لە (عمر بن الخطاب) بڕی کاتێك نەیروخاند لەکاتی ڕزگارکردنی (بیت المقدس)دا، لەهەمان کاتدا فەرمانی دەرکرد بە کردنەوەی بۆ هەرخاچ دروشمێك کاتێك سەردانی دەکات، بەرامبەر بە کرێیەکی دیاری کراو[104]. ئەمەش بۆخۆی جەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی گەورە بوو لە حاڵەتی نەبوونی شەڕدا کە سەلاحەددین بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە سیاسیەکانی و خوڵقاندنی حاڵەتێکی دەروونی پڕ لە ترس و سەرسامی و بێزاری لە نێوان خاچ دروشمەکان، بەهەمان شێوەی سەلاحەددین.. لە کاتی گەمارۆدانی شاری (عکا)دا کە ماوەی دوو ساڵی خایاند لە (٥٨٥ك/١١٨٩ز) تاوەکو ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز) لەماوەی پێشڕەوی هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان بەسەرکردایەتی سێ لە پاشا گەورەکانی ئەوروپا ئەوانیش (فلیب ئۆگستس)[105] پاشای فەرەنساو (ریچاردی شێردڵ) پاشای ئینگلتەرا و

بەلام ئێمە پێمان وانیە کە ئەم شوێنە پیرۆزە زبلخانە بێت). (ناصر خسرو: س.پ، ل٧٤-٧٥"یاقوت: س.پ، مج٤/ ل٤٤).

١٠٤ العماد الکاتب: الفتح القسي، ل١٤٥-١٤٦.

١٠٥ فیلیپ ئۆگستس: یان فیلیپی دووەم ن کە ناز ناوی (الفاتح یا الغازی) بوو کوڕی لویسی حەوتەمە، لەساڵی (٥٦١ك/١١٦٥ز) لە شاری غینیس لە دایك بووە، و لە ساڵی (٥٧٦ك/١١٨٠ز) ببووە پادشای فەرەنسا. بەشداری هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکانی کرد بۆ ڕزگار کردنی قودس، شەڕی هەردوو پادشای ئینگلیترای کرد (هنری دووەم و ریچاردی شێردڵ)ی کوڕی و توانی سەربکەوێت بە سەریاندا. لە ساڵی(٦٢٠ك/١٢٢٣ز) کۆچی دوای کرد. (العسلی: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ل٢٢٣، پەراوێزی (١)).

(فردريك بەربەرۆسا)ی ئیمپراتۆری ئەڵمانیابوون[١٠٦]،لەو شێوازە ڕاگەیاندنە دەروونیانەی کە (فردريك بەربەرۆسا) بەکاری دەهێنا لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ هەڵمەتی سێیەمی خاچ دروشمەکان نوسینی نووسراوێك بوو بۆ ئەو سەرکردانەی کە سوپاکەی بە وڵاتەکەیان تێدەپەڕێت وەکو پاشای (المجر-هەنگاریا) و ئیمپراتۆری (بیزنطی)، (أسحاق أنجيليوس)و سوڵتانی سەڵجوقی (قلج ارسلان)و نامەیەکی بە نوێنەرێك بە ناوی (هنري دييتز) نارد کە هەڕەشەو گوڕەشە بوو لە سەلاحەددین و داوای لێدەکرد هەموو (فەلەستین)یان بۆ بگێڕێتەوە و لە گۆڕەپانی (صوعن)[١٠٧] ڕووبەڕووی ببێتەوە. لە ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز) نوێنەری (بیزنطي)یە کان گەیشتە (نورمبرگ) لە ئەڵمانیا بۆ خۆئامادە کردن و کۆکردنەوەی پێداویستی تەواو بۆ کارئاسان کردنی تێپەڕ بوونی سوپای خاچ دروشمەکان بە وڵاتی ئیمپراتۆری (بیزنطی)دا. هەروەها لە ساڵی (٥٨٥ك/تشرینی دووەمی ١١٨٩ز) پاشای (المجر)و سوڵتانی (سەلجوقی) وەڵامی داواکاریەکەی (فریدریك بەربەرۆسا)یان دایەوە و پەیمانی هاوکاریان پێدا. بەڵام وەڵامی سەلاحەددین بەهێز بوو، دەربارەی ئەم وەلامە (سعداوی)دەڵێت : "گیانی ئازایەتی عەشایەری کوردی و دبلۆماسیەتی ئەیوبیی مصری پێوە دیارە".[١٠٨] ئەمەش بۆخۆی شێوازێکی ڕاگەیاندنی دەروونی بوو کە سولتان سەلاحەددین لە دژی بەربەرۆسا پیادەی کرد. ڕاگەیاندنی جەنگی دەروونی لەکاتی شەڕدا هۆکارێکی گشت گیرو تەواوە لە هەڵوێستی سەربازی کە لە

---

١٠٦ گروسية: س.پ، ل٧٦.

١٠٧ صوعن: ئێستا ناسراوە بە (صمان الحجر) لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیل لە وڵاتی مصر ئەو شوێنەیە کە فیرعەون و موسا بەیەك گەیشتن. بڕوانە (رنسیمان: س.پ، ج٣/ ل٣٣).

١٠٨ التاريخ الحربي ، ل٢١٨.

هەموو کاتێکدا کاریگەری هەیە[109]، هەڵدەستێ بە ڕووخاندنی ورەی هێزی دوژمن، هەروەها ڕاگەیاندنی دەروونی لەسەردەمی جەنگدا هەوڵدەدات بۆ ڕێگرتن لە ئەندامانی سوپاکەی بۆ ئەوەی نەچنە بەرەی دوژمنەوە،و هەوڵدان بۆ ئەوەی دۆستەکانی دوژمن بێ لایەن بکاتو کاریگەری کردنە سەر سوپای دوژمنەوە بەوەی کە بەرەنگاری هیچ سوودێکی نییە[110].

ئەمەی دواییان واتە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لە ماوەی بەڕێوە چوونی هەڵمەتی ناوبراودا جەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی دژ بە سەلاحەددین بەرپا کرد، کاتێك نامەیەکی درێژی بۆ نووسی لەساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ن) و داوای لە سەلاحەددین کرد دەست لە (بيت المقدس)و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵات کە لەخاچ دروشمانی بووەوە هەڵبگرێت، (فريدريك) سەلاحەددینی لە مەترسی ئەنجامەکانی ئەم شەڕە ئاگادار کردەوە[111]، کەچی سەلاحەددین لەهەمان ساڵدا بەرامبەر بەوە بەجەنگێکی ڕاگەیاندنی دەروونی لە ڕێگەی نامەیەکی درێژەوە وەڵامی نامەکەی (بەربەرۆسا)ی دایەوە، نامەیەك کە حەماسو هێزو متمانەی سەرکەوتنی لێ ئەڕژا، کە بۆخۆی نیشانەی دیبلۆماسیەتێکی بەرزو گرنگیدانێکی بەرفراوان بوو بەسیاسەتی نێو دەوڵەتی هاوچەرخ دووپاتی کردەوە کە سووره لەسەر بە زۆر گێڕانەوەی (صورو طرابلس و أنطاكيا)و ئەو قەڵایانەی خاچ دروشمەکان کە لەڕۆژهەڵاتدا ماون، ئەگەر زوو بەزویی سەرکردەکانی خۆ بەدەستەوە نەدەن. هەروەها سەلاحەددین ئامارژەی بۆ پەڕینەوە لە دەریای ناوەڕاست کرد بۆ

---

١٠٩ نصر: س.پ، ج١/ ل١١٠.

١١٠ رشتي: س.پ، ل٢٧٣.

١١١ لەبەر ئەوەی زۆرێك لەگەلانی ئەورووپا هاوکاری دەبن و شان بەشانی هێرش دەکەنە سەر ڕۆژهەڵاتو قەڵاو شوێنەکانیان تەختی زەوی دەکەن و ماڵو گێڵگەکانیان وێران دەکەن. ژنەکانیان دەبنو منداڵەکانیان هەتیو دەخەن.

داگیرکردنی خودی ئەوروپا، ئەگەر (بەربەرۆسا) پێ لەسەر هەڕەشەکردن لەسەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا هەڵنەگرێت[112].

(ڕیچارد شێردڵ) شێوازێك لە شێوازەکانی جەنگی ڕاگەیاندنی دەروونی بەکارهێنا کە بریتی بوو لە کاری چەواشە کاری و فرت و فێڵ بۆخۆی و جارێکیان نوێنەری خۆی ڕەوانەی لای سوڵتان سەلاحەددین کرد[113]. پاشان خاچ دروشمەکان ناچار بوون کە لە (الرملە) ساڵی (٥٨٨ك/١١٩٢ز) بکشێنەوە و بۆ داواکردنی ڕێککەوتن و ئاشت بوونەوە و نوێنەریان نارد، کشانەوەی ڕیچارد کاردانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە نێو ڕیزی موسڵمانەکان و سەلاحەددین هەناسەیەکی پیا هاتەوە و ورەی سەربازەکانیشی بەرزبیوەوە[114]. وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە: { وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ }[115] (ڕیچارد) نامەیەکی بۆ سەلاحەددین نارد، تێیدا هاتبوو "موسڵمانەکان هیلاك بوون و وڵات وێران بوو، موڵك و ماڵێکی زۆر بە فیڕۆ درا، خەڵکێکی زۆر کوژرا، ئەم کارەش هەقی خۆی بردو هیچ باسێك نەماوە تەنیا قودس و خاچ نەبێت. قودس پەرستگامانەو هەرگیز دەستبەرداری نابین و هەمووشمان لە پێناوی بکوژرێین وازی لێ ناهێنین، وڵاتەکان هەموومان بۆ دەگێڕنەوە، و خاچی خاچان لای ئێوە تەنیا دارێکە هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام لای ئێمە زۆر پیرۆزەو سوڵتانەکان بۆ فەرمانڕەوایی بەکاری دەهێنن، دەمانەوێ لەو

---

١١٢ سعداوي: الحرب والسلام، ل٢١-٢٢.

١١٣ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٥٠١؛ ابن شداد: س.پ، ل١٥١.

١١٤ المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٠٩؛ عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل٨٩٣.

١١٥ واتە :"ئەگەر داوای شەڕپەسیان کرد، قبوڵی کەو هەرخۆت بە خودا بسپێرە؛ هەر خۆی گوێدێر و زانایە"، سورەتی ئەنفال، ئایەتی ٦١، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار.

هیلاکیە پشوو بدەین" [116]. هەروەها (ڕیچارد) لەکاتی دانوساندنەکانی لەگەڵ سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی شێوازی هەڕەشەو زۆری بەکار دەهێنا، بۆ نموونە بە سەلاحەددین دەڵێ: "بە دواکەوتنم لەخۆبایی مەبە، بەران دوا دەکەوێ بۆ ئەوەی قۆچ بووەشێنێ" [117].

سەلاحەددین لە وەلامدا وتی: "قودس چۆن هی ئێوەیە ئاوا هی ئێمەشە،و لای ئێمە زۆر پیرۆزترە وەکو لای ئێوە، چونکە پێغەمبەرمان (د.خ) لەوێوە چوو بۆ ئاسمان و شوێنی کۆبوونەوەی فریشتەکانە، و باوەڕ ناکەم هیچ کاتێك وازی لێ بهێنین و ناکرێ باسی ئەو شتە لای موسڵمانەکان بکەین، بەلام وڵاتەکانیش لە بنچینەدا هی ئێمەن و ئێوە بەشێوەیەکی کتو پڕ دەستتان بەسەریاندا گرت، کەبەهۆی لاوازی ئەوکاتەی موسڵمانەکانەوە بوو، و لەناو چوونی خاچیش بەدەستی ئێمە کارێکی مەزنە، و ناتوانین واز لە هیچ شتێك بهێنین ئەگەر لە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان نەبێت" [118].

ئەگەر ناوەرۆکی هەردوو نامەکە شی بکەینەوە دەبینین نامەی یەکەم بۆنی دۆڕاندنی لێ دێت لەلایەن (ڕیچارد)ەوە، کە ئاماژە بۆ هێما ئایینیەکانیان دەکاتو وەکو قودس و ئامادەن لە پێناویدا فیداکاری بدەن و بەوە کۆتایی پێ دێنێت کە سەلاحەددین خاچەکەیان پێ بداتەوە، و نامەی دووەم بە زمانێکی پڕ لەهێزو (منطق-لۆژیك) وەلامی دەداتەوە و باسی مافێکی ڕەوای موسڵمانەکان دەکات. هەردوو نامەکە بەزمانێکی پڕوپاگەندەی ئایینی نوسراون کە لە ناوەرۆکدا باس لەترسو تۆقاندن دەکەن لە پێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتو شکانی بەرامبەر.

---

١١٦ أبن الفرات: س.پ، م٤ ج٢/ ل٣٩.

١١٧ بڕوانە (أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٩٠-٣٩١).

١١٨ أبن الفرات: س.پ، م٤ ج٢، ل٣٩-٤٠.

بەشی پێنجەم
شێوازەکانی تری جەنگی دەروونی

شێوازەکانی تری جەنگی دەروونی

هیچ سنوورێکی دیاریکراوو شێوازێکی تایبەت بۆ جەنگی دەروونی نییە، بەڵکو هەموو ئەم هۆیانە دەگرێتەوە کە لەپێکانی ئامانجدا بەکاردێن و پێیان دەوترێ شێوازەکانی جەنگی دەروونی[1]، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازەکانی جەنگی دەروونی بۆتە زانیارییەکی گرنگ و پەیوەندی بەجەنگ و پڕوپاگەندە و توانا و سنوورەکانیەوە هەیە[2]، چونکە بۆ ئیفلیج کردنی ورەی دوژمن و کەم کردنەوەی توانای لەجەنگداو ترس خستنە نێو دڵەوە بەمەبەستی خۆ بەدەستەوە دانیان، ئەم جۆرە جەنگە لەشەڕو ئاشتیدا هەر بەردەوامەو پێش ڕوودانی شەڕ بەمەبەستی دابەزاندنی ورەی دوژمن و ناچارکردنی بۆ خۆ بەدەستەوە دان بەکاردێت[3]، چەندین لایەنی ژیان دەگرێتەوە لەوانە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی ... تاد، هەروەها جەنگی دەروونی بەترسناکترین جەنگ دادەنرێت و بۆ بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی پلانێکی ستراتیژی، چونکە بەکارهێنانی پلانێکە بەمەبەستی کارکرنە سەر ڕاو سۆز و ڕەفتاری کۆمەڵە کەسێك پیادە دەکرێت[4]، لەسەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی و بەتایبەتی لەسەردەمی سوڵتان سەلاحەددین دا چەندین جۆری جەنگی دەروونی و شێوازەکانی زۆر بە لێوەشاوەیی بەکارهێنراوە، و کاریگەری جەنگە دەروونییەکانی هاوشان و پاڵپشتی سوپا چەکدارەکەی بووە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە جەنگەو شێوازەکانی هاوشانە یان لەگەڵ مەبەستەکانی جەنگی دەروونی و

---

١ الدباغ: المرجع فى الحرب النفسية، ل ٥٩.

٢ الدباغ: علم النفس العسكري، ل١٧٨.

٣ زهران: علم النفس الاجتماعي، ل ٣٥٦.

٤ عبدالله: الحرب النفسية و الشائعات، ل١٥.

تاقیکردنەوەکانیدا یەك دەگرێتەوە، ئەم تاقیکردنەوانە لە جەنگەکانی سەلاحەددینی ئەیوبی دا دژی خاچ دروشمەکان بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە[٥]، ئەو کارانەی کە سوڵتان سەلاحەددین لەوڵاتی شام و مصرو ناوچەکەدا کردی، پراکتیزە کردنێکی سەرکەوتووی جەنگی دەروونی بوو شان بەشانی ئەو جەنگانەی کە سوپاکەی دەیان کرد.

بۆیە بەدەست هێنانی ئەم سەرکەوتنانەی لەبەرەکانی شەڕدا بۆ پیادەکردنی (جەنگی دەروونی) دەگەڕێتەوە، بەلام لەسنوورو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، کە لەخزمەت ئەو ئامانجانەدا بێت کە هێزە چەکدارەکانی هەوڵی بەدەست هێنانی دەدەن[٦].

---

٥ نوفل: الحرب النفسية من منظور اسلامي، ل١٩٣.

٦ العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج /٢ ل٢١٢ - ٢١٣.

باسی یەکەم: جەنگی دەروونی بەهێزکراو
Reinforced

ئەو جەنگە دەروونییەیە کە ئاڕاستەی گەلانی ناوچە ڕزگارکراو و داگیرکراوەکان دەکرێت، لەگەڵ بوونی چەندین ئامانج بۆ بەهێزکردنی کردە سەربازییەکان لەهەرێمی داگیرکراوی دوژمندا [7]، ئەوەش بۆ بەدەستهێنانی فراوانترین بوار لەهەماهەنگی کردنی مەدەنییەکان لەگەڵ هێزەکانی (سوپادا)، کە هەوڵ دەدات بۆ چەسپاندنی کۆڵەکەکانی ئەو سەرکەوتنانەی کە جەنگی دەروونی ستراتیژیو تاکتیکی بەدەستیان هێناون و گۆڕانی ئەم سەرکەوتنانە بۆ ڕاستیەکی تەواوو نەگۆڕ[8]، ڕێگەکانی ئەم بوارەش بریتین لە بەشداریکردنی کەرتی خزمەتگوزاری و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشو ئارامی و بڵاوکردنەوەی ڕاستیەکان و بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەو درۆو بایەخ دان بەو کارانەی کە لەپاشەڕۆژدا دوای تەواو بوونی شەڕ دەکرێن[9].

سەلاحەددین ئەم جۆرە جەنگە دەروونیەی پیادە دەکرد، بۆنمونە پاش وەرگرتنی دەسەلات لە وڵاتی مصر توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خۆی پێش بخات و هەموو کاروباری مصری خستە ژێر دەستی خۆیەوە، هەروەها بە ڕەوشتێکی باش لەگەڵ مصریەکاندا دەجولایەوە و زۆر ڕێزی لێدەگرتنو ماڵو دارایی بەسەردا دابەش دەکردن[10]، لەچوارچێوەی ئەو

---

٧ الدباغ: علم النفس العسكري، ل١٧٩.

٨ عبدالله: س.پ، ل١٨.

٩ الدباغ: المرجع فی الحرب النفسية، ل ٤٩.

١٠ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢١٧" ابن شداد: س.پ، ل٤٩" أبو شامة: الروضتين، ج١/ ل٧" المقريزي: الخطط، ج١/ ل٣٥٤" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٧" رفعت: س.پ، ل١٦٤.

جەنگە دەروونىيە بەهێز كراوە لەناو هەموو ئەو باج و سەرانەيەدا كەلەسەردەمی خەلافەتی فاتمیەكاندا لەسەریان دانرابوو، توانی خۆی بكات بە خۆشەویسترین كەس، ئەویش بە لابردن یان سوككردنی باج و سەرانە لەسەریان[11]. هەروەها بەتاڵ كردنەوەی ئەو باجانە كەببوون بار گرانی لەسەر كۆمەڵگا هەروەك ئەوەی میری شاری (مكە) بە سەر حاجییەكانی سەپاندبوو، هەروەكو (ابن الاثیر)دەڵێت: "گەورەی (مكە) فەرمانی‌دابوو پێشەكی حاجییەكان باجیان لە (جدە) بدەن"[12]، بەم كارەش ستەمێك بوو كەوتبووە سەر حاجییەكان، پاشان سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی ئەم یاسایانەی هەڵوەشاندەوە بەچەند شتێك، قەرەبووی بۆ گەورەی شاری (مكە) كردەوە، لەوانە هەموو ساڵێك باری (٢٠٠٠) دوو هەزار عەلبە دانەوێڵەی بۆ ڕەوانە دەكرد، بەو مەرجەی بەسەر خەڵكی شاری (مكەو مدینە)دا دابەشی بكات، بەم كارەش سوڵتان سەلاحەددین ئەو گرانییەی لەسەر خەڵك لابرد، بە ماڵی (بیت المال) قەرەبووی كردەوە بۆ خەڵكی ئەم دوو شارە، بەهەمان شێواز لەگەڵ دانیشتوانی شام و ناوچەكانی تر ئەو كارانەی دەكرد[13].

---

١١ أبن الاثیر: الكامل، مج٧/ ل٢٠٢" ابن قاضی شهبة: س.پ، ل٢١٥" مجهول: مخطوطة تاریخیة عن الدولة الایوبیة، نسخة مصورة عن نسخة مكتبة الاوقاف في الموصل، ورقة ١٧. بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٢).

١٢ الكامل، مج٧/ ل٢٠٢.

١٣ لە كۆتایی دەوڵەتی فاتمی دا بڕی ئەو باجانە لە رادەبەدەر بووە (القلقشندی: صبح الاعشی،ج٣/ ل٤٦٦)، هەموو شتێكی دەگرتەوە كە كڕین و فرۆشتنی پێدەكرا، تەنانەت ئاوی خواردنەوەی روباری (النیل)یشی لێ بەدەر نەبوو.(ابن جبیر: س.پ، ل٣١)، سەرەڕای دانانی باج لەسەر حاجیەكان لە كاتی حەج كردن (ابن خلدون: المقدمە، ل٢٨١)، هەروەها گەڕیدەی ئەندەلوسی (ابن جبیر) باس لەوە دەكات كە لەكاتی سەردانەكەی ساڵی (٥٧٨ك/١١٨٢ز) دا بینیویەتی دەڵێت: "یەكەم شت كە بینیمان لە رۆژی دووەمدا لە كاتی دابەزینمان لە شاری ئەسكەندەریە هاتنی كارمەندانی (ئەمینداری كەشتیەكان) بوون بۆ ناو كەشتیەكان لەلایەن سولتانەوە بۆ دەستنیشانكردنی هەموو ئەو كالاّ و كەل و پەلانەی كە تیایدا بووە. پرسیاریان لە هەموو حاجیەكان دەكرد لەبارەی هەموو ئەو كالاّ و شمەك و دراوانەی پێیان بوو بۆ دانی

کاتێك خاچ دروشمەکان زانیان سەلاحەددین کراوەتە وەزیر، زۆر دڵگران بوون، بۆیە هەڵمەتیان بردە سەر (دمیاط و غزة) و گەمارۆیان دان، بەلام سەلاحەددین توانی تێکیان بشکێنێت، و بەوەشەوە نەوەستا ڕۆیشت تاکو بەندەری (عقبە)شی ڕزگارکرد کە دەکەوێتە سەر دەریای سوور لە دەروازەی مصر[14].

بەمە ڕێگای حاجییەکانی مصر کرایەوە و هاوکات بەبێ ترس دەیان توانی هاتووچۆ بکەن، دوای ئەوەی (مکوس)[15]ی لەسەر هەڵگرتن و بازرگانی مصری ئازاد کرد و بەهیچ شێوەیەك باج و گومرگ لە هەندێ لەو کالاو شت و مەکانە وەرنەدەگیرا[16]، لەچوارچێوەی ئامانجە دەروونییە بەهێز کراوەکەییدا ئەم شێوازە دەروونییە لای خەلیفەو مصریەکان خۆشەویستی کرد، وای لە خەڵکی مصر کرد کەدەست لە مەزهەبی شیعە هەڵبگرن و بچنە ژێر ئالای دەوڵەتی ئەیوبی بەسەرکردایەتی سەلاحەددین، و ببنە سەربازی خەبات کار بۆ بەرهەڵستیکردنی خاچ دروشمەکان و زاڵبوون بەسەر هەموو ئاژاواچیەکاندا[17].

زەکات". (رحلە ابن جبیر، ل١٣٠)، رەسمی مکوسی سەر حاجیەکان بەردەوام بوو تاکو لە سەردەمی سولتان سەلاحەددینی ئەیوبیدا لابرا، لە ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز) سوڵتان سەلاحەددین زۆربەی مکوسە نا شەرعیەکانی سەردەمی فاتمیەکانی لە مصر و قاهیرەدا لابرد. (رحلە ابن جبیر، ل٣٠" أبو شامة: الروضتین، ج١/ ل٣٢٠" النویري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٥٩" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل١٣" بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە اسماعیل: بازرگانی میسر لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا).

١٤ أبن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٠٧" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل١٤.

١٥ مکوس: باجێکی سەرانەیە لە حاجیەکان وەردەگیرا کە بڕی (٧,٥) حەوت دیناروو نیوی مصری بوو. (ابن جبیر: س.پ، ل٣٠-٣١).

١٦ أبو شامة: الروضتین، ج١/ ل٢٠٥" النویري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٦٦" الصفدي: س.پ، ج٢٩/ ل٦١.

١٧ أبن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٠٢" أبن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٧٢" نوري: سیاسة صلاح الدین، ل١٠٨-١٠٩.

بۆ نمونه سوڵتان سەلاحەددین بۆجێبەجێ کردنی ئامانجە دەروونییە بەهێز کراوەکەی خۆی، دەستی بە ئاوەدان کردنەوەی مصرو کردنەوەی نەخۆشخانەو دروستکردنی شورا کردو گەلێ خزمەتگوزاری تری ئەنجامدا. هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی سوننی و گرنگیدان بە فقهی شافعی چوار خوێندنگای بەناوی (الناصریه[18] والمالکیه[19] و السیوفیه[20] و الصلاحیه[21])وە کردەوە، هەروەها (بیمارستان)ەکانی[22] چاککردەوە[23]. بەم شێوەیە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە دەستی کرد بە ڕێگە خۆش کردن، بۆ لابردنی فەرمانڕەوایی فاتمیەکان و مصر بچێتە ژێر ئاڵای دەوڵەتی ئەیوبی و ڕزگارکردنی لە هەموو مەترسیەك، کە لەلایەن خاچ دروشمەکانەوە ڕووی تێبکردایە[24].

سەلاحەددین لە شاری دیمەشق شێوازێکی نوێ لە شێوازە بەهێز کراوە دەروونییەکانی گرتە بەر، هەوڵێئەدا لەچوارچێوەی ئامانجە دەروونییەکانی لایەنگری گەل بۆخۆی مسۆگەر بکات، یەکسەر فەرمانی خەرج کردن و دابەش کردنی پارەی بەسەر گەلدا دەرکرد[25]، و داوای لادانی باج و هەڵوەشاندنەوەی ئەو لایەنە دزێوو خراپانەی کرد لەپاش مردنی (نورالدین

---

١٨ النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٦٣.

١٩ المالكية: پێی دەوترا (القمحية)، المقريزي: الخطط،ج٤/ ل١٩٣-١٩٤.

٢٠ المقريزي: الخطط،ج٤/ ل١٩٦.

٢١ السيوطي:حسن المحاضرة في اخبار مصر و القاهرة، ج٢/ ل١٤٢.

٢٢ بیمارستان: وشەیەکی فارسیە لە دوو برگە پێك هاتووە، (بیمار)بە واتای نەخۆش، و (ستان) بە واتای شوێن یان جێگا، واتا شوێنی نەخۆش،(المقريزي: الخطط،ج٤/ ل١٩٤" أبن منظور: لسان العرب، ج٦/ ل٢١٧" الشيال: تاريخ مصر الاسلامية، ج٢/ ل٥٢" عيسى بك: تاريخ البيمارستان في الاسلام، ل٤).

٢٣ النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٦٣.

٢٤ النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٦٤" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٧٢.

٢٥ أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٩-٢٠" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٢٢" العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ل١١٢.

محمــود) هــاتبووه كايــەوه، كاربەدەســتان‌و لايەنــه بەرپرسەكانيــشى لــه جێبـەجێ كردنـى بڕيـاره نوێيـەكانى ئاگـادار كـردەوە[26]، وەك هەوڵـدانێك بـۆ ئـەوەى ڕێــزى خــەڵكى ديمەشــق مــسۆگەر بكــات و لــەڕووى دەروونــى و مەعنەوييــەوه كاريگــەريان لێبكــات و كــار بــۆ حــوكمى نــوێ بكــەن كــه سەلاحەددين دەيبات بەڕێوه[27]، لەبەر ئەوەى خۆى كەسێكى خودا پەرست بوو، هەروەها بۆ ئەوەى ڕەزامەنديان مسۆگەر بكات، هەوڵى ڕازيكردنـى زانـا ئايينيـەكانى دا، لەبـەر ئـەوەى زانـا ئايينيـەكان شـوێنێكى گـەورەيان لـە دڵـى خەڵكيدا هەبوو ئەم كـارەى كاريگـەرييێكى گـەورەى لەسـەر دەروونـى خـەڵكى بەجێهێـشت[28]، سـەلاحەددين سـەردانى مـاڵى داوەرى داوەران (كمـال الـدين الشهرزورى)ى[29] كـرد، چووه ژوورەوەو سڵاوى خۆى لـه خـاوەن مـاڵ كـرد، هەرچـــەندە خـــراپ لەيـــەكتر گەيـــشتنێك لەنێوانياندا هـــەبوو، كەچـــى سەلاحەددين ئەمەى پشت گوێى خست، ئەمـەش بـۆ شهرزورى بەتايبەتى بـۆ ديمەشقيەكان بەگشتى مانـاى ئەوپـەڕى نيـەت پـاكى و ڕەوشـت جـوانى هەبوو[30].

---

٢٦ أبـن شـداد: س.پ، ل٥٧" النـويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٧٥" المقريـزي: الـسلوك، ج١/ ل١٦٨" ا.ر.جـب: س.پ، ل١٢٥.

٢٧ الرهاوي مجهول: س.پ، ل٢٠٧.

٢٨ أبـن شـداد: س.پ، ل١٤-١٥" أبـو شـامة: الروضـتين، ج١/ ل٢٣٦" ايليـسيف: س.پ، ل٤٤٨" زكـار: س.پ، ل٩٣.

٢٩ كمال الدين الشهرزوري: ناوى (محمد بن عبدالله بن قاسم)ە، لە ساڵى (٤٩٢ك/١٠٩٨ز) لەدايك بووه، لەسەردەمى (نور الدين محمود)دا داوەرى داوەران (قاضـي القضاة)بووه، واتـا لـەو كاتـەى سـەلاحەددين بەرپرسى پۆليسى ديمەشق بوو، زۆرجار كێشە دروست دەبوو لەنێوانيان لەكاتى بەڕێوه بردنـى كاروبـارى ديمەشق، تاكو ساڵى (٥٧٠ك/١١٧٤ز) لە ديمەشق مايەوه، پێش مردنـى سـاڵى (٥٧٢ك/١١٧٦ز) داواى لـه سەلاحەددين كرد كە (ضياء الدين)ى براى لە شوێنى دامەزرێنێت، سوڵتان وەڵامـى داواكارييەكـەى دايـەوه، ئەمەش بەڵگەيـە لـە چاكى پەيوەندى نێوان هـەردوولا. (أبن الجوزي: المنتظم، ج١٠/ ل٢٦٨" أبن واصـل: س.پ، ج٢/ ل٢٠" التكريتي: الايوبيون في شمال الشام والجزيرة، ل٧٧.

٣٠ أبن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٢٥٥" أبن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٧٣.

داوەری داوەران جوانترین پێشوازی لێکرد و پابەند بوونی خۆی بۆ ڕایگەیاند لە نێو کۆبوونەوەی ئامادە بوواندا ڕاگەیاندو وتی: "دڵنیابە بڕیار بڕیارتە، وڵات وولاتی خۆتە"[٣١]، ئەم وشانە ڕاگەیاندنێکی گشتی بوو بۆ دیمەشقییەکان بە پابەند بوونێکی ڕەها بۆ سوڵتان سەلاحەددین، ئەمەش ئەنجامی ئەو شێوازە بەهێز کراوە بوو کە بەرامبەر خەڵك و زاناکانی شام بەمەبەستی ڕاکێشان و یەکخستنی هێزەکانیان لەژێر ئالای خۆیدا بەکاری هێنا بۆ تێکۆشانی درێژخایەنی خۆی دژ بەخاچ دروشمەکان. هەر کاتێك سەلاحەددین دەچووە ناو قەڵایەك یان شارێك لەو قەڵاو شارانەی کەسەر بەیەکێك لەو میرە موسڵمانانەی لە سەنگەری دژ بە ئەودا بوون، ئەوە لێبوردنی گشتی بۆ خەڵکی ئەو شوێنانە ڕادەگەیاند، نموونەش لەسەر ئەو شارانەی لێبوردنیان بۆ دەرکراوە، شاری دیمەشق لە ساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)دا ئەو کارەی سەلاحەددین ڕێگەی بۆ ڕاکێشانی سەرنج و ڕێزی خەڵك خۆشکرد، لەهەمان کات بووە هاندەرێك بۆ خەڵکی ناو قەلاکەیان تا خۆ بەدەستەوە بدەن، لەبەر ئەوەی پێشتر لە پەیڕەو کردنی ئەو سیاسەتە دڵنیا بوون. بۆ نموونە خاوەنی هەردوو قەڵای (حصن كيف)[٣٢] و (الرها) ساڵی(٥٧٨ك/١١٨٢ز) بەم شێوەیە ملیان بۆ سەلاحەددین کەچکرد[٣٣].

سەلاحەددین بەزۆری ئەم جۆرە جەنگە دەروونییەی بەکاردەهێنا، بۆ نمونە هەر قەڵایەك یان شارێکی دەخستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە جگە لەیەك مەرج

٣١ ابن العماد: س.پ، ج٤/ ل٢٤٣" سعداوي: التاريخ الحربي، ل٥٩.

٣٢ حصن كيف: شارۆچکەو قەڵاییەکی مەزنە، دەڕوانێتە سەر ڕووباری دیجلەلە نێوان ئامەد و جەزیرەی (ابن عمر) لە دیار بەکر. (یاقوت: س.پ، مج٢/ل١٥٣).

٣٣ أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ل٣٢، ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٣٦" المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٦٧-١٦٨

هیچ مەرجێکی تری بەسەر خەڵکەکەیدا نەدەسەپاند، ئەو مەرجەش ئەو
بوو لەکاتی گرفت‌و ئاڵۆزیەکاندا، و دەبوایە سەربازەکانی شارەک
پشتگیری‌و هاوکاری سوپای سوڵتان بکەن، و لەهەمان کاتدا شارەکەشی ب
هەموو ئەو سەروەت‌و سامانەوە کە تیایەتی بۆ خەڵکەکەی بەجێ دەهێشت
نمونەش لەسەر ئەم کارانەی سەلاحەددین زۆرە، وەکو شاری (حلب) کە ل
ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز)دا خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و هیچ مەرجێکم
بەسەر ئەتابکی ئەو شارەدا کە (عماد الدین زنکی) [٣٤] بوو نەسەپاند [٣٥]، جگ
لە ناردنی ئەو سەربازانەی کە لەخزمەتی داگیرکەراندا بوون ب
(خۆپیشاندان‌و ئامادەبوون بەرامبەر داگیرکەر) [٣٦]، بێگومان ئەو شێواز
دەروونییە زۆر لە شارە موسڵمانەکانی ناچار کرد ملکەچی سەلاحەددی
بن‌و پەنا نەبەنە بەر جەنگ، لێبوردن بۆ هەرکەسێك بوو کە بەبێ شەڕ خۆ
بەدەستەوە بدایە، بەمەرجێك کە لەکاتی بوونی هەڕەشەی دەرەکید
سەربازەکان یەك بن‌و بەباشی هاوکاری بکەن وەك چۆن لە قەلاَی (حصر
کیف)دا ئەمە ڕوویدا. [٣٧]

پاش ئەو سەرکەوتنە مەزنەی سەلاحەددین لە شەڕی (حطین)دا بەدەستم
هێنا، هێزەکانی بەرەو پێش چوون بۆ بەندەری (عکا)، خەڵکەکە بەبێ شە
لە (جمادی یەکەمی ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) خۆیان دایە دەس

---

٣٤ عماد الدین زنکی: ناوی (عماد الدین زنکی بن قطب الدین مودود بن عماد الدین زنکي) ناسراو بەخاوەنی شەنگار، لەپاش کۆچی دوایی (الملك الصالح اسماعیل) بوو بە والی (حلب)، سوڵتا سەلاحەددین لە ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز) گەمارۆی شاری (حلب)ی دا، پاش ماوەیەك عماد الدین زنک ناچار بوو شاری (حلب)ی دا بەدەستی سوڵتان سەلاحەددین بەرامبەر (شەنگار، نصیبین، خابور، الرق سروج). (ابن خلکان: س.پ، ج٢/ ل٣٣٠-٣٣١" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل١٤٤).

٣٥ ابن العدیم: زبدة الحلب، ج٣/ ل٧٠" ابن شاهنشاه: مضمار الحقائق ل١٤٤-١٤٧.

٣٦ أبو شامة: الروضتین، ج٢/ ل٤٣.

٣٧ ه.س، ج٢/ ل٤٢.

سەلاحەددین، خاچ دروشمەکان بەرەو شاری (صور) هەڵهاتن، پاشان سەلاحەددین توانی دەست بەسەر قەڵاو شارەکانی (تبنین[٣٨]، صیدا، جبیل، بیروت) ی دەوری (عکا)شدا بگرێت، [٣٩] بەم جۆرە خاچ دروشمەکان لەو شێوازە جەنگە درەوونیەی کە سەلاحەددین بۆ دەست بەسەراگرتنی شارو قەلاکان پەیرەوی دەکرد، دەترسان.... یەکەم جار رووی دەکردە ئەو شارانەی دەکەوتنە کەنارەوە بۆ ئەوەی رێگە لە گەیشتنی هەر یارمەتیەك بگرێت وەکو لەهێرشی (بیت المقدس)دا روویدا[٤٠]، هاوکات رێگەشی بۆ گرتنی خۆش بکات، پاش ئەمە بەکەناردا بەرەو شاری عسقلان پێشرەوی کرد و دوای (١٤) چواردە رۆژ گەمارۆدان دەستی بەسەردا گرت[٤١]، بە گرتنی شاری (عسقلان) سەلاحەددین گەمارۆی خستە سەر شاری قودس و کۆسپی خستە نێوان خاچ دروشمەکان و ئەو یارمەتیانەی کە لەکەناری دەریاوە بۆیان دەهات.

پاش خۆبەدەستەوەدانی (الرملة، الداروم، غزة، مشهد ابراهیم الخلیل، یبنی[٤٢]، بیت لحم، بیت جبریل[٤٣]، النطرون) رووی کردە قودس[٤٤]، بێگومان سوڵتان سەلاحەددین لەچوارچێوەی ئامانجە دەروونیە بەهێز کراوەکەیدا، نیازی وابوو بە خراپە بەرەنگاری قودس نەبێتەوە و ئازاری پێنەگات، بۆیە

---

٣٨ تبنین: شارۆچکەیەکە لە چیاکانی (بنی عامر) دەڕوانێتە سەر شاری بانیاس لە نێوان دیمەشق و صور.(یاقوت:س.پ،مج١/ل٤٣١)

٣٩ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٢٨-٣٣٠" النویري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠١.

٤٠ غنیم: س.پ، ل٣٨.

٤١ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٣٢" ابن شداد: س.پ، ل٩١" عاشور: الحرکة الصلیبیة، ج٢/ ل٨١٩.

٤٢ یبنی: شارۆچکەیەکە لە نزیك (الرملة). (یاقوت: س.پ، مج٤/ ل٤٩٥).

٤٣ بیت جبریل: شارۆچکەیەکە لە نێوان (غەزەو بیت المقدس) هەروەها پێی دەوترێت بیت جبرین. (یاقوت: س.پ، مج١/ ل٤٠٨).

٤٤ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٣٢" النویري: س.پ. ج٢٨/ ل٤٠٢.

بۆ چوونە ناو شاری قودس ڕێگەی ڕێکەوتن نەك هێزی هەڵبژارد تاکو کاولکاری ڕوونەدات[٤٥]، و ئەتکی شوێنە پیرۆزەکان نەکرێت، بۆ ئەوەی لەدوای دەست بەسەرا گرتنی قودس دانیشتوانی شارەکە لەجێ بەجێ کردنی پڕۆژەکانی هاوکارو یارمەتیدەری بن نەك دژی بن[٤٦].

بەڵام خاچ دروشمەکان گوێیان نەدایە، و خۆیان ئامادەی شەڕی مان و نەمان کرد، بەبێ ئەوەی تەماشای دوا ڕۆژ بکەن[٤٧]، شارەکە (٦٠) شەست هەزار سەربازی خاچی تێدا بوو، لێ بڕان کە تا کۆتایی تنۆکی خوێنیان شەڕ بکەن و بەرگری بکەن[٤٨].

سوڵتان سەلاحەددینیش، بڕیاریدا بەهەر نرخێك بێت ئەم کارە گرنگە تەواو بکات و ئالای ئەیوبی لەسەر شاری قودس بەرزبکاتەوە[٤٩]، بۆ ماوەی (٥) پێنج ڕۆژ تیپی سەرانسۆ کردنی نارد، بۆ ئەوەی شوێنە لاوازەکانی هێزی دوژمن دەست نیشان بکەن[٥٠]، سەلاحەددین توانی یەکێك لەو ڕێسایانە جێبەجێ بکات کە ئەمڕۆ لە جەنگی نوێدا جێبەجێ دەکرێت، بۆیە لەهەر چوار لاوە ئابلۆقەی داو مەنجەنیقی ئاگر پرژێنی لێ خستە کارو تەنگی پێ هەڵچنین... وای لێکردن ئاوات بەمەرگی خۆیان بخوازن[٥١].

هەروەها ڕازی کردنی خاچ دروشمە شکست خواردوەکان بەوەی ئەم

---

٤٥ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٣"رفعت: س.پ، ل١٦٨.

٤٦ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٥.

٤٧ دشسنر: احفاد صلاح الدين الايوبي، ل٨٢"غنيم: س.پ، ل٤٠.

٤٨ أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢١٢-٢١٤.

٤٩ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل ٣٣٣" أبن شداد: س.پ، ل٩١" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢١١-٢١٧" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٥.

٥٠ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٣" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢١٢" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٣" ابن العبري: س.پ،ل٣٨٤.

٥١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل١٢٥" أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٣" أبن شداد: س.پ، ل٩٢.

شکسته شکستێکی یەکجارەکیە، ئەویش لە ڕێگای ترس و تۆقاندن یان بەزۆر ڕازیکردن، و بەرژەوەندیان لەوەدایە دان بەم دۆڕاندنە بنێن و هەماهەنگی لایەنی سەرکەوتووبن[52].

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم جۆرە جەنگە، دروست کردنی گیانی خۆ بەکەم زانینە لەلای دوژمن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بەرەنگار بوونەوەیان[53]. بەم شێوەیە مەدەنیەکان لە دوای داگیرکردنی شارەکەیان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم هەنگاوە، بە شێوەیەك وایان لێدێت کە ناتوانن هیچ کارێکی تێکدەرانە ئەنجام بدەن یان ببنە کۆسپ لە پێش داگیرکردنیان[54].

دەرگاکانی شار لە ڕووی سوپای ئەیوبیدا کرانەوە و سوپاکە بە شادیو سەربەرزیەوە چووە ناو شار و لەپێش هەموو شتێکدا چوون ئەو خاچە ئاڵتونیە زەبەلاحەیان ووردوخاش کرد کە لەسەر گومەزە بەردینەکە (قبة الصخرة) قۆچیان کردبوونەوە، و ئاڵای ئەیوبیان لەسەر شارەکە بەرز کردەوە[55]، بەم شێوەیە سوڵتان سەلاحەددین توانی ئامانجی گەورەی خۆیو موسڵمانان بەدیبهێنێت، ئەویش (کارکردن بوو بۆ ڕزگار کردنی قودس) کە پێشتر باسمان لێوە کرد، بەڕێگای جەنگی دەروونی ستراتیژیو تاکتیکی بوو، سوڵتان لەئەنجامی ئەو کار و هەوڵانەوە سەرکەوتنەکەی کردە واقیعێکی سەپێندراو بەهۆی جەنگی دەروونی بەهێزکراو توانی بۆ

---

٥٢ السيد: س.پ، ل٦٧.

٥٣ السلسلة المرقمة ٢٩: الحرب النفسية، ل٩.

٥٤ عبدالله: س.پ، ل١٩.

٥٥ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٦" ابن شداد: س.پ، ل٩٢-٩٣" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٥" زكار: س.پ. ل١٤٩-١٥٠

ناوجەرگەی دانیشتوانی شاری قودس ئاڕاستەی بکات و توانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە ئەنجام بدات.

دوای ڕزگارکردنی قودس، سەلاحەددین سەربازەکانی لەگەڕەك و شوێنە جیا جیاکانی ناوشار بڵاوکردەوە بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و ڕێگرتن لەدزی و ئاژاوە گێڕی[٥٦]، بەم شێوەیە ورەی موسڵمانەکان بەرز ببووەوە و بەڵام خاچ دروشمەکان کەوتنە کارتێکردنی هەرەس و شۆکەوە (الصدمە)، بەجۆرێك نەیانتوانی کردارێکی ئاژاوە گێڕی یان تەگەرەیەك بۆ پڕۆسەی داگیرکردنەوە یان ڕزگارکردنەوەی شارەکە لەلایەن سەلاحەددین دروست بکەن[٥٧]، سوڵتان سەلاحەددین پاش ئەوە فەرمان و ئامۆژگاری بۆ ڕێکخستنی پڕۆسەی کۆکردنەوەی (فدیە– ڕزگارانە) لە خاچ دروشمەکان دەرکرد[٥٨]، پیاوەتی و لێبوردن و بەزەیی و میهرەبانیەکی زۆری بەرامبەر خاچ دروشمەکان پیشاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی پێویست لە هاوکاری خەڵکی لەگەڵ ئەیوبیەکاندا[٥٩].

سوڵتان سەلاحەدین دوای ئەوەی سوپای دۆڕاوی لەناودا بە زوویی فەرمانی دەرکرد بۆ پێکهێنانی تیپێك بۆ بنیادنانەوەو ئاوەدان کردنەوە وەك بەشدارییەك لە کەرتی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوان و بانگەشە کردن بۆ چەند کارێك لە داهاتوودا بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی و بنیادنانەوەی بۆ دۆخی جاران، پاش ئەوەی فەرمانی دەرکرد بۆ پاککردنەوەی بەردەکەی (بیت المقدس)، (قورئانەکانی) گواستەوە بۆ ئەوێ و خوێنەری بۆ

٥٦ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٥" عبدالقادر: القدس، ل٥٨.

٥٧ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٣٧.

٥٨ النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٤" المقريزي: السلوك، ج١/ ل٢١٠" ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل٣٤" العليمي: س.پ، ج١٠/ ل٣٢٩.

٥٩ گروسيه: س.پ، ل٧٥.

ڕێکخستن[٦٠]. لەوێوە لەناو شاری قودسەوە سوڵتان سەلاحەددین توانی جەنگێکی دەروونی ئاڕاستە بکات کاتێك فەرمانی دەرکرد کە دەرگاکانی کڵێسەی (القیامە)[٦١] دابخات، ڕێگەی لە خاچ دروشمەکان گرت کە وەك مەنزەڵگایەك سەردانی بکەن[٦٢]، مەبەستیش ئەوە بوو ڕازی بن چی بەڕازی بوون بێت یان ترساندن کە شکستەکەیان شکستێکی یەکجارییەو لە پاشیشدا هەست بەکەمی بکەن وورەیان بڕوخێتو ڕووبەڕوو بوونەوەیان بۆ سەلاحەددین لاواز بێت.

پاش ئەوە سوڵتان فەرمانی دەرکرد کە هەندێ دەزگای وەك (بیمارستانو خانەقا[٦٣]) دامەزرێنن، هەروەها خوێندنگەی (الصلاحیە)ی بۆ خوێندنی فیقهی شافعی لە کڵێسەی (القیامە)، و شورای شاری سەر لەنوێ چاککردەوەو هەندێ بورجو سەنگەری بۆ زیاد کرد، و گۆڕستانی دەرگای (الساهرە)ی کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی (بیت المقدس)و گومەزی (یوسف) کە دەکەوێتە باشووری (فناء الصخرة-حەوشە بەردینەکە)و مزگەوتی شاخی توور (الطور)[٦٤]ی چاککرد.[٦٥]

---

٦٠ أبن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٣٦" النویري: س.پ، ج٢٨/ ل٤٠٥.

٦١ قیامە یان قمامە: مەزنترین کڵێسەی خاچ دروشمەکان بوو لە (بیت المقدس)، دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکە، گۆڕستانێکی لێیە پێی دەڵێن (القیامە)، چونکە پێیان وایە کە (مەسیح) قیامەتی لەوێ هەستاوە، بەلام ڕاستی ناوەکە قیامە نییە بەڵکو قمامەیە، چونکە زبڵخانەی دانیشتوانی شارەکە بوو، هەروەها لەسەر شورای شارەکە دەستی خراپە کارانیان دەبڕی و دزەکانیان تێدا لەخاچ دەدا، بەلام کاتێك مەسیح لەخاچ درا (واتا ئەو کەسەی کە شێوەی لە مەسیح دەچوو) لەوکاتەوە ئەو شوێنە پیرۆز بوو لایان). (ناصر خسرو: س.پ، ل٧٤-٧٥"یاقوت: س.پ، مج٤/ ل٤٤).

٦٢ العماد الکاتب: الفتح القسي، ل١٤٥" المقریزي: السلوك، ج١/ ل٢١١.

٦٣ خانەقا: وشەیەکی فارسییە لە بنچینەدا وتراوە (خونکاه) واتا ئە و شوێنەی پادشا نانی تیائەخوات، وە گۆشەی دەروێشەکان بووە. (المقریزی: الخطط، ج٤/ل٢٧١).

٦٤ طور: دێیەکە لە باشووری خۆرئاوای قودس، و ناوی چیایەکە لە (سیناء). (العماد الکاتب: الفتح القسي، ل٥٤).

٦٥ أبن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٠٧" ابن شداد : س.پ، ل١٢٩" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٢١٧

بـەم جـۆرە دەبيـنين سـەلاحەددين پـاش ڕزگـاركردنى شـارى قـودس كاروبارى ئەو شارەى ڕێكخست و لەچوارچێوەى ئامانجە دەرونيەكانيدا هەندێ دامو دەزگاى گرنگى تيا دامەزراند، دڵنيابوون و ئەمان و پاكى بۆ گێڕايەوە و حاڵەتى عەقڵى لا خولڤاندن كە ناتوانن هيچ كارێكى تێكدان يان ڕێگرييەك بۆ كارەكانى سەلاحەددين لەشارى قودسدا ئەنجام بدەن[٦٦].

٦٦ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٣٧" حسن: س.پ، ج٤/ ل١٠٧" العسلي: صلاح الدين الايوبي، ل١٧٠.

باسی دووەم: جەنگی دەروونی بەرگری

Defensive

دەبێ جەنگی دەروونی بەرگری لەسەر شێوازێکی هونەری بنیاد بنرێت، و مەبەستەی سەرکەوتوو بێت لەبەرەنگار بوونەوەی دوژمن و هەوڵدان بۆ ستنەوەی دووبەرەکی لەنێو ڕیزەکانی دوژمن و بڵاوکردنەوەی گیانی ڕاندن و شکستو ڕووخاندنی ورە[٦٧]، ئەم جەنگە هەموو هەوڵەکانی ڕاستەی دوژمنەکانی دەکات بەمەبەستی ڕووخاندنی ورەیان، ئەویش باتر ئاڕاستەی بیری سەربازەکان دەکرێ بۆ خۆبەدەستەوە دانیانو هڵنەستانیان بەهیچ چالاکییەك بۆ ئەو بەرەیەی بۆی دەجەنگن، سەرەڕای مانەش هەوڵدان بۆ بەگژا چونی دوژمن لەنێوان خۆیان و هەوڵ دان بۆ ووخاندنی ورەو دامرکاندنی هیممەتی سەربازو سەرکردەکانیان[٦٨].

دوای ئەوەی سەلاحەددین وەزارەتی مصری گرتە دەست، خاچ روشمەکان زۆریان بەلاوە ناخۆش بوو، چونکە ئەترسان لەهەموو لایەکەوە وسڵمانەکان ڕوو بکەنە ئەو، و هەوڵی ڕزگارکردنی قودسو ناوچەکانی تر دەن، بۆیە چاویان بڕیبووە هەموو جوڵانەوەیەکی بۆ ئەوەی لەهەلێکدا هلاماری بدەنو لەناوی بەرن.[٦٩]

بۆ ئەوەی جەنگی دەروونی بەرگری کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێت، ێویستە لایەنی بەکارهێنەری ئەو کارانەی کە بۆ ڕووخاندنی ورەی ەرامبەر ئەنجامیان دەدات کاریگەرو جەرگبڕ بن.

---

٦ الرضا: س.پ، ل٢٠٥.

٦ نصر: س.پ، ج١/ ل٢٤٥.

٦ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل.٧٠٥-٧١٠.

بۆ نمونه له ساڵی (٥٦٩ك/١١٧٧ز) خاچ دروشمەکانی (صقلیه) پەلاماری ئەسکەندەرییەیان دا هەرچەندە پادشای (صقلیه) ئاگادار نەبوو لە مصر چی ڕوویداوە کەچی پیلانەکەیان ئاشکرا بوو[٧٠]، بۆیە کەشتی گەلیەکەی خۆی ئامادە کرد کەپێکهاتبوو لە (٢٠٠) دوو سەد (شینی) و (٣٦) سی و شەش (طریدە)[٧١] و (٦) شەش کەشتی گەورەش ئامرازی شەڕیان هەڵگرتبوو، بەهەزاران سەربازی پیادەو سوار لە خاچ دروشمەکان بەسەرکردایەتی ئامۆزای (الکسیوس کونتنغانوس) پادشای (صقلیه) گەیشتنە ئەسکەندەرییە[٧٢].

لێرەوە شێوازی دانایی سەڵاحەددین لەبەرگریکردن لە شاری ئەسکەندەرییەدا لەچوارچێوەی ئامانجی دەروونی بەرگری و هەوڵدان بۆ بەرگری کردن لە شوێنە ئیسلامیەکانی ناوچەکە کە نزیکن لە ئەسکەندەریەوە دەردەکەوێت، لەکاتێك سەڵاحەددین و سەربازانی لە (فاقوس) دابەزیبوون، دوای (٣) سێ ڕۆژ لە گەمارۆدانی ئەسکەندەریە لە لایەن خاچ دروشمەکانەوە هەواڵەکەی پێگەیشت. سوڵتان مەملوکێکی[٧٣] بۆ لای بەرگریکەران و دانیشتوانی شاری ئەسکەندەرییە نارد، تاکو لە هاتنی سەڵاحەددین بۆ یارییدەدانیان ئاگاداریان بکاتەوە، دانیشتووان و

---

٧٠ شاکر: س.پ، ج٦/ ل٣٢١" العسلي: صلاح الدين الايوبي، ل١١٤-١١٥" غنيم: س.پ، ل٢٤" بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەو پیلانە بڕوانە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە.

٧١ طریدة: کەشتیەکی قەبارە گەورەی بار هەڵگربوو، تایبەت بوو بە هەڵگرتنی ئەسپ، کە توانای هەڵگرتنی (٤٠)ئەسپی هەبوو.(ابن مماتي: س.پ، ل٣٣٩" حسين: س.پ، ل٣٤١)

٧٢ الصوري: س.پ، ج٤/ ل١١٧" أبن شداد: س.پ، ل٥٥-٥٦" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٩٢" ابن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ل٢٨٨، " رنسيمان: س.پ، ج٢/ ل٦٥٠.

٧٣ مەملوك –مەمالیك: بریتی بوون لەو تورك و چەرکەس و ئەو کۆیلانەی کە ئەیوبیەکان لەشەڕو کاری سەربازیدا بەکاریان دەهێنا، دواتر هەندێك لەسەرکردەکانیان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست و لە مصردا دوو بنەماڵەی مەمالیك (بحری و بورجی)یان دامەزراند. (العبادي: قيام دولة المماليك الاولى في مصر و الشام، ل٨٥-٨٨)

ەرگریکــەران ئازایانــە بــەرگریان لەشــارو وڵات کــرد[٧٤]، ســەلاحەددین ڕاستەوخۆ بەلەشکرەکەیەوە ڕۆیشتە سەریان و لەڕۆژی چوارەمدا تاوەکو ەسر شەڕ بەردەوام بوو، بێگومان بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی سوڵتان ســەلاحەددین و فەرماندەکان بۆ ئەسکەندەرییە کاریگەریەکی گــەورەی ەروونــی لەســەر بــەرگریان هــەبوو ودانیــشتوانی شــاری ئەسکەندەریە ـەخۆڕاگرتن و بەرگری کردنـدا[٧٥]، ئەمـە لەلایـەك لەلایـەکی تریشەوە کاتێك خاچ دروشمـەکان هـەواڵی پێشڕەوی سـەلاحەددینیان بیـست بـووە هـۆی ڕووخانــدنی ورەیــان و شکــستهێنانی هێرشــەکەیان[٧٦]، بەمــەش شــێوازی ەروونی سەلاحەددین سەرکەوتوو بوو، چونکە بەرگریکەرانی دانیشتوانی شاری ئەسکەندەرییە بەشێوەیەك ورەیان بەرز ببوەوە،

هـەموو مانـدوێتی و ئازارێکیـان لـەیاد کـرد، هۆکـارە دەروونیـەکان زۆر کاریگــەر بــوون، بەشــێوەیەك هەریــەکێك لەبەرگریکــەران وای دەزانــی سەلاحەددین لەگەڵیدایە، وا شەڕی دەکرد وەکو بڵێی سەلاحەددین چاوی لێیــەتی[٧٧]، هاوکـات یـەکێك لەبەرگریکـەران بـەنهێنی لـەدەرگای شـار چووە دەرەوە و هێرشی کردە سەر ئامێرەکانی گەمارۆدانی دوژمن[٧٨]، پێش دوایی هاتنی ئەو شـەوە، سوپای سـەلاحەددین دووبـارە بۆ شـەڕکردن دەرچوون و ترسیـان بـردە دڵ و دەروونیـان، بەشـێوەیەك ئەوانی خـستە نـاو ئاگرێکی سووتێنەرو هەندێ لە کەشتیەکانیشی نوقمی ژێر ئاوو کردن و ژمارەیەکی

---

٧٤ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٤٩" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٩٢.

٧٥ ابـن شـداد: س.پ، ل٥٦" ابـن خلـدون: تـاريخ ابـن خلـدون، ج٥/ ل٢٨٨" أيليـسيف: س.پ، ل٤٤٧" العسلي: صلاح الدين الايوبى، ل١٩٢" ماهر: تاريخ البحرية في مصر الاسلامية، ل١٠٢.

٧٦ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٥٠" النويري: س.پ، ج٢٨/ ل٣٩٣.

٧٧ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٥٠.

٧٨ ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٣٥" ابـن واصـل: س.پ، ج٢/ ل١٥" العريني: الشرق الادنى في العصور الوسطى، ل٤٨.

زۆریشی لێکوشتن، ئەوانەی دەربازیان بوو ڕایان کرد، هەرچی جبەخانەیەکیان هەبوو هەمووی کەوتنە ژێردەستی موسڵمانەکان و بەخراپترین شێوە تێکوپێکی شکاندن، و هەڵمەتی خاچ دروشمەکانی پەرتەوازە کرد، ئەوەشی مابووەوە بەوورەیەکی ڕووخاوەوە لە ساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)دا بەرەو (صقليه) هەڵهاتن[٧٩].

بەم شێوەیە ئەم هەڵمەتە بە شکستێکی گەورەی خاچ دروشمەکان کۆتایی هات، هاوکات پایەو دەسەلاتی سەلاحەددین لە ئەسکەندەریە بەتایبەتی و لە مصر بەگشتی جێگیر بوو، چونکە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە بوو بۆ هێزەکانی سەلاحەددین بۆ پتەو کردنی شورای کەنارەکانی مصر لە مەترسی هەر هێرشێکی خاچ دروشمەکان لەڕێگای دەریاوە بیکەن.

تێڕوانین و پیلانەکانی سەلاحەددین لە چوارچێوەی جەنگی دەروونی بەرگریدا لەجێگای خۆیدا بوو بە تایبەتی لە پێشبینی کردنی هێرشی خاچ دروشمەکاندا، بۆ نمونە سوڵتان سەلاحەددین ئاگادار بوو لە هاتنی (ریچاردی شێردڵ)، و سوور بوونی لەسەر گەمارۆدانی شاری قودس، بۆیە بڕیاریدا بەرەو قودس بڕوات، تاوەکو پێش وەخت سەنگەرو قایمکاریەکانی پتەو بکات و کاروباری شار ڕێك بخات بۆ بەرگری لێکردنی و پاراستنی لە چوارچێوەی ئامانجی دەروونی بەرگریدا، سەلاحەددین لەکاتی سەرانسۆکردنی هەواڵی خاچ دروشمەکان ئاگادار بوون لەهەموو جموجۆڵێکیان لەدەوروبەری قودسدا پشتی بە تیپی (یزك) دەبەست[٨٠]، هاوکات سوڵتان فەرمانیدا بەهەڵکەندنی سەنگەرێك بەدەوری شاردا،

---

٧٩ الصوري: س.پ، ج٤/ ل١٧٧" العماد الكاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل١٧٣-١٧٤" ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٥٠" ابو شامة: الروضتين، ج١/ ل٢٣٥" ابن واصل: س.پ، ج١/ ل١٦" النويري: س.پ.ج٢٨/ ل٣٩٣" المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٦٥.

٨٠ ابن شداد: س.پ، ل٢٧٨.

هەروەها سوپاکەی بۆ بەرگری شورای قودس بەسەر فەرماندەکانیدا، دابەش کردو کەرەستەی گەمارۆدانی شوێنی بەرگریکردنی پێدان، ئەمەو جگە لەو شێوازانەی پیادەی کرد، دەست بەجێ هەستا بە تێکدانی بیرو کانیاوەکانی دەوروبەری شاری قودس بەشێوەیەك هیچ یەکێك لەو ئاوانەی کە بۆ خواردنەوە بشێت نەمان[81]. هەروەها لەچوارچێوەی شێوازە دەروونییە بەرگرییەکانی کە لەدژی خاچ دروشمەکان پیادەی کرد، هەڵسا بەبەرزکردنەوەی گیانی ورەی سەربازەکانی بەهاندانیان بۆ بەرگریکردن لەشاری قودس لە دژی (ریچاردی شێردڵ)، ئەوە بوو سوڵتان فەرمانیدا بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنە جەنگیەکەی لە شەوی (هەینی ١٩ی جمادی الاخرە ساڵی ٥٨٨ك/١١٩٢ز) بەمەبەستی گوێگرتن لەڕاو بۆچوونیان، هەرچەندە یەکەم ڕۆژ هەموو بەبەرگری کردن لە قودس ڕازی بوون، بەڵام ڕۆژی دواتر زۆربەیان لە هەڵوێستەکەیان پەشیمان بوونەوە، چونکە ترسی (ریچارد) چووبووە دڵ و دەروونیان -بەتایبەتی- لە داوی ڕووداوی (عکا)[82]، کە کاریگەری دەروونی خراپی لەسەر ورەی موسڵمانان بەجێ هێشتبوو، هاوکات (ڕیچارد) لەم ڕووداوانەی نێو سەرکردایەتی سەلاحەددین بێ ئاگا بوو، هەروەها سوڵتان سەلاحەددینیش سەرەتا بێ ئاگا بوو لە ڕووداوەکانی

---

٨١ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٩٠" أبن شداد: س.پ، ل٢٨٣" ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٩٨" أبن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٨٥.

٨٢ ئەوەبوو خاچ دروشمەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ گەمارۆی شاری عکایان دا لە نێوان ساڵانی(٥٨٥-٥٨٧ك/١١٨٩-١١٩١ز) و هێزە موسولمانەکان بە سەرکردایەتی سولتان سەلاحەددین چەند جارێك لە دەرەوەی شاری عکا هەولی رزگارکردنی دانیشتوانیان دا، بەلام هەولەکانیان بێئاکام بوو. بەمەش (المشطوب الهکاری) (فەرماندەی هێزی ئەیوبیەکان بوو لەشاری عکا)، ناچار بوو بکەوێتە گفتو گۆ لەگەل خاچ دروشمەکاندا بۆ خۆبەدەستەوەدانی شارەکە، بەلام ریچارد لەکاتی دەرچوونی بۆ ناو شارەکە فەرمانی کوشتنی دیلە موسولمانەکانی دا کە ژمارەیان نزیکەی (٣٠٠٠) کەس دەبوو، (پێمان وایە ئەم ژمارەیە زێدەڕۆیی تێدایە).(أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٨٦-٣٨٧" أبن شداد: س.پ، ل٢١٦-٢١٧" ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٤١٢).

ناو سەرکردایەتی خاچ دروشمەکان، بەڵام پاشان سیخوڕەکان هەواڵی مژدە بەخشیان دەربارەی تێکچوونی پەیوەندی نێوان خاچ دروشمەکان بۆ هێنا[٨٣]، تا هەڵوێستی دەروونی بۆ وەربگرن[٨٤]، بەم جۆرە قایم کاریەکانی سەلاحەددین و نەخشەکانی بۆ بەرگریکردن لە قودس لە زستانی ئەو ساڵەدا کارێکی باشی کردە سەر خۆڕاگری شارەکە، بەتایبەتیش کاتێك کە سەربازەکانی مصر بە فەرمانداریی میر (ابو الهیجاء السمین)[٨٥] گەیشتنە ئەوێ[٨٦]، جگە لەو شێوازانەی کە سوڵتان سەلاحەددین پیادەی کردن، لە ڕۆژی دووەمدا هەواڵی مژدە بەخشی پێگەیشت کەوا خاچ دروشمەکان لەنێو خۆیاندا تێك چوونەو لەو شوێنەدا نەماون[٨٧]، بەتایبەتی دوای ئەوەی سیخوڕەکانیان لەژەهراویکردنی

بیرو کانیاوەکانی ناوچەکە بەدەستی سەربازانی سەلاحەددین ئاگادار کردبوونەوە، و لایان ئاشکرا بوو کە بەهیچ شێوەیەك سوپای هێرشبەر ئاوی خواردنەوەی دەست ناکەوێت و کارەساتی (حطین) دووبارە دەبێتەوە، چونکە خاکەکەی دەوروبەری قودس بەردینەو زۆر ڕەقە و بەئاسانی بیری تێدا هەڵناکەنرێ[٨٨]، بێگومان ژەهراو یکردنو تێکدانی بیرەکانی ناوچەکە،

٨٣ العماد الكاتب: الفتح القسي، ل٥٩٨" ابن شداد: س.پ، ل٢٨٦" ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل٢٠٠" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٣٩٣" المقريزي: السلوك، ج١/ ل٢٢٣" حسين: س.پ، ل٤٨٦-٤٨٧.

٨٤ ابن الفرات: س.پ، م٤ ج٢/ ل٦٨-٦٩" نوري: سياسة صلاح الدين، ل٣٥٠" حسين: س.پ، ل٤٨٣.

٨٥ ابو الهيجاء السمين: ناوی (حسام الدين)، یەکێکە لە میرە کوردەکانی سەردەمی سوڵتان سەلاحەددین، هاوکات لە فەرماندە بەناوبانگەکانی بوو، والی شاری (نصیبین) بوو فەرماندەی سوپای مصری بوو لەیەکێك لەهەڵمەتەکانی خاچ دروشمەکان، هەروەها فەرماندەی سوپای خەلیفەی عەباسی (الناصر لدين الله) بوو لەکاتی هەڵمەتیان بۆ سەر هەمەدان، لە گەڕانەوەیان لە شاری (داقوقا) کۆچی دوایی کردو هەرلەوێش نێژرا. (ابن تغري بردي: س.پ، ج٦/ ل١٤٥" زكي: مشاهير الكرد وكردستان. ج١/ ل٨٢).

٨٦ ابن شداد: س.پ، ل٢٨٤.

٨٧ ابن شداد: س.پ، ل٢٨٧" ابن كثير: س.پ، ج١٢/ ل٤٥٧-٤٥٨.

٨٨ ابن شداد: س.پ، ل٢٨٧" ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٩٩.

پلانێکی دەروونی بەرگری سەرکەوتوو بوو لەچوارچێوەی شێوازی جەنگە دەروونیەکانی سەلاحەددیندا، کە ئامانجێکی باشی بەدەست هێنا، ئەمە جگە لەوەی کە (ڕیچارد) خۆی هۆکار بوو لە ڕووخانی ورەی خاچ دروشمەکاندا کاتێک داوای کرد وێنەی قودس و وەسفی شارەکەی پێشکەش بکەن، ئەوانیش بۆیان وێنە کێشا، پاش تێبینیکردنی وتی: "تاکو سەلاحەددین زیندوو بێت و موسڵمانان یەکگرتوو بن ئەم شارە ناگیرێت، هاوکات توانای گەمارۆدانی قودسیشمان نییە، چونکە لەشارەکەدا ڕووبەڕووی هێزەکانی سەلاحەددین دەبینەوە"[89].

هاوکات لەگەڵ تێکچوونی پەیوەندی نێوان فەرەنسیەکان و ئینگلیزەکان کە پێشتر باسمان لێوە کرد،[90] کە لەئەنجامدا تووشی دڵە ڕاوکێ و بارێکی دەروونی ترسناک بوون، بۆیە دەکرێ بگوترێت کە جەنگی دەروونی هۆی سەرکەوتنی سەلاحەددین و شکست و کەوتنی خاچ دروشمەکان بوو.

---

٨٩ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٣٩١.

٩٠ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم توێژینە وەیە، لاپەڕە(   ).

باسی سێیەم: جەنگی دەروونی هێرشبەر
Offensive

لەوانەیە جەنگی دەروونی هێرشبەری جیاوازی نەبێت لەگەڵ شەڕی سەربازی لە ڕووی ئامادە کردنی پلانی داڕێژراو، دەشێت جەنگی دەروونی هێرش بکات لەوەیە لەباری بەرگریدا بێت، لەوەیە لەلایەکەوە بکشێتەوە و لەلایەکی تر هێرش بکات. ئەمەش کتو مت وەکو جەنگی سەربازی وایە[91].

لەشێوازە دەروونیە هێرشبەرەکانی سوڵتان سەلاحەددین گەڕانو سەرانسۆ کردن (استطلاع) و کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر دوژمن پێش ڕوودانی شەڕ، سەلاحەددین ئەم بنەمایەی بەکاردەهێنا کە بەگرنگترین بنەمای جەنگ دادەنرێت لای ئەیوبییەکان[92]، چونکە گەڕانو سەرانسۆیو کۆکردنەوەی زانیاری و چاندنی سیخوڕ لەنێو دوژمندا پێویستیەکی گرنگە، کە دەبێ هەموو سەرکردەیەکی سەربازی پیادەی بکات، بۆ ئەوەی شارەزایی خواستی مەبەستەکانی دوژمن بێت و لەو ڕێگەیەوە چەندین زانیاری پێویستی دەست بکەوێ بۆ سەرخستنی پلانی دەروونی هێرش بەر[93]، لە ڕووداوە مێژووییەکان کە زۆر ڕاشکاوانە باس لە ڕۆڵی سیخوڕی دەکات لە ئاڕاستە کردنی جەنگی دەروونی هێرشبەردا و هێنانی زانیاری بۆ سەلاحەددین و ئاگادارکردنەوەی لە نیازو جموجۆڵی خاچ دروشمەکان، ساڵی (٥٧٤ك/١١٧٨ز) کاتێك خاچ دروشمەکان بە فەرماندەیی (هنفری) هێزەکانیان کۆکردەوە[94]، سیخوڕەکان بەخێرایی ئەم زانیاریانەیان گەیاندە

---

٩١ مخيمر: المدخل الى علم النفس الاجتماعي، ل٢٨٢.

٩٢ امين: الاستخبارات الايوبية، ل١٣٩.

٩٣ نوفل: س.پ، ل١١٠.

٩٤ المقريزي: السلوك، ج١/ ل١٧٧- عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل٧٦٠.

سەرکردایەتی ئەیوبی، بەنیازی ئەوەی کە هێرشی کت‌و پڕ لە ولاتی شام بکەنە سەر ئەیوبییەکان[95]، سەلاحەددین بە فەرماندەیی (عزالدین فرخشاه)ی برازای هێزێکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان لەناو ئەو سەربازگەیەی کە تێیدا کۆبوونەتەوە ئامادە کرد، بەمەبەستی ئیفلیجکردنی ورەیان‌و شکست هێنان بە تواناکانیان لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی دەنگۆ لەناو ڕیزەکانیاندا، شەڕێکی بەهێز لەنێوانیاندا بەرپا بوو، سەلاحەددین سەرکەوتنی بەدەستهێنا[96]، جگە لەوە سوودی لە دەستگیر کردنی هەندێ دیلی خاچ دروشمەکان‌و شوان‌و جوتیارانی ناوچەکەو وردەواڵە فرۆشەکان کە بەشوێن‌و سەربازگەی خاچ دروشمەکاندا دەسوڕانەوە وەرگرت،[97] بەم شێوەیە سەلاحەددین شارەزایی سیستەمی سیخوڕی جەنگی بە واتا نوێیەکەی بوو، گرنگی ئەو زانیاریانە کە سیخوڕەکان سەلاحەددینیان لێ ئاگادار دەرکردەوە، لە میانەی ڕووداوەکانی (مرج العیون)[98] ساڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز) دەرکەوت، کە سوپای ئەیوبی بە سەرکردایەتی سەلاحەددین بەسەر سوپای خاچ دروشمەکاندا بە سەرکردایەتی پادشا (بلدوینی چوارەم) سەرکەوتنی بەدەستهێنا[99]، لەکاتێکدا سەلاحەددین لە بنکەی سەربازی خۆیدا بوو لەتەنیشت (تل القاضی)[100] یەوە هەندێك لە شوانەکان هاتنە لای‌و پێیان ڕاگەیاند کە

---

٩٥ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٢٧٥"البنداري: س.پ، ل٣١٧.

٩٦ العماد الکاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل١٤٩" ابو شامة: الروضتین،ج٢/ ل٦" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل١٧٢.

٩٧ العماد الکاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل١٦٢.

٩٨ مرج العیون: شوێنێکە لە کەنارەکانی شام لە باشوری لبنان دا، تاوەکو ئێستا بەناوی (مرجعیون) ماوەتەوە. (یاقوت: س.پ، مج٤/ ل٢٤٤).

٩٩ النویري: س.پ،ج٢٨/ ل٣٩٤" عاشور: الحرکة الصلیبیة، ج٢/ ل٧٦١.

١٠٠ تل القاضي: شوێنێکە دەڕوانێتە سەر ناوچەیەك لە دەوروبەری باکوری (بانیاس) نزیك ڕووباری (دان). (العماد الکاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل١٥٨ پەراوێزی ٢).

تێبینی جموجۆڵی خاچ دروشمەکان دەکەن لە دەوروبەری سەربازگەکەی[١٠١]، سوڵتان لەو هەواڵە سەری سوڕماو پێی وتن: "ئەگەر خاچ دروشمەکان مەبەستێکیان هەبێت، سیخوڕەکان دەهاتن ولە هێزو توانایان ئاگاداریان دەکردینەوە"[١٠٢]. لەهەمان کاتدا سیخوڕێك هات بۆ لای سەلاحەددین لە جموجۆڵی خاچ دروشمەکان ئاگاداری کردەوە، بەمەش سەلاحەددین هێزەکانی کۆکردەوە و بەرەو خاچ دروشمەکان پێشڕەوی کرد و توانی بەسەریاندا سەربکەوێت و زیانێکی زۆری پێ گەیاندن، بەشێوەیەك پادشا (بلدوین) زۆر بە زەحمەت ڕزگاری بوو[١٠٣]. لەکاتێکدا سوپای ئەیوبی سەرقاڵی گەمارۆدانی قەڵای (بيت الاحزان) بوو، ڕاستەوخۆ دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە لەشەڕی (مرج العيون)دا بەدەستی هێنا، هەواڵێك گەیشتە سەرکردایەتی ئەیوبی، ئەویش ئەوە بوو کە خاچ دروشمەکان دووبارە هێزەکانیان ڕێکخستۆتەوە، و بەرێژەیەکی زۆر لە (طبرية) کۆبوونەتەوە، ئامادەن بۆ پێشڕەوی کردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای ئەیوبی و ئامانجی ڕزگارکردنی هاوڕێ گەمارۆدراوەکانی ناوقەڵای ناوبراو، لەوکاتەدا سولتان هانی سەربازەکانیدا بۆ پەلە کردن لە ڕزگارکردنی قەڵاکە[١٠٤].

جەنگی دەروونی هێرشبەر هەوڵدەدات بۆ لە ناوبردنی گیانی بەرەنگاریو ڕووبەڕوو بوونەوە لای دوژمنو هەوڵدان بۆ چاندنی تۆی شکستو تێکشکاندن لە دەروونی بەرامبەردا بەچەندین شێوازی جیاواز

---

١٠١ العماد الكاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل١٦٢" ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٠-١١.

١٠٢ العماد الكاتب: البرق الشامي، ج٣/ ل١٦٢" ابن شاهنشاه: س.پ، ل١٦.

١٠٣ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ل٢٧٧" ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١٠" ابن واصل: س.پ، ج٢/ ل٧٤" ابن راهب: تاريخ ابن راهب، ل٩١" ئەمين: الاستخبارت الايوبية، ل٢٣٠" رنسيمان: س.پ، ج٢/ ل٦٧٨" عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ل٧٦١.

١٠٤ ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل١١.

وەك هەڕەشەو دووبەرەکی[١٠٥]، بۆ نمونە سوڵتان سەلاحەددین توانی قەڵای (شەنگار) ڕزگار بکات، پاش گەیشتنی هەواڵی خاڵە لاوازەکانی بەرگری ناوقەڵاکە لەلایەن هەندێ لە کوردە زرزاریەکانەوە[١٠٦]، کەلەناو قەڵاکەدا بوون، ئەوەیان ئاشکرا کردبوو کە هێزی دوژمن لەناو قەڵاکەدا توانای پاراستنی تەنیا یەك سوچی قەڵاکەشیان نیە و لەگەڵ ئەوەشدا خەوتوون، سەلاحەددین دەست پێشخەر بوو لە ناردنی کۆمەڵێك لە سەربازانی بۆ ئەو شوێنە، توانیان سەربازەکانی دوژمن دیل بکەن و (الباشوره)[١٠٧]یش کۆنترۆڵ بکەن، بەو کارەش (شرف الدین هندو) لاواز بوو، ناچار قەڵاکەی تەسلیم بە سوپای ئەیوبی کرد[١٠٨]. ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز) لەکاتی شەڕی (بیسان)[١٠٩] زانیاری وردو گرنگ گەیشتە سەرکردایەتی ئەیوبی لەبارەی ژمارەی خاچ دروشمەکانەوە لەگەڵ جۆری چەکەکانیان و سەرکردایەتیان، هەروەها سەلاحەدینیان لەوە ئاگادار کردەوە کە فەرماندەی هێزی خاچ دروشمەکان کوڕی (هنفری)یە، لەگەڵ کۆمەڵێك لەخاچ دروشمەکان[١١٠].

سەلاحەددین بە پشت بەستن بەو سیخوڕانەی کە زانیاری وردو گرنگیان بۆ دەهێنا توانی لە وڵاتی شام پێش ڕزگارکردنی قودس پلانە سەربازییە سەرکەوتووەکانی خۆی داڕێژێت، هاوکات هاوڕێیەتی (ریموند)ی خاوەن

---

١٠٥ الدباغ: المرجع في الحرب النفسية، ل١٨٢.

١٠٦ زرزاریەکان: یەکێکە لە هۆزە کوردیەکان،(المسعودي: التنبيه والاشراف،ل٧٨) هەروەها تیرەیەکە لە تیرەکانی (هەزبانیەکان).(زکی: س.پ، ل١٨٧).

١٠٧ الباشوره: پارچە زەویەکە لەدەروەی شورای شار، و شورایەکی تایەبتی بۆ دروست دەکەن لەنێوان ئەو پارچە زەویەو سەنگەرەکە، هاوکات لێیەوە دەردەچێت بۆ دەرەوەی شار. (یاقوت: س.پ، مج١/ ل٢٥٨).

١٠٨ ابن الاثیر: الکامل، مج٧/ ل٣٠٤

١٠٩ بیسان: شارێکە لە دەشتایەکانی شام نێوان (حۆران و فەلەستین). (یاقوت: س.پ، مج١/ ل٤١٤).

١١٠ العماد الکاتب: البرق الشامي. ج٥/ ل١٤٨- ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ل٥٠- ابن شاهنشاه: س.پ، ل١٥٢.

(طرابلس)يشى قۆستەوە بۆ ئامانجە دەروونيەكانى بەناردنى سيخوڕو تيپە سەرانسۆكانى بۆ ناو ولاتى (بيت المقدس) لەبەشى (طرابلس)و (طبريە)وە، بۆ ئەوەى ئەم سيخوڕانە زانيارى گرنگ و پێويست كۆ بكەنەوە كە لەدواتردا هۆكارو يارمەتى دەرە لە ئاسان كردنى پڕۆسەى ڕزگاركردنى (بيت المقدس)دا.[111]

لە جەنگى دەروونى هێرشبەر خۆى بەدوژمن ناناسێنێ و بەچەندين شێوە هێرش دەكات لەڕێگەى پڕوپاگەندەو گومان خستنە دڵيان و قۆستنەوەى هەڵەكان بەمەبەستى ئەوەى هەموو توانايەكى خۆى بخاتە گەڕ بۆ شكست پێهێنانى دوژمن[112]. بۆ نموونە لە (11ى شەوالى سالَى 586ك/1190ن)دا خاچ دروشمەكان بەمەبەستى هێرش بردنە سەر سەلاحەددين پێشڕەويان كرد، بەلاّم كاتێك هەستيان بەزۆرى ژمارەو خۆئامادەييان كرد، لەبەجێ هێشتنى سەنگەرەكانيان هەڵەيان كرد، پەشيمان بوونەوە وبەخێرايى گەڕانەوە شوێنى خۆيان، سەلاحەددين ئم هەلەى قۆستەوەو هێرشى كردە سەريان و هێزەكەى بەم شێوەيە دابەش كرد (الافضل علي والظاهر غازي والظافر خضر) لە ناوەڕاست (دڵ) و (الملك العادل)ى براى لەگەڵ سوپاى مصرى لاى ڕاست و (عماد الدين)ى خاوەنى شەنگارو (تقى الدين عمر) خاوەنى (حماه) و (معزالدين سنجر شاه) خاوەنى (جزيره ابن عمر) لاى چەپ، سەلاحەددين خۆى لەسەر تەپۆلكەيەكەوە سەرپەرشتى دەكردن[113].

---

111 العماد الكاتب: الفتح القسي، ل67-68" ابو شامة: الروضتين، ج2/ ل74-75" ابن واصل: س.پ، ج2/ ل184-185.

112 عليوه: استراتيجية الاعلام العربي، ل184.

113 ابن الاثير: الكامل، مج7/ ل377.

هـەروەها جـەنگی دەروونـی هێرشـبەر بەرهەڵـستکاری هـەمووجۆرە هێرشـێك دەبێتـەوە کـە دەکرێتـە سـەری، ئەمـەش بەچـەندین شـێوازی جۆراوجۆر لەوانە شێوازی دەروونـی و ترسـاندن و فشاری دەروونـی[١١٤]. بۆ نمونە لە (٢٣ی شوالی ساڵی ٥٨٦ك/١١٩٠ز) سەلاحەددین پلانێکی دەروونی هێرش بەری دانا، فەرمانیدا بە چوونە پێشەوەی هەندێك لەسەربازەکانی خۆی بۆ ئەوەی خاچ دروشمەکان لە خشتەبەرێت و ببێتە هاندەرێك تاوەکو بۆیـان بێنـە دەرەوە، ئـەوە بـوو خـاچ دروشمـەکان بـە (٤٠٠) چـوار سـەد سـوارەوە هاتنـە دەرەوە، ئـەمانیش هـەڵهاتن و خـاچ دروشمـەکان کەوتنـە دوایـان تـاکو گەیـشتنە نێـو ئـەو بۆسـەیەی کـە بۆیـان نرابـووەوە، بەمـەش سەلاحەددین و هێزەکەی توانیان هەموویان لەناو بەرن[١١٥].

سەلاحەددین توانی بەشێوازی جەنگی دەروونـی و مەعنەوی ڕووبەڕووی هێزی خاچ دروشمەکان ببێتەوە، چونکە شێوازی جەنگی دەروونی هێرش بەر، هێرش دەکات و بەرگریش دەکات، بەتەکتیك لەلایکەوە دەکشێتەوە و لەلایەکی ترەوە هێرش دەبات، پیادەکردنی ئەم شێوازەی جەنگی دەروونی بـوو کـە سـوڵتان سـەلاحەددین تـوانی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێـت.

١١٤ محفوظ: الحرب النفسية، ل٥٧.

١١٥ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥/ ل٣٢٣.

ئەنجام

١-جەنگی دەروونی مێژوویەکی کۆنی هەیە، هاوشانی بوونی مرۆڤە لەسەر زەوی، مرۆڤ هەر لەکۆنەوە درکی پێکردووە وناسیویەتی و ئەم بابەتەی زانیوە، هەرچەندە کۆنە، بەڵام ناوەرۆکەکەی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا نەگۆڕاوە، بەڵکو تەنها ئەو شێوازانە گۆڕاون کەلە پراکتیکە کردنیدا بەکاردێت.

٢-جەنگی دەروونی لەسەردەمی سەلاحەددین بەشێوەیەکی بەهێز هەبوو، کەسەرەتا خاچ درووشمەکان بەکاریان هێناو هەموو شێوازەکانیان تیایدا بەکارهێنا، هەرچەند هەریەکێ لەو شێوازانە ناوێکی تایبەتی نەبوو بەشێوەیەکی زانستی وئاگاداری هونەری ئەو شێوازانە نەبوون، تاچەند ساڵێکی پێش ئێستا هەروابوو.

٣- ئەو سوپایەی کەبەشێوەیەکی ماددی ومەعنەوی ڕێکبخرێت، دەتوانێ سەرکەوتن لەبەرەکانی جەنگ بەدەست بهێنێ، هەر ئەو سوپایەیە کەدەتوانێ بەرەنگاری دوژمن بێتەوەو لەڕوویان بوەستێ، کەئەمەش سوڵتان سەلاحەددین دووپاتی کردۆتەوەو هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو سوپاکەی بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ڕێك بخات.

٤- بیروڕای بەهێز گەورەترین کاریگەری هەیە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن وڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن، چونکە دەتوانێ هەستی خەڵکی یەك بخات و وایان لێبکات یەکتریان خۆش بوێت وبۆ یەك مەبەست بجەنگن.ئەو سەرکەوتنانەی سەلاحەددین بەدەستی هێنا بەهۆی زۆری پڕچەکی نەبووە، بەڵکوهۆی سەرکەوتنیان بەهێزی بیروباوەڕیان بووە کەوای لێکردوون گیان ومولکی خۆیان لەپێناو خودادا بەخت بکەن.

٥- سەلاحەددین سەرکردەیەکی گرنگ بووە خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی دەکرد لەکاتی شەڕدا، چونکە سیمای سەربازی باوبووە، وکۆمەڵێ خاسیەتی سەربازی پێوە دیاربوو وەك ئازایی وبوێری وشاسواری.

